**له سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا**



1

2

# پشکۆ نەجمەدین

## لە سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا

کۆمەڵێک دیمانە و لێکۆڵینەوە

**ڕەخنەی چاودێر**

3

© پشکۆ نەجمەدین
ناوی کتێب: لە سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا،
کۆمەڵێک دیمانە و لێکۆڵینەوە.
© لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر 2009
سامی هادی: سەرپەرشتیاری کتێبی ڕەخنەی چاودێر
چاپی یەکەم، 2009 سلێمانی
ژمارەی سپاردن (      ) 2009



4

# پێڕست


1) لە پەراوێزی فیکر و ئەدەبدا .......... 7
2) شیعری کوردی لە کێبەرکێی زەمەندا خۆی ناونووس نەکردووە.......... 20
3) من لە هیچ چرکەیەکی ژیان و ئەزموونەکانم پەشیمان نیم .......... 25
4) رۆشنبیر و حیزب، میدیا و ئۆپۆزیسیۆن .......... 41
5) من وەرچەرخانم لە هونەری گێڕانەوەی یادەوەریدا کردووە .......... 46
6) شیعر و سیاسەت .......... 55
7) لەگەڵ رۆژنامەی هەولێر .......... 61
8) دەستوور و ژن و دنیای رۆژنامەگەریی کوردی .......... 66
9) هێمن ... لە بەهاری شیعر و پاییزی سیاسەتدا .......... 81
10) هەفتانەپەیڕەو .......... 90
11) هەفتەی ترس .......... 92
12) پیاوێک لە جوامێری .......... 94
13) نزا سیاسییەکانی دایکم .......... 97
14) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەنگاوێک بەرەو ناناوەندێتیی دەسەڵات .. 101
15) خوێندنەوەیەک بۆ تەنگژەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .......... 107
16) ئاڵای شۆرش، رەوتێک بۆ ریفۆرم .......... 119
17) کەرکووک و شتی دیکەش .......... 129
18) ئەزموون و یاد و شتی دیکەش .......... 141
19) پەیڤین بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی .......... 158
20) دیدارێکی تایبەت دەگەڵ پشکۆ نەجمەدین .......... 165
21) بەرپرسیارێتیی نووسین و گەندەڵیی رۆشنبیری .......... 179
22) لەمەڕ ریفۆرم و کێشەی نەوشیروان مستەفا .......... 183


5

23) پەیڤێک لەمەڕ ئەکتیڤکردنی پەرلەمان ....................................................186
24) هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان ......................................................190
25) گەرای گەندەڵی، لە ریشەی دەسەڵاتدا گۆڕاوە .......................................194
26) کۆمەڵگە، دەسەڵات و ئازادی ...................................................................200
27) منداڵی، خوێندنەوە و نووسین، جوانییەکانی شیعر و ژن .........................233




6

## له پەراوێزی فیکر و ئەدەبدا

سازدانی: ڕابەر فاریق

**- کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتایەکی تر، تەنها دەڵێن: "ئەم دەقە جوانە و ئەم دەقە ناشیرینە"، بە بێ ئەوەی جارێک بپرسن - بۆچی جوانە؟ - بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆ چیی دەگێڕیتەوە؟**

- هەڵسەنگاندنی سەرپێی و سادە بۆ پێکهاتەکانی دەق و پەینەبردن بە مانا دیار و نادیارەکانی، ناکارایی و کەمتوانستی بۆ شیکردنەوەی وێنە نووسراوەکان و خوێندنەوەیان بە ئاستێکدا کە مانا و مەغزای نەبینراوی دەق، بە ڕەهەند و بارێکی دیکەدا بخولقێنێتەوە، نیشانەی بێئاگایی و نەشارەزایی ڕەخنەگرە لە کاری ڕەخنەگرتن و خولقاندنی تێکستی ڕەخنەییدا.

**- کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە زارەکییە و ئەویدیکە بەنووسراوکراوە؟ هاوکات ئەم ڕەخنەیە بنیاتنەرە و ئەویدیکە ڕووخێنەرە ... ؟**

- ئەدەبی زارەکی، ئەو ژانرانەی ئەدەب دەگرێتەوە کە مێژووی ئەفراندنیان کۆنە و ڕەنگە پێش مێژووی پەیدابوونی نووسین کەوتبن، یاخود خولقێنەران و داهێنەرانیان، لەبەر هەرهۆیەک، بواری بە نووسینکردنی ئەو ژانرانەیان بۆ نەڕەخساوە و ئیدی بابەتەکە دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوزێراوەتەوە. ئەم ژانرانەی ئەدەب کە دەشێت شیعر، چیرۆک و سەرگوزشتە، بەیت و بالۆرە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و زۆر شتی دیکەش بگرێتەوە کە خاوەنەکانیان لە سۆنگەی

7

بەنووسراوەنەکردنی بەرهەمەکاندا، بزر و نادیارن. پرۆسەی بەنووسین نەکردنی بەرهەمی ئەدەبی، موڵکییەتی ئەفراندنەکان لە تاکی بگۆوە بۆ کۆمەڵ دەگوێزێتەوە، هەر ئەمەشە کە پاشتر لەژێر ناوی "فۆلکلۆر"دا دەنووسرێتەوە و خەسڵەتێکی میللی وەردەگرێت.

ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕوخێنەر، دوو تێرم و دوو چەمکن کە زیاتر سێبەری سیاسەتیان بەسەرەوەیە و کەمتر سەروکاریان لەگەڵ ئەدەبدا هەیە.

ئەم تێرمانە، داهێنراوی سیاسەتکارانی دەسەڵاتن و دیدی ئەوانە بۆ پرۆسەی ڕەخنەسازی و ڕەواییدانە بە دەمکوتکردنی ڕەخنەگران،

ڕەخنەی ئەدەبی، وەکو زانستی ڕەخنەسازی، هەمیشە بنیاتنەرە، بنیاتنەر بەو مانایەی بە میتۆدە جیاوازەکانی خۆی، دەق دەخوێنێتەوە و لە ئەنجامی شیتەڵکارییەکانیدا، دووبارە دەق دەخولقێنیتەوە و درووستی دەکاتەوە.

**- ڕەخنەگرانمان، بەدەر لە کاری خۆیان "ڕەخنەگرایی" بەدیل دۆزەرەوەشن. ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئاکادیمی هەیە؟ کەنگێ دەقی ئەدەبی ئەڵتەرناتیف دەخوازێ؟**

- دیارە ڕەخنەگەر گەرەکە کەسی تایبەتمەند و شارەزا بێت، باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی قووڵی لە بواری مێژوو و تیوری ئەدەبدا هەبێت.

ڕەخنەگر، ڕۆشنبیرێکە لەبەر ڕۆشنایی تیورە جیاوازەکانی ڕەخنەدا و بە میتۆدی تایبەتی خۆی، دەق دەخوێنێتەوە، هەڵیدەسەنگێنێت و لایەنە نهێن و نادیارەکانی ئاشکرا دەکات. پێم وا نییە، مەرجی ئاکادیمیستبوون بۆ ڕەخنەگر دابنێین، بەڵام دیارە کە ئاکادیمیستبوون، کۆمەڵێک خەسڵەتی پۆزەتیف بە کاری ڕەخنەگر دەبەخشێت و کارەکەی میتۆدیک و سیستەماتیکتر دەبێت.

ئەدەب، زادەی فیکر و خەیاڵی تاکی نووسەرە. بەرزیی هەر داهینانێکی ئەدەبییش، بەندە بە دەسەڵاتی فیکر و فراوانیی فەنتازییا و ئەزموونی نووسەرەوە.



8

پێم وا نییە چ دەقێکی ئەدەبی ئەڵتەرناتیف بخوازێت یانژی چاوەڕێی دەقی ئەڵتەرناتیفی ڕەخنەگر بێت. لە ڕاستیدا ئەرکی ڕەخنەگر، دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی ئەڵتەرناتیف نییە، بەڵکە خولقاندنی دەقێکی نوێیە، لەسەر دنگە و ڕایەڵەکانی دەقی نووسراو. ئەگەر ڕەخنەگر، دۆزینەوەی "ئەڵتەرناتیف"، بە ئەرکی خۆی بزانێت، ئەوە هەم دەقی ڕەخنەلێگیراو و هەم نووسەریش ڕەت دەکاتەوە.

**- ئەو ڕێگایانە کامانەن کە دەبنە پردی پەیوەندیی قووڵی نێوان نووسەر و وەرگر، بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگایانە بچسەپێنن لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاوەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ. ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟**

- ڕێگا ئەفسووناوی و نەبینراوەکانی نێوان نووسەر و خوێنەر، لە میانەی تانوپۆ و ڕایەڵە چنراوەکانی سەر جەستەی تێکستی خولقێنراوەوە تێپەڕ دەبن. ئەم ڕێگایانە، پێش هەرشتێک لە ماڵە سیحراوییەکانی زماندا کار دەکەن. زمانی باڵا، ڕۆحی تیشکباری تێکستە. ئەوە زمانی دیار و نادیاری خولقێنراوی پڕ ڕووداوی نێو جەستەی دەقە کە دەکارێت پردەکانی موعجیزە لە نێوان نێرەر/ نێردراو/ وەرگردا ڕۆ بنێت. زمان کە ناکرێت تەنها وەکو ئامرازی گەیاندن لێی بڕوانرێت و بگرە دەشێت خودی ڕووداو بێت لە دەقدا، دەتوانێت لە زەینی خوێنەردا، جۆرێک لە تێکەڵبوون و هاوەستییەکی سۆفیستانە بخولقێنێت.

خەیاڵ یاخود فەنتازیا کە بەرهەمی هزرین و بینینی نووسەرە بۆ واقیعی تەڵخ و دابارینی جوانییەکانە بەسەر جەستەی پڕ نهێنی ئەو واقیعە دزێوەدا کە ژیانی لە ئامێز گرتووە. واتە هەوڵدان بۆ خاپاندن و فریودانی خوێنەر لە ڕێگای دارِژتنەوەی درۆ جوانەکانەوە، تا بتوانێت لەم گوڵشەنی خەیاڵەدا، پەی بە کەمۆکەیەک لە ڕاستییە جوانەکان ببات و کەشفیان بکات. ئەمە ڕێگایەکە کە نووسەری بەئەزموون، لە میانەیەوە، دەکارێت خوێنەر لە مەیخانەی واقیعی پڕمەینەت و دەردیسەریدا

9

مەست بکات و لەو حاڵەتی مەستبوونەدا بەرز و بەرزتر بفڕێ. توانستی نووسەر بۆ نووسینەوەی ئەو وێنانەی لە هزردا دەبارن و دەخوازن ئەم دنیای باڵادەست و باوە، نغرۆ بکەن و تێکی بشکێنن. جێخستنی ئەم وێنانە و کۆکردنەوەیان لە فیگۆر و کۆد و دەلالەتەکانی زماندا، ڕۆڵێکی زێدەگرنگ لە بازنەی پەیوەندییەکانی نێوان (نووسەر/ خوێنەر، دەق/ خوێندنەوە)دا، دەگێڕن.

میتۆد و تەکنیکی نووسین و ستایلی تایبەت و جیاهەڵکەوتوو، دەشێت سێ ڕێگای دیکە بن کە نووسەری بەئەزموون، وەکو ئەندازیاری تێکست، بتوانێت ئەو پەیوەندییە قووڵە دوولایەنە درووست بکات.

بەشێکی دیکەی ئەو سەرمایە و کەرەستانە کە بۆ ڕۆنانی پردەکانی پەیوەندی گرنگن، دەشێت لە ماڵی خوێنەردا بن. ئاوەز و هۆشیاریی خۆێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق و توانستی ئەو بۆ کەشفکردنی نهێنییەکانی دەق، دۆزینەوەی جوانییەکان و چێژلێبردنیان، خولقاندنی گفتوگۆیەک لە نێوان خۆی و نووسەردا، دەشێ مەرجەکانی خوێندنەوەیەکی تەندرووست بن کە ببنە مایەی خولقاندنی ئەو ئامێتەبوون و لێکهەڵپێچرانەی نێوان نووسەر و خوێنەر.

**- لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییان بە خۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەورووپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێ وەرگرتووە، ئەم تێکڵاوبوون و سوودلێوەرگرتنە، تا چ ڕادەیەک لە خزمەتی ئەدەبی کورددا بووە؟**

- شیعر ئەگەر جۆرە خزمایێتییەکیشی لەگەڵ ئاخاوتن و دەربڕینی ئاساییدا هەبێت، دیسان شیعر بوونەوەریکە لە دەرەوەی واقیعی قسەی ئاساییدا دەژی و خەسڵەت و سیمای تایبەت بە خۆی هەن. شیعر، چڕکردنەوەی وێنەکانی زەینی شاعیرە لە ماڵی زماندا و ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو وێنانەیە کە ئێمە لە پانتاییەکانی دیالۆگی ئاساییدا دەیانبینین و درکیان دەکەین.



10

ئەوەی کە لە ئەوروپادا، پرۆسەی خولقاندنی شیعر، لە ڕیشەی پەیڤینی ئاسایی ئاڵێنرابێت و ئەزموون کرا بێت، ڕەنگە خراپ تێگەیشتنی ئێمە بێت بۆ ئەو ئەزموونە شیعرییەی ئەورپا. دەشێت شیعر هەندەکجاران، لە بواری دارشتن، زمان، سینتاکس و وێنەکاندا، بە شیوازێکی سادە و نائاڵۆز خولقێنرابێت، بەڵام لە ژێر پێستی ئەو سادەیی و بە ڕووالەت ڕوونییەدا، قووڵاییەکی ئێجگار قووڵ خۆی حەشار داوە و خوێنەری زیرەک و ئاوەزدار دەیبینێت و دەیخوێنێتەوە. هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی شیعر، بۆ ناو دنیا ئاساییەکەی ئاخاوتن، جگە لە ناشیعر، چیی دیکە بەرهەم ناهێنێت.

**- شیعری ئێستە. بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکەکان، یاخود خودی شاعیرکردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرنگیی بە خەمە ْکۆ ْکان دەدا. ئەم گۆرانکارییە کە ئێستە لە بونیادی دەقە هاوچەرخەکاندا هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکا؟**

- ئەو گۆڕانە سۆسیۆلۆگییەی لەم دوو سێ دەیەی دواییدا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕووی داوە، جێگۆڕکێی بە هەموو ماناکان، لە هزر و دیدی ئەم نەوەیەدا کردووە. ئیدی ماناکان، خەمەکان و بەهاکان، هەمانی پێشوو نابن و نین. ئیدی خەمەکانی سیاسەت و کورد و نیشتمان، بچووک دەبنەوە و لەماڵی خەمە گچکەکانی خودی ْتاک ْدا دەخەون و جێگا بۆ خواست و خولیا و نیگەرانییەکانی تاک چۆڵ دەکەن. ئەم ئازوگوێزە، وەرچەرخانێکی گرنگی لە تێما و ماناکانی دەقی شیعریدا کردووە و بووتە ناسنامەی دنیای نوێی شیعر. ئاخر شیعری باڵا، ئەو دەقەی کە لە دنیای داهێنان نزیک دەبێتەوە، ئەو شیعرەیە کە ڕیشەکانی لە خودی خۆیدا قووڵ ڕۆ چووبن و قەرزار و منەتباری دەرەوەی خۆی نەبێت. بە واتەیەکی دیکە، دەقی شیعریی سەرکەوتوو لە خۆیدا هەڵدەقوڵێت و بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە، دەرژێتەوە نێو خۆی.



11

**- ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خولقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانیی لەگەڵ پێکهاتەی دەقدا فەراهەم دەکا، بەدەر لەسەروەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعری؟**

- خولقاندنی مانا لە دەقی باڵا و داهێنراودا، لە پلەی یەکەمدا سەروکاری لەگەڵ توانست، روئیا و بنینی نووسەردا هەیە بۆ پرۆسەی خولقاندنی مانا لە دەقدا. گەمەکردن لە نێو پانتاییەکانی زماندا و داهێنانی تێرم و موفرەداتی نوێ و هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی زمان لە هەموو ڕەهەند و ئاڕاستەکانیدا، کاری نووسەری داهێنەرە و ئەم ڕەگەزانەش رۆڵی گرنگ لە خولقاندنی مانای دەقی نووسراودا دەبینن.

درووستە کە تەکاملبوونی ماناکانی دەق، بە پرۆسەیەکدا تێدەپەڕێت کە تەنیا میکانیزمی نووسین و خوێندەوە، پێکرا تەواوی دەکەن و بە لوتکەی دەگەیەنن. بەشی دووەمی پرۆسەکە و قۆناغە کۆتاییەکەی، پێبەستی خوێنەندەوەی خوێنەر و توانای ئەوە بۆ بینینی ڕەگەزە جیاوازەکانی دەقی نووسراو، پاشتر پێکەوەگریدان و لێکهەڵپێچانیان بە شێوازێک کە لە خزمەتی تەکامولبوونی ماناکانی دەقدا بێت. ئەم هەڵکشان و تەکامولبوونە، ئەگەر بە ڕێچکەیەکی درووستدا ڕەوت بگرێ، رۆڵی خۆی لە خولقاندنی ئەو هاوشانییەدا دەبینێ، بەمەش خواستی نووسەر جێبەجێ دەبێت.

**- پێت وایە هۆی داتەپینی بناغەی هەر دەقێک، بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بوونیادی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ؟ بە مانایەکی تر،**
**- بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەق لە کاڵگەرایی و بوونی کاتی بپارێزین، دەبێ چی بکەین؟**

- کەمتەمەنی و کاڵگەرایی دەق، هەر لەسەرەتای دەستپێکی پرۆسەی نووسینەوە، بەشێکن لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێکانی نووسەر. ئەوەی دەق، بەشێکی گەورەی بونیادی خۆی لە مانا داخراوەکانیەوە سەرچاوە بگرێ، نابێتە هۆی داتەپین و



12

کاڵگەرایی و تەمەنکورتیی دەق، بگرە کێشەکە پەیوەندە بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی نووسەر لە گەڵ زمان و دالەکانی زمان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، ئەوە توانستی نووسەرە لە کێشکردنی دیاردە و دەرکەوتە دەرەکییەکان، بۆ ناو زەینی خۆی و پاشان ئامێتەکردن و تێکهەڵکێشکردنیان لە پرۆسەیەکی (زەینی - مەعریفی)دا و دارِژتنەوەیان لە بونیادی دەقدا، ئەم مەسەلەیە یەکلا دەکاتەوە. نووسەر کە توانای ئەوەی هەبوو، لە مەرزەکانی داهێنان و نوێخوازی نزیک ببێتەوە و ڕوانین و دیدەکانی خۆی، بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی دەلالەتی نوێ، مانا نوێیەکان لە بونیادی زماندا بدۆزێتەوە و جێگیریان بکات، ئەوسا ترس و نیگەرانییەکانی لەمەڕ کاڵگەرایی دەق دەڕەونەوە.

**- کەنگێ زمان- گوتن، ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قووڵ و ئێستێتیک و بابەتیانەوە دەبنەوە؟**

- پەیوەندی نێوان زمان - گوتن، پەیوەندییەکی هەمەیشەیی هەستیارە، بە جۆرێک کە کردەی گوتن هەموو دەلالەت و مانا ئاشکرا و شاراوەکانی خۆی، لە سرووشتە کراوە و داخراوەکانی زمانەوە وەر دەگرێت.

نەخشەی دارِژتنەوەی بیر و جیهانبینی لە پرۆسەی تەوزیفکردنی زماندا، لای نووسەر و گرنگیدان بە وردینەکانی ئەو نەخشەیە و یەکخستنەوەی لەگەڵ زەمەنی خولقاندنی دەقدا، کاریگەرییەکی دیار و کاربڕی لەسەر ئەو پرۆسەی بەریەککەوتنە دەبێت.

**- ئەگەر خودی نووسەر، بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟**



13

- خەیاڵ، ڕەگەزە سەرەکییەکەی هەر دەقێکی ئیبداعییە، نووسەر بێ فەنتازیا و بەکاربردنی فەنتازیا *"تا ئەو جێگایەی قسەمان لەسەر دەقی ئەفرێندراوی ئەدەبی بێت"*، ناکارێت لە دنیای داهێنان نزیک ببێتەوە و تێکستێک بخولقێنێت کە هەڵگری خەسڵەت و ماناکانی دەق بێت.

خەیاڵ، پڕاوپڕی هەموو نهۆمەکانی ئەو تەلارە بەرزە بەوشە ڕۆنراوەیە و لە بنەچەوە بۆ ساپیتە و سەربان، وجودی هەیە. خەیاڵیش لە تەلاری دەقدا، تەنیا بە مانا ئەبستراکتەکەی بەکار نابەین، مەبەستمان لە مانا گشتگرەکەی فەنتازیایە لە پرۆسەی داهێنانی دەقی باڵادا.

**- نووسەران هەمیشە لە گەڵ خۆیان و دنیادا لە سەفەرێکدان، داخۆ تۆ لەو سەفەرتدا بە کوێ گەیشتویت؟**

- سەفەری ئێمە، سەفەرێکی نەبڕاوە و ناکۆتایە، سەفەرێکە بە ڕێگا پەنهان و نامەکشووفەکانی ناخی خۆمان و دیوە نەبینراوەکانی واقیعی دەوروبەرێک کە لێوانلێوە لە خەم و نیگەرانییەکانی مرۆڤ، مرۆڤی بێچارە و گوناه.
ئێمە لە وێستگەکانی شوێنکاتی ئەم سەفەرەدا، وچانیکی بۆ دەرگرین و گا لە حاڵەتێکی مەستیدا و گا لە دۆخێکی ئارام و داساکاودا، لە ئەفسوونەکانی بوون و نابوون دەڕوانین.

من لە سەفەری خۆمدا، جارێ بە هیچکوێیەک نەگەیشتووم و هەروا کاس و سەراسیمە، لە ئەفسوونەکانی ژیان و دەروبەر دەڕوانم. ئێمە ناشێ بە شوێنێک بگەین، شوێن بۆ ئێمە دیاردەیەکی ڕێژەیی و ناواقیعییە. وێستگە، خاڵێک نییە بۆ گەیشتن، هێندەی کە پردێکە بۆ پەڕینەوە و بەردەوامبوون. مەرگی من، لە گەیشتنمدایە بە دواوێستگە، هەر بۆیە ناخوازم بە هیچکوێ بگەم.



14

من له سه‌فه‌ری نووسین و هزریندا، ده‌شێ له مه‌رزه‌کانی کۆمه‌ڵێک هه‌قیقه‌ت و گومان نزیک بووبێتمه‌وه، وه‌لێ هێشتا به هیچ هه‌قیقه‌تێک نه‌گه‌یشتووم، ته‌نها حه‌قیقه‌تی فه‌نابوون نه‌بێت!

**- دیکارت ڕوانینێکی هه‌یه، - من بیرده‌که‌مه‌وه، که‌واته من هه‌م. به‌ڵام ئه‌وه‌ی شاراوه ماوه‌ته‌وه، ئه‌مه‌یه،"کام بیرکردنه‌وه" ده‌توانێت "بوون"ێکی پڕجووڵه و ئیبداعکاریی به‌رده‌وام به‌رهه‌م بهێنێت، هاوکات بیرکردنه‌وه له کن تاکی هۆشیار، تا چه‌ند په‌یوه‌سته به ئاگایی ئه‌وانی دیکه‌وه؟**

- دیاره هه‌موو "بیرکردنه‌وه‌یه‌ک" توانستی به‌رهه‌مهێنانی "بوون"ێکی ماناداری نابێت و ناکارێت خولقێنه‌ری جووڵه و ئیبداعی به‌رده‌وام بێت.

ئێمه، لێره‌دا، بواری ئه‌وه‌مان نییه، باس له توێژینه‌وه و شیکارکردنی په‌یوه‌ندییه فیسیۆلۆگی و فیزیکییه‌کانی "بوون" له پرۆسه‌ی بیرکردنه‌وه‌دا بکه‌ین. من پێم وایه، بیرکردنه‌وه ته‌نها کاتێک ده‌توانێت، سیما و خه‌سڵه‌تێکی ته‌ندرووست و به‌رهه‌مدار به "بوون" بدات، که ڕه‌هه‌ندێکی فه‌لسه‌فییانه‌ی قووڵ و گشتگری بۆ دیارده و شته‌کان هه‌بێت.

بیرکردنه‌وه‌ی تاکه‌کان، له ئاست و شێوازه جیاوازه‌کانیاندا، ساتێک بازنه داخراوه‌کانی "بیرکردنه‌وه" ده‌به‌زێنن و به هه‌ر ئامراز و ڕێگایه‌ک، له بازنه‌ی "خود"ه‌وه بۆ پانتایی "گشت" ده‌په‌ڕنه‌وه، کار لێک ده‌که‌ن و یه‌کدی ده‌بزوێنن.

**- چی له‌و واقیعه تاڵه بکه‌ین که "خه‌یاڵ و فه‌نتازیا" ناتوانن بیگۆڕن؟**

- ئێمه ته‌نها ده‌توانین، ئه‌م واقیعه دزێوه، له ته‌لاره‌کانی فه‌نتازیادا، جوان بکه‌ین و له‌وێدا، له‌ودیو شووشه‌به‌نده‌کانی خه‌یاڵه‌وه، ژیان بکه‌ین. ئه‌مه‌یه قه‌ده‌ری ئێمه‌ی مرۆڤه نامۆکان!



15

**- یەکێک لە ڕوانینەکانی "دێرک والکۆت"، وەهایە: (ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی میژوو هەڵیدەداتەوە). ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەش بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردی، قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکان؟**

- ئەم بۆچوونە، دەبێت ئەرکی بنەڕەتیی ئەدەبمان نیشان بدات. هەر دەقێکی ئەدەبی، بۆ ئەوەی بە لوتکەی خۆی بگات، دەبێت خوێندنەوەکانی (نووسەر/ ڕەخنەگر/ خوێنەر)، لە هاوکێشەیەکی تەندرووست و هاوتادا، لێک هەڵبپێچرێن و گفتوگۆیەک بخولقێنن.

ڕەخنەگر و توێژەرانی ئێمە، هەتا کوێ توانیویانە پەی بە شوێن و ڕۆڵی خۆیان، لەو هاوکێشەیەدا ببەن، چۆن کار لە شیکردنەوەی بونیادە جیاوازەکانی دەقدا دەکەن و لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماژەکانی زمانەوە، لە دوی سترەکتۆرە جیاوازەکانی دەق بگەڕێن، تۆڕەکانی فرەمانایی لێک هەڵوەشێنن؟، دەڵێم: ئەم توانستە، جارێ لای ڕەخنەگرانی ئێمە سنووردارە و لە ئاستێکدایە کە هاوشانی بزووتنەوەی ڕەخنەسازیی ئەدەبی ئێمەیە.

**- ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستەی مۆدرن و چەمکە جیهانییەکان، دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟**

- ئێمە بە خوێندنەوەمان بۆ دۆخی ئێستای واقیعی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کوردی و تەنگژە و وێرانییەکانیان، دەتوانین دادوەری لەسەر وەها پرسێک بکەین. ئێمە، لە پانتاییەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ڕەوتێک، ئاڕاسەتەیەک لە توێژین و خوێندنەوە، بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە دەبینین، لەواندا، بەشێک لە کەرستە و میتۆدی مۆدرن بۆ کاری لێکۆڵینەوە بوونیان هەیە، لەوێدا، هەوڵەکان لەسەر بنەمای زانستییانەی کۆڵینەوە وەستاون. ئەم ئاڕاستەیە بۆ خوێندنەوە، لە

16

بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، کەمتەمەنە و جارێ نەبووتە ئەو هێزە مەعریفییەی هەژانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بخولقێنێت.

بونیادی فرەڕەهەندی کۆمەڵگەی ئێمە و ئەو مێژووەی لە پشتییەوە ئامادەیە، هێندە سەخت، داخراو، زەبرئامیز و مەرگدۆستە، وا بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات و بوار بۆ گۆڕانکاری و چارەسەرەکان، ساز ناکات.

دەسەڵاتدارانی سیاسیی کورد، لە پاش ڕاپەڕینەوە و تا ئێستاش، لە سۆنگەی ئەو ترسە گەورەیەی ئەگەری گۆڕان بۆ ئەوانی درووست دەکات، بەشێکی دیاری نەخشەکانیان، بۆ ئیفلیجکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و لەقەیرانخستنی ڕۆشنبیر بووە. ڕۆشنبیر( ئەو بوونەوەرە ئەکتیڤەی کە ئەرکە هەمیشەییەکەی خولقاندنی قەیرانە)، ئێستا خۆی لە قەیرانێکی جیددیدایە!

**- ڕۆشنبیرانی کورد، دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێک خۆی نوواندووە؟**

- قسەکردن لەسەر وەها پرسێک و گشتاندنی خوێندنەوە و تێگەیشتنەکانمان بۆ مەرام وخواستەکانی ڕۆشنبیر، لە پرۆسەی کاری ڕۆشنبیریدا، ئەستەمە و ناتوانین بۆچوونیکی گشتگرمان هەبێت.

ڕۆشنبیران ئێلیتێکن، ویڕای خەسڵەتە گشتییە هاوبەشەکانیان (لە کاری بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەدا)، دیسانیش لە خانە وماڵێکدا پۆلێن ناکرێن و ناتوانین لە بەر تیشکی خوێندنەوە و تێگەیشتنەکانماندا بۆ چەمکی "ڕۆشنبیر"، کە خۆی چەمکێکی ئاڵۆز و فرەمانا و ڕەهەندە، خەملَی زانینی بیرکردنەوە و مەرام و مەبەستەکانی پشت بیرکردنەوەکانی ئەوان، لێ بدەین!

ناخوازم بێمەوە سەر ئەو پرسیارە سواوە بێتامەی کە بوونی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. من، چەمکێکی "ستاندارد" بۆ "ڕۆشنبیر" نابینم. ئەم بوونەوەرە فیکربەرهەمهێنە، خەسڵەتەکانی ڕێژەیین (بەڵام جیوەیی نین) و



17

هەر سەردەمێکیش، ڕۆشنبیر یاخود ڕۆشنبیرانی خۆی هەبووە و ئێستاش هەیەتی. ئەوەی کە ڕۆشنبیری کورد، لە وێرانترین واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی میللەتی ئێمەدا، نەیتوانیوە تەنگژە بخولقێنیت، هێزی پرس و گومان لە کۆمەڵگەدا، لە هەمبەر دەسەڵاتێکی پرەماتیف، لە سەدەی بیست و یەکدا بخاتە گەڕ، بۆ ئەو بڕوایەمان دەبات کە ڕۆشنبیری کورد، هێشتا خودانی ئاخاوتەیەکی ڕۆشنبیریی نییە و ئەمەش، کەمۆکەیەک لە وەرامی پرسەکەی ئێوە نزیک دەبێتەوە.

**- لە نێو (ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا، کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان بۆ درێژەدان بە کارەکانیان هەیە؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکوو (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟**

- بۆ داوەرییکردن لەسەر بنەمای تۆکمە و تەندرووستی پرۆژەی کاری هەر ڕۆشنبیر یاخود گرووپێک لە ڕۆشنبیران، گەرەکە خودی پرۆژە و کار و بەرهەمی ئەوان، لە بوارە و کایە جیاکاندا، هەمەلایەنە بخوێندرێنەوە، بەها فیکری و مەعریفییەکانی دەقی ئەفرێندراوی ئەوان شیبکرێنەوە، میتۆدەکانی نووسین و سیستەمی پاشخانی بیرکردنەوەیان هەڵبسەنگێندرین. بنەمای تەندروست بۆ درێژەدان بە کارکردن و بەرهەمهینان، لە کایەکانی ئەدەب و مەعریفەدا، لەسەر گەلەک فاکتەر و سەرمایە وەستاوە کە پەیوەندییان لەگەڵ پاشخانی هۆشیاریی و ڕۆشنبیری، توانست و ئاگایی و سیستەمی دنیابینی، قووڵبوونەوە و فرەلابینینی "ڕۆشنبیر" هەیە، کۆمەڵگە و دەوروبەر و سیستەمی سیاسیش، لەو بوارەدا ڕۆڵ دەگێڕن.

پێناسەی "ڕۆشنبیری گەورەی کورد" یاخود هیی هەر میللەتێکی دیکە، لەسەر وەلابردن و پێبەستبوونی گرووپێک بە ڕۆشنبیرێک یاخود بەرهەمی داهێنراوی ڕۆشنبیرێکی گریمانەوە نەوەستاوە. بەخشینی ئەم خەسڵەتە، کەم و زۆریش لەگەڵ بەخشینی پاداشت و ڕێزلێنان و خەڵاتە لۆکاڵی و جیهانییەکاندا سەروکاری نییە. لە



18

دنیادا، زۆرن ئەو ڕۆشنبیرە گەورانەی شیاوی خەڵاتی "نۆبڵ"ن و تا ئێستاش لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەو شانسەیان نەبووە. ئەم بۆچوونەی من، لە گەورەیی ڕۆشنبیرانی بواری فیکر و مەعریفەی خەڵاتی نۆبڵ وەرگرتوو، کەم ناکاتەوە.

من دەمەوێت بڵێم: پێوەر و پێودانگەکان لە شوێنێکی دیکەدان و هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ خولقاندنی کاریزمای سیاسی بەکار دەبرێن، ناکرێت بۆ ناو کایەکانی فیکر و ئەدەب و بگوێزرێنەوە، لە پانتایی ڕۆشنبیریدا "کاریزما" یاخود "ڕۆشنبیری گەورە" بخولقێنن. من نکۆڵی لە بوونی ڕۆشنبیری جددی و دەقی باڵا و هەوڵ و تەقالای پڕمانا، لە ئێستای بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیدا ناکەم. من پێم وایە میللەتی ئێمە، شاعیری گەورە، ڕۆماننوسی گەورە، نووسەر و لێکۆڵەری گەورەی هەن، بەڵام کۆکردنەوەی ئەم هەموو "گەورانە"، لە چەمکی ڕۆشنبیری "گەورەی کورد"دا، جارێ هەم سەختە و هەم پێشوەختە!

* * *



19

## شیعری کوردی لە کێبەرکێی زەمەندا خۆی ناونووس نەکردووە!

سازدانی: چنار نامیق

گۆڤاری گوڵان، ژمارە 609، ڕۆژی 2 ی دێسامبەری 2006

وەڵامێک بۆ بەرایی:

پشکۆ نەجمەدین لە زاری خۆیەوە، وێستگەکانی تەمەنی دەنووسێتەوە، تەمەنێک لە نێوان کێشمەکێشی بوون و نەبووندا، لە نێوان جەنگی پەنجەکان و خودکارەکەیدا، زیندانێک کەمێک بچووکتر لە زیندانە گەورەکانی بوون. لێرە، ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ کە زۆربەی بیریاران لە بەردەمیاندا بە چۆکدا هاتن. ژیانی پشکۆنەجمەدینی شاعیر، وەک ژیانی مرۆڤەکانی تری نێو ئەم مەنفایەی کە پێی دەگوترێت زێد و نیشتمان وەهایە، بەڵام ئەو لە فەنتازیای مردن و ئاگر و ژارباراندا، ژیان وێنا دەکات، وەلێ لەبەردەم دیرۆکی تەمەندا، بەم دەستەواژەیە دەستپێ دەکات: ژیانی من دەبێ چی بێت؟ هەر خۆی لە وەڵامدا دەڵێت:

گێڕانەوەی وردینەی ژیانی من، وەک هەر کوردێکی لەداییکبووی نیوەی پەنجاکانی سەدەی پێشوو، نیوسەدە بە هەموو کارەسات و تراژیدیاکانییەوە، دەشێت زۆری بوێت. گوندی "عەبابەیلێ"ی بناری چیای "شنروێ" زێدی منە. لەوێ خوێندنی سەرەتاییم خوێند. لە هەڵەبجە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و لە سلێمانی زانکۆم تەواو کردن. من، هێشتا پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، لەگەڵ خوێندنەوە ئاشنا بووم. ئێمە چەند مێردمنداڵێک بووین، دەچووینە کتێبخانەی هەڵەبجە و کتێبی شیعر و چیرۆکمان قەرز دەکردن و دەمانخوێندنەوە.

لەگەڵ زەمەندا هەراش بووین، خوێندنەوەی شیعر و چیرۆکان بۆ خوێندنەوەی گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی ڕاکێشاین و لەوێڕا سیاسەت پەلی گرتین و بە کوڕی خۆیی ناونووس کردین.

من کە خوێندنی زانکۆم تەواو کرد، شاخ چاوڕێم بوو، دە ساڵانم لە سەختترین هەلومەرجی شاخدا گوزەراند. لە شاخ، لە سۆنگەی بزێویی فیکری و لاساریی سیاسیمەوە،

دوو ساڵ و نیو، لەژێر گرمژنی بۆمب  و ژاربارنی بەعسدا، زیندانی بووم. دوو ساڵ و نیو، لە زیندانی چیادا، تەمەنک بوو لە دۆزەخ، دیسانیش زەمەنێک بوو، بۆ لەخۆڕامان و خۆدۆزینەوە و خۆبیناکردنەوە.

لە زینداندا، کتێبانم زۆر خوێندنەوە، زۆرم کەڵەنووسارانی کورد و دنیا ناسین. من لەو تاریکاییەدا، لە ڕووناکایی فەنتازیادا دەژیام و جوانیی ژیانێکم ئەزموون دەکرد کە لە واقیعدا بوونی نەبوو!

بەهاری 1988، ئەنفال هات و هەموو جوانییەکانی سووتاندن، دەرکەی زیندانیشی شکاند. من لە بڵێسەی ئاگری ئەنفالدا ئازاد بووم!

من، لە ئەنفالدا سووتام و بە هێزی فەنتازیا و ئەفسانەکانی خەیاڵی خۆم نەمردم! پاشتر، زامەکانی ئەنفالم لە ڕۆحمدا هەڵگرتن و بۆ ئەورووپام هێنان.

**- ڕەوشی ئەمڕۆی شیعری کوردی، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی هەشتاکاندا، چۆن دەبینی؟ ئایا شیعر توانیویەتی ئەو قۆناغەی پێشووتر جێ بهێڵێ؟!**

- هونەری شیعرنووسین چەند سەخت و دژوارە، لێدوان لە شیعر، بەسەرکردنەوەی دیوەخانی شیعر و دڵنیابوون لە تەندرووستیی شیعری ئەمڕۆی کوردی، زێدەسەخت و ئاڵۆزترن.

زەمەن لە سەفەردایە و شتەکانیش لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا لە بزووتندان.

مەرج نییە بزوتنی ڕەوتی دیاردەکان، هاوشانی ڕەوتی ڕوباری زەمەن ڕەو بکەن و لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێک و لە نوێوە بۆ نوێتر بگوێزنەوە یاخود بگوێزرینەوە...

دەشێ زەمەنی هەشتاکان، نەوەدەکان و دەستپێکی نیوەی یەکەمی دەیەی هەزارەی سێ تێپەڕێنێت و بەشێک لە شتەکانێش، لەوانیش شیعر، بە دویدا غار بدەن و نەیگەنێ!

من پێم وا نییە، شیعری کوردی لە کێبەرکێی زەمەندا خۆی ناونووس کردبێت. شیعر، ئەو بوونەوەرە سرکەیە هیچ زەمەنێک تێی ناپەڕێنێت! من قسەم لەمەڕ شیعرە، نەوەک گەڕەلاوژە و مەزاتخانەی شیعر!



21

له هەشتاکاندا، بە ئاسانی شیعرمان دەناسییەوە. لە نەوەدەکانداو سەرەتای ئەم سەدەیەدا، دیاردەی "زۆربڵێیی شیعر، لە ئاست ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕۆحی شیعر و ناسینەوەیدا، توشی پەتای بیرچوونەوەی کردووین.

دیارە من لە بازنەی "گشت"دا قسان دەکەم، دەنا شیعر لە هەر زەمەن و سەردەمێکدا، بێ ئەوەی ناچار بێت دەنگی پێش خۆی بسڕێتەوە، دەنگی بڵند و بیستراوی خۆی هەبووە و هەیە.

دەنگی شیعریی هەشتاکان، زایەڵەی زەنگی کاروانێکە، هێشتا لە نواڵ و خەرەندەکانی بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێمەدا، بە ڕیتم و تێما و بەرگی ئاڵۆواڵای خۆیەوە، دەزرنگێتەوە. دەشێ "دەق"، دەقی بەجێ هێشتبێت بەڵام دەنگ کەمتر دەنگی تێپەڕاندووە!

ئێستای شیعری کوردی، بە دەنگ و ڕەنگ، سیما و خەسڵەتەکانی خۆیەوە، هێشتا ڕابردووی خۆی نەپێچاوەتەوە، هێشتا ڕووباری شیعری بەشێک لە دەنگەکانی هەشتاکان، بەهاژەوە و لرفەیە و کانیی بەهرە و داهینانیان، لەبەر تریفەی مانگەشەوی زەمەندا، زێرئاسا دەدرەوشێت.

پەخشانەشیعر، بە هونەری سەختی خۆیەوە، ستیلی باڵادەستی شیعرنووسینی ئەوڕۆیە. شیعر دەنووسرێت یاخود دەخولقێنرێت؟ ئەمەیە پرسەکە! ئێستا، بە ئاستەم دەتوانین ئەم پرۆسەی داهێنان و خولقاندنی شیعرە، لە هاتوهاواری نەزۆکی شیعرنووسیندا ببینین!

ئەگەرچی من بڕوام بە قۆناغبەندیی شیعر نییە و "شیعر" هەموو سەردەمەکان دەبەزێنێ، دیسانیش سەردەمی پاش هەشتاکان و تا هەنوکە، هەم شاعیری داهێنەر و هەم دەقی باڵای بەرهەم هێناوە. وەلێ ئەو دەنگانە ڕیزپەڕن، بە گشتیی ئەوە دەنگەکانی هەفتاکان و هەشتاکانن کە ئێستا سەرەتاکانی ئەزموونی خۆیان جێ دەهێڵن و بە زمانیکی باڵا، تێما و ستیلی جوداتر ئەزموون دەکەن و لە پرۆسەی خولقاندنی شیعردا، سەرگەرمی داهینانن.



22

یەکێک لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی شیعریی ئەمڕۆ، شیعری ژن و دەنگی ژنە لە شیعردا. من نامەوێت ناو بهێنم، بەڵام چەند دەنگێک بە شێواز و ستایلی تایبەت بە خۆیان، چەند دەنگێکی بە زمان و ڕۆح ژنانە، گوڵئەستێرەی ئێستای نێو تەمتوومانی شیعری کوردیین.

**- شیعری کوردی بە بەراورد لەگەڵ شیعری جیهانیدا، لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا پێگەی ئەدەبی کوردی لە چ ئاستێکی ئەدەبی گەلاندایە؟ ئایا توانیویەتی شان لە شانی ئەدەبی جیهان بدات و لەگەڵ ڕەوتی سەردەمدا گونجاوە؟**

- ئەم هەڵسەنگاندن و بەراوردکارییە چۆن بکەین؟ دەبێ چەند تێکستی شیعری کوردی و جیهانی لەبەریەک ڕابنێن و لە تەرازووی ڕەخنەدا مامەڵەیان لەتەکدا بکەین، بۆ ئەوەی بە ئەنجامێک بگەین؟ واوەتر، ئێمە چ نۆرم و پێودانگێک بەکار ببەین؟ مەبەستم ئەوەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ زەمەن و سەردەمی خولقاندنی دەقە جوداکاندا، لە فەرهەنگ و شارستانییە جیاوازەکاندا بکەین؟

پێمان وا نەبێت، ئەو دەقەی لە دەرەوەی جوگرافیای ئێمەدا، لە هەر شوێن و زەمەنێکدا نووسرابێت، ئیدی دەقێکی باڵایە و لە بازنەی ئەدەبی جیهانیدا خۆی ناونووس کردووە.

ئێمە، ئەگەر هەر دەقێکی خانی، جەزیری، مەحوی و نالی بێنین و لەبەردەم دەقێکی کلاسیکی جیهانیدا ڕایبنێین *(بە ڕەچاوکردنی زەمەن و قۆناغ)*، ئەگەر لە زۆر بوار و خەسڵەتی دەقی شیعریدا، هاوتا نەوەستن ئەوا سادە و کورتەباڵاش نابن! زۆرینەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە قووڵیی شیعری ئێمە لە کلاسیکدایە و پرس و تێڕامانە فەلسەفییەکانی ئەم دەقانەش، وێڕای ئستاتیکیا و ڕەوانبێژییان، لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدان.



23

لە ڕۆژگار و سەردەمی نوێشدا، ئەدەبی ئێمە *(قسەم لەسەر شیعرە)*، چ لە کوردستان و چ لە تاراوگەدا، دەقگەلیکی وەها باڵای بەرهەم هێناون، شان لە شانی دەقە جیهانییەکان بدەن، بەڵام سەروەختی خولقاندن و کامڵبوونی دەقەکان جیاوازن.
ماریا ڤیینە، ژنەشاعیری ناسراوی سویدی، لە ساڵی 1942دا، ئاوا دەبێژی:

"دەیتەقێنمەوە جەستەم، دەیکەم بە گەردیلە
ڕۆحم وەکوو ئەستێرەی ئێواران،
 بە ئاسمانی ئەبەدییەتەوە
گوڵ دەگرێ،
وەک گوڵێک لە دارستانی زەمەندا، بەختەوەرانە دەپشکوێ،
ڕزگاربوو لە "*من*"ـە قورساییسازەکەی خۆی"

تۆ وەرە و ئەم دەقە لە بەرانبەر هەر دەقێکی کوردیی خولقێنراوی هەمان سەردەم ڕا بنی، ئەوجا جیاوازیی زەمەنی کامڵبوونی دەقەکان و کردەی بەراوردکارییەکە دەبینی!
دەقێکی کوردیی خولقێنراوی هەشتاکان و نەوەدەکان یاخود هیی ڕۆژگاری ئێستا بهێنە و لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەقەدا وەیخوێنە، دەشێت لێکچوونی وێنە و خوازەکان ببینیت، ئیدی جیاوازییەکان لێرەدان!



24

# من له هیچ چرکەیەکی ژیان و ئەزموونەکانم پەشیمان نیم

سازدانی: نوری بێخاڵی
سەرەتای زستانی 2006

"پشکۆ" ئەگەر چی نزیک بە پانزە ساڵێکە بە جددی سەر قاڵی کاری نووسینە، بەڵام لەگەڵ ئەو ماوەیەشدا قەڵەمێکی بە بڕشت و پێز و پڕ بەرهەمە، ئەو بەختی خۆی لە زۆر کایەکانی نووسیندا تاقی کردۆتەوە و لە گەلێ مەیداندا ئەسپی خۆی تاوداوە، ڕەنگە ئەوەی "پشکۆ" و هەندێک لە نووسەرانی کورد لە زۆر لە هاوزمانەکانی خۆیان جیا دەکاتەوە، لەتەک شیعردا، ژانری تریشیان ئەزموونکرد و توانیان تیایاندا سەرکەوتوو بن، ئەو لە بواری " شیعر و پەخشان و کورتە چیرۆک و ساتیر و لێکوڵینەوەی ڕەخنەیی لە کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هتد... بۆی کراوە کۆمەڵێ شتی جوان بخاتە بەردەم خوێنەر.. لە دانیشتنێکدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەووە، لە شیعرەوە بۆ تەنز، تا ڕەخنە و سیاسەت، بەرهەمەکەیشی ئەوەیە کە لە بەر دەستی خوێنەری ئازیز دایە، بەڵام جیا لە هەر جارێکی تر، لەوانەیە جوانترین یادەوەری لەو دیدار و گفتوگۆیەی نێوانمان ئەوە بێت، نزیکەی (20) خولەک را و بۆچوون و دیدگای جوانمان لە دەست چوون، کە دووبارەکردنەوەیان بە هەناسە و ریتمی خۆی ئەستەم بوو، ئەویش بە هۆی گرفتێکی ریکۆدەرکە، کە دواتر خەبەردار بوومەوە کە قسەکانمان تۆمار نەکراوە و "پشکۆ"ش لای خۆی ناوی نا" نوکتەی کاسیێتە فاشیلەکە!

**- K4N (نوری بێخاڵی): لە "بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بەگڕ"دا، وەک لە پێشەکییەکەشیدا باست کردووە، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانن کە شۆێنکاتەکانی لەدایکبوونیان جیاوازن، ئەزموونگەلێک کە هەریەکەیان زادەی**

25

**هەلومەرج و کەشی جیا جیان..فۆرم و ستایلی ئیشکردنەکانت لەم ئەزموونانە دا لە کوێ و تا چەند جیاوازن؟**

- من بە پێی ئەو ئەزموونەی هەمە و نزیکەی پانزە تا شانزە ساڵێک کارم لەسەر شیعر کردووە، ئەوە دەزانم کە ئەزموونەکانی ئێمە لە یەکتر ناچن، بەڵام ئەو ساتەوەختەی ئێمەی تێدا دەژین، یان شتێکی تێدا بەرهەم دەهێنێن، ڕەنگە کۆی ئەزموونەکانمانی تێدا چڕ ببێتەوە، دەمەوێ بڵێم ئەگەر بە شێوەیەکی قووڵ، لە دوابەرهەمی هەر نووسەرێک ورد بینەوە، هەموو ئەو ئەزموون و شارەزایی و لێزانییانەی تێدا خەست دەبنەوە.

دیارە من لە پرۆسەی نووسینی شیعردا، کۆمەڵێک ئەزموونم هەیە، ئەزموونە سەرەتاییەکانم لەوانەیە بۆ خۆم سادەییان تێدا ببینم، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە زمان و فۆرم و تەکنیکەوە هەیە، بەڵام من ئەوە دەبینم کە لە قۆناغەکانی دواتردا، بە پێی چڕ بوونەوەی ئەزموونی مرۆڤ لە کارەکەی خۆیدا، بەرهەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وێنەشیعرییەکان درەوشاوە، قووڵ، چڕ و کورتتر دەبنەوە، چونکە هەموومان دەزانین کە شیعر بۆ خۆی جۆرێکە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان لە زەینەوە بە شێوەیەکی نائاگایانە، بۆ نێوپانتایی پەیڤەکان، پاشان سەرلەنوێ دارشتنەوەیان لە قوڵایی زماندا، کە لێرەدا زمان بۆخۆی نەک هەر تەنها کەرەسەی دەربرین نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین زمان بۆخۆی مەکۆی ڕووداوەکانە. ئەگەر وا باسی ئەزموونی شیعر بکەم، وەک لەوێش ' واتە پێشەکیی کتێبەکە ' دا باسم کردووە، بەرهەمەکەم لە سێ کۆمەڵە شیعر و سێ ئەزموونی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام هاوکات، هەندێجار ئەوەش دەبینین کە جۆرێک لە هەناسە و جۆرێک لە خودبوون لەناو خودی شیعرەکاندا، بەجیاوازی ئەزموونەکانیشیانەوە، دەناسرێنەوە.

لەبەرئەوەی لای من یەکێک لەو شتە گرنگانە ئەوەیە، کە ستایل بەمانای شێوازی نووسین بە کار ناهێنم، بەڵکو بەو مانایە بەکاری دەبەم، کە پێویستە هەر



26

کەسە، دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەو دەنگە کە تۆ بە شێوەیەکی ئاشکرا نـایبینی کـە بڵێیـت ئـەوە فۆڕمـە، یـان تەکنیکـە، ئەمـە سـتایلی نووسـین و شـێوەی داڕشتنەوەی وێنەکانە لە چوارچێوەی زمان و ڕستەسازیدا، بەڵکو ئەمە هەناسـەیەکە، کە دەبێ شاعیر هەمیشە ئەم هەناسە و ستایل و خودبوونەی خۆی بە بەردەوامی لە سادەترین تا ئاڵۆزترین دەقی خۆیدا بپارێزێ، کـە مـن بەشـبەحاڵی خـۆم، بـە پێـی ڕاو سەرنجی خوێنەری زیرەک و جددی، لە دوابەرهەممدا بەوە دڵخۆش کراوم، کە مـن بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان و لـە ئەزموونـە جیاوازەکانمـدا، توانیومـە داوەدەزووێکـی هاوبەش دروست بکەم، کە کارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**- لە تۆیی تیۆرەکانی ڕەخنەدا، شتێک هەیە پێی دەگوترێ *(ڕەخنەی خوێنەر)* واتە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاستەکانی بینینی خوێنەر جیاوازن، ڕەنگە ئەو هەناسە و خودبوونەی باست کردن، لەو ئەزموونە جیاوازانەتدا ببینرێن، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جۆرێک لەو شتەی پێی دەگوترێ ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ هەستەکانی، ئاخۆ نهێنی بەردەوامی ئامادەگیی ئەو خودبوونە چییە، کە شێوەکانی دەرکەوتن و تەوزیفکردنی لە ئەزموونە جیاوازەکاندا گۆڕاون؟**

- زۆر ڕاسـتە، مـن لەگـەڵ بـۆ چوونەکەتـدا کـۆکم کـە نووسـین بـەر لـە هـەر شـتێک، نووسینەوەی خودی نووسەر خۆیەتی، هەروا پێم وایە لە ژێر پێستی هەموو پەیڤێکدا، خودی نووسەر بە شێوەیەک لە شێوەکان دەردەکەوێ، ئەم دەرکەوتنەشی جیـاوازە و پەیوەنـدیی بـە جیـاوازیی قۆنـاغ و شـوێنکاتەکانەوە هەیـە، ئـەو قۆناغـە کۆمەڵایـەتی و سیاسییەی تاک، کە پەیوەندی بەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە، کـە دواجار گرووپ تێیدا دەژیێت. تۆ دەزانی کە ئێمـەی کورد چ وەک تـاک و چ وەک گرووپ، لە هەلومەرجی سەختدا ژیاوین، ژیانی شاخ و دوای ڕاپەڕین و ئاوارەیی.. هتد.



27

نووسـەر، لـە  بارودۆخـە جیاوازەکانـدا کـار دەکـات، ئیـدی وێنـەکان لـە واقیعـەوە، دەگوازێتەوە نێو زەینی خۆی و لەوێدا لە ماڵی فانتازیادا، مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکات، جارێکی تر تەوزیفیان دەکاتـەوە، ئا لێـرەدا، ئێمـە جیـاوازیی ئەزموونـەکان لـە شیعردا دەبینـین، بـۆ نموونـە، زۆرجـار، بـۆ لێکۆڵینـەوە و ناسـینەوەی بـارودۆخێکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی زۆر دووریـش دەگـەڕێین، دەچـین بەرهـەمی نووسـەرێک، شـاعیرێک و رۆماننوسێک دەخوێنینەوە، لـەوێوە، بـەبێ خوێندنـەوەی مێـژوو، دەتـوانین هەلومـەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو کۆمەڵگایەی مەبەستمانە، بخوێنینەوە.

بـەم پێودانگـە، مەبەسـتمە بڵـێم کـە یـەکێک لـەو شـتە گرنگانـەی لـە پرۆسـەی نووسیندا جێگای تێڕامانە، چۆنێتیـەتی خولقانـدن و دارشـتنەوەی وێنەکانـە، کـە دیـارە ئەو وێنانە دەقـاودەق وەکـو وێنـەکانی واقیـع مـردوو نـین، بەڵکـە نووسـەر، راستگۆیانە ڕەگـەزی وێنـەکان وەردەگـرێ و  لـە زەیـن و زمانـدا، مامەڵـەیان لەگەڵدا دەکـات و دایاندەڕێژێتـەوە ، کـە ئەمـە کـارێکی گرنگـی شـاعیر و نووسـەرە، دیـارە سـەرکەوتنی ئەزموونـەکان و ئەفرانـدنی بەرهەمـەکانیش پەیوەنـدییان بـە شـارەزایی و قوڵبوونـەوە لەو ئەزموونانەدا هەیە کە نووسەر لە بواری نووسیندا پەنایان بۆ دەبات.

جگـە لـەوەی کـە ئـەو پرۆسـەیە پێویسـتی بـە پشـتخانێکی رۆشـنبیریی دەوڵەمەنـد هەیە، هاوکات لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا کە بـە جۆرێـک لـە جۆرەکان رۆشـنبیرییەکان تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر بوونە، نووسەری کورد چەنـد دەتـوانێ لـە سای هەلومەرجـە رۆشنبیرییەکانی دەرەوەی دونیـای خـۆی، پاشـخانی رۆشـنبیریی خـۆی ، بـە ئەزموونـە جیهانییـەکان موتوربـە بکـات، هـەموو ئەوانـە کاریگـەریی خۆیـان هەیـە لـە داهێنـانی بەرهەمـدا و لـەوەدا کـە ئەزموونـەکان بـە جیـاواز دەربکـەون، بـەڵام وەکـو گـوتم، ئـەو هەناسە و خودبوونە بەشێوەیەکی جیاواز، کـە تاڵـەدەزوێکی نـەبینراوە، درێـژە بکێشـێ، کـە ئەمـەیان خـاڵێکی زۆر گرنگـە و ئـەو شـتەیە کـە دەگـوترێ شـاعیر دەبـێ خـاوەنی دەنگی خۆی بێ، خوێنەری زیرەک  بە وێنەی رەنگاوڕەنگ دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە.



28

**- تۆ لە تویێ وەڵامەکەتدا ئاماژەت بە گرنگی پاشخانی رۆشنبیریی کرد، گریمان وەک فێرکراوین بڵێین شیعر ئیلهام و جۆرێکە لە فیترەتی کەسێک، بەڵام تا چەند ئەمە راستە؟ ئایا بەبێ قوڵبوونەوە و خوێندنەوە، بەبێ بوونی توانای دارِشتنەوە و تەوزیفکردنی وێنەکان، دەق چەند و تا کۆی دەتوانێ بە زیندوویی بمێنێتەوە؟ بە مانایەکی تر ئایا لە دەرەوی ئەو هاوکێشانە، بەردەوام دەقی شیعری لەگەڵ لەدایکبوونی مەرگی خۆی راناگەیەنێ؟**

- بێگومان، وەکو باست کرد ، پاشخانی رۆشنبیری گرنگە، لەتەک ئەویشدا کۆمەڵێ فاکتەری تر لای خودی شاعیر، رۆڵ لە بەرهەمهێنانی دەقی زیندوودا دەگێرِن، جارێ بۆ خۆم برِوام بەو قسەیە نیە کە دەڵێ شیعر ئیلهامە، یان شتێکی فیترییە، چونکە جیاوازی نێوان شاعیرێک و کەسێکی ئاسایی بریتیە لە جیاوازی تێفکرین و بینین و تێگەیشتنیان لە دیاردەکان..

من و تۆ و یەکێکی دی، ئێستا سەیری گوڵێک دەکەین، گوڵێک بە لاسک و گەڵاو رەنگی خۆیەوە، بەڵام هەر یەکێکمان بە شێوەیەک دەیبینین، لێرەدا گواستنەوەی ئەم وێنەیە لە واقیعەوە، بۆ زەینی ئێمە ، هەر یەکێکمان بە گوێرەی توانستی خۆمان لە فەنتازیا و خەیاڵ، دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم وێنەیەدا بکەین، چەند وێنەیەکی تر بەرهەم بهێنینەوە، کە هیی هیچ کاممان لە هی ئەویترمان ناچێت، ئەمەیە وا دەکات کەسێک شاعیرە و یەکێکی تر نا، کەسێک شاعێرێکی باشە ئەویدیکە کەمتر شاعیرە، ئەگەر چی بۆ خۆم کەمتر برِوام بە چەمکەکانی شاعیری باش و خراپ، شیعری چاک و خراپ هەیە، بەڵکو ئێمە دەقێک دەبینین کە شیعرە یان نییە، لەوە زیاتر شتێکی تر نییە، ئەمەش تەنها خوێنەری زیرەک و شیعرناس دەتوانێت برِیار بدات، کە ئەو دەقە شیعرە یان نا.

**- رایەک هەیە و پێی وایە لەگەڵ ئەوەی شیعر سەودا لەگەڵ خەیاڵ و ناسکی و فەنتازیادا دەکات، بەڵام دەکرێ هەڵگری جۆرێک لە مەعریفە**

29

**بێت، بەو مانایە نا خاوەنی پەیامێکی ئایدیۆلۆژی، یاخود سیاسی دیاریکراو بێت، بەڵکو هەڵگری گوتارێکی مەعریفیە کە دەربڕی هەلومەرجێکی کلتوری دیاریکراوە، ئێوە تا چەند وەک شاعیرێک لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان؟**

- راستییەکەی من پێم وایە ئەرکی شیعر کەمتر گەیاندنی مەعریفەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا شیعر لە مەعریفەش خاڵی نییە، وێرای هەموو ئەمانەش، بەر لە هەرشتێک شیعر شتێکە پڕ لە هەست و سۆز و ئیحساس، واتە بە قاڵبێک دادەڕێژیت، کە جیاوازە لە هەموو ئەو قاڵبانەی دەتەوێ شتێکی تری تێدا دابڕێژی، بۆیە من پێم وایە هەر ئەوەیە شیعر شتێکی پێیە و دەیەوێ بیڵێ، هەر بۆ نموونە کۆپلەشیعرێک باس لە جوانییەکانی کچێک دەکات، دیارە بەو لاساییکردنەوە کۆنە نا، کە لە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکاندا دەیبینین، دەبینی لە دیوی دووەم و رەهەندە شاراوەکانی ناو زمانی شیعرەکە و تێما و ئاماژە و وێنە شیعرییەکاندا، لە تەک مەبەستە سەرەکییەکە، هاوکات جۆرێک لە ئیستاتیکا و لەگەڵیشیدا مانای شاراوە هەن، ڕەنگە خوێنەرێک بە بینینی خۆی تەنها جوانیی کچەکە ببینێ، یەکێکی تر لەگەڵ ئەو دیوەدا، ئاست و رەهەندێکی کۆمەڵایەتیش ببینێ، ئەوی دی شتێکی تری لێ بخوێنێتەوە، بەڵام دواجار، شاعیر لە میانی پەیڤ و دەربڕینییەکانییەوە، ویستویەتی شتێک بڵێت، شتێک لە دواوێستگەدا، پێویستیی بە دۆزینەوە و کەشفکردن هەیە.

ئیدی ئەوە ئەو خودبوونەیە کە پێشتر باسمان کرد، کە گوزارشتەکە لە خود و لە منی شاعیر دەرباز دەبێت و دەپەڕێتەوە زەینی خوێنەر.. کاتێ گوتیشم شیعر فیترەت نییە، ئەوە بەو مانایەیە کە لە پشتی لەدایکبوونی هەر دەقێکەوە، هەلومەرجێکی دیاریکراو هەیە، ڕەنگە ئەو هەلومەرجە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پەیوەندی بە هەر هەموو گرووپ ، یاخود بە بەشێکی زۆری گرووپەوە هەبێت، بەڵام ئەوەی دواجار ئەو وێنانە لە زەینیدا کۆدەکاتە و جارێکی تر تاوتوێیان

30

دەکات و تەوزیفیان دەکاتەوە، بێگومان هاوشانی لایەنە ستاتیکی و جوانکارییەکەی، جۆرێک لە مەعریفە، بەرهەم دێنێ.

**- لەنێوان شیعر و پەخشان، کورتە چیرۆک و ساتیر، لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، هەست دەکەیت لە کامیاندا سەرکەوتووتری؟**

- دیارە من هەموو ئەو کایانەم بە پێی توانا و تێگەیشتن و دنیابینی خۆم تاقی کردوونەتەوە، پەنابردنیشم بۆ هەریەکێکیان کارێکی رەمەکی و بێبەرنامە، هاوکاتیش بێ ئاستەنگ و ئاسان نەبووە. ئەستەمترین و قورسترین شت کە لە میانی ئیشکردنم لە نێو ئەو کایانەدا، لە پرۆسەی نووسیندا، رووبەڕوم بووبێتەوە، جۆری مامەڵەکردن بووە لە دەربڕین و گوزارشتکردن و داڕشتن و تەوزیفکردنی وێنەکان، سوودوەرگرتن لەگەمەکانی زمان، چوونکە کارکردن لەسەر هەر ژانرێکیان، هەناسەیەکی جیاوازتری دەوێ لەویتر لە ساتەوەختی نووسیندا، تەنانەت گەر بتەوێ هەمان شتیش لە هەموو ئەو کایانەدا بڵێیت. لێرەدا، ناچاریت شێوە و فۆرم، ستایل و زمانی نووسینت لە ئاستێکەوە بگوازیتەوە ئاستێکی تر، دەبێ ئەو گواستنەوەیەش رۆح و زمانی باڵای نووسینت بپارێزێ.. راستیت دەوێ، من دەستم بۆ هەموو ئەمانە بردووە، بەڵام بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم، ئەوە من نیم کە بڵێم لە کامیان رازیم و لە کامیاندا سەرکەوتووم، بەڵکو ئەوە هەر خودی خوێنەر خۆیەتی کە دواتر دەتوانێ ئەو حوکمە بدات. من وەک خۆم، ئەم کارەم کردووە، هیوای ئەوە دەخوازم لە ئاستی خواستی من بووبێت و شوێنی خۆی گرتبێ، ئامانجی خۆی پێکابێ.

**- کازانتراکیس لە کتێبی "*سۆفیگەری*" دا دەڵێ: ئێمە تۆویەکین بە زەوی وەر کراین بێئەوەی کەس پرسمان پێ بکات، دەشدورێینەوە بێ ئەوەی کەس پرسمان پێ بکات. ئەگەر ئەم گوتە بۆ ژیانی "*پشکۆ*" و نەوەی ئەو،**

31

**تەئویل بکەین و بڵێین: قەدەرێک بردنیە شاخ و دواتر پەلکێشی هەندەرانی کردن و تا ئێستاش ختوکەی هاتنەوە باوەشی نیشتمانیان دەدات. تۆ ئەم هاوکێشەیە چۆن دەخوێنیەوە؟**

- ئەوە یەکێکە لە تراژیدیاکانی ژیانی مرۆڤ بەگشی و مرۆڤی کورد بە تایبەتی، کە ئێمە لە هیچ شتێکدا پرسمان پێ نەکراوە و پێمان ناکرێ ، بەڵکو زیاتر ئەرکمان دەخرێتە سەر شان و بە ناچاری تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبین کە دوور لە خواست و ئارەزووی خۆمانە، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئێمە لە قۆناغ و تەمەنێکدا بین کە درک بەم شتانە بکەین... بۆیە ئەم قەسەیەم زۆر لا جوانە، چونکە دواجار، ئێمە هەمیشە هەست بەوە دەکەین کە قوربانییەکانی کۆمەڵێک گۆڕان و رووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتین، کە دوور لە ویستی خۆمان بووە، تۆ بە ناچاری بوویت بە بەشێک لەو سیستەمە کە نەتزانیوە بۆ کوێ دەڕوات و بۆ کوێت دەبات. ئەمە لە ئەزموونی ژیانی خۆمەوە، هەر لە شاخەوە تاکو ئێستا *(هەڵبەتە من لە هیچ ساتێکی پەشیمان نیم)*، چونکە منی ئێستا، بەرهەمی هەموو ئەو ئەزموونانەم کە بە ژیانمدا تێپەریوون. من لێرەدا، دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە تاکەکان بە گشتی، نەک تەنیا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵکو لە سەرانسەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئەو تاکانەن کە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەک لە شێوەکان، قودرەتی ئەوەیان نییە چارەنووسی ژیانی خۆیان دیاری بکەن.

**- ئەو کاتەی لە ئاکامی قەدەرێکی دەرەوەی توانای خۆی، لە ساتەوەختێکی مێژوویی و هەلومەرجێکی سیاسی ناهەمواردا (پشکۆ) جانتای بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی شاخ دەکاتە شان و بەرەو ئاسۆی نادیار سەر هەڵدەگرێ و لە جوگرافیایەک دەگیرسێتەوە پێی دەگوترێت هەندەران، لە گۆڕینی ئەو شوێنکاتە و هەڵکردنەوەی فیلمی بیرەوەری و خەونەکان و دەستپێکردنەوە بە**

32

**ژیانێکی جیاواز، چۆن توانیی هاوسەنگی و باڵانسێک، لە نێوان ئەو دوو واقیعە دروست بکات؟**

- من ئەگەر بە راستگۆیی وەڵامت بدەمەوە، دەمەوێ بڵێم هێشتا نەمتوانیوە ئەو هاوسەنگیە دروست بکەم، چوون ئێمە بە تەمەنێکەوە چووینە مەنفا و وڵاتیان پێ بە جێ هێشتین ، کە هەموو مێژووی خۆمان لێرە بە جێهێشت، دیارە منیش لەوێ، وەک هەر کەسێکی تر، هێندەی بۆم کرابێ، هەوڵم داوە جۆرێک لە باڵانس لەنێوان کەلتوری خۆم و کەلتوری ئەوی دیکە، ژیانی خۆم لێرە و ژیانم لەوی، رابگرم، واتە بە مانایەک لە ماناکان، بە سوودوەرگرتن لە رەگەزگەلێکی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی هەردوو ژینگە جیاوازەکە، هەوڵمان دا خۆمان بگونجێنین، چونکە ئەو جێگۆڕکێیەی شوێنکات و ژینگە، پێویستی بە هۆشیارییەکی تۆکمە و وریاییەک بۆ تێکەڵبوون و خۆگونجاندن هەیە.

لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتی جیاوازی و بەریەککەوتنەی نێوان دوو جۆری ژیان و بیرکردنەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەتەکدا نەکرێت، مرۆڤ بە یەکجاری تووشی نامۆبوون و گۆشەگیری و تێکشکان دەبێت، دیارە کەمترن ئەو کەسانەی توانیویانە ئەو جۆرە هاوسەنگییە دروست بکەن، هاوسەنگییەک کە بە هۆیەوە ڕێگە نەدەیت لەنێو کۆمەڵگایەکدا بتوێیتەوە کە هەموو شتەکانی بۆ تۆ نوێن، کۆمەڵگا و کەلتور و جوگرافیایەک کە هەرچی بکەیت و هەر چەند لەناویاندا بمێنیتەوە ، تۆ بە بەشێک لە خۆیان نازانن، هاوکاتیش ناکرێ ئەم هاوکێشەیە وات لێ بکات کە لەو کەلتور و ژیانە نوێیە بسڵەمێیتەوە و شوورایەک لە دەوری خۆت بکێشیت.

دیارە ئەم چەشنە خۆگونجاندنە، ماندووبوونێکی زۆری دەوێ.. بەشبەحاڵی خۆم، دوای هەموو ئەم تەمەنەی کە لە هەندەرانم، تا ئەم لە حزەیەش یادەوەرییەکانی وڵات، بەتایبەتی یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی سەردەمی شاخ، لەگەڵمدا دەژین.

33

مـن لـه نووسـینێکدا باسـی  ئـەو پرۆسـەیەم کـردووە، لـەژێر نـاوی *"گەڕانـەوە لـە هەیوانی تێڕاماندا"*، لەوێدا باسی ئەوە دەکەم کە ئێستا دوای ئازادیی کوردستان، لە کـاتی گەڕانەوەمانـدا، چـۆن دەتـوانین خۆمـان بـە نیشـتمان ئاشـنا بکەینـەوە، چونکـە بمانـەوێ و نەمانـەوێ، هەنـدەران و ژیـانی ئـەوێ، کارکردیـان لەسـەرمان داناوە، بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان گـۆڕاوین، کـە دێیینـەوە وڵات، دیـارە وڵاتـیش بـە هـەموو شـتەکانیەوە گـۆڕاوە، ئـەم ئاشـنابوونەوە زۆر سـەختە بـۆ ئێمـە، چونکـە کـە دێینـەوە وێنەکانی حەفتاکانمان لە زەین و بیرەوەریدا هەڵگرتوون ، ئێمە دەمانەوێ ئەم وێنانە ببینیـەوە، مەبەسـتم نیشـتمان وەکـو سروشـت و  ژینگـە نـا، بـەڵکو ئینسـانەکان، پەیوەندییـەکان، کـە ئەمانـە هـەموویان گـۆڕاون، لـەم نێوەشـدا، مەبەسـت  ئاسـت و جـۆری گۆڕانەکە نییـە، کە ئاخۆ تـا چەنـد باشـە یـان خـراپ ، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە شتێک نییە لە بیرەوەرییەکانی ئێمە بچێت، ئێمـەش لـە ئـەوان ناچین.. لـە بـەر ئـەوە ئەم ئاشنابوونەوەیە گەلێک سەختە.

**- لە ئاستانەی ئەم وەڵامەتدا پرسیارێک لە دایک دەبێت کە لە ئەزموونی نووسینت نزیک دەکەمەوە، بەر لە هەندەران تۆ لە جوگرافیا و بازنەیەکی بچوکدا ئەزموونەکانت چرۆی کرد، کە فەزای ئازادی هەناسەدانیان کەمتر و سەرچاوەکانی خۆدەوڵەمەندکردنی مەعریفی هەژارتر و هۆکارەکانی دەستگەیشتن بە زانیاری  ساکارتر بوون...کە ئەو شوێنکاتە دەگۆڕی، ئیدی ئاسۆ و پانتاییەکانی نێو ژینگەی نوێ تا چەند وەک ئەزموونی نووسین و بیرکردنەوە سوودی پێگەیاندوون؟ بە مانایەکی تر بۆ کرانەوەی زیاتری دونیابینیەکانت چەندە توانیووتە  سود لەو ژیانە نوێیە بە کۆی کایەکانی وەربگریت؟**

- دڵنیام کە هەر کەسێک دەچێتە نێو ئەو بازنە فراوانەوە، بە پێی توانا و تێگەیشـتنی خۆی، دەتوانێ کەڵک لـەو ڕەگـەزە رۆشـنبیری، تـەکنیکی و کۆمەڵایەتیانـەی ژینگـەی

34

نویٚ وەربگریٚ.. کە  دواتر لە ئاسۆی هزر و تێڕوانین و خولقاندنی بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێت. من هەرکارێکم کردبێ، هەر بەرهەمێکم هەبووبێ، جا باش یان خراپ، هەموویان مۆرکی ئەو ژینگە نوێیەیان پێوەیە.. چونکە من ئەگەر هەر"پشکۆ" ی شاخ بام و لەویٚ بمابامەوە، دڵنیام کە ئەم جۆرە  تێڕوانین و خوێندنەوەیەم بۆ دونیا و دەوروبەر، مرۆڤەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەدەبوو، بۆیە بێگومان ئەو ژیان و ژینگە و کەلتورە نوێیە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی خۆی هەبووە.

**- لە لێکوڵینەوە  ڕەخنەییەکانتدا لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا شتێک دەبینریٚ کە ئەویش خۆپاراستنە لە سادەگۆیی و زێدەتر هەناسەیەکی ئەکادیمی و جددییەتیان پێوە دیارە، بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا، بەو پێیەی قسە لەمێژووی سیاسی برینداری  ئێمە  دەکەی، لەوێدا دوور لە فریودان و سەرلێشواندنی خوێنەر و شێواندنی چرکەساتەکانی ئەو یادەوەرییە قسە دەکەیت، مەبەستی تۆ لە پشتی ئەم نووسینانە چییە؟ ئاخۆ کولاندنەوەی برینەکانە، یان خوانەخواستە وەک دەڵێن تەسفیەی حسابە، یان مەبەست وروژاندنیانە  بۆ چۆنیەتی سەرلەنویٚ ئاشتبوونەوەی کایەکانی کۆمەڵگا و گیانبەرداکردنەوەی تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسییە؟**

- من، بە راشکاوی دەیڵێم، ئەو یادەوەرییانەی کە لەگەڵ مندا دەژین، بە تەنها یادەوەری من نین، بەڵکو یادەوەری کۆمەڵگەن، یان هیی تاکگەلێکن کە لە قۆناغێک و شوێنکاتێکی تایبەتدا، کەوتوونەتە هەلومەرجێکی دژوارەوە، بۆیە کاتێک کە قسەیەک دەکەم، شتێک دەگێڕمەوە، تەنها باسی خۆم ناکەم، بەڵکو باسی خەڵکانێکی دیکە دەکەم... پێم وایە لەو نووسینانەمدا، کە تا ئێستا هەژدە بەشم لیٚ نووسیون، سەدان نامە و ئیمەیل و فاکسم لەو کاراکتەرانەوە بۆ هاتووە کە لەو ساتەوەختە مێژووییەدا بوونیان هەبووە، دەڵێن: هەست دەکەین ئەوە ئێمەین! ئەمە شتێکی زۆر



35

گرنگە، لە کاتێکدا یادەوەری دەگێڕینەوە، ئەو یادەوەرییانە لە چوارچێوەی رق و کینە و بوغز و شەڕ دەربکەین، کە هەمووکەس دەتوانێ بیانگێڕێتەوە، بەڵکو ئێمە باس لە ئـازار و تێکشـکانی مـرۆڤ دەکـەین، بـەمانا مرۆییەکـەی. جـاری وا هـەبووە، هاوسەنگەرێک لە باوەشمدا بریندار بووە، یان شەهید بووە، چەندین لاپەڕەم لەمەڕ ئەو حاڵەتانە نووسیون، من لە ڕەهەندە مرۆییەکەوە دەڕوانمە شت و دیاردەکان.

من بیر لە هەندێ لەحزە دەکەمەوە کە ئاخۆ ئەو کەسە، لە ساتەوەختی ئاویلکەدا، بیری لە چی کردۆتەوە، واتە لەو روانگەیەوە ئەو دیمەنانە دەگێڕمەوە، بەڵام کە دێتە سەر لێکۆڵینەوی ڕەخنەی ئەکادیمی لە سەر بارودۆخی سیاسی، ڕێگە بە خۆم نادەم ئەو شتانە، یان ئەوانەی منیان بریندار کردووە، تێکەڵ بەو نووسینانە بکەم، (*بە پێکەنینەوە*) لە کاسێتە فاشیلەکەدا، باسم کرد، کاتێک من شیعر دەنووسم، کەسێکی جیاوازم، کە پەخشانیش دەنووسم دیسان کەسێکی دیکەم ، کە لێکوڵینەویەکی سیاسیش دەنووسم هەروا. من، ساتێک شیعر دەنووسم، لە خەیاڵ و فەنتازیادا دەژیم و تا ئەوپەڕی، کەسێکی رۆمانسیم، کە لێکوڵینەویەکی سیاسیش دەنووسم، خۆم لە سۆز و عاتیفە دادەشۆرم. ئێمە کاتێک لە حاڵەتە ئاساییەکەدا دەژین، وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا، هەست بە هەموو ئێش و ئازار و نەهامەتییەکان دەکەین، کە دەبینین بەرهەمی ئەو خەبات و قوربانیدانە، دواجار ئەو رەوشە سیاسییەی لێ دەکەوێتەوە، پێویست دەکات ریشاژۆی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بکەیت و ئەکادیمیانە بنووسیت، بەڵگە و ئەرگۆمێنتت هەبێت، فاکتەرەکان و چارەسەرکانیش بدۆزیتەوە، بەبێ ئەوەی مافی ئەوە بەخۆت بدەیت کە ئاموژگاری خەڵک بکەیت، چونکە ئەرکت وەکو نووسەر شیتەڵکردنی دیاردە و هۆکارەکانە و وەڵامەکەیشی بۆ خوێنەر و خەڵک جێ دەهێڵی.

**- هەست ناکەیت ئەو مێژووە بریندا رەی دوێنێ بۆ ئەمڕۆش درێژ بۆتەوە، بەڵام بە فۆرم و شێوازێکی تر کە زۆر بە ئاسانی هەست بە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی دەکرێ لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی؟**

36

**ئاخۆ نهێنی ئەمە لە چی دایە؟ چۆن دەتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین و ئێستا و سبەیەکی جوانتر بۆ کۆمەڵگا و نەوەکانمان دروست بکەین؟**

- کۆمەڵگەی ئێمە، لە سەدەی ڕابردوودا و چەند ساڵێکی ئەم سەدەیەش، بە چەند قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیووە. کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگایەکی بریندار و شێواوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوە نین کە دەیخوازین. بێگومان ئەمە لە ڕابردووەوە هاتووە، بۆیە گرنگە ئەو ڕابردووە بە راستگۆییەوە بخوێنینەوە، بەڵام نابێ لە ڕابردوودا بژین، بەڵکو دەبێ لە ئێستادا بژین، ئەگەر چی ئەمە بابەتێکی سیاسی و قووڵە، نامەوێ بچمە ناخی، بەڵام ئەمە بەندە بە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە.

سیستەمی سیاسی، بە کۆبەندی دەسگا و ئۆرگانەکانیەوە، لە لوتکەی هەرەمی بڕیاری سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە بچووکترین بنکەی خوارەوە ، بگرە تا یەکە کۆمەڵایەتی و گروپە فەرهەنگی و کلتورییەکانی و دەسگاکانی راگەیاندن و.. هتد، هەموویان شێواو و وێرانن. لێرەوە، ئەگەر بەرنامەیەکی سیستەماتیک بۆ خوێندنەوەی بناغەی ڕابردووی خۆمان نەبێت، ناتوانین ئێستا ببینین، چونکە دیاردەگەلێکی ترسناک لە هەناوی کۆمەڵگاکەدا خۆی حەشارداوە، ئەگەر بە بەرنامەڕێژی و عەقڵانی کاری بۆ نەکرێ، کۆمەڵگە بەرەو کارەسات دەڕوا.

کێشەکە ئەوە نییە، فلان کەس و گروپ، یاخود فیسارە حزب وەهایە، بەڵکو کێشەکە زۆر لەوە قوڵترە و رەگی کەلتوری هەیە. واتە دەبێ ئێمە سەرجەمی کۆمەڵگە و فەرهەنگ و پەیوەندییەکانیان ببینین، کۆمەڵگە لە بچوکترین شتەکانیەوە تەماشا بکەین، چونکە ئەگەر ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەبا و تەندرووست و ئاسایی بین، وەک گشتێک، کە ئەوە خودی کورد خۆی لێی بەرپرسیارە، نەک دەتوانین برینەکان سارێژ بکەین و لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە، بەڵکو ئامادەیی ئەوەشمان تێدا دەبێت کە ڕووبەڕووی هەر ڕوداوو دەرکەوتەیەکی نوێ و فشاری دەرەکیش ببینەوە. یەکێک لە تراژیدیاکانی ئەقڵی ئێمە، ئەوەیە کە هەمیشە

37

رووداو بەرەو ڕوومان هاتووە، قەت نەمانتوانیوە بەرلەوەی رووداو بێت، خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و تێیپەڕێنین، بەردەوام رووداو هاتووە، ئنجا کەوتوونیەتە خۆمان و گوتوومانە چی بکەین.

**- دێمەوە و دەپرسم: زۆر کەس دوور تر و وێرانتر لە گوتەکەی (ماغوت)، تف دەکاتە سیمای نیشتمان، بە راست ئەوە ئێمەین نیشتمان بریندار دەکەین، یان پێچەوانەکەی؟ تۆ دوای هەموو ئەو ئەزموونانە وەک نموونەیەک ، مەنفا قەرەبوی نیشتمانی کردیەوە؟**

- من نازانم نیشتمان بەدابڕوای لە خەڵک چ مانایەکی هەیە، باشتر وایە ئێمە زیاتر باسی کۆمەڵگە و کایەکانی بکەین، نەک نیشتمان.. من ئەو تێرمانەم پێ قەبوڵ نییە، بە ڕای من، تەنانەت هەموو ئەو خەڵکانەی کە کوردستانیشیان جێ هێشتووە، هێشتا هەر لە خەمی نیشتماندان.. من لە وتاری ( *گەڕانەوە*)دا، لە خۆم و هەموو ئەوانەم پرسیوە کە لە هەندەرانین، ئەرێ بەراست هەنفا بووە بە نیشتمانی ئێمە؟ ئایا نیشتمانێکمان هەیە لە نیشتمانی یەکەممان جیاواز بێت؟ من بە یەقینەوە وەڵامم داوەتەوە و گوتوومە: نە.

نیشتمانی ئێمە، هێشتا ئەوێیە کە بە جێمان هێشتووە، پێم وایە هەر ڕۆشنبیرێکی کورد کە لە دەرەوە دەنوسێ، لەسەر خەمەکانی کورد دەنووسێ، کەواتە مەنفا نەیتوانیوە نیشتمانێک بۆ ئێمە دروست بکات و ناتوانێ ببێتە ئەلتەرناتیڤی هەتاهەتایی نیشتمان.. من نەک رەشبین نیم ، بگرە زۆر گەشبینم بەوەی رۆژێک دێت کە لە سای دروستبوونی فشارێکی جەماوەری کە دڵیان بۆ نیشتمان لێ دەدات، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە خۆیدا بچێتەوە، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، ناچارە کراوەتر بێت، دەبێ بە شێوەیەک، دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی کە لە خەونی ئێمەدا هەیە، بێنێتە کایە، چونکە بەرلەوەی بەردەوامیی ئەم رەوشە ئاڵۆزە مەترسیی بۆ سەر کۆمەڵگە هەبێت، مەترسییە بۆ سەر خودی دەسەڵاتی سیاسی کوردی.

38

**- مێژوی دونیا پێمان دەڵێ ئەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و روناکبیرانن کە بەردی بناغەی تەبایی و بەیەکەوە ژیان دادەنێن، بەڵام هەست ناکەیت و بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین لە هەندێ شوێنکاتدا گوتاری رۆشنبیری کوردی بارتەقای کایە و مێژووی سیاسی درزی خستە نێو کۆمەڵگا و کایەکانی لە یەکتری زویر کرد، هێندەی فاکتەری وروژاندنی ناکۆکی بوو، نیو ئەوەندە کاری بۆ تەبایی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکردووە؟**

- من هاوڕاتم، مێژووی ئەزموونەکانی دنیاش، بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە، کە هەموو ئەو گۆڕانکارییە جددییانەی لە کۆمەڵگەدا دروست بوون، لە سەرەتاوە، بنەماکانی لەلایەن رۆشنبیر و بیرمەندانەوە دارێژراون، بۆیە ئەوە زۆر گرنگە کە رۆشنبیری کورد، ئەو راستییە بزانێ کە ئەرکێکی ئێجگار گەورەی لەسەرشانە، مەبەستم ئەوە نییە بچێت تێکەڵاوی سیاسەت بێت، بەڵام پێویستە پەیامێکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تەندروستی هەبێت، چونکە گوتاری رۆشنبیریی کوردی، گوتارێکی زۆر شپرز و پارچە پارچەیە و هێشتا شکڵی نەگرتووە، بەداخەوە لە ماوەی ئەم چەندساڵەی دواییدا، سیاسەت توانیویەتی زۆر نێگەتیڤانە لە ناو بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردیدا کار بکات، وا بکات وەزیفەی بزوتنەوەکە پێچەوانە بێتەوە..

بەداخەوە، ئێمە ئێستا شتێک نابینین کە جێی باس بێت، من زۆر جاری تر گوتوومە، رۆشنبیر دوژمنی دەسەڵات نییە، بەڵکو کێشەیەکی ئەبەدیی لەگەڵ دەسەڵات هەیە، کە من ئەو کێشەیە لای رۆشنبیری کورد نابینم، بە دیوێکی تردا، رووبەرووبوونەوەیەکی پۆزەتیڤانەی رۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵات نابینین، بەجۆرێک فشاری بۆ بەرین، پێچەوانەکەی، ئەوە دەسەڵاتە توانیوویەتی فشارمان بۆ بهێنێ و پارچە پارچەمان بکات، ئەرکی گرنگی خۆمان لە بیر بچێتەوە. ئەمە بۆ رۆشنبیرانی کوردی هەندەرانیش راستە، تۆ سەیری ماڵپەڕە کوردییەکانی ناو ئێنتەرنێت بکە و بزانە چ گەرەلاوژەیەکە، دۆخەکە لەناو کوردستان زۆر باشترە، لە کوردستان کۆمەڵە

39

دەنگێک دەبیستی، بەڵام هێشتا فۆرمۆڵە نەبووە و خۆی نەدۆزیوەتەوە، هێشتا هیوایەک لای تۆ دروست ناکات، بەڕای من، ئەمەش قۆناغێکە لەو قۆناغانەی کە کوردی پێدا ڕەت دەبێ، لەگەڵ ئەوەش گەشبینم کە ئێمە ئەو قۆناغەش جێ دەهێڵین، بەڵام دەبێ کاری جدیی لەسەر بکەین.

**- وەک ڕۆشنبیرێک، پێت وایە بۆ ئەوەی سەرجەمی کایەکانی کۆمەڵگای کوردی (*سیاسی، کۆمەڵایەتی، روناکبیری*) بەدیوە پۆزەتیڤەکەی ئەکتیف بن لە پێناو خزمەتی شوناس و نەتەوە و نیشتمان و بونیادنانی تەبایی چی بکرێ باشە؟**

- لە راستیدا ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە فەوزایە، ئەو فەوزایە، کایەی ڕۆشنبیریشی گرتۆتەوە، لە هەموو بوارەکاندا، لە زمان، راگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی بگرە، تا دەگاتە پرۆسەکانی تری نووسین و ڕۆشنبیری. من پێم وایە، دەکرێ کارێک بکرێ کە ئەو بارە گلاوەی ڕۆشنبیری، راست بکرێتەوە و بزاڤی ڕۆشنبیری، ئاخاوتە و گوتارێکی دیار و فۆرمۆڵەکراوی هەبێت، دیارە ئەو مافە بە خۆم نادەم، بڵێم دەبێ چ بکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە پێویستە هەموومان بیر بکەینەوە، لەو واقیعە تێبگەین و لەگەڵ پەیام و وەزیفەی خۆماندا راستگۆ بین، بزانیین ئەرکەکانمان چین.

* دیمانە و قسەکردن لە کایەکانی ئەدەب و فیکر و سیاسەتدا، بێ خۆسازدان، بە دانیشتن بە دیار ڕیکۆردەرێکەوە، کارێکی سەختە و وەکو پێویست بواری خۆدەربڕینت نابێ، زمانی ئاخاوتنت سفت و بێهەڵە و خەوش نابێت. لە دانانی ئەم "دیمانە'یە لەم کتێبەدا، دوودڵ بووم. پاشتر خۆم بەو بارەدا ساخ کردەوە کە حوکمی لەبیربردنەوەی بەسەردا نەدەم و فەرامۆشی نەکەم. گوتم: ڕەنگە بە مینجەمینجیش بێت، شتێکم گوتبێت!

هیوادارم خوێنەر، ئەم کێشەیە لەبەرچاو بگرێ!

* * *



40

# رۆشنبیر و حیزب، میدیا و ئۆپۆزیسیۆن

سازدانی: موحسین ئەدیب
10ی یونی 2009

**- تا چەندە ڕۆشنبیر و نوخبەی بیرمەندی کۆمەڵگە، لە جوغزە حیزبییەکاندا جێگایان دەبێتەوە؟ بە مانایەکی دی، دەشێت بۆچوونی خۆت لەسەر ئەو ڕایە دەربببڕیت کە دەڵێت ناشێت نوخبەی ڕۆشنبیر موڵکی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو بێت، بەڵکو بەردەوام لە سەرو حیزبەوەیە و موڵکی گشتییە؟**

- ڕۆشنبیر و دەستبژێری بیرمەندی کۆمەڵگە، واتە کەسانێک کە سەروکاریان لەگەڵ پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەدا هەیە و لە کایە فرەڕەهەندەکانی کۆمەڵگەدا دەهزرن، پێش ئەوەی وەکو موڵکی "*حیزب*" یاخود "*گشت*" بیانبینین، دەشێت موڵکی خودی خۆیان بن، موڵکی بینین و تێگەیشتنە فیکری و فەلسەفییەکانی خۆیان بن. ئەوان، موڵکی بەها ئینسانییەکانی خۆیانن و دەشێت وەکو هەر تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگە، لە مافە ئینسانییەکان و ئازادییە سرووشتییەکانی تاک بەهرەمەند بن، سەرپشکبوون و هەڵبژاردنیان بۆ بڕەخسێنرێت، لە چوارچێوەی بۆچوون و پرەنسیپەکانی دەرەوەی خۆیاندا، شەتەک نەدرێن و نەبەسترێنەوە.

ئەگەر ئێمە کۆنکرێتتر قسان بکەین و پرسیارەکە ڕوونتر دابڕێژینەوە و بڵێین: داخۆ دەشێت، کەسی ڕۆشنبیر، لە ماڵی حیزبدا، جێگایەک بگرێت، بێ ئەوەی کاراکتەر و خەسڵەتە فیکری و ئەخلاقییەکانی خۆی لەدەست بدات؟ بێ ئەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی خۆی وەکو ڕۆشنبیر، لە کۆمەڵگەدا بزر بکات؟

ئەگەر قسەمان لە کۆمەڵگە تەندرووستەکان بێت، کە لەواندا، بەرهەمهێنراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان (*بە حیزبیشەوە*)، لە دۆخێکی ئاسایی و تەندرووستدان، ئەوا



41

پەیوەندیی نێوان حیزب و ڕۆشنبیر، دەشێت پەیوەندییەکی تەندرووست و ساغڵەم بێت. لەوێدا، دەشێت تاکی ڕۆشنبیر، مومارەسەی مافی ئازادیی بەحیزببەوە پەیوەستبوون بکات و نەشبێتە موڵکی حیزب، لەنێو حزبدا کار بکات و هزرین و بینینەکانی لە کۆی دنیابینیی حیزب گەورەتر بن. بۆ کەسانێک کە ئاگاداری مێژووی ڕۆشنبیری و سیاسیی کۆمەڵگە تەندرووستەکانن، بینینەوەی ئەم حاڵەتە، ڕیزکردنی نموونەگەلێکی پێویست نییە.

لە کۆمەڵگە پرەمەتیڤ و نائاساییەکاندا، لەواندا، کە هەموو شتەکان (*بە حزب و ژیانی حیزبایەتیشەوە*)، ناجۆر و سەقەتن، مەوداکانی ڕوانین و بیرکردنەوە، لە سنوورەکانی بینین و بەرنامەی حیزب، ناشێ ئەولاتر بچن، لەواندا قەتیس دەبن و کورت دەبنەوە، ئیدی چوارچیوە ئاسنینەکانی حیزب، دەبنە تابووتی ڕۆشنبیر و ئەمەش ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵگە و حیزبی کوردیی تێدا دەژین!

**- لە نێوان ناحیزبیبوون (*کە لە وڵاتی ئێمەدا، حیزب زۆرێک ئەگەر نەڵێین هەموو کایەکانی کۆمەڵگای پاوان کردوون*)، درووستکردنی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان کە ئەرکێکی سەرەکیی ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیر چۆن دەتوانێت کارێک بکات لە بەرژەوەندیی گشتی بکەویتەوە (*بەتایبەت لە قۆناغە ڕاگوزەر و چارەنووسسازەکاندا*)، هاوکات بتوانێت بەڵانسێکیش ڕابگرێت؟**

- ناحیزبیبوون لە وڵاتێکدا کە حیزب هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی پاوان کردوون، ئێستا بووەتە بەشێک لە شووناسی ڕۆشنبیرە جیددیەکانی میللەتی ئێمە! من پێم وایە، ئەمە تەنیا شووناسێکە و هیچی تر! تەنیا لافلێدانێکە و هیچی تر! شووناس، لەسەر بنچینەی وەرگرتنی هەڵویستێک، شتێکە و ئەو بەرهەمە ڕۆشنبیری و مەعریفییەی کە خودی ئەم شووناسە، بە ئێمەی دەبەخشێت، شتێکی دیکەیە.

لە کوردستاندا، کارکردنی ڕۆشنبیر، لە دەرەوەی قوللەکانی قەڵای حیزب، ئەگەرچی بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیرییە، دیسانیش کارێکی سەختە و



42

باجێکی گەورەی گەرەکە! گرتنەبەری ئەم ڕێچکەیە لە کارکردندا، بینین و هزرین لە دەرەوەی بینینەکانی حیزب، بەس نین بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان دابنیت و پرۆسەکان بە ئاقاریکی تەندرووستدا بئاژوێت و لە بەرژەوەندیی گشت بکەونەوە!

بۆ ڕۆشنبیر، تەنها ئەوە گرنگ نییە کە ڕووداوەکان ببینێت، بەڵکە چۆن و کوێی ڕووداوەکان دەبینێت، گرنگن!

ئەرکی ڕۆشنبیر، قەبەکردن و هەڵئاوساندنی ڕووداوەکان نییە، ریکلامکردن و خولقاندنی هاتوهاوار نییە، بگرە، بینینی ڕوداوەکانە لە بارستایی سرووشتیی خۆیاندا، ریشاژۆکردنی ڕووداوەکان و پشکنینی وردینەی پشتخان و زەوینەی سەرهەڵدانیانە. ڕۆشنبیر، پێش ئەوەی کار لەسەر "ئێستا"ی ڕووداوەکان بکات، دەبێت کار لە مێژووویاندا بکات.

بۆ توێژینەوەی "ئێستا"ی دیاردەکان و کەشفکردنی پرۆسەی بزواندنیان بەرەو ئاینده، پێویستمان بە بەرچاوڕوونیی ڕابردوو هەیە.

ئەرکی ڕۆشنبیر، خولقاندنی گەشبینی نییە، بگرە خولقاندنی گومان و پرسە. ڕۆشنبیر، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بە زەبر بارگاوییە، بە مژدە بێتامەکان سیخناخە، ناکرێت خۆشباوەڕی بەرهەم بهێنێت و مژدە ببەخشێتەوە، بگرە دەشێت دڵەڕاوکێ درووست بکات، قەیران بخولقێنێت و ئەقڵەکان نارەحەت بکات.

کۆمەڵگەی ئێمە، لە قۆناغی (*خەونی گۆڕانەوە*)، خەریکە بۆ قۆناغی (*وەهمی گۆڕان*) مل دەنێت! ئەمە ئەو ڕووداوە ترسناک و چارەنووسسازەیە کە دەبێت خەمی بیرکردنەوەکانی ڕۆشنبیران و خاڵی تێهزرین و تێمای کارکردنیان بێت!

**- ئەوەی مێژوو پێمان دەڵیت و ئەوەی لۆژیکیش تا ئەوپەڕی قەبوڵییەتی، ئەوەی کە لیبرالترین و ئیموکراتیترین حیزب و دڵسۆزترین سەرکردە، ئەگەر ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدا مانەوە، (*بە تایبەت بێ بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە و کارا و زیندوو*)، دەبنە تۆتالیتاریترین و**



43

**دیکتاتۆرترین حیزب و سەرکردە. تۆ ئەمە دەخوێنیتەوە؟ چۆن دەنواڕیتە ڕۆڵ و زەروورەتی بوونی ئۆپۆزیسیۆن؟**

- سەرکردە لە نێو حیزبێکی تەندروست و نۆرماڵدا، حیزب لە سیستەمی دەسەڵاتێکی دامودەسگایی و دیموکراتیدا، ناشی و ناتوانن ماوەیەکی درێژ، لە ترۆپکی دەسەڵاتدا بمێننەوە، ئەگەر وەها بوو، ئەوە نە حیزب ژیانێکی ئاسایی و دیموکراتیی لە نێو خۆیدا هەیە و نە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیش، ئەو سیستەمە تەندرووست و دیموکراتەیە.

مێژووی سیاسی و پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، لە کۆمەڵگە مۆدرنەکاندا، چ لە حیزب و چ لە سیستەمی حکومڕانیدا، ئەوەمان پێ دەڵێن، هەتا ئەو سەرکردانەشی کە بوونەتە جۆرێک لە سیمبۆل و کاریزمای سیاسی و نەتەوەیی، لەبەر پاراستنی پرۆسەی دیموکراتی و گەشەکردنی کۆمەڵگە، ئەوانیش بە خواست و ویستی خۆیان، دەستیان لە کورسیی حوکم بەرداوە و جێگایان بۆ کەسان و حیزبانی دیکە چۆڵ کردوون.

دیارە درووستبوونی سەرکردەی دیکتاتۆر و دەسەڵاتی تۆتالیتار، پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ ستراکتۆری کۆمەڵگە، کەلتوور و ئەقڵی سیاسی کۆمەڵگەدا هەیە. لەم بوارەشدا، جگە لە خودی حیزب، ئێلیتی خوێندەوار و ڕۆشنبیریش، ڕۆڵی گرنگ لە بەرهەمهێنانی سەرکردەی دیکتاتۆر و سیستەمی چەقبەستووی تۆتالیتاردا دەبینن.

بوونی ئۆپۆزیسیۆن، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، دیاردەیەکی پێویست و تەندرووستە. بەبێ ئۆپۆزیسیۆنی کارا، پرۆسەی دیموکراتی بوونی نییە.

ڕۆشنبیر، ناکرێت لایەنگری ئۆپۆزیسیۆن یاخود هەڵسووڕاوی پێبەستی ئۆپۆزیسیۆن بێت، بگرە دەشێ خۆی، خولقێنەری ئۆپۆزیسیۆن بێت، بێ ئەوەی دەخالەتی ڕاستەوخۆ، لە کاری ڕێکخراوەیی ئۆپۆزیسیۆندا بکات.

دەگەڕێمەوە بۆ بۆچوونەکەی سەرەتای ئێوە، هەر چۆن پێتان وایە، ڕۆشنبیر، دەشێت لەسەرەوەی حیزب بێت و مۆڵکی گشتی بێت، هەر ئاواش، دەشێت



44

ڕۆشنبیر، لەسەرەوەی ئۆپۆزیسیۆن بێت و مۆڵکی بینینەکانی خۆی بێت. ئاخر ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراویش، دواجار، خۆی لە حیزبدا کورت دەکاتەوە و خەسڵەتە نەگێتیڤەکانی حیزبی کوردیش، لە حیزبی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆندا وجودیان هەیە!

میدیای ئازاد یاخود ئەهلی، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە خولقاندنی قەیرانەکاندا دەبینێت، ئەرکێکی گرنگی هەیە. ئەرکی میدیای ئازاد، لایەنگریکردن لە ئۆپۆزیسیۆن نییە، هێندەی خولقاندنی زەوینە و مینبەرێکە بۆ خستنەڕووی سیاسەت و بەرنامەی ئۆپۆزیسیۆنێک کە واقیعی سیاسیی کوردستان، کەناڵەکانی میدیای بۆ خستنەڕووی بۆچوونەکانی، بۆ فەراهەم نەکردووە.

میدیای ئازاد، ئەگەر ئەرک و ئاگێندای خۆی، بە بەرنامە و پلاتفۆڕمی ئۆپۆزیسیۆنەوە گرێ دا، ئیدی وەزیفەی خۆی ون دەکات و ڕاستگۆیی خۆی لە دەست دەدات!

ئەو دەستە و گرووپانەی ئەوڕۆکە، ئپۆزیسیۆنن و دەخوازن پرۆسەیەکی ململانێی تەندرووست، بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵات بخولقێنن، لە ئاییندەدا دەبنە دەسەڵاتدار و ئیدی ئەرکی میدیایە کە ئەدای سیاسی و حکومڕانیی ئەوانیش بنچاو بکات. ئیدی دیارە، چەمکی ئۆپۆزیسیۆن، بەرنامە و کاری ئۆپۆزیسیۆن، ڕێژەیین و دەگۆڕدرێن، لە کاتێکدا، چەمک و وەزیفەی میدیای ئازاد، تەمەندرێژتر و تا ڕادەیەک نەگۆڕن!

ئەمە ئەو جەدەلییەتەیە کە دەبێت هەم ڕۆشنبیر و هەم میدیای ئازاد تێی بگەن و یاساکانی کارکردنی بناسن.

ڕۆشنبیر، ناکرێت هەموو هێلکەکان لە سەبەتەی ئۆپۆزیسیۆنێکی گریمان بهاوێت. ئاخر زۆر مومکینە، ئپۆزیسیۆنێکی سەرچڵ و کەمئاوەز، سەبەتەکەمان لە هەڵدێرێکی سیاسییەوە بۆ خلۆر بکاتەوە و ڕیسی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان، بکاتەوە بە خوری!

45

## من وەرچەرخانم لە هونەری گێڕانەوەی یادەوەریدا کردووە!

سازدانی: سۆران عەزیز
کوردستان ڕاپۆرت

**- نووسینەوەی یادەوەری، دواجار دەبێت بە بەشێک لە نووسینەوەی مێژوو، بە تایبەت لە ناو سیاسەتدا، چۆن و بە چ شیوەیەک متمانە پەیدا دەکات، کاتێک هەرکەسێک بە شێوەیەک لێی دەڕوانێت؟**

- گێڕانەوەی یادەوەرییەکان، بە تایبەت بۆ کەسانێک کە لە سەردەم و ڕۆژگارێکدا ژیانیان گوزەراندبێت و ئەو ڕۆژگارانەش سەرڕێژ بن لە پێشهات و ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مۆرکی خۆیان بە ئێستای ژیانەوە نابێت، بۆ ئایندەش کاریگەریی خۆیان هەبێت، ئەگەر نەبێتە بەشێکیش لە میژوو، ئەوا دەبێتە سەرچاوە و هەگبەیەکی دەوڵەمەند، بۆ کۆڵەران و مێژوونووسانێک کە خوازیاری وردینەی ڕووداوەکانن و دەخوازن لەو ڕەگەزە بنچینەییانە ورد ببنەوە و لەوێرا کەرستە و سەرمایە، بۆ نووسینەوەی مێژوو دەست بخەن.

لە ڕۆژگاری نوێی پاش ڕاپەڕیندا، زۆرن ئەو سەرکردە و کەسانەی کە یادەوەرییەکانی خۆیان گێڕاونەتەوە و لە شێوەی کتێبدا چاپیان کردوون.

لە بەشێکی ئەو یادەوەرییانەدا، نەوەی ئێستا و داهاتوو، دەتوانن لە حەقیقەتەکانی مێژوویەک بگەن کە بە ئێستا گەیشتووە. واتە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەم سەردەمەی ژیانی میللەتی ئێمە، خوێندنەوەی ئەو یادەوەرییانە، دەبنە چەپکەکلیلێکی گرنگ و دەکارن دەرکەی زۆر مەسەلەمان بۆ واڵا بکەن و جۆرێک لە بەرچاوڕوونیمان پێ بدەن.

بۆ ئەوەی یادەوەرییەکان متمانە لە کن خوێنەر و کۆڵەران پەیدا بکەن، مەرجی سەرەکی و خەسڵەتی گرنگ ئەوەیە کە بێلایەنی و مەوزوعییەت لە گێڕانەوەدا ڕەچاو بکرێن. واتە تۆ کە لە هەوڵی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی خۆتدای، دەبێت



46

گێڕانەوەکانت، هیچ جۆرە مەرام و مەبەستێکی کەسەکی، ئایدۆلۆگی و حیزبییان تێکەڵ نەکرێن. نووسەر، دەبێت لە کارکردەکانی سۆز و عاتیفە، خۆی بە دوور بگرێت و شتەکان وەها وێنە بگرێت، کە ئەو سەردەم و ڕۆژگارە ڕوویانداوە و بە تێگەیشتن و ئاگاییەکانی ئیستای خۆی نەیانشێوێنێت.

تۆ بۆ ئەوەی متمانە بە گێڕانەوەیەک بکەیت، دەبێت سیستەمێکی بەراوردکاری لە خوێندنەوەی یادەوەرییەکاندا پەیڕەو بکەیت.

میژووی سیاسیی ئێمە، لێوانلیوە لە کارەسات و وێنە ڕەش و تاریکەکان. نووسەر دەبێت لە هەوڵی وێنەگرتنەوەی ئەو لاپەرە ڕەشانەدا بێت و نیشانی نەوەی ئێستایان بدات. بێ وەرگرتنی زانیاریی ورد لەسەر ڕۆژگارە کارەساتبارەکانمان (*کە ئێمەش ڕەگەز و فاکتەر بوون لە خولقاندنیاندا*)، ئەستەمە بە ڕووناکایی بگەین.

**- کەسانێک هەن لەو یادەوەرییانەدا ژیاون، ئەوان نووسەر نین، بەڵام کاراکتەری ڕووادوەکانن، هەمیشە تێبینیی ئەویان هەیە کە گێڕانەوەی یادەوەری، ڕاستیی کەم تێدایە.**

- من، لە "ئەزموون و یاد"دا، یادەوەرییەکانی خۆمم لەگەڵ کەسەکان، شتەکان و ڕووادوەکاندا دەگێڕمەوە. حیکایەتەکانی من لە "ئەزموون و یاد"دا، پێچەوانەی نووسینەوەی یادەوەرییەکانی هەرکەسێکی دیکە، بە پێی هەڵسەنگاندن و نووسینی زۆرێک لە ڕەخنەگران و نووسەران، جۆرێک لە وەرچەرخانی لە نووسینەوەی یادەوەریدا خولقاند. بە بۆچوونی ڕووناکبیر ڕێبین هەردی، "ئەزموون و یاد" گێڕانەوەیەکی تاقانە و بێوێنەیە لە بواری بێلایەنی و ڕاستگۆییدا. ئەو خەسڵەتانەی لە "ئەزموون و یاد"دا هەن، ئەو چانسەیان بە کتێبەکە بەخشی کە زۆرترین خوینەری هەبێت و باشترین هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی لە دیدی جیاوازەوە بۆ بکرێت. من، لە گێڕانەوەکانی خۆمدا، ڕەنگە هەندەک ڕووداو و کەسم لە یاد کردبن و شتێکم

47

لەمەڕ ئەوان نەنووسیبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە، دەتوانم بڵێم: تاڵەداوێکیشیان لە هەڵەی بەمەبەست، لەخۆ نەگرتووە.

کەسانێک هەن، پێیان وایە، من لە "ئەزموون و یاد"دا، وردینەی ڕووداوەکانی ژیانی ئەوانم باس نەکردووە. ئەو کەسانە، هەق وایە لەو ڕاستییە بگەن کە من یادەوەرییەکانی خۆمم نووسیونەتەوە نەک هیی ئەوان، هەر بۆیە ناکرێت بە دڵی ئەوان و بە خواستی ئەوان، من باس لە ژیانی سیاسی و تێکۆشانی ئەوان بکەم.

**- دەقی ڕەخنەیی، خوێندنەوە و تێگەیشتن و دواندن و هێما و ئاماژەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکەیە، کەچی لای ئێمە، ڕەخنە ئەوەندەی دەپەرژێتە سەر کەسایێتیی نووسەر، ئەوەندە گرنگیی بە کەسایێتیی دەق نادات. ئەم دوو ئاڕاستەیە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بزاڤی ڕەخنە و ڕەخنەسازی لە پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، جارێ نەبووەتە پرۆژە و پرۆسەیەکی زانستییانەی ئەوتۆ کە هەڵگری سیما و خەسڵەتەکانی خۆی بێت و هەموو سەرمایە و ڕەگەزە پێویستەکانی خۆی، بۆ دروستکردن و بیناکردنی خۆی، لە مانا کراوە و داخراوەکانی دەقی خولقێنراوەوە وەربگرێت. ڕەخنەگر، ڕۆشنبیرێکە بە باکگراوند و کەرەسەگەلێکی ڕۆشنبیرییەوە، لەسەر مانا و ئاماژەکانی دەق، بە دید و خوێندنەوەی فرەئاراستە و جیاوازەوە کار دەکات و دووبارە دەق دەخولقێنێتەوە.

شیکردنەوە و کارکردن لەسەر کەسایێتی و ژیانی کەسەکی نووسەر *(لە دەرەوەی ماناکانی دەقی نووسراودا)*، کاری ڕەخنەگر نییە. ڕەخنەگری بەتوانا و باڵادەست لە بواری بەرهەمهێنانی دەقی ڕەخنەییدا، دەکارێت لە میانەی خوێندنەوەی دەقەوە، پەی بە حاڵەتی سایکۆلۆژی و چرکە دەروونییەکانی نووسەر، لە سەروەختی خولقاندنی دەقدا ببات و لەم بوارەشدا کەڵک لە زانستی دەروونتوێژین وەربگرێت. مکوڕبوون و خۆخەریککردن بە وردینەکانی کەسایێتیی نووسەرەوە، لە بەهای زانستیی ڕەخنە کەم دەکاتەوە و لە خزمەتی دەقی رەخنەییدا نابێت.



48

**- پەیوەندیی نێوان بەرهەمهێنەر، ڕەخنەگر، دەق و خوێنەر پەیوەندییەکی نیمچەپچڕاوە، هەندەکجاران دەق هەیە بەڵام ڕەخنە نییە، یان بە پێچەوانەوە، دەق و ڕەخنە هەن بەڵام خوێنەر لە ئاستیاندا سست و کزە. ئایا پەیوەندییەکانی نێوان دەق، ڕەخنە و خوێنەر لە ئەدەبیاتی کوردیدا چ ئیشکالاتێکیان هەیە؟**

- ئیشکالاتەکانی ئەم هاوکێشە چوارجەمسەرە (*نووسەر/ دەق/ ڕەخنە/خوێنەر*)، گرفتەکانی ڕۆنەنانی پرد یاخود ئەو ڕێگایانەن کە دەشێت ئەم جەمسەرانە لە ژینگەیەکی تەندرووستدا پێکەوە ببەستنەوە و هاوکێشەیەکی هاوسەنگ بخولقێنن. بە بێ خولقاندنی ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکە، دەقی نووسراو ناتوانیت بە تەکاملبوون بگات.

ڕێگا ئەفسووناوی و نەبینراوەکانی نێوان نووسەر و خوێنەر، لە میانەی تانوپۆ و ڕایەڵە چنراوەکانی سەر جەستەی تێکستی خولقێنراوەوە تێپەڕ دەبن. ئەم ڕێگایانە، پێش هەرشتێک لە ماڵە سیحراوییەکانی زماندا کار دەکەن. زمانی باڵا، ڕۆحی تیشکباری تێکستە. ئەوە زمانی دیار و نادیاری خولقێنراوی پڕ ڕووداوی نێو جەستەی دەقە کە دەکارێت پردەکانی موعجیزە لە نێوان نێرەر/ نێردراو/ وەرگردا ڕۆ بنێت. زمان کە ناکرێت تەنها وەکو ئامرازی گەیاندن لێی بڕوانرێت و بگرە دەشێت خودی ڕووداو بێت لە دەقدا، دەتوانێت لە زەینی خوێنەردا، جۆرێک لە تێکەڵبوون و هاومەستییەکی سۆفیستانە بخولقێنێت.

خەیاڵ یاخود فەنتازیا کە بەرهەمی هزرین و بینینی نووسەرە بۆ واقیعی تەڵخ و دابارینی جوانییەکانە بەسەر جەستەی پڕ نهێنی ئەو واقیعە دزێوەدا کە ژیانی لە ئامێز گرتووە. واتە هەوڵدان بۆ خاپاندن و فریودانی خوێنەر لە ڕێگای دارڕژتنەوەی 'درۆ جوانەکانە'وە، تا بتوانێت لەم گوڵشەنی خەیاڵەدا، پەی بە کەمۆکەیەک لە ڕاستییە جوانەکان ببات و کەشفیان بکات. ئەمە ڕێگایەکە کە نووسەری بەئەزموون،



49

له میانەیەوە، دەکارێت خوێنەر لە مەیخانەی واقیعی پڕمەینەت و دەردیسەریدا مەست بکات و لەو حاڵەتی مەستبوونەدا بەرز و بەرزتر بفڕێ. توانستی نووسەر بۆ نووسینەوەی ئەو وێنانەی لە هزردا دەبارن و دەخوازن ئەم دنیای باڵادەست و باوە، نغرۆ بکەن و تێکی بشکێنن، جێخستنی ئەم وێنانە و کۆکردنەوەیان لە فیگۆر و کۆد و دەلالەتەکانی زماندا، ڕۆڵێکی زێدەگرنگ لە بازنەی پەیوەندییەکانی نێوان (*نووسەر/ خوێنەر، دەق/ خوێندنەوە*)دا، دەگێڕن.

میتۆد و تەکنیکی نووسین و ستایلی تایبەت و جیاهەڵکەوتوو، دەشێت سێ ڕێگای دیکە بن کە نووسەری بەئەزموون، وەکو ئەندازیاری تێکست، بتوانێت ئەو پەیوەندییە قووڵە دوولایەنە درووست بکات.

بەشێکی دیکەی ئەو سەرمایە و کەرەستانە کە بۆ ڕۆنانی پردەکانی پەیوەندی گرنگن، دەشێت لە ماڵی خوێنەردا بن. ئاوەز و هۆشیاریی خۆێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق و توانستی ئەو بۆ کەشفکردنی نهێنییەکانی دەق، دۆزینەوەی جوانییەکان و چێژلێبردنیان، خولقاندنی گفتوگۆیەک لە نێوان خۆی و نووسەردا، دەشێ مەرجەکانی خوێندنەوەیەکی تەندرووست بن کە ببنە مایەی خولقاندنی ئەو ئامێتەبوون و لێکهەڵپێچرانەی نێوان نووسەر و خوێنەر.

**- بۆچی زۆرجاران تێگەیشتنی خوێنەرانی ئێمە بۆ ڕەخنە، ئەوەیە کە پاشکۆی دەقە، یان ڕەخنە هەمیشە دوای بوونی دەقی ئەدەبی دێت. ئایا تێکستی ڕەخنەیی نابێتە مایەی هاتنەئارای دەقی داهێنانەتر؟**

- ئەم بۆچوونە لەمەڕ تێگەیشتنی خوێنەر بۆ ڕەخنە، ڕێژەییە و ناکریت بگشتێنرێت. تێڕوانین لە دەقی ڕەخنەیی، وەکو پاشکۆیەکی دەقی نووسراو، نیشانەی کەمئاگایی و تێنەگەیشتنی خوێنەرە بۆ هەردوو چەمکی "دەق" و "دەقی ڕەخنەیی" و کارلێککردنی ئەم دوو چەمکە لەسەر یەکتر.

دیاره بەبێ بوونی دەق یاخود دەقی باڵا، توانای خولقاندنی دەقی ڕەخنەیی سەرکەوتوو ئیمکانی نابێت. ڕەخنەگری خاوەن فیکر و دنیابینی لە کایەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا، ڕەخنەگری بەئەزموون و سەلیقەی ڕۆشنبیری، بێ خۆبەستنەوە و خۆشەتەکدان لە بازنەکانی دۆگمابوون لە تیورە ئەدەبییەکاندا، دەکارێت لەسەر ڕەگەز، مانا، زمان و داروپەردووەکانی دەقی خولقێنراو، دەقێکی باڵاتر بخولقێنێتەوە.

**- ئێمە لە بەردەم تێکستێکی ئەدەبی، تابلۆیەک یان پارچەموزیکێکدا رادەوستێن و دەڵێین شتێکی جوانە، ئایا مەبەستمان لە جوانی چییە؟ ئایا سەرچاوەی جوانیی ئەو شتانە لە چیدایە کە پێیان دەڵێین جوان؟ ئایا جوانی بەهایەکی سەربەخۆیە یان هەمیشە وابەستەی کۆمەڵێک بەهای دەرەکیی دەرەوەی جوانی خۆیەتی؟**

- ژانرەکانی هونەر بەگشتی، هەروەک سرووشت و ڕەگەزەکانی کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگیان پێکەوە هەیە، هەڵگری ئەو خەسڵەت و بەهایانەن کە جۆریک یاخود چەندجۆریک لە هەستمان پێ دەبەخشن و ئێمەش وەکو بینەر، بیسەر یاخود خوێنەر لە چەمکی "جوانی"دا پێناسەیان دەکەین.
"جوانی"، شتێکی بینراو و نەبینراوە، ڕام و سرکە، ساکار و قووڵە. "جوانی" هەیە کەمتەمەن و تیژپەڕە و وەک چەخماخەی هەوری بەهاران، کوارگی ئیحساس لە مێرگی ڕۆحماندا هەڵدەتۆقێنی و جەستەمان سەرریژی چێژ و لەززەت دەکات. جوانیی هەندەک شتانش، تەمەنی "نوح"یان هەیە و لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد، بەهاکانی خۆیان ون ناکەن!

ئەری بەڕاست "جوان" و "جوانی" چین و لە کوێرا سەرچاوە دەگرن؟
پەیوەندی و پێکەوەسازانی ڕەگەز و پێکهاتەکانی هەر دیاردەیەکی هونەری یاخود سرووشتی و گەردوونی، بەهاکانی جوانیی خۆیان دیاری دەکەن، دیسانیش بینین و چێژلێبردنی جوانییەکان ڕێژەیین و پەیوەندییان لەگەل بینای ئەقڵی و ڕۆحی و توانای درکی ئێمە، بۆ بینین و هەستکردنی "جوانی" هەیە.



51

دەنگی دەف و ناڵەی شمشاڵ، ساتێک بە ڕیتمێکی عرفانئامێز، هاوسۆزی تۆنەکانی قورِگی هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی وەک "بەهەجەت یەحیا" دەبن، ئەو جوانییانە دەخولقێنن کە بۆ من بەهایەکی ئیستاتیکیی بەرزیان هەیە، ڕەنگە بۆ کەسێکی دیکە ئەو بەها بەرزەی ئیستاتیکای موزیک و دەنگ، لە ئامێرەکانی موزیکی "ڕۆک" یاخود "ڕاپ و هیپۆپ"دا بن. ئیدی ڕوونە کە جوانییەکان لە دەروەی خۆیان دابراو نین و ئەوە تێگەیشتنە جیاوازەکانی ئێمەن بۆ چەمک و مانای "جوانی" کە بەهاکانیان پێ دەبەخشن. ئێمە ناتوانین بەهای جوانییەکانی هاتنەخوارەوە و سەماکانی کلووەبەفرەکان بەدەم باوە، وەک یەک ببینین. وەستان و سەراسیمەبوونی ئێمەش لەبەر سیحری بەهاکانی جوانیی فیگۆر و هارمۆنیی ڕەنگەکانی تابلۆیەکیش، دیسان هەر پێبەستی ئەو ڕێسایانەیە کە پێشتر ئاماژەم پێ کردن.

**- ئایا نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاری نەبووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە نووسەران دەستواڵا بن لە وەرگرتن و گوستنەوەی بڕگە و وێنەی تێڕوانینی نووسەرانی تر، بە بێ ئاماژەپیکردن؟**

- پێم وایە کێشەکە لەگەڵ نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاریدا پەیوەندییەکی نییە. گواستنەوەی بڕگە و وێنەی بۆچوونەکانی ئەوانی دیکە، یاخود وەرگرتنیان و تێکشکاندنیان، پاشانیش دارِژتنەوەیان لە فۆرِم و بەرگێکی دیکەدا، کاری نووسەرانێکە کە لەسەر کار و ماندووبوون و بەرهەمی کەسانی دیکە دەژین و ئەمەش نابەرپرسیارییەکی ئەخلاقی و ڕۆشنبیرییە.

**- ئایا چیرۆک کایەیەکی سەربەخۆیە لەبەردەم دنیادا، یاخود هەڵگری کۆمەڵێک پەیامە لەدەروەی چیرۆک خۆی؟**



52

- چ ژانرێکی ئەدەبی بە چیرۆکیشەوە، ناتوانیت لەبەردەم دنیادا، سەربەخۆ و داخراو بێت. ئەدەب بە گشتی، بە هەموو خەسڵەت و چەمک و ماناکانییەوە، وەستان و هەڵوەستەیە لە ئاست دنیایەکدا کە خودی مرۆڤەکان خولقاندویانە. ئەدەب، کێشمەکیش و ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دنیایەکدا کە لێونلێوی ئازار و نیگەرانییە.

**- ئاستی ڕۆمانی کوردی چۆن دەبینیت؟**

- بە ڕانانی لە بەرانبەر ڕۆمانی جیهانیدا، جارێ لە سەرەتادایە و زۆری ماوە. ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا، خوێنەری چەند ڕۆمانێکی کوردیین کە هەڵگری خەسڵەتەکانی ڕۆمانی جیهانین، وەلی ئەوانە ڕیزپەڕن و ڕۆماننووسسین لای ئێمە، هێشتا نەبووەتە ژانرێکی ئەدەبیی سەنگدار و هیوابەخش. ئەم هونەرە هێشتا نەیتوانییەوە هاوسەنگییەک لە نێوان تەکنیک، تێما و زماندا درووست بکات.

**- ئایا لە نووسینی ڕۆمانی میژووییدا، ڕۆماننووس دەوری مێژوونوس دەبینێ، یان ئازادە لەوەی ڕووادوەکان بە شێوەی نوێ بگێڕێتەوە؟**

- ڕۆماننووس، نە دەکاریت ڕۆڵی میژوونووس بگێریت و نە حیکایەت و ڕووداوەکانی مێژووش وەکو خۆیان دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی مێژوویی، هەڵگری کۆمەڵێک کاراکتەر و خەسڵەتی تایبەتە کە لە نووسینی ڕۆمانی ئاسایی و لە گێرانەوەی میژووش جیای دەکەنەوە و شێوازێکی دیکەی پێ دەبەخشن. تەکنیکی گێڕانەوە، چنینی ڕووداوەکان، زمانی گێرانەوە، پێڕستی پێشهاتەکان،  ئەو ڕەگەزانەن کە ڕۆمانی مێژوویی لە ڕۆمانی ئاسایی جیادەکەنەوە. نووسەر دەکاریت لە فۆڕم و تەکنیکی نوێی ڕۆماندا، ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵام ئازادییەکەی سنووردارە و وێرای توانای ئەو بۆ تێکەڵاوکردنی جۆرێک لە فەنتازیا لە ڕۆمانەکەیدا، دیسانیش مافی شێواندنی حەقیقەتی ڕووداوەکانی نییە.

53

**- زۆر لە چیرۆکنووسان پێیان وایە کە ژانری چیرۆکنووسین پلەیەکە، مەرجە ئەو ژمارەیە ببڕیت، ئەوجا نۆڤڵێت و پاشتر ڕۆمان بنووسیت؟**

- پێم وانییە، بتوانین ئەم پێپلیکانەی سەرکەوتنە، بۆ گەیشتن بە پلەی هونەری ڕۆماننووسین، وەکو یاسایەکی ڕەها لەبەرچاوبگرین. ئەگەرچی زۆرینەی ڕۆماننووسە سەرکەوتووەکانی دنیا، ئەم پلانەیان ئەزموون کردوون، دیسانیش ڕیزپەڕ لەم بوارەدا دەبینین. ڕۆماننووسین، پێویستیی بە ئەزموونی قووڵ، پاشخانی ڕۆشنبیریی فرەلایەن و ڕەهەند هەیە و کاری کەسانی بێئەزموون و سەرچڵ نییە.

**- ڕۆمانی تۆ، جگە لە زمانێکی ئێستاتیکییانە، ڕۆحێکی تێدایە کە دەبینین گەڕانەوەیە بۆ سرووشت. ئایا ئەو گەڕانەوەیە بۆ سرووشت، لە چییەوە هاتووە؟**

- من، نە ڕۆماننووسم و نە چ ڕۆمانێکیشم نووسیوە! ئەگەر مەبەستتان لە دواکتێبی من (ئەزموون و یاد) بێت، ئەوە تەنیا گێڕانەوەی بەشێکی حیکایەتەکانی ژیانی منە، لە بزووتنەوەی سیاسی/چەکداری کوردستاندا.

من لەوێدا، وەکو لە بەرایی کتێبەکەدا ئاماژەم پێ داوە، کەڵکم لە زمانی شیعر، تەکنیکی ڕۆمان و هونەری کامێرا، بۆ وێنەگرتنەوەی ڕووداوەکان لە زەین و زماندا، وەرگرتووە. من هەوڵم داوە، لە هونەری نووسینەوەی یادەوەریدا، کارێک بکەم، لە هەوڵ و کاری کەسانی دیکە جیاواز بێت و پێشم وایە، هەر ئەمەیە نهێنی سەرکەوتنی کارەکەی من.

لە گێڕانەوەی 'ئەزموون و یاد'دا، سرووشت، بە هەموو جوانی و دڵڕەقییەکانی خۆیەوە ئامادەیە. گەڕانەوە بۆ سرووشت، گەڕانەوەیە بۆ هەموو جوانییە گەردوونییەکان، کە مرۆڤ لە هەوڵی تەڵخکردنیاندایە.



54

# شیعر و سیاسەت

سازدانی: خاتوو تارا موحەمەد
ئاپریلی 2009

**- ئایا شیعر و سیاسەت چەند لێک جیاوازن؟**

- جیاوازان و زۆریش لێک دوورن. سیاسەت زانستە و بنەما و پێکهاتەکانی تایبەتن، ڕەگ و ڕیشەکانی لە کۆمەڵێک ژانری دیکەی زانستەوە ئاڵاون کە سەروکاریان لەگەڵ ڕێکخستنی پەیوەندییە جڤاکییەکان، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، سیستەمی ئابووری و دابەشکردنی سامان، پەیوەندییەکانی نێوان تاک و تاک، تاک و کۆمەڵگە، تاک و دەسەڵات هەیە. سیاسەت لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا و لە هەر زەمان و قۆناغێکدا، بە پێی ئەو فەلسەفە و دنیابینییانەی کاریان لەسەر دەکات و لە سۆنگەی ئەو شێوازە جیاوازانەی لە بواری پراکتیکی تیوردا، کاریان پێ دەکرێن، فەزایەک و دنیایەک دەخولقێنێت کە قەدەر و ژیانی تاک و کۆمەڵگە دیاری دەکەن.

شیعر، بە پێوەرەکانی زانست، زانست نییە. شیعر هەڵگری وەزیفە و ئەرکێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، بە چاوڕوانییەکانی تاک و کۆمەڵگە بارگران و شانداتەکاو نییە. شیعر، ئەگەر هەندەکجاران هەڵگری دیدێکی قووڵی فەلسەفییانەش بێت، دیسان فەلسەفە نییە. شیعر، ئەگەر جاروبار دەنگهەڵبڕینێکیش بێت لە ڕووی ئەو دنیا دزیوەدا کە سیاسەت دەیخولقێنێت، دیسان شعر سیاسەت نییە و ئەرکێکی سیاسییانە لە خۆ ناگرێت.

شیعر، خولقێنراوێکە لە زمان، ئیستاتیکا، موزیک و ریتم، فەنتازیا و وێنەکان، بینین لەو دیوی بیننەکانی واقیعەوە، ڕەوانبیژی و خوازە و یاریکردن بە پەیڤەکان، ساتێک لەژێر پیستی خۆیاندا دەتەقنەوە، ڕامان و ڕاچەنینمان لا درووست دەکەن.

سیاسەت، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، لە نێو دنیاکەی خۆیدا بمانجەڕێنێت و دەستەمۆمان بکات، کەچی شیعر، دوو باڵمان لە خەیاڵ لێ دەڕوێنێت و ڕۆحمان بەرەو فەزای ئازادی، هەڵدەفڕێنێت.

**- تایبەتمەندییەکانی سیاسەت و شیعر، بۆ هەر نەتەوەیەک لە چیدا دەبینیت؟**

- وەکو گوتم سیاسەت زانستە و پراکتیزەکردنیشی لە کایە جیاوازەکاندا، مێژوویەکی دێرینی هەیە. سیاسەت، لە زەمان و زەوینە جیاوازەکاندا، بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی گەشەکردنی فیکر و بارە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگە، لای هەر نەتەوە و جڤاکێک، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی هەن. ئەو "سیاسەت"ـەی لە کۆمەڵگەیەکی مۆدرینی ڕۆژاوادا بەڕێوە دەچێت، سیماو و نێوەڕۆک و ڕەگەزەکانی لە ئاستی سیاسی و ئەخلاقیدا، هەمان ئەو "سیاسەت"ـە نییە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا یاخود لە هەر کۆمەڵگەیەکەی ڕۆژهەڵاتیدا دەیبینین.

دیموکراتی، ئازادیی فیکر و دەربڕین، ئازادییەکانی تاک، ماف و بەرانبەرییەکان، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامان، ژن و مافەکانی و زۆر شتی دیکەش کە دەشێت تایبەتمەندییەکانی سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسییانەی کۆمەڵگەیان پێ بناسرێنەوە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویدیکە جیاوازن.

شیعر، پێچەوانەی سیاسەت، دەشێت چەمکێکی جیهانی و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشی لای هەموو جڤاک و نەتەوەیەک هەبێت، دیسانیش تایبەتمەمەندی و جیاوازییە نەتەوەییەکانی خۆیشی بپارێزێت.

شیعر بوونەوەرێکی سرکە و پێچەوانەی سیاسەت، ئەستەمە لە قاڵبی پێناسەیەکدا شەتەک بدرێت و پێناسە بکرێت.

56

**- پیاوی داخراوی ڕۆژهەڵاتی، لە وڵاتانی کراوەی ڕۆژئاوادا، چۆن جێگای خۆی دەکاتەوە؟**

- جێهێشتنی نیشتمان و تەرەبوون لە وڵات و نیشتنەوە لە تاراوگەدا، لە سۆنگەی هەر هۆکارێکدا بێت، تەنها جێگۆڕکێیەکی جوگرافی و تێپەڕاندنی پانتاییەکان نییە. ئەمە کردنەوەی دەرگاکانە بە ڕووی کۆمەڵگەیەکدا، کە تەیبەیمەندی و خەسڵەتی نوێ و نامۆی خۆی هەیە و تاکی بەتاراوگەکراو، دەخاتە نێو کایە ئابووری، کۆمەڵایێتی، کەلتوورییە تایبەتەکانی کۆمەڵگەی نوێ و لە سەرەتاوە توشی جۆرێک لە حەپەسان و شۆکی دەکات. بینین و وێناکردنەکانی تاک بۆ تاراوگە، هەرچییەک بن، چەند ورد و هەمەلایەن بن، دیسان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی نوێدا یەکناگگرنەوە و جیاوازن. بۆ ناسین و ئاشنابوون بە کایە و نۆرمەکانی ژیانی کۆمەڵایێتی لە دنیای نوێی کراوەدا، زەمەنێکی دەوێت و ئاستی خۆگونجاندن و جێگاگرتنیش لەو جڤاکە مۆدرن و پێشکەوتوودا، پەیوەندیی بە توانای فیکری و هۆشیارییەکانی خودی تاکی تاراوگەکراو و ئامادەیی ئەو هەیە بۆ هەڵکردن و خۆدۆزینەوە لەو پەیوەندییە نوێیانەدا، ئەمەش لە کەسێکەوە و بۆ ئەویدی جیاوازە.

پیاوی داخراوی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، دەشێ لە کایەکانی ئابووری، زانستی، میدیا و کایەکانی دیکەشدا، بتوانن جێگای خۆیان بکەنەوە، سامانێک دەست بخەن، ئەزموونێک پەیدا بکەن، بەڵام وەرگرتنی فەرهەنگ و نوێبوونەوەی بینینەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ ترادیسیۆنەکانی کۆمەڵگەی نیشتمانی دووەمدا، واتە درووستکردنی هاوسەنگییەک لەم بوارنەدا، کارێکی ئەستەمە. گەلەک کەسان، پاشی تێپەڕاندنی زەمەنێکیش لە ئاوارەیی و ژیانگوزەراندن لە جڤاکی نوێدا، هێشتا بینین و مامەڵەکردنیان لە بواری پەیوەندییە خێزانییەکانی خۆیاندا، هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان لەگەڵ ژن و منداڵاندا، هەمان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییەکەیە. ئەمەش سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفتە کۆمەڵایێتییەکانی پیاوی داخراوی ڕۆژهەڵاتە.



57

**- ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان، بە لیستی کراوە بێت باشترە یان لیستی داخراو؟ بۆچی؟**

- هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراتیی سیاسی و لە هەر کۆمەڵگەیەک و وڵاتێکدا سیستەمەکانی هەڵبژاردن فرە و جیاوازن، سیستەمی بازنەیی، ڕێژەیی، تێکڵاو و سیستەمی دیکەش کە تایبەتن بە سرووشتی دیموکراتیی وڵاتە جیاوازەکان.

سیستەمی لیستی داخراو کە بڕیارە لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستاندا پەیڕەو بکرێت، لە پلەی خوارەوەی پەیژەی دیموکراتیی سیاسیدا دەوەستێت. ئەم سیستەمە ئەگەرچی مافی دەنگدان و هەڵبژاردن بە تاکی دەنگدەر دەبەخشێت، دیسانیش بەشێک لەو مافەی لێ وەردەگرێتەوە و بە حیزبی دەبەخشێت. دەنگدەر لە لیستی داخراودا، مافی هەڵبژاردنی کاندیدکراوی دڵخوازی خۆی نییە، بگرە حیزبی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئیدی ئەوە حیزبی خاوەنلیستە کە کەسەکان دەنێرێتە سەر کورسیی پەرلەمان و ئەو مافەیان پێ دەدات. لەم سیستەمەدا، کەسی "تەعینکراو" لە پەرلەماندا، ئەوەندەی خۆی بە قەرزارباری حیزب دەزانێت، هێندە لە بەردەم دەنگدەراندا خۆی بە بەرپرس نازانێت.

**- ئەنجامی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کوێ دەگات و کێ و چ لایەنێک زەرەرمەند دەبن؟**

- ئێستا ئیدی ئاشکرایە کە ناکۆکییەکانی دەروونی یەکێتی، پاشی هاتنەئارای "لیستی گۆڕان" بە سەرکردایەتیی نەوشیروان مستەفا و هەڵویستی ڕوونی سەرکردایەتیی یەکێتی لەمەڕ ئەو کێشەیە (*هەر سەرکردە و ئەندامێکی یەکێتی، دەنگ بە لیستی دەرەوەی یەکێتی بدات، چ پەیوەندییەکی بە یەکێتییەوە نامێنێت - بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی*)، بەرەو لێکترازان و دووکەرتبوون دەڕوات.

58

دیاره دووکەرتبوونی ڕێکخراوەیی و سیاسی لە دەروون و ستراکتۆری هەر حیزبێکدا، بڕست و تواناکانی حیزب کەم دەکاتەوە، کەلێن و بۆشایی تیدا درووست دەکات و هەوڵ و ماندووبوونێکی بۆ پڕکردنەوەیان گەرەکە.

ئەزموونی کەرتبوون و "ئینشیقاق" لە حیزبی کوردیدا، لە مێژووی خۆیدا و تا ئێستا، نموونەیەکی جوانی پێشکەش نەکردووین. من، هیوادارم ئەم حاڵەتەی ناو یەکێتی، شارستانییانە و دوور لە هەر توندوتیژییەک، مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. ئەگەر ئەم کێشەیە، بە ئاشتییانە و بێ زەبر بەلادا بکەوێت، وێنەیەکی جوان و دیموکراتییانە بە ئەزموونی سیاسیی کوردستان دەبەخشێت و ئاکامیش تین و تاوێک بە پرۆسەی دیموکراسی دەدات.

**- کردنەوەی کونسوولی وڵاتانی دەرەوە لە هەرێمی کوردستان، تا چەند گەرەنتیی پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستانە؟**

- جگە لە کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی، هیچ لایەن و دەوڵەتێک ناتوانن گرەنتی بن بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد. کاراکتەرە ناوەکییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، ئەدای سیاسیی مۆدرن و بینینی شارستانییانە بۆ ئەزموونی بەڕێوەبردنی حوکم و گەمە سیاسییە دیموکراتییەکان، ئازادیی فراوان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، کرانەوە و یەکسانی لە دابەشکردنی سامان و مافەکاندا، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و سیستەمی مۆدرن، ئەو کۆڵەکانەن کە دەکارن هەم پرۆسە سیاسییەکە و هەمیش دەسکەوتەکان ڕابگرن و بیانپارێزن.

**- تۆ زیاتر بۆ شیعر و ئەدەب دەژێیت یان بۆ سیاسەت؟**

- بۆ هیچکامیان! من بۆ ژیان دەژیم. بەهاکانی ژیان زۆر لەوە مەزنترن تا لە لایەنێک یاخود چەند لایەنێکدا قەتیس بکرێن.



59

**- بۆچی گەندەڵکاران لە کوردستاندا ڕووبەڕووی دادگا ناکرێنەوە، لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بچووکترین گەندەڵی، گەورەترین سزای بۆ دادەنرێت؟**

- کێشەی کورد، کێشەی گەندەڵی و گەندەڵکاران نییە، هێندەی کێشەی سیستەمێکی سیاسی و ئیدارییە کە بەردەوام گەندەڵی بەرهەم دەهێنێت.

تۆ کە سیستەمێکی مۆدرن و ئەقڵانیت نەبوو، تۆ کە سیستەمێکی قەزایی سەربەخۆت نەبوو، ئیدی کێ گەندەڵکار بداتە دادگا و کام داگا دادوەریی بکات.

من دەتوانم دەیان نموونەت لەمەڕ سەقەتیی سیستەمی سیاسی و ئیداری و ئەوەی کە وڵات بە پێی میزاجی کەس و سەرکردە، نەک سیستەم و یاسا بەڕێوە دەچێت، بۆ ڕیز بکەم! لە وڵاتی وەهادا، باسکردن لە دادگاییکردنی گەندەڵکاران، کارێکی زیادەیە و ڕیشەی کێشەکان لە شوێنێکی دیکەدان.

* * *



60

## لەگەڵ ڕۆژنامەی هەولێر

3 ی فیبریوەریی 2009
دیمانەی ڕۆژنامەی "هەولێر"
سازدانی: شازادئەنوەر

**– تۆران لە کەلتووری تاراوگەی کوردیدا، توخمێکی سەرەکیی نووسین و کاری ڕۆشنبیرییە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– بەکاربردنی "تۆران" وەکو تێرمێک لە کردەی نووسین، بەرهەمهێنانی دەق و پرۆسەی فرەژانری ڕۆشنبیریدا، کە تایبەت بێت بە خەسڵەت و سیماکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە تاراوگەدا، بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە ئێمە مەرز و جیاوازییەکانی نێوان چەمک و بۆچوون و دید و تێگەیشتنەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و داهێنانی ئاخاوتە ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە چوارچێوەی فەرهەنگی کوردیدا دەبینین. "تۆران"، کردەیەکە بەرئەنجامی پێکەوەهەڵنەکردن، نەسازان، جودابیرکردنەوە و بەجیانووسینەوەی بینینەکانمان دەخولقێت و پاشتر دەبێتە توخمێک لە نووسیندا کە بە ئاسانی و بە کۆمەڵێک دنیابینیی تایبەتەوە، خۆی لە توخمەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

تاراوگە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، فەزایەکت بۆ دەخولقێنێت، سەرباری نامۆبوون و ئیغتراب، لەوێدا زەوینەیەکی لەبار بۆ بیرکردنەوە و بینین و دواجاریش کردەی نووسین و داهێنان ساز دەکات کە تەواو جیاوازە لەو فەزا و فاکتەرانەی لە وڵاتدا، کارکردیان لەسەر ئەفراندنی بیر و پرۆسەی ڕۆشنبیری هەیە.

لە تاراوگەدا، نووسەر باڵندەیەکی باڵنەکراوە و بە هیچ داوێکی ئابووری و سیاسییەوە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە هزرین و نووسینەوە هەبێت، بە دەسەڵات و ئایدیا و ئاگێندای دەسەڵاتەوە شەتەک نەدراوە.



61

نووسەری کورد لە تاراوگەدا، ناچار نییە چاوبڕێکی لەگەڵ ئاخاوتەی سیاسیی سەرکردایێتیی کورددا بکات و دیدەکانی خۆی بۆ مەسەلە جیاوازەکان، لە پەراوێزی گفتار و ئاخاوتەی سیاسیی ئەواندا بنووسێتەوە. لە تاراوگەدا، نووسەری کورد *(ئەوانەی لە خەمی سیاسەتی کوردیدان و لە پرۆسەی ڕەخنەسسازیی سیاسی و کۆمەڵایێتیدا دەنگ و شوێنێکیان هەیە و بە هۆشیارییەوە ڕەخنەکانیان ئەزموون دەکەن)*، ڕێک ڕۆڵی ڕەخنەگرێک دەگێڕن کە هەموو دەسەڵاتێکی ئەقڵانی و ژیر پێویستی پێیان هەیە و ناکارێت دەستبەرداریان ببێت.

**- پێت وایە چەندە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە نێو کوردستاندا، توانیویەتی ڕەهەندێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت؟**

- بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی، لە ماوەی هەڤدەساڵی پاش راپەڕیندا و لە سایەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆماڵیدا، لە هەندێک ئاست و بواردا، هەڵکشاوە و لە هەندەک لایەن و بواری گرنگ و ناوەکیی خۆیدا، لاواز و کەمبڕست، لە گیانەڵادایە. بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی، ناکارێت لە دەرەوەی فەزای پرتەنگژەی بزووتنەوەی کۆمەڵایێتی و سیاسیی کۆمەڵەگەدا بوەستێت و هاوتەریب بە ڕێبازێکدا ڕێچکە بگرێت، بەڵکە ڕێک لە هەناوی دۆخە قەیراناوییەکەی کایە سیاسی و کۆمەڵایێتیەکاندا دەژیێ و بە نەخۆشی و کەمایێسییەکانیان بارگاوی دەبێت.

ئێمە، لێرە و لەوێ، لە بەرهەم و داهێنانی ئەم یان ئەو ڕۆشنبیری کورددا، توخمەکانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی دەبینین و هەستیان پێ دەکەین. بەڵام ڕۆشنبیریی نەتەوەیی تەندرووست، لە کاتێکدا بوونی هەیە، کە کارکردی خۆی لە فەزای بیرکردنەوەی خەڵکدا دابنیت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵک و ڕای گشتی، لە هەمبەر کێشە و ئاستەنگەکانی دۆزە نەتەوەییەکەدا ساز بدات. ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، بە بێ پلان و نەخشەی ڕۆشنبیری، مەحاڵە بخولقێت، ئەمەش لە کوردستاندا بوونی نییە.



62

نەبوونی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، وەهای کردووە کە ئێمە نەتەوەیەکین هیچ هێڵێکی سووری نەتەوەیی ناناسین و شتێکمان بە ناوی ئاسایشی نەتەوەیی نییە.

سکاندالی ئازادکردنی فڕۆکەوانێک کە تاوانباری پرۆسەی جینۆسایدە لە کوردستاندا و ئەو بێدەنگییەی خەڵک و ڕۆشنبیرانی میللەتی ئێمە لە ئاست ئەو ڕووداوە، نیشانەی نەناسینی هێڵی سوور و بەهیچگرتنی ئاسایشی نەتەوەییە. ئەم سکاندالە، لە هەر شوێنێکی دیکەی دنیادا ڕووی دابا، هەموو حکومەت و ڕەمزە سیاسییەکانی پێ دەڕوخێنرا.

**- چەندساڵێکە نووسینەوەی بیرەوەری هەرمێنی زۆری هەیە.. تا چەند ئەم مێژووە بە ساغڵەمی نووسراوەتەوە؟..واتە دەکرێ وەکو سەرچاوەی زانستی بۆ خوێندنەوەی مێژوو سوودیان لێ وەربگیرێت؟**

- نووسینەوەی یادەوەری، ئەگەرچی نووسینەوەی ئاکادیمییانەی مێژوو نییە، دیسانیش ژانرێکە بۆ خولقاندنی دەقێک کە سەروکاری لەگەڵ گێڕانەوەی ڕوداوە مێژووییەکاندا، لە سەردەم و قۆناغێکی تایبەت بە کەسی نووسەر هەیە. پێم وانییە بتوانین چاو لە گیڕانەوەی یادەوەرییەکان وەکو دەقێک کە توانای بەخشینی سەرچاویەکی زانستیی نووسینەوەی مێژووی هەبێت، بکەین. نووسینەوەی مێژوو، زانستیکە کە میتۆد و تەکنیک و خەسڵەت و کاراکتەری تایبەتی خۆی، لە نووسینەوەی میژوودا هەیە. نووسینەوەی یادەوەری، دەکرێت سەرچاوەیەک بیت بۆ توێژەران و مێژوونووسان کە لەواندا، زانیياری و فاکتا، لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان پەیدا بکەن و کۆڵینەوەیان لەسەر بکەن. لە کوردستاندا و لە پاش ڕاپەڕینەوە، نووسینەوەی یادەوەری بۆ کەسانێک کە سیاسەتمەدار و سیاسەتکار بوونە و کەم و زۆر ڕۆڵێکیان لە بزووتنەوەی سیاسیی هاوچەرخی کورددا هەبووە، بووەتە دیاردەیەک و خەریکە لە دنیای نووسینی کوردیدا، شۆێنێک دەگرێت.



63

نووسینەوەی یادەوەرییەکان، ئەگەرچی زۆربەیان حیکایەتەکانی قۆناغێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە، دیسانیش بە میتۆد، زمان و مەبەستی جیا نووسراون و کەمتر خاڵی هاوبەشیان تێدا دەبینین. ئەو نووسەرەی کە لە گێرانەوەکانی خۆیدا، بێلایێنیی رەچاو کردووە و بابەتیانە ڕووداوەکانی تۆمار کردوون، چانسێکی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی نووسینەکەی متمانەی خوێنەر وەرگرێت و لێکۆڵەرانیش لە کاری زانستیی خۆیاندا بە هەندی وەر بگرن.

بەشیکی زۆر لە نووسینەوەی یادەوەرییەکان، کەلێن و کەلەبەریان تێدایە، کەمتر توانیوایانە بێلایەنانە وێنەی ڕووداوەکانمان نیشان بدەن و ڕەخنەگرانە بە ڕیشەی ڕووداوەکاندا بچنە خوارێ و زەوینەی خولقاندنی کارەساتەکانمان بۆ شی بکەنەوە.

**- "ئەزموون و یاد"، هەڵقوڵاوی چ قۆناغێکی بزووتنەوەی سیاسیی ڕزگاریی کوردستانە و بۆچی لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا بڵاوت کردەوە؟**

- "ئەزموون و یاد"، گێرانەوەی حیکایەتەکانی ڕووداوگەلێکە کە لە دژوارترین قۆناغی بزوتنەوەی هاوچەرخی سیاسیی ئێمەدا، ئێمە و ئەوان، واتە کورد و دژبەرەکەی خولقاندوومانن، قۆناغێک، پاش شکست و داڕووخانێکی فرەڕەهەند و فرەئاراستە لە بینای سیاسی و چەکداری و دەروونیی میللەتی ئێمەدا، هێز و گرووپە سیاسییەکانمان، بە گوڕ و تین و دید و شێوازێکی "نوێ"وە، لە زەوینەیەکی سەخت و کرێندا، لە هەوڵی خۆڕاپسکان و ڕاچەنیندان و دیسانەوە سەنگەرەکان ئاوەدان دەکەنەوە.

ئاوەدانکردنەوەی سەنگەرەکان و هەڵکردنەوەی ئاڵای موقاوەمەت، لەگەڵ لەدایکبوونەوەی شەڕی براکاندا هاوزەمانن، ئیدی کارەسات و تراژیدیا دەخولقێنن. لە سەردەمێکدا، کورد ڕووبەڕووی دژوارترین دوژمن و ئاستەنگترین دۆخ دەبێتەوە، کوردستان دەبێتە مەکۆی شەڕێکی دزێو، کورد لە لێواری مەرگ نزیک دەبێتەوە، تاکی کورد لە دۆزەخی شەڕی دوژمن و شەڕی براکاندا دەمرێ و دەژێتەوە.



64

خوێندنەوەی ڕووداوەکان لە دیدی منەوە کە بەشدارێکی ئاکتیڤ بووم، پێش هەرشتێک، بۆ خاڵیکردنەوەی ناخ و ڕۆحی بارگاوی خۆمە کە دێت و بەردەوام دەمسووتێنێت. پاشتر جەختکردنی من لەسەر وێنەگرتنەوەی چرکە ئازاراوییە دەروونی و چەستەییەکانی مرۆڤی کورد، بۆ نیشاندانییەتی بە نەوەیەک کە پاش ئەو ڕووداوانە لەدایک بوونە یاخود منداڵ بوونە و درکی ڕوداوەکانیان نەبووە. حیکایەتەکانی شاخ، پێشینەی لەدایکبوونی حیکایەتەکانی ئێستای دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانن. بۆ ئەوەئ لە ئێستامان بگەین، دەبێت ئاشناییەکی تەوامان لەگەل ڕابردوو هەبێت. بۆ ئەوەی بە چەندبارەکردنەوەی مێژوو مەحکوم نەبین، گەرەکە وردینەی پێکهاتەکانی مێژوو بناسین.

**- لە کوردستاندا شەپۆلیکی فراوانی بڵاوکراوەکان بەرچاو دەکەوێت، رات لەمبارەیەوە چییە؟**

- پێوەری گەشەکردن و هەڵکشانی بزووتنەوەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، ناکرێت چوونەسەری ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بێت.

ناکرێت ئەم دیاردەیە وەکو دیاردەیەکی تەندرووست و ساغڵەمی نێو پانتایی بزووتنەوەی ڕاگەیاندنی کوردی ببینین.

بزووتنەوەی راگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی کوردی، کۆمەڵێک ئیشکالاتی خۆی هەیە و لە جۆرێک لە تەنگژەدا دەژی کە ئەم دیاردەی بێسەروبەریی بڵاوکردنەوەیەش بەشێکییەتی.

بەشێکی زۆری ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، جۆرێک لە کۆمەک لە حکومەتی کوردستان وەردەگرن و حکومەتیش تا ئێستا پلان و نەخشەیەکی جددیی بۆ سیاسەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن نییە. من پێم وایە ، توانا و پارەیەکی زۆر لەم بوارەدا (*هەروەک بوار و کایەکانی دیکە*)، بە هەدەر دەچێت و زۆرجارانیش بەرئەنجامی نەگێتیڤی لێ دەکەوێتەوە.



65

## دەستوور و ژن و دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردی

سازدانی: تارا موحەمەد

**- ڕات چییە لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان؟ وەک بزانم ڕەخنەی زۆرت لەو دەستوورە هەیە.**

- ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، ساڵ و نیوێک دەبێت خراوتە بەردەستی ڕۆشنبیران و هاووڵاتیانی کوردستان، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەمەڕ سەرپاکی ئەو ڕەشنووسەی کە بڕیارە ببێتە یەکەمین دەستوور لە مێژووی کورددا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەزموونی سەرەتا و دەستپێکی هەر کارێک، بێ کەلێن و کەموکوڕی نابێت، چ جای ئەو کارەش نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوورێک بێت و کورد هیچ ئەزموونێکی پێشتری لەو بوارەدا نەبووبێت. من، ئەوکات، هاوکاری هەردوو دکتۆر، جەبارقادر و هەژارمارف، کورتەهەڵسەنگاندنێکمان نووسی و بڵاومان کردەوە. لەوێدا، ئاماژەمان بە چەندین خاڵی نەرێنی و کەلێن و کەلەبەر کردبوو کە وەکو کەماێسی لە دەستوورەکەدا دەردەکەون و دەشێ وردبینانە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت و باشتر دابڕێژرێنەوە.

یەکەمین دەستووری کورد لە مێژوودا، بە عارەبی دەنووسرێتەوە و پاشان بۆ کوردی وەردەگێڕدرێت. ئەمە لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، ئێمە بە نەنگییمان لەقەڵەم داوە.

ئێمە پێمان وابوو، دیباجەکە دەقێکی لاوازە و زیاتر لە لاواندنەوەیەکی مێژوویی دەچێت. دەکرا ئەم دیباجەیە، دەقێکی چڕ و پڕ و بەپێزتر با.

نووسەران و داڕێژەرانی دەستوورەکە، خۆیان ساغ نەکردووەتەوە کە داخۆ ئەوان دەستوور بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدرن و هاوچەرخ دادەڕێژن، یانژی دەستوورێک کە



66

پەیوەندییە کۆنپاریز و پریمەتیڤەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەپاریزێت! کە لەوێدا، خێڵ و ئێڵ و هێزە دواکەوتووەکان، باڵادەست بن. ڕێزگرتن لە بەها و شکۆمەندییەکانی ئینسانی کوردستانی، زۆر ڕوون نییە و جەختی لەسەر نەکراوە. هاوڵاتیبوون لە کوردستاندا و پرۆسەی  بە هاوڵاتیبوون، دیاریی نەکراون و وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە. پەیرەوکردنی ڕەها لە بازاڕی ئازاد، بە بێ دیاریکردنی پرەنسیپەکانی کۆنترۆڵی دەوڵەتی و کۆمەڵایتی، دەکارێت کۆمەڵگایەک بخولقێنێت، سەرڕێژ لە چەوساندنەوە و زوڵمی ئابوری و چینایێتی.

دیاریکردنی سنووری کوردستان، دەبوایە لەسەر بنچینەی فاکتە مێژوویی و جوگرافییەکان بایە، نەک ماددەی 140 بکرێتە بنەمای دیاریکردنی سنووری هەرێم لە دەستووردا. هەروەها پێناسەی "گەلی کوردستان"یش نەدەبا لە چوارچێوەی دەڤەری "کوردستان – ئێراق"دا کرابا.

لە ڕەشنووسەکەدا، هەندەک چەمک و زاراوە هاتوون کە هیچ هێز و پێزێکی قانوونییان نییە و ئەو چەمکگەلە لە دەستووردا جێگایان نابێتەوە.

مافی دیاریکردنی چارەنووس، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک مەرجدار بکرێت و ئەمە مافی بێئەملاوئەولای گەلی کوردە، تەنیا خەڵکی کورد و لە ڕێگای ڕاپرسییەوە دەتوانێت بڕیای لەسەر بدات  و یەکلای بکاتەوە. واتە پەرلەمان و حیزبەکانی، مافی ئەوەیان نییە لە بری میللەت و بە ناوی میللەتەوە، مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان یەکلا بکەنەوە.

ئەم ڕەشنووسەی دەستوور، نەیتوانیوە لەمپەرێک لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا دابنێت، ئایین و دەستتێوەردانی پیاوانی ئایینی لە کاروبار و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەڵاوێرێت. واتە ئەم دەستوورە نەیخواستوە دەسەڵاتی حوکمڕانی و ستاتوی دەوڵەت، وەکو دەوڵەتێکی سێکولار و عەلمانی بناسێنێت، ئەمەش یەکێکە لە خەوشە گەورەکانی ئەم دەستوورە کە لە ئەگەری دەنگپێدانیدا، دەبێتە بنەمای کارکردنی دەسگاکانی دەوڵەت و سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

67

به ڕای من، ناکرێت ئەم دستووره پێش بەلاداکەوتنی کێشەی چارەنووسی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، ڕاپرسی لەسەر بکرێت و دەنگی پێ بدرێت.

یاساکانی باری کەسەکی و لەوێشدا باری ژیان و چارەنووسی ژن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، گەلێک لاواز و ناتەواون و لەگەڵ خەبات و سەنگی بزووتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی مۆدرندا یەک ناگرنەوە. پێناسەی دەستوور بۆ چەمکی "حکومەت"، لە جێی خۆیدا نییە و ناکرێت حکومەت وەکو باوکی گەل بناسێنرێت.

مافەکانی تاک و جەبەرووتی حکومەت لەسەر تاکی ئازاد و شێوازی دیاریکردنی سزاکان، لەسۆنگەی ئەوەی کە تاک دژی حکومەت بێت، لەگەڵ خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مۆدرن و خۆشگوزەراندا ناتەبان. دەبێت ئابووری و بودجەی حیزبەکان یاساڕێژ بکرێن و سیفەتی قانوونییان پێ بدرێن. ئەمانە و زۆر شتی تریش هەن کە جێگای سەرنج و لێڕامانن و دەشێت گفتوگۆ و دیالۆگیان لەسەر بکرێن.

**- دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردی چۆن دەبینی و دنیای ڕۆژنامەگەری لە ناو کوردستان بە تایبەتی؟**

- بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سەدەیەک لە تەمەنی خۆی تێپەڕاندووە و لەم مێژووەیشدا، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا، بە پێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان، ڕەوش و خەسڵەتگەلێکی تایبەتی خۆی هەبووە. من، چەند ساڵێک پێش ئێستا گوتبووم:

چ شت و دیاردەیەک، لە خۆڕا نایەنە بوون. "ئێستا"، بە هەموو رەهەند و ئاراستە جیاکانییەوە، بەرهەمی کەڵەکەبووی پرۆسەیەکی مێژوویی لە ناخی کۆمەڵگەدا گوراو و بزووواوە کە لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەکاندا و لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بە دۆخێکی پڕ جووڵە و دانەساکاو گەیشتووە!

68

روانین لە دنیای بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی، سەرنجدانە لە توخمێکی رۆشنبیریی کوردی کە سەدەیەک زیاتر تەمەنییەتی.

دۆخی ئێستای رۆژنامەگەریی کوردی (*رۆژنامە، رۆژنامەنووس، ئامرازەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و گەیاندن، تێما و بابەت و دیسکۆرسی رۆژنامەگەری*) ، بەرهەمی گشتلایەنەی مێژووی سەدەیەک و چەندسالآنی نەتەوەی ئێمەیە. دۆخەکەش، جگە لە خەسڵەت و کاراکتەرە ناوەکی و خۆماڵییەکانی، مۆرکی فاکتەرە کارلێکردووەکانی نەتەوە و میللەتانی دراوسێ و دوورەدەست، فیکر و ئایدیا مەزهەبی و عەلمانییە جوراوجۆرەکانیشی پێوە دیارە.

باسکردن لە "ئەوسا"، کاری نووسینی ئێستای من نییە!

**- ئێستای دنیای رۆژنامەگەریی کوردی لە کوێدایە؟!**

- ئاخاوتەی رۆژنامەگەریی کوردی چییە و تا کوێ لەگەڵ دیسکۆرسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردیدا، هاوتا یاخود هاوتەریبە؟

دنیای ئازاد، بازاڕ و سیستەمی لیبراڵ، ئازادی و ئازادیی رۆژنامەنووسی، چەندە کارکردیان لەسەر باری رۆژنامەگەریی کوردی داناوە و رۆژنامە و رۆژنامەنووسی کورد، لە کوێی ئەم سیستەمە جەنجاڵەدا وەستاون؟

پرسەکان هەڵدەتۆقێنم و ئەستەمە لە ئۆدەی بەرسڤەکان بێم! دۆزینەوەی پرسەکان، لە خولقاندنی وەڵامەکان گرنگترن.

من، بەنیازم باس لە "ئێستا" بکەم.. ئێستای رۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستاندا... باشووری هەرێمی فیدراڵ و خودانی قەوارەی نیمچەسەربەخۆی سیاسی و ئیداری... باشوورێک، کە رواڵەت و چەندایێتیی بزووتنەوەی رۆژنامەگەری لەوێدا، بە بەراورد لەگەڵ "پێش" ئێستایدا، لە فۆرم و قەوارە و ژمارەدا، بە "لوتکە" گەیشتووە و بە خێراییەکی خێراتریش لە هەڵکشاندایە.

بزاڤەکە، پێشینەیەکی نزیک و پێشینەیەکی دوور و دوورتریشی هەن...

69

پێشینەی نزیک:

## بزاڤی رۆژنامەگەریی پێش راپەڕین:

● **رۆژنامەگەریی شار** (کوردستان و ئێراق)

ئەم رەوتە رۆژنامەگەرییە، لە مەودای نزیکی خۆیدا، لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا بزواوە و بە دوو زمانی (کوردی، عەرەبی)، دوو دیسکۆرسی جیا و دژبەیەکی بە تێمای جیاوازەوە لەخۆ گرتوون.. دوو دیسکۆرس، کە لە کایە و رەهەندە فرەلایەنەکانی بزووتنەوەی رۆژنامەگەریی کوردیدا، وەکو دوو هێزی خێر و شەڕ، لە ململانێدا بوونە. ئەم رەوتە و کارکردی لەسەر 'ئێستا'ی سەرجەمی بزاڤەکە، ناکرێت بە دیدێکی سپی/ رەش لێی بڕوانرێت! فاکتەرە کارکرد و بزوواوەکانی ئەم رەوتە، بە هەردوو باردا و لە کایەکانی کولتور و تێما و میتۆدی کاری رۆژنامەگەریی ئێستای کوردستاندا، دیار و بەرچاون و ناتوانین خۆمانیان لێ نەبان بکەین.

● **رۆژنامەگەریی شاخ** (ئاخاوتەی حیزب/ ئاخاوتەی نەتەوە)

ئەم بەشەی بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕواڵەتدا، چەند خەسڵەتێکی تێکڵاو و هابەشی هەیە... خەسڵەتی موقاوەمەت و بەرگری لە دۆزی کورد و مەسەلە نەتەوایێتییەکەی، خورتکردنی گیانی رووبەڕووبوونەوە و هاندانی جەماوەر دژ بە داگیرکار، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەمەڕ شۆڕش و گوڕتێخستنی ئەدەبی بەرگری....

چەندایێتیی ئەم رەوتەی بزاڤی رۆژنامەگەری، هاوتای ژمارەی حیزب و رێکخراوە کوردستانی و ئێراقییەکانە و چۆنایێتییەکەشی بە دید و ئایدیا و تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئەرک و ئاخاوتەی رۆژنامەگەری، مەحکومە! لەم قۆناغەدا، رۆژنامە، گۆڤار و بڵاڤۆکەکان موڵکی حیزبن و پڕدێکی بە وشە و درووشم رۆنراون بۆ گەیاندنی بیر و سیاسەتی حیزب بە خوێنەرانیان.



70

دیسکۆرسی ئەم ڕەوتە، بە پێی ئاڵۆزیی باری سیاسیی کوردستان، گرژیی دۆخی نێوان حیزبەکان، خیتابێکی پەردەوازە، ناتۆکمە و نایەکگرتووە... حیزبەکان دژ بە یەکن و ڕەوتی ڕۆژنامەگەریش، لە زۆر حاڵدا، مەکۆی ڕەنگدانەوەی ناکۆکی و ململانێکانە!

**ڕاپەڕین** (ئازادیی و فەوزای هەمووشتەکان!)
ڕاپەڕین هات و ...

- دەسەڵاتی داگیرکاری ڕادا!
- دەسەڵاتی سیاسیی کوردی خولقاند و تەکانێکی بە ئاخاوتە سیاسییەکەی دا.
- فەزایەکی ئاوەڵاتری درووست کرد.
- فەوزایەکی سەرتاپاگری نایەوە! ئەمە، فەوزای سیاسەت و دەسەڵات، حوکم و بەڕێوەبردن، حیزب و ئایدۆلۆژیا، فیکر و ڕۆشنبیری بوو! ئەم دیاردەیەش، ڕەنگە دەرهاوێژتەیەکی سرووشتیی هەر پرۆسەیەکی هەژان و ڕاچەنینی کۆمەڵایەتی بێت کە لە شێوازە کوردییەکەیدا و بە پێی خەسڵەتە تایبەتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، نیشتنەوەی لافاوی فەوزا و ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، زەمەنێکی زیتری گەرەک بێت.

بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕاپەڕینەوە و هەتا ئێستا، واتە لە ماوەی شانزە ساڵدا، ئەگەرچی گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و کەوتووەتە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام هێشتا پرۆسەیەکی تەندرووست نییە و وەڵامی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانی پێ نادرێتەوە.

پرۆسەکە، لە سۆنگەی گەلێک هۆکاردا، هێشتا نەیتوانیوە ببێتە بەشێکی گاریگەر لە پرۆسەیەکی زێدە هەستناکی فراونتر، ئەویش پرۆسەی مێدیای کوردییە! مێدیا، هێشتا خەسڵەتەکانی **"دەسەڵاتی چوارەم"**ی لە خۆیدا کۆنەکردووەتەوە و لێرەو لەوێ، خۆی لە تۆڕی فراوانی سیاسەتی زاڵباو دەرباز نەکردووە، هێشتا مۆرکی زەقوزۆپی



71

خیتابی سیاسیی حیزب  و دەسەڵاتی پێوە دیارە! ئەم بزاڤە، هێشتا ناتوانێت وەکو پێویست، میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و خیتابە سیاسییەکەی، لە کایە جیاوازەکاندا، بنچاو بکات و رای گشتی لەسەر مەسەلە گرنگەکان لە کۆمەڵگەدا بخولقێنێت.

دەمەوێت بڵێم: پرۆسەی خولقاندنی بزاڤی رۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستاندا، جارێ لە سەرەتای سەرەتاکانیدایە و هۆکاری کیسەڵڕۆی ئەم بزاڤە و نەخەملینی، هەمەجۆرن...

حیزبی کوردی کە چاوگ و پراکتیزەکاری دەسەڵاتە لە کۆمەڵگەدا، هێشتا لە هەوڵی قۆرخکردنی هەموو کایە کۆمەڵایێتی و رۆشنبیرییەکاندایە و بزاڤی رۆژنامەگەریش، ئەو کایە هەستناکەیە کە حیزب نیازی دەستبەرداربوونی نییە.

**- لە کوردستاندا، حکومەت بە مانا دامودەسگاییەکەی، جارێ بوونێکی سەربەخۆی نییە. رۆژنامەگەریی ئازاد، دەشێ دەرهاوێژتەی پرۆسەی رۆشنبیری و ئابووریی کۆمەڵگایەک بێت، کە دامودەسگا سیاسی و ئیدارییەکان، لە رووی یاساییەوە، زەمینەی خولقاندن و گەشەکردنی بۆ فەراهەم بکەن.**

- ئابووریی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد، دەشێت ژینگەیەکی تەندرووستی گەشەکردنی رۆژنامەگەریی مۆدرن بن لە کوردستاندا.

بزاڤی رۆژنامەگەری، لە تۆڕی ئابووریی حیزبدا کە بەشێکی گەورەی ئابووریی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ کردووە، جەڕێنراوە. پەندێکی سوێدی هەیە، دەڵێ: *(زوورناژەن، بۆ کەسێکی دەژەنێ کە پارەی دەداتێ!)*. ئەم پەندە، نزیکایێتییەکی لەگەڵ سرووشت و ئاخاوتەی سیاسیی ئێستای رۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە. سەرچاوەی داهات و ئابووریی بەشێکی زۆری دەسگای فەرهەنگییەکان، چاپ و پەخشخانەکان، لە



72

حیزبەوە دابین دەکرێن، ئیدی خیتابەکەش، بە ناچاری و لە زۆر بواردا، خیتابی پەسن و پیاهەڵدانی دەسەڵات دەبێت، تا خیتابێکی رەخنەگرانەی ئەقڵانی.

**- کەمیی رۆژنامەنووسی ئاکادیمی و پرۆفیشوناڵ بۆ مامەڵەکردن لەتەک کاری رۆژنامەنووسیدا.**

- زمانی رۆژنامەنووسی و زمان لە مانا و چەمکە گشتییەکەیدا، بۆ بەرهەمهێنانی دەق بە گشتی و دەقی رۆژنامەنووسی بە تایبەتی، لە بێسەروبەری و قەیرانێکی قووڵدان.

سەرچاوەی هەواڵ و دەستپێڕاگەیشتنی، گرفتێکی دیکەی رۆژنامەنووسان و کاری رۆژنامەنووسییە.

رایگشتی، کە مێدیا و لە نێو مێدیاشدا، رۆژنامە رۆڵی گرنگی لە درووستکردنیدا هەیە، هەمیشە رایەکە، هاوسێ یان هاوتەریبی رای حیزب و دەسەڵات.

دەسەڵات، بە مەبەست و بە هەق و ناهەق، لە هەوڵی زیادکردنی ژمارەی گۆڤار، مانگنامە، هەفتەنامە و رۆژنامەکاندایە و لەشکرێک لە قەڵەمبەدەستانی بێسەوادی بەگەڕخستوون، نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکان و ئەرکی ڕۆژنامەی بەتاڵ و بێناوەڕۆک کردوون. لەم فەوزا بێسەروبەرەی بزاڤی ڕۆژنامەگەریدا، خوێنەر سەرلێشێواو کراوە و ناکارێت کاری جددی و پڕماریفەت، لەنێو ئەو زەریای نووسینە بێکەڵکەدا وەدۆزێ و هەڵگۆزێ.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پێویستیان بە ئازادایی بیرکردنەوە، خۆدەربڕین و دەستگەیشتن بە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری هەیە کە لە کوردستاندا دەستەبەر نەکراون و بگرە پێچەوانە، لەژێر پاساوی بێتام و ناڕۆشنی "پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی"دا، چەندین لەمپەریان لەسەر ڕێ دانراوە و بە بیانووی جۆراجۆر، پەلکێشی دادگایان دەکەن.

وێڕای ئەم گرفت و ئاستەنگانەی بزاڤی رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، سەدان رۆژنامە، گۆڤار و بڵاڤۆک چاپ و بڵاو دەکرێنەوە و لەوانیشدا، چەند هەفتەنامە،

مانگنامه، گۆڤار و بڵاڤۆک هەن کە ئازاد یاخود نیمچەئازادن، تێما و بابەت و میتۆدی کاری رۆژنامەگەری لەواندا، دەشێت ببنە دەستپێکی بزاڤێکی ئازاد و مۆدرن لە پرۆسەی هەڵسووڕانی کاری رۆژنامەگەریی کوردیدا.

ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، ڕەوشێکی باشتر و چانسێکی زیاتری لە ئازادیدا هەیە. کورد، تا ڕادەیەک توانیویەتی کەڵک لەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان وەربگرێت، بەڵام لەوانیشدا، بێسەروبەری و نابەرپرسیارییەک دەبینرێت و هەڵسووڕاوانی ئەم بوارەش، کەمتر پێبەستی پرەنسیپە زانستی و مۆرالییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبن. لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا، زۆرجاران، کەسانی هەرزە و بێئەزموون لە بواری نووسین و کاری ڕۆژنامەگەریدا، جگە لەوەی بابەتی بێپێز بڵاودەکەنەوە، ئەوا هەموو سنوورێکی 'ئەدەب'یش دەبەزێنن، سووکایەتی بە کەسەکان دەکەن و بۆشیان بڵاو دەکرێتەوە.

**- ئایا ڕەوەندی کورد لە دەرەوە تا چەند کار بۆ ئایندەی کوردستان دەکەن بە شیوە ئەرێتییەکەی؟**

- کورد، بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، ڕەوەندەکەی مێژوویەکی لەمێژینەی لە هەندەراندا نییە. ڕەوەندی کورد، کۆمەڵگەیەکی ناچوونیەک و جۆراوجۆرە و بە ئاڕاستەی جیادا کار دەکەن. دیسانیش ڕەوندی کورد، لەم مێژووە چل تا پەنجا ساڵەی خۆیدا و لە بوارە جیاکاندا، کاری کردووە و کارکردی خۆی لەسەر کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان داناوە و فاکتەرێکی گرنگی گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی ئەو بوارنەیە. دیارە لە سۆنگەی زۆر هۆکاردا، ڕەوەندی کورد نەیتوانیوە لۆبییەکی بەهێز و خورت و یەکگرتووی بەسەنگ لە خۆراوادا درووست بکات و لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، کار لەسەر سیاسەت و دیپلۆماسییەتی ئەوان، لە هەمبەر پرسی کوردان بکات. نەوەیەکی کورد لە خۆراوادا گەورە بووە و لە مەڵبەندەکانی پێشکەوتنی تەکنیک و چاوگی مەعریفەدا، فراژی بووە و ئەزموون و زیانیارییەکی فرەی لە کایە جیاکاندا وەرگرتووە. ئەم نەوەیە، بە ڕێگای جۆراوجۆر، پەیوەندیی



74

لەگەڵ وڵات و دەسەڵات و ئەو فەزایەدا هەیە کە لە کوردستاندا جێ کەوتووە و بەشدارییەکی بەرچاوی تێدا دەکات.

بە سەدان گرووپ و کۆمەڵەی کوردی لە ئەوروپا و خۆراوادا هەن، بە سەدان رۆشنبیر، ئەکادیمیست، سیاسەتزان و سیاسەتکار، هونەرمەند و تەکنیکاری کورد لە کۆمەڵگەی خۆراوادا کار دەکەن و لە هەوڵی گوازتنەوەی ئەزموون و شارەزاییەکانی خۆیاندان بۆ وڵات و کۆمەڵگەی کوردستان.

سەدان سەرمایەداری بەتوانای کورد لە خۆراوادا هەن، ئەگەر پلان و نەخشەی گونجاو لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە هەبێت و کارئاسانییان بۆ بکرێت، ئاستەنگیان لەبەردەم نەنرێت، دەتوانن کارکردی باشتریان لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و کەرتی خزمەتگوزاریدا هەبێت.

سیاسەتکارانی کورد لە حیزبە ئەوروپییەکاندا و لە پەرلەمانەکانی ئەو وڵاتانەی لێیان دەژین، کەم و زۆر، کاری باشیان لەسەر مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازەکانی کورد کردووە، لە ناساندنی کارەسات و مەینەتییەکانی کورد بە ئەوی تر، ڕۆڵی گرنگ دەبینن.

دەسەڵات و حکومەتی کوردستان، لە ئاست ڕۆڵی ڕەوەندی کورد و بایەخ و گرنگییاندا، خەمسارد و کەمتەرخەمە و وەکو پێویست لە بەهایان ناگات، زۆرجارانیش ڕۆڵی نەگێتیڤیان دەرهەق بە ئەوان هەیە.

**- وەک شاعیرێک چۆن پێناسەی ئەشق و خۆشەویستی و ئافرەت دەکەیت؟**

- هەر سێ تێرمەکە بە هەزار و یەک هەودا پێکەوە بەستراون و لێکئاڵاون... نا، ئەوان ئامێتە و یەکدەنگ و یەکڕەنگن.

پێناسەیەکی تایبەت بۆ ئەوان نابینمەوە. ئەوان خۆیان پێناسەن بۆ بوون و ژیان. وجودی ئێمە سیخناخە لە ئەشق و خۆشەویستی، ژنیش خودای ئەشق و خولقێنەری



75

ئەڤینە. لە ئەشقی ژنەوە بۆ ئەشقی خودا و لەوێ ڕا بۆ گەیشتن بە نووری خودا و هەموو جوانییەکانی گەردوون.

من، لە ڕۆژگارە سەخت و ئاستەنگەکانی ژیانمدا، لەو ڕۆژانەدا کە مەرگ و فەنابوون، زمانیان لە ڕۆحم هەڵدەسوو، هەمیشە لە خەیاڵدانمدا ژنێک بە هەموو جوانییەکانی ئەشقی خۆیەوە، لە باڵاخانەی ڕۆحمدا سەمای دەکرد و گۆرانیی بۆ ژیان دەچڕی. ئەگەر ئەشق و ژن و خۆشەویستی نەبان، لەمێژ بوو ئەم گەردوونە ژێراوژوور بووبوو!

**- هۆی چییە لە نووسینەکانتدا بایەخ بە لایەنی جڤاکی نادەیت؟**

- پرسێکی سەیرە و تێی ناگەم. کرۆکی نووسینەکانی من، هەموو ئەو بوارانەی من کاریان تێدا دەکەم، مرۆڤ لە نێوەندیاندا وەستاوە. خەمی من، خەمی ئینسانە کلۆڵ و بێچارەکانە و خۆشەویستیی من هەر بۆ ئەوانە. چما ئینسان ماک و بەرد و بنەمای جڤاک نییە؟!

**- ڕەوشی ئەمڕۆی ئافرەتانی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

- نرخاندنی ڕەوشی ژن و بزووتنەوەی ژنان لە کوردستاندا، بە ژمارەی ڕێکخراوەکانی ژنان، هەڵسوکەوت و چالاکییەکانیان، ژمارەی بەشداربوونیان لە پەرلەمان و حکومەت و دامودەسگاکانیان، ئاست و ژمارەی ژنانی خوێندەوار و نووسەر و بەرهەم و داهێنانەکانیان ناپێورێت. ئەوی لە ئاستەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە و لە نێو توێژی ئێلیت و دەستبژێری ژناندا دەیانبینین، نابنە مایەی خۆشبینی، دڵنیامان ناکەن کە دۆخی ژنان لە کوردستاندا، ڕەوشێکی تەندرووستی هەبێت.

ئامارە ڕەسمییەکان و زانیارییە وردەکان لەمەڕ ئەو زوڵمەی لە ژن دەکرێت، ئەو زەبر و توندوتیژییەی ژن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ترسناکن.

76

ژنکوشتن، ژنسووتاندن و بێمافیی ژن لە کۆمەڵگەیەکدا کە پیاو یاسا و ڕێساکانی دادەڕێژن و پراکتیزەیان دەکەن، دۆزەخێکیان بۆ نیوەی کۆمەڵگە خولقاندووە.

**- ئەمجارەیان وەک سیاسەتوانێک، بە بۆچوونی بەڕێزتان، لەشکرکێشیی تورکیا و بۆردمانەکانی ڕژێمی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چ ئامانجێکی لە دواویە لای ئەوان؟**

- لە پاش داگیرکردنی ئێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە سەردەستی ئەمەریکادا، دۆخیکی نوێ، ڕەوشیکی نوێ و هاوکێشەیەکی سیاسیی نوێ لە ئێراق و نێوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە کە سەروکاریان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلان و دەوڵەتانی نێوچەکەدا هەیە. کوردستان وەکو وڵاتێکی دابەش، لە سایەی ئەم دۆخە نوێیەدا، ڕەوشێکی نوێی بۆ خولقاوە و بزووتنەوە سیاسییەکەیشی دەرفەت و دەریچەیەکی بۆ ڕزگاربوون و بەجێهێشتنی سەردەمێک، بۆ ئاوەڵا بووە.

لە سێبەری ئەم بارودۆخەدا، جگە لە گەشەکردن و تۆکمەبوونی ئەزموونی خۆحکومکردن (*بە هەموو کەلێن و ئیشکالییەتەکانی خۆیەوە*) لە کوردستانی باشووردا، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتیشدا، بزووتنەوە سیاسییەکە هەنگاوێکی باش هەڵکشاوە. گێچەڵ و فشارەکانی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ لەمەنگەنەدانی ئەزموونی سیاسیی کورد و بزووتنەوەکەیەتی. لە لایەکی دیکەوە، ئەمە شەڕی بەرژەوەندییەکان و بەگژداچوونی کارتە سیاسییەکانە، لە نێوان هێزە سیاسییە ناوچەیی و دەرەکییەکاندا و کوردستان بووەتە نێوەندی ئەم دژایەتی و ململانییەی نێوان ئەو دەوڵەت و هێزانەی کە ئامانج و خواستەکانیان لە گەمە سیاسییەکاندا، لە بازنەی کورد واوەترن.

ئێراق، ئەو کێکە چەورەیە کە هەریەک لە ئێران و تورکیا، ئاگێندای تایبەتی بۆ وەرگرتنی بەشی خۆی هەیە. تورکیا و ئێران، لە یەک دیدەوە لە ڕەوشی ئێراق و کوردستان ناڕوانن، هەریەکە و خواست و ئامانجی خۆی هەیە، بەڵام کێشەی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی، دەکرێت ئامانجی ناوکۆیی و هاوبەشی ئەوان بن.



77

**- فاکتەری توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئایا پێت وایە هۆکارەکانی سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی بن، یانیش تەنیا بۆماوەیی و فیسیۆلۆژی بن؟**

- ژنان، لە هەموو گۆشەیەکی دنیادا ڕووبەڕووی زۆڵم و توندوتیژی دەبنەوە، ئاستی توندوتیژییەکەش پەیوەندی بە ڕادەی گەشەکردنی ئابووری و جۆری سیستەمی سیاسی و شێواز و بنەما و بنچینەکانی دەوڵەتەوە هەیە.

فەرهەنگ، ئایین و داب و نەریتیش ئەو فاکتەرانەن کە ڕۆڵی دیار لەو بوارەدا دەگێڕن.

ئاستی گەشەکردنی بزاڤی کۆمەڵایەتی و فێمێنیستی و هۆشیاریی خودی ژن، وەکو تاکێک بۆ خۆی و لە خۆیدا، فاکتەرە سەرەکی و کاربڕەکانی ڕیگرتن یاخود لەمپەردانانن لەبەردەم ئەم پرۆسەی توندوتیژییەدا کە ساڵانە هەزاران ژن دەبنە قوربانییەکانی.

لە کۆمەڵگە داخراو و دواکەوتووەکاندا، لەواندا کە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی زەمینەیەک بۆ فراژیبوون و گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان ناخولقێنن، ژنان و بزووتنەوەکەیان خورت و سەربەخۆ نین و لە پاشکۆی پیاوان و حیزب و دەسەڵاتی پیاوانەوە ڕی دەکەن، ئەم توندوتیژییە ترسناکە و ژن بوونەوەرێکە لە خزمەتی پیاو و دەسەڵاتەکەیدا.

لە دنیای ئێجگارگەشەکردووی ئەوڕۆدا، ناکرێت فاکتەرەکانی فسیۆلۆژی و بۆماوەیی، ببنە پاساوی ئەم توندوتیژییەی ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

فەرهەنگ (کەلتوور)یش دیاردەیەکە لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانەی فەرهەنگیش بەندە بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەک و ئاستی پێشکەوتن و ئاکتیڤبوونی هێزە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی و مۆدیرنکردنی کۆمەڵگەوە.



78

**- هۆی چییە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای ڕەوەندی کورد شیرازەیان تێکچووە، بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد؟ ئایا جیاوازیی کەلتوورە یان شتێکی تر؟**

- کۆچ و ڕەوکردن، ئەو دیاردەیەن کە بەرئەنجامی پۆزەتیڤ و نەگێتیڤیان لێ دەکەونەوە. گوازتنەوە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە، تەنیا پرۆسەیەکی میکانیکیی جێهێشتنی جوگرافیایەک و دۆزینەوەی دنیایەکی دیکە نییە.

تۆ کە ژینگەیەک و کۆمەڵگەیەک بەجێ دەهێڵیت و هەگبەیەک خەون و خۆلیا بەکۆڵدا دەدەیت، بە ژینگەیەکی دیکە دەگەیت کە لە خەونەکانتدا وێنات کردووە و لە واقیعدا وێنە و حەقیقەتێکی دیکەی هەیە، ئیدی تۆ لە ناخ و دەروونی خۆتدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئیشکالییەت و ناکۆکی دەبیتەوە کە لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەتدا، لە هەموو کایە و ڕەهەندەکاندا، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

ڕەوەندی کورد، لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کایەکانی سیاسەت و ئابووری کە فەرهەنگ و داب و نەریتێکی جیا و تایبەت بە خۆی هەیە، هاتووەتە نێو چوارچێوەی ژینگەیەکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایتی و فەرهەنگیی تەواو جیاواز کە ئەمیش تایبەتمەندییەکانی خۆی هەن، ئیدی بیرکردنەوەکان، هەڵسوکەوتەکان و پەیوەندییە جڤاکییەکان دەگۆڕدرێن و لە شوێن و قاوغی خۆیاندا نامێنن.

مرۆڤی کورد (*پیاو، ژن*)، مەحکومە بەم جێگۆڕکێیە و ڕەگەز و فاکتەرە هەمەچێژە نوێیەکان دەیبزووێنن. پیاو یاخود ژنی کورد، لە کۆمەڵگەی نوێدا، دەکەوێتە ژێر بەرداشی دیاردەی بەریەککەوتنی فەرهەنگ و دەربازبوونیش لەم شەڕە ناوەکی و دەرەکییە، بەندە بە ئاستی هۆشیاری و دنیابینی و دیدی "تاک"ی تاراوگەکراو بۆ شتەکان و دنیای دەوروبەری.

بەشێک لە پیاوی نێو ڕەوەندی کوردی، بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە فیکری، فەرهەنگی، ئایینی و بە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەک ئەوەی لای خۆمانەوە، ناتوانیت لانیکەمی فەرهەنگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی نوێ قەبوڵ بکات، توند دەستی بە بنەما نەریتییەکانی کۆمەڵگەی خۆیەوە گرتووە و



79

له پەیوەندییەکانی نێو خێزانی خۆیدا، بە هەمان شێوازی ژینگە و دەوروبەری وڵاتی خۆی هەڵسوکەوت و مامەڵە دەکات، ئەمەش گرفتی جددی لە پەیوەندییەکانی خێزاندا درووست دەکات. پیاو، لە کۆمەڵگەیەکی مۆدرن و کراوەدا، لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە بەشێکی زۆری مافەکانی ژن و منداڵانی مسەوگەر کردووە و ئیدی ژن ئەو بوونەوەرە لاوەزە پاشکەوتووەی پیاو نییە، ئیدی منداڵی لە سیستەمی پەروەردەی مۆدرندا پەروەردەبوو، هەمان منداڵە شەرمنە سەقەت بارهێنراوکەی کوردستان نییە، هێشتا وەکو "پیاو"ی ڕۆژهەڵاتی بەسەر خێزاندا ڕادەگات و ئەمەش ماکی خولقاندن و قوڵبوونەوەی کێشەکانی خێزانە.

بەشێک لە ژنانی نێو ڕەوەندی کوردی، کە کتوپڕ و بە قودرەتی قادر، بازێکی هەزاران کیلۆمەتریی جوگرافیای پێ دەدرێت، ناتوانێت خەسڵەتە ئابووری و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەی نوێ، وەکو پرۆسەیەکی گەشەکردنی لەسەرخۆ و سرووشتی هەرس بکات و لە ژیانی خێزانیی خۆیدا پراکتیزەیان بکات. هۆکارەکان زۆرن. کێشەکان هەمەلایەن و تێکچڕژاون. ئەم دیاردەیە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە خێزانێکەوە بۆ ئەویدی جیاوازە، یەک جۆر لە ڕاڤەکردن و شیکاری هەڵناگرێت.

لەم دۆخە ئاڵۆز و شێواوەی خێزانی کوردی تێ کەوتووە، بە داخەوە، لە زۆرحاڵدا، ژنان و کچان قوربانییەکان دەبن و زۆرجاران بە گیانیان باجی بەریەککەوتنی فەرهەنگە جیاکان دەدن.



80

## هێمن... له بەهاری شیعر و پاییزی سیاسەتدا!
## له یادی بیستساڵەی مەرگی "مامۆستا هێمن"دا

مامۆستا هێمن، یەک له شاعیره گەورەکانی سەدەی پێشووی میللەتی ئێمەیە... شاعیرێک، که رۆحی شیعر به هەموو رەهەندەکانییەوه و قەدەری سیاسەت به هەموو جەنجاڵییەکانییەوه، پێکهاته و ستاتووی ئەو پێک دەهێنن.

من، بڕوام به تیوری (*لەدایکبوونی "دەق" و مەرگی نووسەر*)، له چەمکه ساده و ئەبستراکتەکەیدا نییە. پێچەوانه، پێم وایه، لەژێر پێستی پەیڤەکانی هەر دەقێکی ئەفرێنراودا، رۆحی خالیقەکەی زرت و زیندوو، لێمان دەڕوانێ. منیش، هێمن گوتەنی: "که شیعری شاعیرێک، یا نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوه، چ زیندوو، چ مردوو، پێم خۆشه خۆیشی بناسم، بزانم کێیه؟، خەڵکی کام وڵاته؟، کاری چییه؟، چۆن دەژی و ئەگەر مردووه، چۆن مردووه و... هتد. (تاریک و روون. لەکوێوه بۆ کوێ).

قسەی من، لەسەر شێوازی ژیان و مردنی هێمن نییه، هێندەی دەمەوێت قسه لەسەر ئەوه بکەم که پرۆسەی پێچەڵپیچی ژیان و قەدەری سیاسەت (*که دەکاته قەدەری ژیانی میللەتی ئێمه*)، چەند و تا کوێ رۆڵیان له بنیاتنان و بەرهەمهێنانی هێمندا، وەکو شاعیرێکی گەوره و زێدەناسراوی کورد، هەبووه؟!. پاشان دێمەوه سەر ئەو بۆچوونه باوەی که خودی هێمنیش جەختی لەسەر کردووه، ئەویش بۆچوونی (*سیاسەت شیعر دەکوژیت، یاخود سیاسەت بکوژی شیعره!*).

داخۆ چەمک و مانای ئەم بۆچوونه، هەتا کوێ دەرهەق به گەورەیی هێمن، راست دەگەڕێ؟!

ئەز پێم وایه، دەکرێ "سیاسەت" له میانەی هەندەک گۆشەنیگا و تێڕوانینەوه، بکوژی "شیعر" بێت.. شیعر وەک هونەرێکی ئەبستراکت. دەشێ سیاسەت، زەرەر له

81

پرۆسەی داهێنانی شیعر بدات و هەمانکاتیش، فەزایەک بۆ خولقاندنی پاڵەوانێک لە پانتاییی بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی میللەتێکدا ئاوەڵا بکات، کە خودی سیاسەت و رووادوە سیاسییەکان، لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی ئەم کەسەدا، دەبنە ئاوێنەی نیشاندانی کاراکتەرەکانی ئەو پاڵەوانە (*ئەو شاعیرە، رۆشنبیرە*) و خەرمانەیەک لە پیرۆزیش لە دەروری نەخش دەکەن. دەکرێ ئەم پرۆسەیە وەها بکەوێتەوە، کەسی گریمان (کە لێرەدا مامۆستا هێمنە)، ببێتە باڵانمای نیشاندانی مێژوویەک لە ئازار و تراژیدیای میللەتێک، بە ئەوی دی!، یاخود بە نەوەکانی خودی ئەو میللەتە.

ئەم بۆچوونەی من لەسەر "سیاسەت" دەشێت ساتێک مانایەکی هەبێت، کە ئێمە چەمک و تیگەیشتنە زانستی و مۆدرنەکەی سیاسەت وەلا نێین و مانایەکی خۆماڵیی بدەینێ. واتە سیاسەت بە مانا کوردییەکەی کە دەکاتە خەبات و بەرخۆدانی بزووتنەوەی سیاسیی میللەتێک لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

رۆشنە، کە سیاسەت یاخود دۆخی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چ میللەتێک، توانای بەخشینی ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی بە هەموو شیعربێژ و قەڵەمبەدەستێک نییە.

رووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوادەیەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، قەدەر و ریچکەی ژیانی گەنجێکی خوێندەوار و لیوانرێژ لە هەستی جوانپەرستی و وزەی شۆرشگێری، لە بازنەیەکی تەسک دەردەهاون و بەرهەڵدای نێو پانتایی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی دەکەن. ئەوە چارەنووسی بزووتنەوە سیاسییەکەیە، کە خەسڵەتی "تایبەت" لە هێمن وەردەگرێتەوە و سیفەتی "گشت"ی پێ دەبەخشێت و لە زەینی نەوە جیاوازەکاندا، ئامادەییەکی هەمیشەیی دەداتێ.

## سیاسەت، بەستەڵەکی ئەشقی ژن لە "هێمن"دا:

هێمن، وەک خۆی دەڵێ: کۆمەڵەی "ژ . ک" و کۆماری کوردستان، لە ناخەوە ئەویان تێک هەڵشێلاوەتەوە... گۆڕانێکی سیاسی و فیکری و ئەدەبییان لەودا بەوجود هێناوە... هێمنی جوانپەرست و هەتا سەر ئێسک ئاشقی ژن، لەو رۆژگارەدا دەڵێ:

82

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیيم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن...
بەیتیکی دیکەی هەمان شیعر:
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند، باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن!
1942 شیلانئاوێ

هێمن، ساڵی 1942ی دە بن ئەم شیعرەدا نووسیوە. کە وایە، مێژووی نووسینی ئەم شیعرە، مێژووی دامەزراندن و کەوتنەگەڕی کۆمەڵەی "ژ . ک"ـە.

ئەوەی هێمن لە قوتابخانەی پەروەردەیی "ژ . ک"ی دەگێڕێتەوە، ئێمە پاش نزیکەی 30 ساڵان لە فێرگەی کۆمەڵەی مارکسیی - لینینی کوردستاندا، ئەزموونمان کرد.. گۆڕینەوەی هەموو ئەشقەکان بە ئەشقی شۆرش، هەموو لەزەتتەکان بە لەززەتی تێکۆشان، هەموو جوانییەکان بە جوانیی نیشتمان. قسەم لەسەر درووستبوون یان نەبوونی ئەو میتۆدەی پەروەردەکردن نییە و ئەوە باس و بابەتێکی دیکەیە.

ئەم شیعرەی هێمن، ساڵانیکی زۆر، پێش چاپکردن و بڵاوبوونەوەی "تاریک و روون"، لە سابڵاخەوە باڵی گرت و لە هزری بەشێکی زۆری خوێندەوار و نەخوێندەواری نەوەی ئەوێ رۆژێی کورددا، هێلانەی چی کرد.

ئەم شیعرە، هەڵگری پەیامی ئاڵشتکردنی هەموو ئەشق و لەززەتەکانی تاکی کوردە، بە ئەشقی گەل و نیشتمان. ئەم پەیامە، پاشتر، لەشکرێک لە دەروێشانی تەریقەتی شۆڕش دەخولقێنێ. لەشکرێک، لەگەڵ هەموو نسکۆ و تێکشکانێکی شۆڕشدا، دەروێشانی توشی تێکشکانی رۆحی و دەروونی دەبن.

ئەو دێڕە شیعرە، ئەو وێناکردنە بۆ ژن و ساتوسەودای ئەشقی ژن لەگەڵ ئەشقی نیشتماندا، لە سەرتاسەری دیوانی هێمندا ریزپەڕە و هەرگیز دووپات نابێتەوە. پێچەوانە، لە سەرجەمی بەرهەمی شیعریی قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی نووسینی



83

هێمندا، جمکی ئەشقی ژن و نیشتمان، هێندە ئامێتە و تێکچرژاون، هیچ کامیان بێ ئەوی دی، مانایەکی نییە. ئەشقی ژن بە هەموو رەهەندەکانییەوە، ئەشقی 'شەنگەبێریان'ی کوێستان و 'مینیژۆپ' لەبەرانی گەرمێن، تانوپۆی دیوانی "هێمن"ی تەنیوە....

"لەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان'.
'تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە با جوان ببمەوە" ((2))

کەچی لە (کوردم ئەمن)دا، لەم سەرەتای دەستپێکەدا، هێمن لە قاڵبی شاعیربوون یاخی دەبێت و دەبێتە پەیامبەرێک کە بە زمانی شیعر، هەڵگری پەیامی شۆڕشێکە، شۆڕشێک کە هەموو خواست و خولیاکانی تاک و کۆمەڵ، لە خۆی دەگرێت و هیچ ئەشقێک لە دەرەوەی ئەو ئەشقە پیرۆزە، مانایەکی نابێت!

هێمن، وەک خۆی دەڵێ: لەو سەردەمەدا، لە پێناوی ئەشقی شۆڕشدا، دەست لە جوانترین و گەورەترین ئەشقی ژن هەڵدەگرێت. ئەم دەستهەڵگرتنە، رۆحی جوانپەرستی 'هێمن'ی بە جۆرێک زامدار کردووە، تا ئاویلکەش دەست لە ئێخەی ناکاتەوە!

" ئیستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە' (شیعری چاویلکە).
'کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند
کوانێ ئەو پێ یە کە بۆ ژوانی دەچوو گونداوگوند؟" (3)

ئاخر ئەوەتا هێمن، لە دوا رۆژەکانی ژیانیشیدا دەڵێ: "جوانیش زۆر تەئسیری لە من کردووە... جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە، بەڵام جوانترین شتیش لە نەزەری مندا ژن بووە!..." (هێمن بۆ مامۆستای کورد، ساڵی 1985،ورمێ).

84

ئەم جێگۆڕکییەی نێوان شاعیر/ پەیامبەر، شیعر/ پەیام، وەک لە دەستپێکدا گوتم، خولقێنراوی هەلومەرجێکی سیاسیی تایبەتە، ئەویش بارودۆخی ئەو رۆژگارەی بزووتنەوەی کوردە، لە رۆژهەڵاتدا.

## تاریک و روون، ترووسکەیەک لە هەرەسدا:

ساڵی 1975، ساتێ لەگەڵ هەرەسی رنووی شۆڕشدا، لە شاخەوە بۆ شار بەرەوژێر بووینەوە، 'تاریک و روون'ی هێمن، پێشوازیی لێ کردین و فرمێسکەکانی شکست و ناهومێدیی لە چاوانی ئێمەدا سڕین.

من، ئەگەرچی پێشتر، تاک و تەرای شیعری 'هێمن'م دیتبوون، بەڵام 'تاریک و روون' بە گشتی و 'لەکوێوە بۆ کوێ' بە تایبەت، نەک هەر بە 'هێمن'یان ئاشنا کردم، بگرە تابلۆیەکی رەنگاورەنگیان لە بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە رۆژهەڵاتدا، لە زەینمدا نەخش کرد.

ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ، دەڵێم: "تاریک و روون"، لەو رۆژگارە نووتەکەدا، بویریی وەبەر نەوەیەکی تێکشکاو، لە باشووردا نایەوە.

" بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە رژاوە
گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد رواوە
منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی روون
دەرۆم بەرەو ترۆپکی رزگاربوون ". (4)

" لەکوێوە بۆ کوێ"، جگە لەوەی توحفەیەکە لە پەخشانی کوردی، ئەوا لە مێژووی نووسینی پەخشانیشدا، لە لوتکەدایە. یادەوەرییەکانی هێمن، لەو پەخشانەدا، گێڕانەوەیەکی بەلەززەتی پانورامای قۆناغێکە لە مێژووی سەروەرییەکان و نەهامەتییەکانی میللەتی ئێمە... هێمن، لەوێدا، هەم بکەرە و هەم شاهێد. ئێمە



85

لەوێدا، لە وێنە گەش و رەشەکانی یادەوەریی ئەودا، لە گەوەکانی فراژیبوونی هێمن، وەک کەسییەتیی/شاعیر/ پەیامبەر دەگەین.

هێمن، دەرکەی چیرۆکی " لەکوێوە بۆ کوێ"، بە وێنەیەک کلۆم دەدات، کە بۆ ئەو سەردەمە، پەیامێکی پڕمانایە و وەک نارنجۆک لە هزری نەوەی ئێمەدا، دەتەقێتەوە.. (*چبکەم، کوردم، کۆیلەم، ئەوانە هەموو و تەنانەت کوژران و کوشتنم پێ لە کۆیلەتی، پێ خۆشترە!*)

مرۆڤ، لە هەر سات و زەمەنێکدا، دەرئەنجامی پرۆسەی ژیان و ئەزموونەکانی خۆیەتی. هێمن، ئەگەر ئەوە قەدەری ژیانی نەبایە، ئەو "هێمن"ە نەدەبوو کە بوو!

## هێمن: رۆحێک لە شیعر!

هەرچییەکی لەمەڕ رۆڵی فاکتەری "سیاسەت" لە خولقاندنی کاریزمای کەسایێتیی شاعیربوونی "هێمن"دا بنووسین، هەرگیز بە مانای رەتکردنەوەی ئەوە نایەت کە رۆحی شیعر لە بوون و وجودی "هێمن"دا، پێش قەدەری "سیاسەت" گوراوە و ئامادەیی هەبووە. مەبەستم لە رۆحی شیعر، مانا تەقلیدییەکەی " ئیلهام/سروش" نییە کە خودی "مام هێمن"یش رەتی دەکاتەوە و بڕوای پێی نییە.... "نازانم، ئەو ئیلهامەی کە پێت وابی، فریشتەیەک یا پەرییەک، با وجوودی من ئەوەم گوتووە، یا شەیتانیک دێتە بنهەنگڵی پیاوی، وە شیعری پێ دەڵێ، من بڕوام بەوەیان نییە..." (لە بەهاری شیلانئاویوە تا پایزی ورمێ، مامۆستای کورد، ژمارە 13).

من بۆ خۆم، هێشتا تەفسیرێکی گشتبڕم بۆ هەڵاوێردنی شاعیر لە ناشاعیر یاخود کەسێکی ئاسایی، پێ نییە. دیارە تیور و بۆچوونەکان، لەم بوارەدا فرەن و مشتومڕی زۆریان لە سەرە.... رەنگە بەرزیی توانستی بینین، فراوانیی فەنتازیای شاعیر بۆ وەرگرتن، وێناکردنی دیاردە و دەرکەوتەکان لە زەیندا و پاشانیش گوازتنەوەیان لە چوارچێوەی رووداوەکانی زماندا، بۆ نێو ماڵی نووسین، مەرزی جیاکردنەوەی هەست و ئیحساساتی شاعیر و کەسێکی ناشاعیر بن.

هێمن، شاعیرێکی فرەوێنا و فراوانخەیاڵە و بە ئامادەبوونی رەگەزە بنچینەییەکانی دیکەی هونەری شیعرنووسین (زمان، وێنە و میتافۆر، ریتم و کێش و سەروا..هتد)، خەرمانێک لە شیعری بۆ بەجێ هێشتووین کە رسکان و کامڵبوونی شیعرەکان، سەروکاریان لەگەڵ زەمەن و چوونەسەری ئەزموونی شیعریی ئەودا هەیە.

هێمن، وەکو شاعیرێکی گەورە و دەرکەوتوو، خوێنەری شیعرناس، لە "تاریک و روون"، "ناڵەی جودایی" و پاشاتریش "پاشەرۆک"ـەوە دەیناسێت.

کێرڤی هونەر و شیعری هێمن، لە "تاریک و روون"ـەوە رێچکە دەگرێت و روو لە هەوراز هەڵدەکشێت... زمانی پاراو، هەستی ناسک، وێنەی بگۆ و هەژێنەر لە ناخی قەسیدەی بە فۆرم کلاسیک و بە نێوەرۆک تژی لە داهێنان و نوێخوازی، دێنە سەما.

" دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی، بەکەیفی، بێ خەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەک من لە داخا نامری"
(تاریک و روون)

لە سەرجەمی "تاریک و روون"دا، هێڵێکی نەپساو لە جوانی، لە دەستپێکەوە بۆ کۆتایی دریژ دەبێتەوە... جوانیی سرووشت و مرۆڤ و خەمەکانیان، بونیادی بنچینەیی شیعری "هێمن"ن.

هێمن، لە هەندێک تێکستدا، هەموو جوانییەکان لە جامی جوانییەکانی ژندا کۆ دەکاتەوە و مرۆڤ لە ژندا دەبینێت. هێمن، دیدێکی فەلسەفیی هیومانیستانەی بەرزی بۆ ژن هەیە.

سێکوچکەی خەمەکانی نیشتمان، غوربەت و ژن، لە زمانی پاراوی گوندیدا، بە کێش و ریتمی رەنگاورەنگەوە، دەبنە کۆڵەکەی نەمریی شیعرەکانی تاریک و روون.



87

ئەزموونی "هێمن" لە "ناڵەی جودایی"دا، بە لوتکەی شیعر و داهینان دەگات. ناڵەی جودایی هونەرێکی بەرزی کەمهاوتایە. خورپەی دڵ و سووتانی رۆحی شاعیرە لە دۆزەخی غوربەت و ئاوەریی و مەحروومییەتدا. لە رووباری "ناڵەی جودایی"دا، هەست بە سۆز و عاتیفەی پیرەشاعیرێکی مەیزەدەی لە لان و زێدی خۆ هەڵبڕاو دەکەین ، ئەو هەستە چەپۆکانییەتی و ناڵەی گریانی ئەو، بۆ خەونە لەدەستچووەکان، عالەمێکی لەگەڵ خۆی، وەگریان خستووە!

من، پێم وایە، ئەگەر هێمن، بە تەنێ "ناڵەی جودایی" و "ئێشق و ئازادی"ی گوتبا، لە دیوەخانی شیعری کوردیدا، هەمان جێگای پێ دەبڕا.

## پاییزی سیاسەت!

من، دەساڵ پێش لە ئێستا و بۆ رادیۆی دەنگی ئەمەریکا، لە میانەی قسەوباسمدا لەمەڕ "هێمن"، بۆچوونێکم دەربڕی و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە...

> "حیزب، لە دواساڵەکانی ژیانی هێمندا، خراپی مامەڵە لەگەڵ گەورەشاعیری میللەتی ئێمە کرد. ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە بێمانایەی حیزب، تویژاڵێکی لە لوتکەی سەروەریی "هێمن" نەڕوشاند. بەڵام درەنگ یان زوو، دەبێ "حیزب" لەبەردەم رۆحی نەمری هێمندا، بەچۆکدا بێت و داوای لێبوردنی لێ بکات".

ئەوسات، نوێنەری "حدکا" لە فەرەنسا، روونکردنەوەیەکی لەسەر بۆچوونەکانی من نووسی و لەهەمان رادیۆوە بڵاوی کردەوە. ئەو، من و چەند نووسەریکی دیکەی بە "موغریز" و "تودەییسیفەت" تۆمەتبار کردبووین، کە لە پشت "هێمن"ـەوە، تانە و تەشەرمان لە "حدکا" داوە و گرفتمان لەگەڵ سیاسەتی "حدکا"دا هەیە. من، ئەگەر رۆژگارێک گرفت و کێشەی فکری و سیاسییم لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی

88

باشووردا هەبووبێت، ئەوا هەرگیز لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەلاتدا، کێشەیەکم نەبووە و هەمیشە بە چاوی رێزەوە لە خەباتی وانم روانیوە.

من، پێم وایە، کاری باش بۆ مامۆستا هێمن ئەوە بوو، پاشی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەرانەوەی بۆ کوردستانی رۆژهەلات، لە دەرەوەی سیاسەت و حیزبایێتی ماباوە و خۆی لە کیشەکانی دەروونی حیزب نەخستبا. ئەو ، ئیدی زۆر لە سیاسەت و حیزب گەورەتربوو. ئەو بۆ خۆی سیمبۆلی خەباتی دەورانی کۆماری کوردستان و خۆشەویستی پێشەوا بوو. هێمن، وەک هەر سیاسەتکار و سیاسەتمەدارێکی دیکەی کورد، هەڵەی کرد! ئەو وای دەبینی کە حیزب جورئەتی ئەوە ناکات، ئازاری رۆشنبیرێک بدات کە خۆی ناوی "شاعیری گەل"ی پێ بەخشیوە. داخەکەم، سیاسەتی کوردی زۆر لەوە دڵڕەقتر بوو کە "هێمن" پێشبینی کردبوو.

لە گۆڤاری (مەڵبەند)ەوە، ژمارە 97، سێپتامبەری 2006

سەرەنج و ژێدەر:

* شیعرەکانم بەو ڕێنووسە نووسیونەتەوە کە لە (دیوانی هێمن موکریانی)دا بەکار براوە. بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوەی، س.ج. هێرش، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەرزان 2003، سوید.

1- دیوانی هێمن موکریانی، ل 320

2- هەمان سەرچاوە ،ل354.

3_ ل، 316

4_ ل. 212



89

# هەفتانە پەیڕەو

*من ئەگرچی حیزب نیم، دیسانیش خەریکم پەیڕەوێک ئامادە دەکەم و ڕۆژانە بەندەکانی بڵاودەکەمەوە...*

شەممە:

من و تۆ، لە شەڕگەدا بەرانبەر یەک وەستاوین. تۆ دەبێت بزانیت هەموو ئەو حەقیقەتانەی کە لەسەریان بەشەڕ دێین، لای هیچکامنمان نین. تۆ بۆ حەقیقەتەکانی لای من بگەڕێ و منیش هەر وا دەکەم!

یەکشەممە:

ئێمە شمشێرەکانمان لە کەلان ڕادەکێشین و ساویان دەدەین. ڕەنگە لەم جەنگەدا هیچکاممان براوە نەبێت. تۆ دەبێت دڵنیا بیت، کەسێکی دیکە لە پشت ئێمەوە، تاجی سەرکەوتن لەسەر دەنێت. من دڵنیام!

دووشەممە:

با لێگەڕێین تا شمشێرەکان کەمێک بخەون! تۆ شووشەیەک شەراب، من سەلکێک پەنیر و ئەو جامێک زەیتون لەسەر سفرەیەک دادەنێین. ئەم ڕەنگانە، ڕەنگە جوانترین ئاڵای وڵات بن!

سێشەممە:

من هێندەی باڵای مێژوو جەنگی خوێناویم دۆڕاندووون، دڵنیام لە داهاتوودا، جەنگێکی بەفرین دەبەمەوە!



90

چوارشەمە:

تۆ لەسەر ڕێگای خۆتیت و منیش هەروەها. هەموو ڕێگاکان  بۆ "***بانە***" ناچن. ئەوەی کە داخۆ ڕێگای تۆ درووستە یاخود هیی من، ساتێ دەردەکەوێت کە بە "هەوار" دەگەین!

پێنجشەمە:

من هەرگیز نابم بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەگەر ژن بام  و پەرلەمانتار بام، لە ڕۆژی 2008/10/27 دا،   دەستم لە کار  دەکێشایەوە و  لە تاوانی بەکۆیلەکردنی "خۆم" ، خۆم بێبەری دەکرد!

هەینی:

لە وڵاتی مندا، سیاسەت لە ماڵێکدا لەداییک بوو، لە خوێندنگەیەکدا زمانی پژا، لە شاخدا هاوسەرگریی کرد و هەزاران وەچەی لێ کەوتنەوە.

منداڵانی سیاسەت، لە شاردا گەورە بوون، لە جیاتی قەڵەم، دەستیان شمشێری گرت و شەقامانیان لە سەری براوی خۆیان پڕ کردن.

دیسان شەمە:

فەیلەسووفێک لە سوژدەدا: خودایە لێم مەگرە! من دەمویست هەموو جیهان بکەم بە بەهەشت، بەڵام وا خەریکە  دەبێتە دۆزەخ!

خودایە... بمبوورە!



91

## هەفتەی ترس

*"دەترسم، چما کەس هەیە نەترسێت؟!"*

شەممە:

ناوێرم بێمەوە بۆ وڵات. دەترسێم هەرکەسێک مووی سەری بە ڕەنگی بەفر بێ، پۆلیسی خۆشەویست پێی وا بێ "ژەنراڵی پاییز"ە.

یەکشەممە:

لە خۆمدا پڕکێشیی خوێندنەوەی هەواڵان نابینم، دەترسێم "مالیکی" مەملەکەی فیدراڵی ژێراوژوور کردبێت، خەونی کورد ئەمجارەش لە مۆزەی سیاسەتدا، لە تابلۆی کاڵفامی نرابێت.

دووشەممە:

گوێگرتن لە دەنگی مێدیاکان بڤەیە. دەترسێم بژنەوم، ناوی پەرلەمانی کوردستان، بە زۆرینەی دەنگ،
گۆڕدرابێت بۆ: ئەنجوومەنی ئیسلامیی نیشتمانیی کوردستان!

سێشەممە:

تەونی ترس، پاکەتی "پۆست"ی تەنیوە، هێزم نییە کرتە لەسەر "مەیل"ێک بکەم. دەترسێم ماڵپەڕێکی نەناسراوی بێدایک و باوک، وردینەی چی دژوێن هەیە، "وردبین"انە بۆی ناردبم!

92

چوارشەممە:

من ناتدوێنم، هیچ نالێم. تۆش پەیڤی خۆت خەسار مەکە، گوێت لێ ناگرم، ئاخر ئێمە لەسەردەمی "پۆست دیالۆگ"دا دەژین!

پێنجشەممە:

ناخوازم لەمەڕ "سیاسەت" هیچ بنووسم، دەترسم کەمسەرەکان "سەهو" تێم بگەن و زلسەرانیش غەزەبم لێ بگرن!

هەینی:

لە دوارۆژی "هەفتەی ترس"دا، زۆر دەترسێم بۆ هاوسەنگیی یاسای فرەژنی، یاسای فرەپیاویش، بە هەمان مەرج و بەندەوە، لە کوردستان پەسەند بکرێت!

* * *



93

## پیاوێک لە جوامێری

*سێلکوچلەی پەک و گیتار و کتێب*

گێڕانەوەی یادەوەرییەکان، تەکاندنی تۆزی زەمەن لەو ڕۆحە تیشکبارەی، لە ماڵی ڕووداوەکانی میژوودا دەدرەوشێت و لە تاریکستانی ڕۆحی وێرانی مندا، بۆ هەمیشە چراوگێکی هەڵکردووە، چەند ئازارم دەدات، سەتان هێندەش فەنتازیاکان، بۆ فڕین و جێهێشتنی شوینکاتی نامۆیی، بۆ گەیشتن بەو فەزایانەی کە لەواندا گوڵەکانی ژیان لە خەیاڵدانمدا دەپشکوێن، ئاوەڵاتر دەکات.

29 ساڵ پێش نووسینی ئەم دێڕانە، لە جەنگەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و کرانەوەی دەرکەی هومێد بە ڕووی ئێمەی پارتیزانانی "کۆمەڵە"ی بە گژ مەحاڵدا هەڵشاخاو، لە یەکێک لە سەفەرە ئەفسووناوییەکانمدا، بۆ سەرکردایێتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دیداری سەرکردەکان، لە شاری "سنە"دا، لە یەکێک لە بنکەکانی کۆمەڵەی "ئامۆزا"ماندا، بە دیداری کەمتەمەنترین سەرکردەی کۆمەڵە گەیشتم.

پیاوێک بە باڵایەکەوە کە بە بەژنی سەرکردانیک نەدەچوو، من لە خەیاڵمدا وێنام کردبوون! ڕووخسارێکی هەڵگرتبوو کە خوێنی نورانیترین نوورانیی تێدا دەگەڕا و دەهات لە هێمنیدا دەتوایەوە!

قسە و گفتاری ئەو پیاوە، لە یەکەم بینیندا، جۆرێک بوو، بە هەزاران داوی موحیبەت پێچامییەوە و هۆگری خۆیی کردم.

کاک ئازاد و من، ساڵانێک پێکەوە هاوڕێ، هاوخەبات و هاوکار بووین. ئەو، بۆ من، نموونەی باڵای هاوڕێ، سەرکردە و مرۆڤێک بوو کە دەشێت هاووێنەی دەگمەن بووبێت، یانژی هەر نەبووبێت!



94

کاک ئازاد، تەنیا مرۆڤی شۆڕشگیر، بە مانا تەقلیدییەکەی شۆڕشگێر، نەبوو. ئەو مارکسیست بوو، وەلێ نە چەپێکی دەمارگیری بانچەپ! خوێندەواریی و رۆشنبیریی کاک ئازاد، بازنەی مەعریفە و ڕۆشنبیریی مارکسیستیی باوی ئەو ڕۆژگارەی تێپەڕاندبوو. ئەو دەیگوت: شۆڕش، ژیان و مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترن لە کتێب و فەلسەفەی زانایان و بیرمەنداندا شەتەک بدرێن. ئازاد، پێچەوانەی کەسانی دیکە، ژیانی پڕ زەبری شاخ، نەیتوانی مینتالیتێت و کارەکتەری ئەو بگۆڕێت. ئەو لە دنیای خوێن و کوشتارگەدا، بە سووتانی پەپوولەیەک و ڕەقهەڵاتنی چۆلەکەیەک، نیگەران و خەمبار دەبوو. ئەو، لە فەزای داپڵۆسینی کورد و بەسوتماککردنی نیشتماندا، سەرڕێژ بوو لە ڕۆمانسییەت و جوانییەکانی ژیان! هەمیشە ئەدەب و موزیک لە ڕۆحیدا شەپۆلانیان دەدا. ئازاد، لە کتێباندا ڕۆ دەچوو، هێندە لە ژیانی خەڵک و چارەنووسیان دەفکری، خودی خۆیی لە فەرامۆشیدا، جێ دەهێشت. کتێب و گیتار و چەک، سێ خەسڵەت و سێ کۆڵەکەی درەوشاوەی سەنگەر وماڵی کاک ئازاد بوون.

من، لەگەڵ کاک ئازاددا، شەیدای موزیک و ئەشقی خوێندنەوە بووم. ئەو، زۆر نووسەر و ڕۆمانووسی پێ ناساندم کە پێشتر نەمژنەفتبوون.

کاک ئازاد، هەندەکجاران لە دەرکەوتنی دیاردە سەلبییەکانی نێو شۆڕش و کۆمەڵە بێزار دەبوو، ڕەفتاری هەندەک کەس و لایەن، جارِز و تورەیان دەکرد، بەڵام ئەو بە پشوویەکی درێژەوە، بە دیدێکی ورد و بەرینەوە، لە کێشەکانی دەڕوانی و دژی سەرەڕۆیی و هەڵەشەیی گرووپ و فراکسیۆنەکانی نێو کۆمەڵە بوو. ئەو، پێی وا بوو، ناشێت ململانێکانی نێو دەروونی کۆمەڵە، بە دووڕێیانی جیابوونەوە و ماڵئاوایی بگەن. ئەو، وای بۆ دەچوو کە لە هەلومەرجی خەباتی شاخدا، بە کەرەسە و داروپەردووەی لە بەردەستدان، هیچ گرووپێک بە تەنیا و لە حاڵەتی جیابوونەوەدا، لە کۆمەڵە باشتری پێ ناخولقێنرێت!

95

کاک ئازاد، بە لەشولار و هەڵکەوتەی جەستەی، بە ژەنراڵان نەدەچوو، بەڵام لە دۆخە ئاستەنگەکاندا، ڕۆڵی ژەنراڵێکی بەئەزموونی دەگێرا و ڕێبەرایەتیی هێزەکانی دەکرد.

من، کاک ئارامم نەدیبوو، بەلام هەمیشە وام هەست دەکرد کە تاڵێ لە ڕۆحی بەرزەفڕی "ئارام"، لە ناخی کاک ئازاددا دەبزوێت!

ئازاد، ئەگەر کورد نەبایە و دۆخی ئەوێ ڕۆژێی کوردیش ئەوە نەبایە کە بوو، دەشیا ئەم جوامێرەپیاوە، هومەرمەند، یاخود نووسەریکی زێدەدەرکەوتووی لێ دەرچووبا.

لە فەرهەنگی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا، تێرمی "شەهادەت" و پرۆسەی شەهیدبوون، پلەیەکی بەرز و پیرۆزیان هەیە. من پێم وایە، پیرۆزی و گەورەیی ئینسانەکان لە ژیانیاندایە نەک لە شەهیدبوونیاندا، شەهیدبوون، تەنیا گەوێکە کە زنجیرەی پرۆسەی گەورەیی مرۆڤەکان کامڵ دەکات. کاک ئازاد، لە ژیاندا گەورە بوو، چ پێویستی بە شەهیدبوون نەبوو!

ئازادی بیرتیژ و کەمدوو، ئازادی نەفسبەرز و دڵگەورە، ئازادی دەمبەبزە و ناخ لێوانلێو لە "نالی، مەحوی، حافز و مەولانای ڕۆمی" و نۆتەی گۆرانییەکانی ژیان، چوارچێوەی چ تێکستێک لە خۆیی ناگرێت و بە ڕۆحی تەنگن!

بە هیوای ژیانەوەی ڕۆحی "ئازاد" لە جەستەی "ئازاد"ەکانی ئاییندەدا، ئەم کورتەنووسینە، کڵۆم دەدەم و دەڵێم: هیچ شتێک، لە تنۆکێک خوێنی تۆ بەنرختر نەبوو، تۆ نەدەبوو شەهید ببیت!

* * *



96

# نزا سیاسییەکانی دایکم

* هەفتەنامەی "ئاوێنە"ی ڕۆژی 2006/5/23

خودای من!

گوێم لێ بگرە و هیچ نیازێکم جێبەجێ مەکە، تۆش وەکو ئەو وەزیرانە رەوتار بکە، کە گوێ بۆ گازندەی خەڵک شل دەکەن و بە هەندی وەرناگرن!

خودایە!

ئەم حکومەتە لە ژن سیخناخەی بە حەمامی ژنان دەچێ، بۆ خەزێنەی خۆت ببەرەوە، ئەنجوومەنێکمان پێ ببەخشە، وەک دیوەخانی هەمزەئاغا!

خودایە!

دەورودووکانی ئەم پەرلەمانە تورەوتۆسنەی هەرڕۆژێک وەزیرێکی بێگوناە بە گیروگاز دێنێت، هەڵبپێچە، پەرلەمانێکی ئاغر و سەلارمان بۆ بنێرە!

خودایە!

ئەم یەکرەنگی و یەکدەنگییەی حیزبەکانمان کەمۆکەیەک کاڵ بکەرەوە! تۆ وا بکە، ئێمە رەنگ و دەنگی حیزبی خۆمان بناسینەوە!

خودایە!

ئەم چراخانەی شەووڕۆژ وە شەوارەی خستووین، خامۆش بکە و وەکو ماڵەمەنسوولەکان، دوو سەعات جارێک، پشوویەکمان بدەرێ!

97

خودایە!

گوێت لە زووڕە و نزوولەی ئەنفالچیان بێت، بارانێکیان لە میهرەبانیی حیزب، بەسەردا ببارێنە!

خودایە!

چەند پێت خۆشە، لە "زێڕ و گەوهەر"ی سەرزەوی و بنزەویی ئەم نیشتمانە، لەسەر سیاسەتکاران و "ئەهلوبەیت"یان تاپۆ بکە، با هەر ئەوان واریس و میراتگری زاتی تۆ بن!

خودایە!

زەمەنی شۆڕشمان تێپەڕاند. ئێمە ئیدی سەرفرازین، پێویستمان بە پاڵەوانە چڵکن و ریشدارەکانی شاخ نەماوە! ئەوان بۆ وڵاتی پڕمەرحەمەتی خۆت بگوێزەرەوە، پاداشتی ئەرک و زەحمەتیان بدەرەوە! ئەوان برسین و پاروونانێکی ئەم نیشتمانەیان بە گەروودا ناچێت!

خودایە! بە ناز و نیعمەتی خۆت تێریان بکە!

خودایە!

لەشکری کورد لە شاخی حەمرین بکشێنەوە! عەرەبەکان بۆ کەرکووک بگێڕەوە! کەرکووک بکە بە شاری برایەتیی کورد و بەعس و تیرۆریستان! خودایە، توندڕۆیی سەرکردەکانمان جڵەو بکە!

خوادیە!

ئاگری عەدالەتخوازی لە ناخی لێپرسراوەکاندا بکوژێنەوە. تۆ، وا بکە، ئەوانیش بۆ ساتێک بیر لە خۆیان و ماڵومنداڵیان بکەنەوە!

خودایە!



98

غەزەب لە گچکەگەندەڵکارانی نەزان بگرە و باڵیان لێ بڕوێنە، تا بەرەو مەریخ بفڕن!
خودایە! بە گەورەیی خۆت، ئەو دزە بێگیرفانانەمان بۆ بنێرە، کە ژێرزەمین و هەورەبان، لە "دەفتەر" دەئاخنن!

خوادیە.. تۆ "شاز"ی گۆرەوی، شازی ئۆتۆمبێل، شازی باڵاخانە، شازی سیاسەتمەدار، شازی حکومەتت پێ ڕەوا بینیوین، شازی "دز" یشمان پێ ببەخشە!

خودایە!
پەیڤەکانی "دەفتەر" و "بلۆک"، لەسەر زمانمان بسڕەوە، تێرمێکی مۆدێرنترمان بۆ تێچووی کۆشک و تەلاری بنەماڵەی ئەنفالزەدەکان، فێر بکە!

خودایە!
بە قودرەتی خۆت، مەیدانی مەحشەر بۆ "سەحرای هەڵەبجە" بگوێزەرەوە، تا شەهیدەکان، بەو پێنج هەزار تەلارەی چاوەڕووانیان دەکەن، شاد ببنەوە!

خودایە!
ئەم هەموو نووسەر و شاعیرە یاخی و سەرکەشانەی خولقاندووتن و لە "دەربار"دا جێگایەکیان نییە، بۆ دەرباری خۆتیان هەڵکێشە! تۆ، لەشکرێک لە نووسەرانی دەستەمۆ و ماستاوچیمان بۆ خەلق بکە!

خودایە!
ئەم هەموو رۆژنامە و گۆڤارە، بۆ چاپخانەکەی خۆت بپێچەوە!
ئێمە تاسەباری گۆڤار و رۆژنامەگەلێکین، کە هەموو رووپەڕەکانیان بە وێنە و هەواڵی سەردانەکانی سەرکردە، شاندە "حیزبی و حکومی"یەکان، بڕازێننەوە!

خودایە!



99

له ئاسماندا، باڵی کەناڵە ئاسمانییەکانمان بشکێنە! ئێمە لە بەرنامە جددییەکانیان بێزارین! ئێمە کوشتەی "کلیپ"ی رووت، هەواڵی ئێکسپایەر، فەلسەفەی سیاسەتکاران و بێژەری کوردینەزانین!

خودایە!

زمانی ستانداردی ئێمە تێک بشکێنە! بزاڤی یەکگرتووی رۆشنبیریمان لێک هەڵوەشێنە! هەر بۆ شۆخییش بێت، هەندەک هەڵە و پەڵەی رێنووس و رێزمان، لە دووتوێی تێکستی نێو رۆژنامەیەک بهاوە!

خودایە!

مەودای نێوان رۆشنبیر و سیاسەتمەدار، موفەکیر و کادیر، ئەدیب و نەخوێندەوار، پڕ بکەوە! ئەمانە هەموویان بەندەی خۆتن و لە ئەرک و مافدا یەکسانن.

100

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛
## هەنگاوێک بەرەو ناناوەندێتیی دەسەڵات

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەنیا لایەن، یاخود حیزبێکی کوردی نییە کە پرۆسەی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی سەرۆک یان ئۆرگانێکی دیاریکراویدا، بە لوتکەی چڕبوونەوە بگات و قۆرغکردنی دەسەڵات لە کایە و بوارە جیاوازەکاندا، ئاستەنگ و ئیشکالاتی جدیی بۆ بخولقێنێت. ئەم پرۆسەیە، بە درێژایی مێژووی خەبات و هەڵسووڕانی حیزبی سیاسیی کوردی، دیاردەیەکی هەستپێکراوی هاوبەشە و خەسڵەتێکی زێدەزەقی هەموو ئەو پارت و رێکخراوانەیە کە زەوینەیەکی هاوبەشی سەرهەڵدان وفراژیبوون و گەشەکردنیان هەبووە. دیارە بارودۆخ و هەلومەرجی خەبات و تێکۆشانی شاخ، پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی نێوخۆی حیزب و پەیوەندی نێوان ئۆرگانە جیاوازەکانی نێو تەلاری رێکخراوەیی، رۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە قوڵبوونەوەی ئەم پرۆسەیەدا گێڕاوە.

حیزبی سیاسیی کوردی، لە سۆنگەی هۆ و هۆکارگەلێک کە هەڵقوڵاوی واقیعی ژیانی سیاسیی خودی حیزبن، هەمیشە بەشێکی گرنگی سەروەری و شکۆیی خۆی بەخشیوەتە (*سەرۆک، سکرتێر، سەرکردە*) ی حیزب! واوەتریش جۆرێک لە خەرمانەی پیرۆزیی بە دەوری گفتار و رەفتاری "سەرۆک"دا درووست کردووە کە جێگای قسەلێکردن و لێخوردبوونەوە نین.

لە حیزبی کوردیدا، فەرمان و بڕیارە کاربڕ و چارەنووسسازەکان، سەرۆک یان سکرتێر دەیانبڕێتەوە و کەمتر وا کەوتووەتەوە، کە را و پێشنیاری سەرۆک، لە کۆبوونەوەیەکی بیرۆی دەسەڵاتداردا، جێ نەکەوێت.

101

سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی شاخ و هەتا نێوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابوردووش، بە پێی هەلومەرجی دژواری بزووتنەوەکە، بالاْدەستیی هێزەکانی رژێم لە کوردستاندا، نەبوونی ناوچەی هێمن و رزگارکراو، ئاستەنگیی پەیوەندییەکانی نێوان نێوەند و ئۆرگانەکانی خوارەوە، دەسەلاْت دابەش و پارچەپارچە کرابوو، ئۆرگانە لۆکالْییەکان جۆرێک لە سەربەخۆییان لە بەکاربردنی دەسەلاْتدا، (بێ گەڕانەوە بۆ نێوەند) هەبوو. دیموکراتی، لە شێوازە سەرەتاییەکەیدا (دەنگدان و رادەربڕین و رێزگرتن لە دید و بۆچوونی ئەویدی)، بە ناچاری و بە پێی سترەکتۆری تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رێکخراوەکانی نێوی، پەیڕەو دەکران. زۆرجاران و بەحوکمی ئەو بارودۆخە تایبەتە، دەشیا ئۆرگانێکی خوارەوە، بڕیارێکی سەرەوەی خۆی (*کە بە درووستی نەدەزانی*) وەلا بنێ و ئەلْتەرناتیڤەکەی جێبەجێ بکات! ناچڕبوونەوەی دەسەلاْت و پارچەبوونی لەو رۆژگارەدا، ناکرێت وەکو دیاردەیەکی سرووشتی و تەندرووست چاوی لێ بکرێت، بەلْکە دەرهاوێژتەی بارودۆخێکی خۆیی و بابەتیی دوور لە خواست و ویستی (*نێوەند و سکرتێر*) بوون! پراکتیزەکردنی ناوەندیی دیموکراتی و پرۆسەی چڕکردنەوەی دەسەلاْت، سالاْنێک خەبات و تێکۆشانی گەرەک بوو.

رۆژگارێک کە زەوینەی کۆکردنەوە و پاوانکردنی دەسەلاْت ڕەخسا، ئیدی جەمسەرەکانی دەسەلاْت لە نێوەندی دەسەلاْت و بڕیاری سیاسیدا، سەریان هەلْدا و دەسەلاْتە لۆکالْییەکان ملکەچی دەسەلاْتی نێوەند و لە نێوەندیشدا، دەسەلاْتی سکرتێر بوونەوە!

زیان و مەترسییەکانی چڕبوونەوەی دەسەلاْت، لەشاخ و شاردا، لە حالْەتی ئۆپۆزسیۆنبوون و حوکمکردندا، بەراورد ناکرێن.

لەشاخ، دەسەلاْت، دەسەلاْتی وەرگرتنی هەندەک بڕیاری سیاسی، دابەشاندنی چەک و دیاریکردنی لێپرسراوانی سیاسی و عەسکەری بوو! چڕکردنەوە و پراکتیزەکردنی دەسەلاْت لە شاخدا، سەروکاریان لەگەلْ شاخ و کاروباری سیاسی و چەکداریی شاخدا هەبوو. ئەگەر پرۆسەی قۆرغکردنی دەسەلاْت لەوێدا، قەیرانێکی

درووست کردبا (*درووستیشی دەکرد*)، تەنیا پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەبوو کە لە ناوەوەی حیزبدا دەگوزەران و کارکردی لەسەر چارەنووسی سیاسیی حیزب دادەنا.

لە شاردا، حیزب دەسەڵاتی خۆی لە چەندین کایەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا  و بە ئاراستە و ئاقاری جیاوازدا، لە ڕێگای ئۆرگان و کەناڵی جیاوازەوە، پراکتیزە دەکات کە راستەوخۆ سەروکاریان لەگەڵ چارەنووس و ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە. گوازتنەوەی شێوازی دەسەڵاتی شاخ بە هەمان نێوەڕۆک و ستراکتوورەوە، بۆ پانتاییەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە شار و دەرەوەی شاردا، بە درێژایی زەمەنێک کە سیانزەساڵان تەمەنیەتی، دەرئەنجامی ترسناکی بۆ تەندرووستیی کۆمەڵگە و پاشان ژیانی خودی حیزبیش لێ دەکەوێتەوە. بەردەوامیی ئەم پرۆسەیە، حیزب لە کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە و لە نێو حیزبیشدا، چەندین توێژ و گرووپی جیا بەرهەم دەهێنێت کە پۆلێنکردنیان، لەسەر ئاستی نزیکی و دوورییان لە نێوەندی بڕیار و دەسەڵاتی (*سەرۆک/سکرتێر*)ەوە،  دەوەستێت.

چڕبوونەوەی دەسەڵات، لە ترۆپکی هەرەمی حیزبدا، لە سەروبەندێکدا کە حیزب لەسەر رەواییەک کە لە سەروەرییەکانی مێژووی خۆیەوە وەری دەگرێت، حوکمی "حکومەت" دەکات، هیچ دەرفەتێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا یان ئیدارەیەکی دامودەسگایی ناهێڵێتەوە! لێرەدا، ئیدی مەسەلەی "مەنسووبیەت و مەحسووبییەت" بۆ نێوەندی دەسەڵات و جەمسەرە دژبەیەکەکانی، چەندین "کەس" و ئۆرگانی ناشایستە لە ئاست و کایە جیاوازەکاندا دەخولقێنێت و میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە شێوازە حقوقی و ئیداری و ئەخلاقییەکەیدا ئیفلیج دەکات. لێرەدا، دەسەڵات دەبێتە بوونەوەرێکی دزێوی بێزراو لەسەر جەستەی کۆمەڵگە و هێڵی سوور لە نێوان کۆمەڵگەی حیزب و (*کۆمەڵگەی کۆمەڵگە*)دا، دەنەخشێنێت. ئەمە، ئەو دۆخ و حاڵەیە کە ئیدارەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی تێیاندا دەژین و لە ماوەی سیانزە ساڵیشدا، پرۆسەی چاکسازی  و بەدامودەسگاییکردنی دەوڵەت، ڕەوتێکی کیسەڵئاسایان لەخۆ گرتووە.

103

چڕبونەوەی دەسەڵات، لە ترۆپکی تەلاری ڕێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، لە ماوەی چەندساڵ حوکمڕانیی ئیدارەی سلێمانیدا، بە جێگایەک گەیشتووە کە قەیرانێکی جددیی ڕێکخراوەیی/ سیاسی/ ئابووریی درووست کردووە و زۆرێک لە ئەندامانی پۆلیتبیرۆی حیزب، سەرکردایەتی و کادرانی سیاسی و هێزی پێشمەرگە، لە ئاستیدا هەڵوێستە بکەن و هەڵویستی کاربڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، بۆ لەمەنگەنەدانی دەسەڵاتی سکرتێری حیزب ببیننەوە.

ئەم ڕووداوە کە دەکرێت وەکو پرۆسەیەکی بێوێنە لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا چاوی لێ بکرێت (*بێوێنە، بەو مانایەی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات، بە میتۆدی بەکاربردنی پرۆتێستی بێ توندوتیژیی، دەنا پێشتر، ئێمە شاهێدی چەند هەوڵی هەڵگەڕانەوە و تویژاڵ لێکەوتنەوەی بێئەنجامی نێو تەلاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووین*)

پرۆسەکە، هێشتا نێوئاخن و ڕەگەز و هۆکارەکانی بۆ ئێمە ڕۆشن نین، ئێمە لە وردینەی گرفتەکە و چۆنییەتی شکڵگرتنی پرۆسەکە ئاگادارنین و هیچ سەرچاوەیەکی میدیای حیزب، کەم و زۆر، لە قەیرانەکە نەدواوە.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی، سایتە کوردییەکان، هەندێ ڕۆژنامەی نیمچەئازاد، هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە و باس لە قەیرانێک و پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی لە دەروونی دەسەڵاتدا دەکەن و مێدیای حیزبیش، نە ڕەت و نە پشتڕاستی دەکاتەوە. بێدەنگیی مێدیای حیزب لە "قەیران"ێک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و پاشتریش ئیدارەی "حکومەت"ـەوە هەیە، تووشی نیگەرانیمان دەکات و پێمان دەڵێت: هێشتا حیزب ناتوانێت لە ئاست دەرەوەی خۆیدا، خۆی بکاتەوە و سەرچاوەی هەواڵ، بۆ مێدیای دەرەوەی خۆی واڵا بکات!

هەواڵەکان، جەخت لەسەر بوونی کێشەکە و بەئەنجامگەیشتنی پرۆسەی بەلاداخستنی قەیرانەکە دەکەنەوە و پوختەکەیشی، - زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی



104

سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هاوپشتیی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرانی ئۆرگانەکانی خوارەوە، یاداشتێک دەدەنە سکرتێری حیزب و داوا دەکەن:

- دەسەڵاتی بێسنووری سکرتێر سنووردار بکرێت. پۆستی جێگری سکرتێر ئاکتیڤ بکرێتەوە، بەشێک لەو دەسەڵاتە بۆ کەسی دووەمی حیزب و مەکتەبی سیاسی بگوێزرێتەوە! پۆستی "فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە"، بدرێتە لێپرساوی دەستەی گارگێڕی مەکتەبی سیاسی، کۆمیتەیەک بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی دارایی و بودجەی حیزب و حکومەت دابنرێت، سنوورێک بۆ دەستئاوەڵاییی سکرتێر لە مەسەلەی داراییدا دەستنیشان بکرێت. دەشێ یاداشتەکە، وردینەی زۆر مەسەلەی دیکەشی لەخۆ گرتبێت کە بۆ ئێمە ناڕوونن. هەرچۆنێک بێت، ئەم پرۆسەیە گاڤێکی جددییە بۆدابەشکردنەوەی دەسەڵات، کە دەشێت ببێتە دەستپێکێک بۆ بەیاساییکردنی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەو بەشەی کوردستاندا. ئەمە تەنیا هەنگاوێکە و پرۆسەکەش پێچەڵپێچە و لە بەردەم چەند پرسی گرنگدا راماندەگرێت:

- گوازتنەوەی بەشێک لە دەسەڵات، لە سکرتێرەوە بۆ کەسی دووەم و مەکتەبی سیاسی، هەنگاوێکی پۆزەتیڤە، بەڵام داخۆ جێگر و مەکتەبی سیاسیش، ئەو بەشەی دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن، یاخود بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوەی حیزبی دەگوێزنەوە؟

ئەدی حیزب، ئامادەیی وەگەڕخستنی پرۆسەیەکی سیاسی/ ئیداریی هەیە کە دەسەڵات لە دەروونی خۆیەوە بۆ حکومەت بگوێزێتەوە! ناشێ ئەم پرسە وەها بخوێندرێتەوە، کە حیزب مافی حوکمکردنی لێ بستێندرێتەوە! لە هەموو وڵاتانی دنیادا، ئەوە حیزبە کە پاش بردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، حکومەت دادەمزرێنێت و بەڕێوەی دەبات. واتە، پاش دامەزراندنی حکومەت، ئیدی دەسەڵاتی حیزب، لە چوارچێوەی یاسا و رێساکاندا، لە دەسەڵاتی حکومەتدا ئامێتە دەبێت و بە جۆرێک دەتوێتەوە کە هاوڵاتی جگە لە دەسەڵاتی یاسا، چ دەسەڵاتێکی دیکە نابینێت و لە بوارەکانی ژیانی خۆیدا هەستی پێ ناکات! ئەمە ئەم دۆخ و شێوازەی حوکمڕانییە



105

که له وڵاتی ئێمەدا، جاریّ شکڵی نەگرتووە و بوونی نییە! شێوازێکی حکومەتکردن، کە لە دەرەوەی ئۆرگان و دامودەسگاکانی حکومەت، هیچ کەس و پۆست و نێوەندێکی دەسەڵات بوونی نەبێت، پێویستییەکی بنچینەیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و خواستی پلەیەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. ئەمە، ئەو گرفتەی دەسەڵاتی کوردییە، کە رووگەی کۆڵینەوە و توێژینەوەی توێژەران و کۆڵەرانی سیاسیی کورد بووە و ئێستاش هەر وایە.

داخۆ ئەم گاڤە، دەبێتە بنەمای پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی، ئابووری، و ئیداریی دوورنما و درێژخایەن لە ئیدارەی سلێمانی و کارکردێکیش لەسەر ئایندەی ئیدارەی هەولێر لەو بوارەدا دادەنێت، یاخود زادەی ململانێی جەمسەرەکانی نێو دەسەڵاتە و بە جۆرێکیش پەیوەندیی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای کوردستان و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن، هەیە؟! پرس و گومانەکان زۆرن و تەنیا؛ زەمەن، ئاستی پەرۆشیی کادر و ئەندامانی (یەکێتی) و فشاری خەڵک بۆ بەئەنجامگەیاندنی وەها پرۆسەیەک کە بتوانێت دەسەڵات بەرەو جۆرێک لە کراوەیی و شەفافبوون بئاژووێت، دەتوانن وەڵامێک بە پرسەکان بدەنەوە و تەمی گومان لەسەر نیگەرانییەکان برەوێنن.

24 ی ئۆکتۆبەری 2004



106

## خوێندنەوەیەک بۆ تەنگژەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

*(ئاڵای شۆڕش، ڕیفۆرم و ڕەگ وەک نموونە)*

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چ لە دەستپێکی دامەزراندنیدا وەکو نیمچەبەرە و چ پاشتریش کە بازنەی نیمچەبەرەیی تەنگ دەکاتەوە و دەبێتە حیزب، بونەوەرێکی ئاکتیڤ و کارای سیاسی، فیکری و ڕێکخراوەییە کە لە تەمەنی 33 ساڵ خەبات و هەڵسووڕانی سیاسیی خۆیدا، لە هەلومەرج و سەردەمی جیاوازدا، کارکردی جددیی لەسەر پرۆسەی خەباتی چەکداری و سیاسیی بزووتنەوەی هاوچەرخی کورد داناوە و لە سەردەمی پاش ڕاپەڕینیشەوە، هێزێکی بەسەنگی نێو دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی کورد بووە کە سەردەمانێک بە تەنیا و سەردەمانێکیش هاوشان و هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە خولقاندن و بەڕێوەبردنی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە سیاسییەی ئیستای کوردستاندا، لە هەموو ئاگێندا، پلان، تاکتیک و ستراتیژی سیاسیی ئەم سەردەمەی بزووتنەوە سیاسییەکەدا لێپرسراوە. واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێزێکە لە پرۆسەی خولقاندنی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێمەدا و لەو فەزا سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئیدارییەی ئێستا کۆمەڵگەی کوردی تێدا دەژی و ئەو بەرئەنجامانەی لە پراکتیزەکردنی فیکر و سیاسەتەکانی، ئەدای سەرۆک، سەرکردە و کادرەکانی کەوتوونەتەوە، نەک هەر پشکدارە، بگرە لە نێوچەکانی سنووری حکومڕانیی خۆیدا، بەرپرسیاری پلەیەکە.

بارودۆخی لەئارابووی کوردستان لە کایە سیاسییەکان و ئەو ڕەهەندانەی سەروکاریان لەگەڵ خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی بزووتنەوەکەدا هەیە، لە کایەکانی حوکمڕانی و ئیدارەکردنی دەوڵەتدا، لە کایەکانی ئابووری و دابەشکردنی سامان و ئاستی بژیوی خەڵک و کێشە خزمەتگوزارییەکاندا، نەک هەر جێگای



107

ڕەخنە و ناڕەزایی خەڵکن، بگرە خەندەقیکی فراوانیان لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هەڵکەندووە و مایەی خولقاندنی بێهیوایی و بێمتمانەیی خەڵکن بە دەسەڵات و ڕەمزەکانی.

حیزب، وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ حوکمرانی و دابینکردنی خواست و ئامانجەکانی خەڵک و بەواقیعکردنی ئەو خەونانەی لە مێژووی هەڵسووڕانی خوێناویی خۆیدا، وەک مژدە لە هزری خەڵک و ئەندامانی خۆیدا چاندوونی، لە حاڵەتی شکستی پرۆژە خەونئامێزەکانیدا، دووچاری کێشەی قوڵ و تەنگژە دەبێت و لە پلەی یەکەمدا، ماڵی حیزب ئاژاوەی تێدەکەوێت و تەلار و بینا ڕێکخراوەییەکەی وەبەر هەرەشەی خودی ئەندامانی حیزب دەکەوێت!

ئاستی مەترسییەکانی هەڕەشەکانی تەنگژە بۆ سەر چارەنووسی حیزب بەندە بە:

- پێگەی حیزب لە جوگرافیای دەسەڵاتدا (ئۆپۆزیسیۆن/ دەسەڵاتدار)
- پێگەی حیزب لە جوگرافیای سیاسیدا(شاخ/شار)
- سرووشت و پێکهاتەی ناخۆی حیزب و سیستەمی تەلاری ڕێکخراوەیی (کراوە/داخراو.... تاکی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی زۆرینە)
- سەردەم و زەمەنی سەرهەڵدانی تەنگژەکە
- ئاوەز و ئەزموونی سەرۆک و سەرکردەکان بۆ ئیدارەکردن و ڕووبەڕووبوونەی تەنگژەکە.

کەم حیزبی کوردی هەیە، هێندەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ تەنگژە و تێپەڕاندنی تەنگژەکاندا تەمەنی خۆی تێپەراندبێت، ڕەنگە ئەم دیاردەیەش سەروکاری لەگەڵ سرووشت و خەسڵەتەکانی دەستپێکی پێکهاتەی ئەم حیزبە و فراکسیۆن و گرووپە جیاوازەکانیدا هەبێت.

هەم ژیان لە تەنگژەدا و هەم دەربازبوونیش لە تەنگژە، کارکردی نەگێتیڤی خۆیان لەسەر سیاسەت و ژیانی نێوخۆی حیزب دادەنێن، وزە و برستی حیزب لاواز دەکەن، سیمبۆل و کەسەکان لە پێگەکانی دەسەڵاتی حیزبدا جێگۆڕکێ پێ دەکەن و



108

کادرانی فرسەتخواز و بەرژەوەندپەرست، بە پەیژەی تەنگژەدا بۆ سەربانی حیزب، سەردەکەون! حیزب چ لە سەردەمی تەنگژەدا و چ پاش دەربازبوونیشی، بۆ پاراستنی ئەو شتانەی کە دەبێت بپارێزرێن، زەپت و زاکۆن توند دەکاتەوە، پەنجەرەکانی گفتوگۆ و دیالۆگ تەنگ دەکاتەوە، هەندەک رێ و شوێنی نائاسایی و نایاسایی لە نێوخۆی حیزبدا دەگریتەبەر و پرەنسیپەکانی "پەیرەو" دەبەزێنێ. ئەم تێڕوانین و میکانیزمەی حیزب بۆ تەنگژە و خۆلێدەربازکردنی، خەسڵەتێکی هاوبەشی ئەو حیزبە پرەمەتیف و ڕۆژهەڵاتیانەن کە ڕەگەزەکانی تاکدەسەڵاتییان تێدا زاڵە و کەمتر دەتوانن لە پراکتیکدا مۆدێلی حیزبێکی مۆدرنمان پێشکەش بکەن.

ساتێ حیزب لە پێگە و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداریدایە، تەنگژەکان لە ئەنجامی قووڵبونەوەی ململانێ فیکری و ڕێکخراوەییەکان، شکستخواردنی بەرنامە و ئاگێندا سیاسییەکانی حیزبدا دەردەکەون. باڵی ئۆپۆزیسیۆنی ناو حیزب، هەمیشە ساتێک بۆ چڕکردنەوەی تەنگژەکان هەڵدەبژێرێت کە حیزب خۆی دووچاری تەنگژەیەکی سیاسیی دەرەکی بووەتەوە.

تەنگژەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی و حوکمکردنی حیزبیش، پێبەستی شێوازی سیستەمی حوکمکردن، دابەشکردنی دەسەڵات و سامان، ئاگێندا و بەرنامەی سیاسی *(ئەمەیان بۆ یەکێتی و سیاسەتەکانی لەمەڕ چارەنووسی کیشەی کورد لە باشووردا، فیدراڵیزم و دەستوور، سنوور و ئابووری و کێشەکانی دەوروبەریان، ئاڵۆزن و شکستی سیاسەتی کوردی لەم کایە و بوارە گرنگانەدا، ئاستی تەنژەکەیان سەرخستووە و لە سنووری تەلاری حیزبیان پەڕاندووەتەوە، بە نارەزاییەکانی خەڵکیان تێکەڵ کردوون).*

## ئاڵای شۆڕش: تەنگژەیەک لە شاخ، ڕەوتێک بۆ چاکسازی!

ئێستاش پاشی 23 ساڵان لە بەردەوامیی تەنگژەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە دۆخ و زەمەنێکی نوێدا کە یەکێتی حیزبێکی دەسەڵاتدارە، سەرۆکەکەی سەرەککۆماری ئێراقە، تەلار و ماڵەکەی فرەفراکسیۆن و باڵە،



109

کێشەکانی ئاڵۆز و تێکچڕژاون، لەسەر خوان و سفرەکەی ڕاکێش ڕاکێش و ئاخوڕان و بخوڕانە، ڕەوتە جیاوازەکانی ڕیفۆرم و چاکسازی لێرە و لەوێ، لە لێدوان و گفتوگۆیاندا، لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامان و لە نێو مێدیای ئەلکترۆنیدا، بە هەمان ئەقڵ و تێگەیشتنی شاخ و بە جۆرێک کە لەگەڵ خوێندنەوەی مێژوودا ناتەبا و نالۆژیکە، تەنگژەی ئاڵای شۆڕش دەخوێننەوە.

لە دۆخ و زەمەنی ئێستادا، خوێندنەوەی مێژووی ئەو تەنگژەیە و هەڵسەنگاندنی خەسڵەت و کاراکتەرەکانی ئەو ڕەوتە، بە ئەقڵێکی کراوە و دوور لە هەر ڕک و کینەیەکی خەوتووی نێو زەمەنی ڕوودانی کێشەکان، بۆ هەر سەرکردە و گرووپ و کەسێکی کارا و هەڵسووڕاوی نێو باڵە ڕیفۆرمخوازەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گرنگن.

بێ پێداچوونەوەیەکی ورد و هێمنانە بە سیستەمی ئەقڵ و بیرکردنەوەدا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و دیاردەکانی ئەوێ ڕۆژێ کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگیان لەگەڵ کێشە و تەنگژەکانی ئەوڕۆدا هەیە، ئەگەری دۆزینەوەی ڕێگەچارە گونجاوەکان دەشێوێنێت، پرۆسەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی لە حیزب و دەسەڵاتدا کە  بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە پەیوەستە، دەخنکێنێت و  کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

## ئاڵای شۆڕش چی بوو؟

ئاڵای شۆڕش، ڕەوتێکی فیکری و سیاسیی نێو دەروونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو کە لە نێوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا ڕێچکەی گرت و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، لە ئەنجامی باش مامەڵەنەکردنی کارەکتەرە دژبەرەکانی نێو دەروونی کۆمەڵە و خراپ ئیدارەکردنی ململانێکان، بە ناچاری خرایە دەرەوەی بازنەی هەڵسووڕانی سرووشتیی خۆی و ناوی "ئاڵای شۆڕش"ی بەسەردا سەپێنرا، گوێزرایەوە بۆ ئەودیوی سنوورەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.



110

ئەم ڕەوتە، پێش ئەوەی لە ڕیزەکانی کۆمەڵە دەرپەڕێنرێت، بێ خواستی خۆی ناوێکی لێ بنرێت و جیابونەوەی بۆ بکرێتە دوابڕیار، چەندین سەرکردە و سەدان کادر و ئەندامی کۆمەڵەی لە ڕێکخستنەکانی شاخ و شاردا، لەخۆ گرتبوو.

## ئەم ڕەوتە چیی دەویست؟

- ڕێگرتن لە هەوڵدان بۆ کاڵکردنەوەی سرووشتی چینایەتیی کۆمەڵە و سڕینەوەی جیاوازییەکان.
- پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە و نەتواندنەوەی لە نێو قەوارەی یەکێتیدا.
- ئاوەڵاکردنی فەزای دیموکراسی و بنبڕکردنی سزادان و وەلانانی کادرانی کۆمەڵە، لەسەر بنچینەی دابەشبوونی گرووپە جیاوازەکان.
- سنووردارکردنی دەسەڵاتی سکرتێری گشتیی یەکێتی و ڕێگرتن لە مۆنۆپۆڵکردنی هەموو دەسەڵاتەکان.
- شەفافییەت لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی یەکێتی بە گشتی و ئەو کار و کردانەی بە ناچاری شەڕی براکان دەیخولقاندن و سنوورەکانی زەبر و توندوتیژییان لە شاخەوە بۆ شار دەگواستەوە!
- دژایەتیکردنی شەڕ لەگەڵ ئێران.
- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی براکان و خورتکردنی ڕیزی بزووتنەوە چەکدارییەکە.
- کارکردنی کۆمەڵە لەسەر واقیعی جوگرافیای سیاسیی بزووتنەوەکە (کوردستانی ئێراق) کە بە ناڕەوا و بە مەبەست ناوی (ئێراقچی یاخود ئیراقیبوونیان) لێ نابوو!

ئەمانە سەرخەتە گشتییەکانی ئەم ڕەوتە بەرینەی نێو کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوون کە شەڕ و ململانیی دەسەڵاتیشیان تێکڵاو بووبوو.



111

دوو گرووپەکەی دیکەی نێو کۆمەڵە (*زیندان و گرووپی نەوشیروان مستەفا*)، تەنیا لە ڕوانگەی ململانێی دەسەڵاتەوە، لە هەڵسووڕانی ئەم ڕەوتەیان دەڕوانی و پلاتفۆرمە تیوری و سیاسییەکانی ڕەوتەکەیان نەدەبینی، یانژی بە هەندیان وەر نەدەگرت. ئەگەر ئەو دوو گرووپە وەها هەڵویستیان وەرنەگرتبا و پاشتریش دوو ڕێبەری دیاری ڕەوتەکە (*سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر*) کە لە دەرەوەی کوردستان بوون، کەمێک میانڕەوتر بان، ئالآی جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە و یەکێتی هەڵنەکردبا و نەهاتبانە ئێران، نە پرۆسەی جیابوونەوە ڕووی دەدا و نە حاڵی یەکێتیش بەم دۆخەی ئێستای دەگەیشت.

باسکردنی وردینەی پرۆسەی گۆڕانی میکانیزمی کاری ئەم ڕەوتە لە ململانێیەکی سرووشتیی نێو دەروونی کۆمەڵە و یەکێتییەوە بۆ جیابوونەوە و بەرزەبرکەوتنی، لە نێوەڕۆکی مەبەستی ئەم نووسینە بەدەرە و لە بەرگی دووەمی "ئەزموون و یاد"ی مندا، جێگای تایبەت و خوێندنەوەی خۆی دەبێت.

ماوەتەوە بڵێم:

- ڕەوتی "ئاڵای شۆڕش"، دەستپێکی بزووتنەوەی ڕیفۆرم و چاکسازی بوو لە بەرنامە و سیاسەتی ئەوێ ڕۆژێی کۆمەڵە و یەکێتیدا کە لێڵبینین و کورتبینینی گرووپەکانی دیکە، بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵە و یەکێتی لەلایەک و شەڕی دەسەڵاتی نێوان گرووپەکان لە لایەکی دیکەوە، لەباریان برد!

- لەم ڕەوتەدا و پاشی جیابوونەوەش، چەند سەرکردە و کادری دیاری کۆمەڵە، بەرپرس و هەڵسووڕاو بوون. هەربۆیە کورتکردنەوەی سەرجەمی هەڵسووڕانی ڕەوتەکە لە کەسایێتیی "مەلابەختیار"دا، تەفسیرکردنی مێژووی تەنگژەکە بە ئاوەژوو و بەکارهێنانی بۆ شێواندنی ناکۆکی و ململانێکانی ئێستای یەکێتی، لە هەلومەرجی دەسەڵاتداریێتی و حکومڕانیدا، هەڵەیەکی کوشندەی هەموو ئەو ڕەوت و گرووپانەیە کە ئەرکی ڕیفۆرمی حیزب و سیستەمی حکومڕانیان، لە ئەستۆی خۆیان ناوە!



112

بەهەڵە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی "ئاڵای شۆڕش" و درکنەکردنی حەقیقەتەکانی، تێنەگەیشتنە لە پێشینەی فراکسیۆن و باڵباڵێنەکانی ئێستای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تەنگژەکە بە ئاقاریکی دیکەدا دەبزوێنێ!

– ئێستاش لە پانتایی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی نێو یەکێتی و دەسەڵاتی کوردیدا، لە "کۆمپانیای وشە" و ڕەوتەکانی دیکەشدا، یەکێک لە ڕێبەران و بەشێک لە کادر و ئەندامانی ڕەوتی "ئاڵای شۆڕش"، ئامادەیی بەرچاویان هەیە و لەو بوارەدا چالاک و هەڵسووڕاون. ئەم دیاردەیە، ئەگەر لە دەرەوەی ململانێی دەسەڵات شتێکی دیکەمان پێ بڵێت و خوێندنەوەیەکی جیاترمان بداتێ، ئەوەیە کە گیانی ڕیفۆرم و عەدالەتخوازی لە ناخی کادرانی ئەم ڕەوتەدا زیندووە و بە ئاڕاستەی گۆڕاندا کار دەکات.

– ئاڵای شۆرش، بەشێک بوو لە تەنگژەکانی شاخ و لە سەردەمێکدا تەلاری یەکێتیی هەژاند، کە یەکێتی دووچاری تەنگژە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆی بوو (شکست و مایەپوچیی  مفاوەزاتی 1983، درێژەکێشانی شەڕی براکان و ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران)

– ئەوەی کە یەکێتی لەو ساتەوەختەدا، لە تەنگژەی نێوخۆ و دەرەکیدا دەژیا، هەرگیز پاساوی بەکاربردنی زەبر بۆ دەربازبوون لە تەنگژە ناوەکییەکە ناداتەوە. خستنەگەڕی پرۆسەی زەبرئامێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و بەجێهێشتنی تەنگژەکە، باجێکی گرانی لەسەر یەکێتی و سیاسەتەکانی دانا و  دەرگای تەنگژەی نوێی لێ کردەوە.

– هەر کەس و لایەنێک پاساو بۆ کردە زەبەرئامێزەکانی ئەوێ ڕۆژێی یەکێتی و کۆمەڵە لەسەر جەستەی ئاڵای شۆڕش (*کە بەشێک بوو لە جەستەی خۆی*) بهێنێتەوە، ئەوا ئیدی بوار بۆ پاساوی هەر کردەیەکی دیکەی یەکێتی دەرهەق بە ڕەوتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێو خۆی لە ئێستادا، درووست دەکات!

– ئاڵای شۆڕش ئەزموونێک بوو، دەشێت پێش هەر کەس و لایەنێک، سەرکردە و هەڵسووراوانی ڕەوتە ڕیفۆرمخوازەکانی ئێستای نێو یەکێتی، بە وردی بیخوێننەوە و



113

ئەزموونی لێ وەرگرن، گەر نا، ئەوا مێژوو لە بەرگ و نێوئاخنێکی دیکەدا دووبارە دەبێتەوە.

## ڕیفۆرم و تەنگژە:

دوو تێرم و دوو چەمکن بۆ دوو پرۆسە کە دەشێت یەکەمیان بۆ سڕینەوە و جێهێشتنی دووەمیان کار بکات. پرۆسەی ڕیفۆرم، لە ئامادەیی تەنگژەدا سەر هەڵدەدات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پاش ڕاپەڕین و گواستنەوەی جوگرافیای سیاسیی خەباتی سەرەکیی خۆی (*شاخ/شار*)، ئەزموونی سەقەتی دەسەڵات و حوکمڕانی، لە تەنگژەیەکی ناوەکی و دەرەکیی قووڵی دەخات و ئەم تەنگژەیەش فۆرم و ناوەڕۆکێک لەژێر چەتری ڕیفۆرمدا بۆ نەفیکردنەوەی خۆی دەخولقێنێت. واتە بۆ ئەوەی حیزب دەورانی تەنگژە تێبپەڕێنیت، ریفۆرم دەبێتە پرۆسەیەکی زێدەگرنگ لە ژیانی حیزب و کۆمەڵگەدا.

هەندەکجاران "ڕیفۆرم" لە بری ئەوەی ببێتە ڕزگارکاری حیزب و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە سیستەمی دەسەڵات و حوکمڕانیدا بخولقێنیت، ئەو ئەگەرەشی لە بەردەمدایە کە تەلاری حیزب بەرەو داڕووخان و لێکهەڵوەشان ببات!

بۆ ئەوەی ڕێگا لە ئەگەرێکی وەها بتەنرێت، هەق وایە ڕیفۆرمخوازان لە ئاست خەوش و کەمایێسییەکانی پرۆسەی ڕیفۆرم و جەمسەرەکەی دیکەشدا، هەڵوەستە بکەن و بپرسن:

هەڵەکان چین و لە کوێدان؟ دید و تێروانینی ڕیفۆرمخوازان بۆ پرۆسەی ڕیفۆرم و گۆڕان؟ میتۆد و ئامرازەکانی کارکردن؟ سەختی و ناقۆڵایی زەوینەی کارکردن؟ ئەقڵ و ئاوەزی سەرکردەکانی حیزب (*بە هەموو باڵەکانییەوە*) بۆ درککردنی قوڵایی تەنگژەکە و تێپەڕاندنی؟ لێکترازانی جومگەکانی نێوان ئۆرگانەکانی حیزب و



114

پەککەوتنی میکانیزمی کارکردنی سروشتیی ئۆرگانەکان؟ ونبوون یاخود نەبوونی هەموو ئەو فاکتەر و خەسڵەتانەی کە دەشێ بۆ نوێکردنەوەی حیزبێکی وەکو یەکێتی گرنگ بن؟ داخۆ ڕیفۆرم و گۆڕان لەم سیستەمە سەقەتەی دەسەڵات و پاشاگەردانیی حوکمڕانیدا، بە تەنیا لە ڕێگای ڕیفۆرمی یەکێتییەوە بە ئەنجامێک دەگات؟ ئەگەر نەخێر، ئەی چیکردن؟!

کێشەکە ئاڵۆز و پرسیارەکان فرەن. لە هەناوی تەنگژەیەکی وەها جددی و چارەنووسسازدا، خولقاندنی پرسیارەکان لە دۆزینەوەی وەرامەکان گرنگترن. لێگەڕین با سەرکردە، کادر و ئەندامانی حیزب لە دوی وەرامەکان کە پەیوەستن بە چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگەکەیانەوە، بگەڕێن!

باڵی ڕیفۆرم کە کاراکتەرەکانی یاخود درووستر کاراکتەری یەکەمی، مێژوویەکی لەمێژینە و ڕۆڵێکی زێدەگرنگی لە خولقاندنی چارەنووسی یەکێتیدا هەبووە، ئێستا بەسەنگترین ئۆپۆزیسیۆن و ئالاهەڵگری پرۆسەی ڕیفۆرمی دەسەڵاتە لە کایەکانی ناوخۆ و دەرەوەی حیزبدا، پێیەکی لە نێو تەلاری حیزبدا و پێیەکەی دیکەشی لە پانتایی ڕاگەیاندنی دەرەوەی حیزبدا پیاسە دەکات. دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ پێکەوەگرێدانی ئەم دوو پێگەیەی ئۆپۆزیسیۆن تا بە ئاقارێکی تەندرووستدا پرۆسەکە بئاژوێت، ئەرک و بەرپرسیارییەکی گرنگی هەڵسووڕاوانی نێو ئەم باڵەیە کە ئاسان نایەتە بەرچاو.

## ڕەگ و ڕیفۆرم و تەنگژەکە

ڕەگ، ڕەوتێکی دیکەی نێو پرۆسەی چاکسازیی دەسەڵاتی نێوەکی و دەرووەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و لە سەرەتای ئەم مانگەدا، لەژێر سەرپەرشتیی چوار کادری دێرینی یەکێتی، لە شاری لەندەن، بوونی خۆی ڕاگەیاند. مێدیای حیزب و دەرەوەی حیزب تیشکی بەرچاویان لەسەر خست و گرنگییان پێ دا. ڕەگ،

115

پێچەوانەی باڵی ریفۆرم، هەم بانگەوازێکی دەرکرد و هەم پلاتفۆرمێکی بۆ داخوازی و ئاگێندای خۆی خستە ڕوو.

بانگەوازی ڕەگ، ئەگەرچی لە پلەی یەکەمدا ڕووی لە یەکێتیە و جەخت لەسەر گرنگیی پرۆسەی چاکسازی لە دەروونی حیزب و دەسەڵاتی حیزبدا دەکات، دیسانیش ئاماژە بە شکستی سیاسەتەکانی حیزب لە کایە سیاسییەکان و دۆزە نەتەوەییەکاندا دەدات.

ڕەگ و باڵی ریفۆرم بە هەندەک جیاوازیی کەمەوە، بە یەک ئاراستە و ئاقاردا کار دەکەن و بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفۆرم، ڕوویان لە ژێرخان و سەرخانی حیزبە. ئەم بۆچوونە بێ لەدەستدابوونی بەڵگە و فاکتاکان، ناتوانێ بەو ئەنجامەمان بگەیێنێ کە ڕەگی "ڕەگ" لە ریشەی "باڵی ریفۆرم" ئاڵاوە.

ڕەگ، بە ڕاشکاوی داوای پاشەکشێ و دەستلەکارکیشانەوەی ئەو دەسەڵاتدارانەی نێو سەرکردایێتیی حیزب دەکات کە پێی وایە گەندەڵ، بێکەڵک، مۆنۆپۆلیستن و فەزایەکیان بۆ ژیانی دیموکراتییانەی نێو حیزب نەهێشتووەتەوە!

## ڕەگ و پەرچەکرداری یەکێتی!

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆناڵە و سەرۆکەکەیشی یەکێکە لە جێگرەکانی سەرۆکی فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکە. ئەم شوێن و پێگەیەی یەکێتی لە نێو سۆسیال دیموکراتەکاندا (*بەو پێیەی بەرنامەی سۆسیال دیموکراتان، بواری بۆ فرەفراکسیۆنی و فرەمینبەری هەموار کردووە*)، وای کردووە کە پەرچەکرداری توند و خێرای یەکێتی بەرانبەر بە خۆناساندن و داخوازییەکەی "ڕەگ"، هەم بۆ خودی "ڕەگ" و هەم بۆ چاودێرانی سیاسیش، دژەکردەیەکی چاوەڕواننەکراو و بەدەر بێت لە نەریت و شێوازی کارکردنی حیزبێکی سۆسیال دیموکرات. خوێندنەوەی من بۆ بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەمەڕ دەرکردنی



116

هەر چوار هەڵسووڕاوەکەی ڕەگ لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە، سنوورەکانی "ڕەگ" دەبەزێنێت و خودی تەنگژە گشتییەکە بۆ قۆناغێکی خراپتر دەگوازێتەوە.

خۆناساندنی ڕەگ، هاوزەمانی چوونەسەری ئاستی نووسین و شرۆڤەکانی نەوشیروان مستەفایە دەرهەق بە حیزب و دەسەڵات. شرۆڤەکانی نەوشیروان مستەفا لە وتاری (*دوای ئەم هەموو ڕەخنەیە ئینجا چی؟*)، ئەگەرچی تەنیا شرۆڤەکردنی هەموو ئەگەرەکانە بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی گۆڕان لە حیزب و حکومەتدا و جەختی لەسەر ئەگەرێکی دیاریکراو نەکردووە، دیسانیش دەشێت دەسەڵاتی باڵای حیزب، خستنەڕووی ئەم "**ئەگەرانە**" لەلایەن کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفاوە، بە هەند وەربگرێت، وەهای بخوێنێتەوە کە تەنگژەکە بەرەو دواقۆناغی یەکلابوونەوە هەنگاو دەنێت و لە دووڕێیانی چارەنووسی خۆی نزیک دەبێتەوە!

بە جیا لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەسەڵاتی باڵای یەکێتی بۆ تەنگژەکە، دەشیا ئەم دەسەڵاتە شێواز و ڕێگاچارەی دیکەی هەڵبژاردبا و دەرگای دیالۆگ و لێکترتێگەیشتنی بۆ کادران و ئەندامانی خۆی ئاوەڵا کردبا. ئەزموونی دوورودرێژی یەکێتی و ئەو ئامرازانەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تەنگژەکانی نێو خۆیدا بەکاری بردوون، نموونەیەکی سەرکەوتوومان نیشان نادات، بۆیە چەندبارەکردنەوەیان، گلۆڵەی کێشەکان زیاتر دەئاڵۆسکێنێت و گورزی تەنگژەکە بەزەبرتر دەکات.

## کۆبەند و ئەنجامگیرییەکان:

1) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە تەنگژەیەکی نەتەوەیی و سیاسیدا لەدایک بوو کە "هەرەس"ی ساڵی 1975 خولقاندی. هەر بۆیە ئەم حیزبە هەمیشە تەنگژە دەخولقێنیت و لە تەنگژەدا دەژی!

117

2) ئاڵای شۆڕش، ڕەوتێکی ڕیفۆرمخواز و چاکسازی بوو. لەباربردنی ئەم ڕەوتە، کارکردی لەسەر ئاڵۆزییەکانی تەنگژەی ئێستای یەکێتی داناوە.
3) بەکاربردنی زەبر بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەکان، نە ئەوسات ئەنجامێکی تەندرووستی وە دەستەوە داوە و نە ئێستاش دەکارێت تەنگژەکە یەکلا بکاتەوە.
4) یەکێتی و پارتی و دەسەڵات و حکومەتەکەیان، لە هەموو کایە و ڕەهەندەکانیاندا، لە تەنگژەیەکی قووڵدا دەژین و پرۆسەی چاکسازی بۆ چارەنووسی ئەم ئەزموونی حوکمڕانییەی کورد، پێویستییەکی پلەیەکە.
5) سرووشت و خەسڵەتەکانی پێکهاتەی ئەقڵی سیاسیی کاراکتەرەکانی یەکێتی (*کە ئێستا قسەمان لەسەر یەکێتییە*)، بە ئاسانی ڕێگا بە گۆڕانێکی ڕیشەیی نادەن.
6) ڕیفۆرم لە چەمکە گشتییەکەیدا، پرۆسەیەکە چ لە دەسەڵات و چ لە کۆمەڵگەدا، پێویستی بە ئەقڵی نوێ، کاراکتەر و ئامرازی نوێ، زەوینەی لەبار و ڕەخساو هەیە کە لەسەرخۆ و بە شێنەیی کار دەکات و هیچ کودەتا و تۆپزییەک قەبوڵ ناکات، بە جێگۆڕکێی سیمبۆلەکانی دەسەڵات، گۆڕانی لە سیستەمدا پێ ناکرێت.
7) ئەو فاکتەرە بزێوانەی لە پانتایی تەنگژەکەدا کاران و کار دەکەن، ئەگەر بە دیدێکی فراوانتر و ئەقڵێکی پڕمەسئولییەتەوە ڕەفتار نەکەن،

تەنگژەکە ئەگەری لێکترازان و کەرتبوونی لێ دەکەوێتەوە و ئەنجامیش "ورچە خەوتووەکە"، پارچە پارچە، هەڵمەقوتیان دەکات و فەزای سیاسیی کوردستانیش چل ساڵێک پاشەکشە دەکات!



118

## ئاڵای شۆڕش، ڕەوتێک بۆ ڕیفۆرم

دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی میدیا
سازدانی هەڵۆ مەرگەیی
ئاپریلی 2009

**- پشکۆ نەجمەدین کەی و چۆن تێکڵاوی دنیای سیاسی و پێشمەرگەیتی بوو، دواجار شۆڕش ئومێد یا بێهیوایی پێ بەخشین؟**

- لە کۆمەڵگەگانی هاووێنەی کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوە ئێمە نین کە تێکڵاوی دنیای سیاسەت دەبین، بەڵکو ئەوە دنیای سیاسەتە کە هەموو پانتاییەکانی دنیای ئێمە داگیر دەگات. سیاسەت، بێ هیچ خۆناساندنێک دێت و لە دەرکەیماڵەکانمان، قوتابخانەکانمان دەدات و بێ هیچ کۆنتراکتێک، کۆمەڵێک مژدە و خەونی ڕەنگاوڕەنگ دەئاخنێتە جانتاکانمان، پاشتر هەموو تەمەنی مێردمنداڵی و لاوێتیمان بۆ خۆی زەوت دەکات.

منیش وەکو هەموو هاوتەمەنەکانی خۆم، لەسەر مێزی خوێندنگە و لە دەرکەی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوودا، لە خۆشەویستیی خەڵک و خاکدا، لە تەونی سیاسەت کەوتم! لە "قوتابیان"ەوە بۆ ڕیزەکانی پارتی دیموکراتیی کوردستان، کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاڵای شۆڕش و پاشان بۆ دووڕگەی ئارامی و مەرزەکانی ئەودیوی حیزب پەڕیمەوە. ئەمە کاروانێکی دوورودرێژی پڕ ئازار بوو کە بەشە جوانەکەی تەمەنی لەگەڵ خۆی برد!

سالانێکی زۆر، کۆمەڵێک خەونی جوانی لە سیاسەت پێچراوەم لە ماڵی حیزب و سیاسەتدا بە کۆڵەوە بوو، هەزاران شەو و ڕۆژانم لە نێو زەبر و خوێن و توندوتیژیی

119

سیاسەت و شۆڕشدا پێکەوە گرێدان و ئەنجام سیاسەت، منی لە پەنجەرە خوێناوییەکانی خۆیەوە، وەدەر نا!

شۆرش کە لە سەرەتاوە و لە دووتوێی کتێبان و مانیفێستی حیزباندا، هزر و ئەندێشەمان لە خەون و هیوا تژی دەکا، پاشتر بەشێک لە ئێمە، واتە ئاشقە ڕاستەقینەکانی خۆی، لە ڕەشبینی و بێهێواییدا دەخنکێنێت.

**- پشکۆ نەجمەدین، یەکێک لە کەسە دیارەکانی دروستکردنی ئاڵای شۆڕش بوو، بەرزکردنەوەی ئەو ئاڵایە لەو سەردەمەدا، چ پێویستییەکی مێژوویی بوو، کامانەن ئەو هۆکارانەی تا ئێرە، زۆرکەم، سەبارەت بەو باسە قسەیان لێ کراوە یاخود دەکرێ؟**

- ئاڵای شۆرش بەرهەم و بەرئەنجامی بە بنبەستگەیشتنی ناکۆکی و ململانێ فیکری/سیاسی/ڕێکخراوەییەکانی نێو دەروونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

لە بارودۆخ و هەلومەرجی دژوار و بە زەبرسیخناخی بزووتنەوەی چەکدار- سیاسیی هەشتاکانی سەدەی پێشوو لە کوردستاندا، لە غیابی فەزای ئازادی و دیموکراتیی خەباتی شاخدا، لە نەبوونی میکانیزمێکی شارستانیانە بۆ لێکگەیشتن و یەکترقەبوڵکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە فیکری و سیاسییەکان، ئیدی پردەکانی پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیانی ڕێکخراویی و سیاسی دەڕوخێن، دەرکەکانی لێکدابڕان و ماڵئاوایی دەکرێنەوە.

من، پێم وایە، سەرجەمی ئەو ڕێکخراوانەی لەو سەردەم و هەلومەرجەدا و لە ئەنجامی دووکەرتبوونی قەوارە سیاسییەکاندا دەرکەوتن (بە ئاڵای شۆڕشیشەوە)، هیچ زەروورەتێکی مێژووییان نەبوو!



120

نەبوونی "**زەرورەتی مێژوویی**"، ڕەوایی درووستبوونی ڕێکخراو و ڕەوتە سیاسییەکان ڕەت ناکاتەوە. دیاردە و دەرکەوتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان، زۆرجاران، بە ناچاری دەردەکەون و باکیشیان بە "**زەروورەتی مێژوو**" نییە.

خەسڵەت و سرووشتی ئەم ڕووداوانە، سەروکاریان لەگەڵ کۆمەڵێک کاراکتەر هەیە کە لە نێو سرووشت و پێکهاتەی خودی حیزبەکاندا خەوتوون و هەمیشە زەوینەسازی بۆ پێکەوەنەسازان دەسازێنن، دیاردەی کەرتبوون و کارژهەڵدان بەرهەم دەهێنن.

**- دواجار "ئاڵای شۆڕش" نەیتوانی زۆر بشەکێتەوە، هۆکارەکان چ پەیوەندییەکیان بە سەرکردە هەڵگیرسێنەرەکانییەوە هەبوو؟**

- لە سۆنگەی تێنەگەیشتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ پرۆسەی ئاڵای شۆڕش، وەکو پرۆسەیەکی ململانێی سرووشتیی دیموکراتیانە، پەنابردن بۆ زەبر و تۆقاندن بۆ چارەسەری ئەو کێشە سیاسییەی نێو دەروونی خۆی، "ئاڵا" بە ئیفلیجی لەداییک بوو. ئاڵا، بواری خۆڕێکخستن و خورتبوونی فیکری و ڕێکخراوەیی بۆ نەڕەخسا. لە دەستپێکی کاردا، ئاڵا دووچاری پەردەوازەیی ڕێبەرایەتی، ناڕۆشنی فیکری و سیاسی و ململانێی بێبناغە هات، حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەش، لە ڕێگای هەندەک کادری کەمئاگا و بەرژەوەندپەرستەوە، لووتیان تێ ژەنیبوو.

ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی فرەلایەن و فرەئاڕاستەی لە نەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستاندا هێنایە گۆڕێ. حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لە سۆنگەی ڕاپەڕیندا، پێگە و شوێنیان لە ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ دەسەڵات و لە ئاوارەییە و بۆ نیشتمان گوازتنەوە. دۆخ و هەلومەرجەکان گۆڕدران، فیکر و ئایدۆلۆگیا جێگای خۆیان بۆ سیاسەت و حوکمڕانی "بە دیوە سەقەتەکەیدا"، چۆڵ کرد. حیزبەکان،



121

گەورە و بچووک، لە خەمی وەرگرتنی بەشێک لەو "کێکە چەورە"دا بوون کە لە کوورەی گڕگرتووی ڕاپەڕیندا برژا بوو!

حیزبی سیاسیی کوردی، دەهات خۆی دەخستە پرۆسەیەکەوە کە لەوێدا، بەهاکانی سیاسەت و شۆڕشگێری دەگۆڕدرێن، داهات و سەرمایەی ئابووری دەبنە داینەمۆی بزوواندنی حیزب و سەرکەوتنی سەرکردەکانی. ئەمە ئەو پرۆسە ناسرووشتییە بوو کە لە هەرجۆرە بەرپرسیارێتی و پرەنسیپێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خاڵیی بوو. پرۆسەی بەتاڵبوونەوەی بەها و مۆراڵە شۆڕشگێرییەکان، کۆمەڵگەی پاش ڕاپەڕینی بەرەو هەڵدێر و وێرانیی برد، ئەنجامیش ئەم سیستەمە سیاسییە "عەجیب و غەریب"ەی لێ کەوتەوە کە بە ئەزموونی سیاسیی کوردستان، ناودێر دەکرێت. بەرەی کوردستانی و لە بەرەشدا، پارتی و یەکێتی، هەموو شتەکانیان قۆرغ کرد. لە دەرەوەی بەرەدا، حیزب و ڕێکخراوەکان بواری ژیانیان نەما.

سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕشیش، لەم هاوکێشەیە بەدەر نەبوون، ناچار "ئاڵا"کەیان کردە دێوجامە و هەرمانگێک بە ڕەنگێک ڕەنگیان کرد، ئاکام لەژێر ساباتی حیزبی دایکدا، ئۆقرەیان گرت.

**- ئەوانەی بەسەر کەوڵی هەوڵی شۆڕشگێرەکانی ناو "ئاڵای شۆڕش"ەوە، پەڕینەوە ناو پلە و پایە باڵاکانی یەکێتی، کێ بوون؟ تۆ سەبارەت بەوان کەسان دەتەوێت چی بە خوێنەر بڵێیت؟**

- کادرانی ئاڵای شۆڕش، بەشێک لە کادرە وریا و شۆڕشگێرەکانی ناو کۆمەڵە بوون کە هەڵگری خەونی پاراستنی خەسڵەتە مارکسیست و دیموکراتیکەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوون، لەبەردەم فەزای زەبروزەنگ و دیاردەی قۆرخکردنی دەسەڵاتدا کە دەهاتن لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتیدا دەردەکەوتن، بەربەرەکانی و کەڵەوەکێشییان دەکرد. من پێم وایە، "ئاڵای شۆڕش" یەکەم هەنگاو بوو بۆ ڕیفۆرم



122

و چاکسازی لە فەزای سیاسی و فیکریی کۆمەڵە و یەکێتدا، دیارە بە پێی هەلومەرجی ئەویَ ڕۆژیَ و دید و تێگەیشتنی ئێمە بۆ گۆڕان و ڕیفۆرم.

هەندێک لە سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش، پێش جیابوونەوە و ماڵئاویی لە کۆمەڵە و یەکێتی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و کۆمەڵە بوون، پاشی شکستهێنانی ئەزموونی "ئاڵا" و گەڕانەوەیان بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی، هەندێکیان لە کۆمیتەی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەدا جێگیر بوون. دەبێت ئەوەش بڵێم: کادر هەبووە کە پێش جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش، لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نادیار و نەناسراو بووە، کەچی لە پرۆسەی شکڵگرتنی "ئاڵا" و کردەی جیابوونەوەدا، لە سۆنگەی پەلاماری زەبرئامێزی یەکێتی و زیندانیکردنی سەرکردەکانی "ئاڵا"دا، لە نسێی قەیرانی ڕێبەریکردن لەو ڕێکخراوەدا، دەرفەتی جێگیربوونی لە کۆمیتەی ڕێبەرایێتیدا بۆ دەرەخسێت، لێزانانە و لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی "میکافیلی"دا بۆ گەیشتن بە دەسەلات، کۆلانەوکۆلان، لە دەرکەی یەکێتی دەداتەوە، پاشتریش وەکو گەمەکەرێکی لێزان لە هونەری ملانێی نێو حیزبدا، دەبێتە بەرپرسێکی زێدەهەڵکشاو، لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا!

**- ئێوە نووسەر، یا ڕۆشنبیرێکی ناسراو و دیارن، با بزانین چ سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی ئێستای کوردستان دەڵێیت... ئەوان چۆن دەبینیت؟**

- ڕۆشنبیر! کەسێکە بەرهەمهێنی فیکر و مەعریفە، لە کایەکانی ئەدەب، زمان، فەرهەنگ و ئاست و ئاراستە سیاسی و کۆمەڵایێتییەکاندا ئەکتیڤە و هەمیشەش لە ماڵەکانی "گومان"دا دەهزرێت. کاری ئەو، خولقاندنی قەیرانە. ئەم بوونەوەرە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، خۆی لە قەیراندا دەژیێ و هەڵگری کۆمەڵێک ئیشکالاتە کە گومان لەسەر شووناسی خۆی دادەنێت.

گۆڕان و نوێبوونەوە و ڕۆشنگەری، لە مێژووی کۆمەڵگەکانی جیهاندا، لە هەموو بوار و بە هەموو ئاراستەکاندا، قەرزاری بەرهەمی بیر و داهێنانی فیکری و

فەلسەفیی بیریاران و ڕۆشنبیرەکانیان، بەم پێیەش مێژووی هەموو مرۆڤایەتی، لە هەر سەردەم و زەمەنێکدا، مۆرکی دەستبیژێرێک لە ڕۆشنبیرانی پێوەیە.

من هەر بەم پێودانگ و پێوەرە، لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایێتی و فەرهەنگیی ویرانی خۆمانەوە، لە ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد دەڕوانم.

زۆر پێدەچێت، کۆنتراکتێکی نهێنی نەنووسراو، لە نێوان دەسەڵاتی کوردی و بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کورددا، بۆ بەردەوامیی ئەم دۆخە داڕوخاوەی حاڵ وماڵی کورد هەبێت!

**- ئەزموون و یاد، دژایێتییەکی زۆر کرا، ئەو هۆکارانە چیبوون؟**

- ئەزموون یاد، گێڕانەوەی حیکایەتەکانی شاخە، لێکۆڵینەوەی لاپەڕە ڕەش و تاریکەکانی مێژووی خوێناویی ئێمەیە کە ئێمە و ئەوانی دیکە لە خولقاندنیایندا فاکتەر بووین. ئەزموون و یاد، قسەکردنە لەسەر ئەزموونێک یاخود بەشێک لە ئەزموونێکی سیاسی/ چەکداری کە نیشاندانی بە نەوەی ئێستا و ڕابردوو، کارێکی زێدەگرنگە و هەوڵێکە بۆ زیندووهێشتنەوەی یادەوەرییەکان و ڕێگاگرتن لە دووبارەبوونەوەیان. ئەزموون یاد، وێڕای جەختکردنی لەسەر ڕەوایی و بەرهەقبوونی پرس و کێشەی ئێمە وەکو میللەتێکی ستەملێکراو، دیسانیش وێنەگرتنەوەی ئەو دۆزەخەیە کە لە کوورەی دۆزەخی بەعسدا، کورد بۆ کوردی تاو دابوو.

ئەزموون و یاد، ڕەگ و ریشەی حیزب و دەسەڵاتی کوردی ڕیشاژۆ دەکات و سرووشت و پێکهاتەی ئەو ئەقڵە سیاسییە توێ دەکات. ئەم هەوڵە، ئاوێنەیەکە بۆ بینینی شەڕ و کێشە و قەیرانەکانی حیزب و دەسەڵاتی کوردی، لە پاش ڕاپەڕینەوە.

دیارە، ئیدی دژایێتیکردنی وەها کتێبێک، لە دیدی حیزب و دەسەڵاتی کوردییەوە، کارێکی ئاساییە!



124

**- ئەو هۆکارانەی وایان لە پشکۆ نەجمەدین کردووە، دوای راپەڕین هیچ بەشدارییەکی سیاسی نەبێت چین؟ ئایا نیازتان نییە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستان بکەن؟**

- من، لە پاش ڕاپەڕینەوە و هەتا ئێستاش، لە زۆر بوار و کایەی سیاسیدا، لەو بازنانەدا سەروکاریان لەگەڵ دۆز و چارەنووسی کورد هەیە، چالاکانە کار دەکەم و دەخەبەتم. بەڵام لە سۆنگەی زۆر هۆکار فیکری و سیاسیدا، لە ساڵی 1992وە، من پێبەستبوونی خۆم بە هەر حیزب و ڕێکخراوێکی کوردییەوە پساندووە.

من، ڕێک لە سات و وەختێکدا، دەست لە داوێنی حیزب بەردەدەم کە خودی حیزب و حیزبیبوون لە کوردستاندا، ڕمێنیان هەیە و بە هەزاران کەس، بە مەبەست و مەرامی جیاواز، دەرکەی حیزب دەکوتن و لە ماڵی حیزبدا کار دەکەن. جێگۆڕکێی من، بەناچاری و پاش کارەساتی ئەنفال، لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا، تەنیا جێگۆڕکێیەکی جوگرافی نەبوو. تاراوگە بۆ من، وێستگەیەک بوو بۆ لەخۆڕامان، لە ئەویدی ڕامان و پێداچوونەوە بە هەموو سیستەم و پرەنسیپەکانی من بۆ ژیان، سیاسەت، حیزب و زۆر شتی دیکەش. تێگەیشتنی من، بۆ چەمکی خەبات، حیزب و ئایدۆلۆگیا لە ڕیشەوە گۆڕدرا.

حیزب، لە پاش ڕاپەڕینەوە، ماناکانی خۆی لەدەست دان و خەونەکانی ئێمەی دۆڕاندن. حیزب، کە هەڵگری مژدەی ئازادیی ئینسانەکان بوو، بوویە تەوقی زەلیلکردنی ئینسانەکان. حیزب کە هەڵگری خەونی ڕزگاریی نیشتمان بوو، نیشتمانی سووتاند، وێرانی کرد و هەموو جوانییەکانی لێ داماڵی.

حیزب کە هێنەری پەیامی یەکسانیی کۆمەڵایەتی بوو، بوویە کارگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی حیزب و سیاسەت و زۆر شتی دیکەش کە ئیدی چەندپاتکردنەوەیان بێتامە.

زۆر بە پەرۆشەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی کوردستان دەڕوانم و پێم وایە، بوونی موزاییکی سیاسی لە هەڵبژاردندا، هەنگاوی یەکەم و سەرەتای پرۆسەیەکە بۆ



125

دامەزراندنی پەرلەمانێکی ئاکتیف و کارا کە لەوێدا پرۆسەی گۆڕانەکان دەست پێ دەکات.

من، لە بەر هەندەک هۆی تایبەتی، ناتوانم بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەم، بەڵام بۆ سەرکەوتنی پرۆسەیەکی دیموکراتییانەی هەڵبژاردن، بەردەوام، لە کایەکانی کاری خۆمدا، هەوڵ دەدەم و بەشداریی دەکەم.

**- بە پێی دوابڕیاری پەرلەمانی کوردستان، مانگی 6 ی دادێ، پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەستپێ دەکات، پشکۆنەجمەدین، سەبارەت بەو بابەتە دەیەوێت چی بڵێت؟**

- هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، لە وادەی یاسایی خۆی دوا کەوت، ئەمەش لەنگی و کەماێسییە لە پرۆسەی دیموکراتیدا. دەوڵەتی ئێراق، چەندساڵ پاش ئەزموونی کوردستان، پرۆسەیەکی دیموکراتیی لە کۆمەڵیک بواردا وەڕێ خست و ئەزموونە "ساوا"کەی ئێمەی بەجێ هێشت!

پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجاری کوردستان، بە پێی پەرۆشیی لیستە جیاواز و سەربەخۆکانی دەرەوەی لیستی دەسەڵاتی هاوبەش، دەشێت پڕهومێد بێت. کێبڕکێی شارستانییانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، دەشێت هێمایەک بێت بۆ زیندوویی پرۆسەی دیموکراتیی سیاسی و هەنگاوەکان بەرەوە دامەزراندنی سیستەمی سیاسیی تەندرووست و هاتنەئارای پرۆسی گۆڕان و ڕیفۆرم، لێرەوە دەستپێ دەکەن.

لە هەڵبژاردندا، پابەندبوونی هەموو لایەنەکان (*بەتایبەت دەسەڵاتداران*). بە یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردن، خۆلادان لە بەکاربردنی زەبر و بەکارهێنانی نامەشروعانەی پارە و دەسەڵات بۆکڕینی دەنگ، فشارهێنان بۆ هاوڵاتی و ناچارکردنی بە دەنگدان، دژ بە ویست و خواستی خۆی، فەراهەمکردنی ئامرازەکانی میدیا بۆ بانگەشە و پروپاگەندەی هەڵبژاردن، بۆ هەموو لایەنە بەشدارەکان بە یەکسانی، لەو مەسەلە



126

گرنگانەن کە ئاستی خاوێنیی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دەردەخەن و ئەنجامە چارەنووسسازەکەشی بەلادا دەخەن.

من هیوادارم. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، فرەرەنگ و فرەدەنگ بێت و پەرلەمانی ئاییندەی کوردستان، خاوەنی ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاکتیڤ و کارا بێت.

**- سیاسییەکانی ئەمڕۆی کورد، چۆن دەبینی؟**

- سیاسییەکانی ئەمڕۆی کورد، هەمان سیاسییەکانی دوێنیی کوردن. ئەدا و مامەڵەی ئەوان لەگەڵ هونەری سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و گەمە دیپلۆماسییەکاندا، لە کارەکتەر و سرووشتی پێکهاتەی ئەقڵی سیاسی و ئەزموونی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرن.

سیاسییەکانی کوردستان، لە هەژدەساڵاندا، سیستەمیکی سیاسیی لنگاوقوچ، دامودەسگایەکی حکومڕانیی فاشیل و سیخناخ لە گەندەڵی، کۆمەڵگەیەکی وێران و لێوانلێو لە ناعەدەلاتییان بەرهەم هێناوە!

سیاسییەکانی کورد، لەگەڵ هەڵکەوتنی دەرفەتە زێڕینەکاندا، نەیانتوانی کێشە چارەنووسسازەکانی میللەتی ئێمە، بە شوێنێکی کوردخواز بگەیەنن و ڕەدووی کۆمەڵێک دەسکەوتی وەهمی کەوتوون.

پلانی سیاسیی سیاسەتکارانی کورد، لە ڕۆژگاری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێراق و تا هەنووکەش، سەرکەوتوو نەبووە!

سیاسییەکانی کورد، هێندەی چاویان لە دەسەڵاتی کاتیی حیزبە، نیوهێندە لە خەمی دەسەڵاتی نەتەوە و چارەنووسی سیاسیی نێشتماندا نین!

**- ج لە ئاییندەی دەسەڵاتی کوردی دەخوێنیتەوە، پێتان وایە گۆڕانیکی بنەڕەتیی سەروسەودای وەرێخستبێ؟**

127

– ئایندەی دەسەڵاتی کوردی و هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی دیکەش، لەسەر ڕابردوو و ئێستای درووست دەبێت. ئیشکالاتی دەسەڵاتی کوردی، ئیشکردنی ئەو دەسەڵاتە لە کایە جیاوازەکاندا، لە مێژووی سرووشت و پێکهاتەکەیدایە. ڕەگی ئەم دەسەڵاتە، بۆ مێژوویەک و ژینگەیەک شۆڕ دەبێتەوە کە پڕاوپڕی زەبر و نائەقڵانییە. خودی ئەم دەسەڵاتە و ڕەگەزەکانی پێکهاتە ئەقڵی و سۆسیۆلۆگییەکەی، گۆرانکاریی جددییان پێ ناکرێت. ئەم دەسەڵاتە و سەرجەمی کاراکتەرە نێوەکییەکانی، دەشێت لەگەڵ زەمەندا بگۆڕدرێن و جێگا بۆ ئەقڵی نوێ، بینینی نوێ و تێگەیشتنی نوێ، بۆ هونەری سیاسەت و دەوڵەتداریی چۆڵ بکەن. ئەمە پرۆسەیەکی درێژوەخت و لەسەرخۆیە، دیسانیش بەڕێوەیە!



128

## کەرکووک و شتی دیکەش

سازدانی: خەبات نەوزاد
2008/8/27

**- سەرتا پێم خۆشە لە کەرکووکەوە دەستپێ بکەین.. کەرکوک چ پێگەیەکی لە شۆڕشی کورددا هەبووە؟**

- درووستکردنی دەوڵەتی ئێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە تێکهەڵشێلانی هەرسێ ویلایەتی بەسرە، بەغدا و موسڵ و بەتۆپزی شەتەکدانی کوردستانی باشوور (بە کەرکووکیشەوە) لە چوارچێوەی ئەو ئێراقە داتاشراوە نوێیەدا، سەرەتای سەرهەڵدان و ڕێچکەگرتنی  قۆناغێکی نوێیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا لەو بەشەی کوردستان. شکستهێنانی هەوڵ و تێکۆشانی کورد لە دەستپێکی ئەو قۆناغەدا، بۆ تێکەڵنەبوون لەگەڵ ئێراقی داتاشراودا و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی لە سنووری جوگرافیایی وێلایێتی موسڵدا، ئەم بزووتنەوە سیاسییە دەکاتە کاروانێکی درێژخایەنی بە ئامانج نەگەیشتوو کە دەشێت "کەرکووک" یەکێک بێت لە گرفنچکە ئاڵۆزەکانی ئەم کێشەیە، چ لای کورد و چ لای لایەنی دژبەر، شوێن و پێگەی تایبەتی هەبووبێت و تا ئێستاش هەر وەهایە.

ڕواڵەتی بەئاکامنەگەیشتنی سەرجەمی دانووستاندن و گفتوگۆکانی سەرکردایێتیی سیاسیی کورد (*بە مفاوەزاتی 11ی ئازاریشەوە*)، گرفت و کێشەی کەرکووک بووە.

گرنگیی کەرکووک و پێگەی کەرکووک بۆ کورد، ناکرێت تەنیا لە بایەخ و بەها ئابوورییەکەیدا ببینرێت، بگرە گرنگیی جیۆپۆلیتیکیی کەرکووک بۆ ئایندە و پاشەڕۆژی دەوڵەتی کوردستان گرنگە. لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی

کوردستاندا، لە هەر زەمانێکدا، بێ کەرکووک، لە ڕووی قوڵایی جوگرافیاوە، دەبێتە وڵاتێکی کەمئەندام کە توانای جووڵە و بزووتنی لێ دەتەنرێت.

**- ئایا پێت وایە هەموو ئەو پێداگرییانەی کورد لەمەڕ کەرکووک کردوونی لە جێگای خۆیاندا بوونە؟**

- کورد نیوسەدەیە لەسەر کێشەی کەرکووک و چارەنووسی کەرکووک پێ دادەگرێت و ئەو پێداگرییانەش دەچنە خانەی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، لەمەڕ کێشەیەک کە گرنگییەکی نەتەوەیی و چارەنووسسازی هەیە. بەڵام داخۆ کورد لەو مێژووەدا و لە هەوڵی خۆیدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە بە قازانجی خۆی، ئامراز و هێزی ماددی و ئەقڵیی بەدەستەوە بووە؟ ئەمەیە پرسیارە گرنگە!

**- ئەسڵەن کورد مامەڵەی لەگەڵ ئەم کەیسەدا، بە درێژایی مێژوو چۆن بووە؟**

- گەڕانەوە بۆ وردینەی میکانیزمی مامەڵەکردنی کورد لەگەڵ کێشەی کەرکووکدا و لە قۆناغە جیاوازەکاندا کارێکی سەرپێی و ئاسان نییە و توێژینەوەیەکی وردی هەموو ئەو دەکۆمێنتانەی گەرەکە کە باس لە چۆنییەتی نۆرین و ئاگێنداکانی کورد دەکەن لە سەردەمە جیاکاندا و بەپێی ئەو دۆخ و هەلومەرجانەی کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی تێدا بووە.

لە سەرەتای سەرەتاکاندا، کورد نە ئەم هۆشیاری و ئاوەزەی سیاسییەی ئێستای هەبووە و نە هێزە سیاسی و ڕێکخراوەییەکەی هێند خورت و بەسەنگ بووە تا بتوانیت دڵخوازانە جەمسەرە دژەکە بۆڕ بدات و کێشەکە بباتەوە. لە ساڵانی نێوەڕاستی بیستەکانی سەدەی پێشوودا، کورادنی کەرکووک، هاوشانی دانیشتووانی کوردستان، جۆرێک لە بەربەرەکانییان بۆ لکاندنی کوردستان بە ئێراقەوە نیشان داوە و بەپێی ئەو دەکۆمەنتە مێژووییانەش، جۆرێک بەرنامە و پلانیان بۆ دەستخستنی



130

داواکانیان هەبووە. ساڵانی سییەکان و چلەکان، سەردەمی نیشتنەوەی سەرهەڵدان و بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردستانی باشوورە و جگە لە سەرهەڵدانە لۆکاڵییەکان، بزووتنەوەیەکی سیاسیی/چەکداریی سەرتاسەری لەم بەشەی کوردستاندا نەبووە و کێشەی کەرکووکیش کێشەیەکی سیاسیی خەوتوو بووە!

بزووتنەوەی ئەیلوول، گیانێک وەبەر خواستە سیاسییەکانی کورددا دەکاتەوە و کەرکووکیش لە پرۆسەی هەر دانووستاندن و گفتوگۆیەکی نێوان ڕیبەرایێتیی بزووتنەوەکە و حکومەتەکانی ئێراقدا، دەبێتە چەقی تەوەرەی ململانێ سیاسییەکان. بەیانی 11ی ئازاری 1970، (*ئیدارەکردنی هاوبەش*) لە کەرکووکدا، دەکاتە ڕێگەچارەیەکی ساتەوەختی و ماوەی چوارساڵان بۆ چارەسەری یەکجارەکیی کێشەکە دادەنێت. مفاوەزاتی 11ی ئازار، ئەگەر تەمەنێکی درێژتری بۆ نووسرابا و جۆرە میکانیزمێک بۆ درێژەپێکێشانی دۆزراباوە، دەکرا کێشەی کەرکووک لە زەمەنی ئێستادا هێندە ئاڵۆز نەبێت.

**- پێت وایە، کورد لە زەمەنێک لە زەمەنەکانی مێژوودا، دەیتوانی کەرکووک بەدەستبهێنێتەوە بەڵام بە هەڵە لەدەستی دابێت؟**

- ئەو زەمەنە تەنها لە سەروبەندی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسدا هاتە پێشەوە، پێم وا نییە پێشتر دەرفەتێکی وەهای بۆ هەڵکەوتبیت.

**- بەر لە پرۆسەی ئازادیی ئێراق، کورد زۆر کارتی هەبوون بەکاریان بهێنێت...**

- سیاسەتمەدار و سیاسەتکاری کورد، بەگشتی لە گەمە سیاسییەکاندا بێئەزموون، دەستوپێسپی و کورتبینن. بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی ئێراق، لەسەر مێزی کۆنگرە و کۆبوونەوەکان، چ لە لەندەن و چ لە شوێنەکانی دیکە، سەرکردایێتییەکی چازان و لێزان و کوردپەروەر، دەیتوانی هەموو ئەو کارتە

131

بەهێزانەی لە دەستیدا بوون بە ئاڕاستەیەکی باشدا بە کاریان بهێنیت، کێشەی کورد و هەموو خواستەکانی یەکلا بکاتەوە و بە دەکۆمێنتیان بکات. سەرکردایێتیی کورد، نەدەبا لەسەر هیچ ڕێکەوتنێکی سیاسی لەمەڕ چارەنووسی ئێراق، ئیمزای خۆی دابنێت و گەرەنتیی دروستکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق بە هیچ لایەنیکی نێوەکی و دەرەکی بدات، بێ ئەوەی هەموو مافەکانی کورد (*بە چارەنووسی کەرکوکیشەوە*) دەستەبەر بکات.

سەرکردایێتیی کورد، هەمیشە سیاسەتی رۆژی جێبەجێ کردووە، بەو مانایەی ئەمرۆ هانگاوێک دەهاوێ و نازانێت گاڤی سبەیرۆژ بەرەو کوێ دەهاڤێ!

من، هەمیشە گوتوومە و نووسیومە، سەرکردایێتیی کورد، بە دریژایی ئەم زەمەنەی پاش ڕاپەڕین، ناشییانە گەمەیەکی سیاسی کردووە، زۆر نزیکە لەم گەمەیەدا, (*سەری خۆی نا*)، سەری کوردی تێدا بچێت.

**- وەک چاودێرێک لە دەرەوە، مامەڵەی یەکێتی و پارتی پاش پرۆسەی ئازادی لە کەرکووکدا چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- مامەڵەیەکی ئێجگار خراپ و دوور لە هەر هەست و بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو. زەمەنی ڕووخاندنی بەعس و دەسەڵاتەکەی، زەمەنی هیمەتی کورد و هێزە سیاسییەکانی بوو بۆ دەستخستنەوەی هەموو سەروەرییە لەدەستچووەکانی میللەتی ئێمە، لەو بەشەی کوردستاندا. پارتی و یەکێتی کە جورئەتی گێڕانەوەی کەرکووک و خولقاندنی "ئەمری واقیع"یان نەکرد، دیسانیش وەکو دوو حیزبی دژبەر و کۆنەنەیار، لەگەڵ دەرهاوێژتەکانی دۆخەکەدا ڕەفتار و مامەڵەیان کرد.

پارتی و یەکێتی، لەبری دارڕژتنی پلانێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی کەرکووک و کارکردن بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بارەی بەعس لە ماوەی چەندین ساڵدا و لە بوار و کایە ئیتنیکی و کەلتووری و کۆمەڵایێتییەکاندا گلاندبووی، ئەمان هاتن و لە خەمی دابەشکردنی دەسەڵات و هێز و پەیداکردنی مورید و مەنسووبی حیزبدا، خۆیان لە



132

ڕکبەری و ململانییەکی بێتامدا گەوزاند. پارتی و یەکێتی، دەیانتوانی بێ کۆمەک و پشتبەستن بە یاسا پووچەڵەکانی پەرلمانی ئێراق لەمەڕ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، بەو سەروەت و سامانەی هەیانە، هەموو موڵک و زەوییە داگیرکراوەکانی کەرکووک بکڕنەوە، دەرسێک لە میژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەرگرن. بەڵام لە مێژوودا و لە نێو گەلانی دنیادا، کەمن ئەو سەرکردانەی کە دەتوانن دەوڵەت بۆ میللەتی خۆیان درووست بکەن. دیارە کە سەرانی کورد ناچنە نێو بازنەی ئەو ئێلیتە سیاسییەی کە مێژووی پرسەروەری دەخولقێنن.

**- پێت وایە کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمانی کەرکووک تەندرووستانە مامەڵەی کردووە؟ ئایا فەرامۆشکردنی ئەوانە خزمەت بە کورد دەکات یان بەشدارپێکردنیان لە بەڕێوەبردنی کەرکووکدا؟**

- کورد، گەر نەیتوانیبێت لەگەڵ خودی خۆیدا، لە کەرکووکدا، مامەڵەیەکی تەندرووست بکات و ئیدارەیەکی ئاکتیڤ و خزمەتگوزار بنیات بنێت، دیارە مامەڵەی لەگەڵ تورکمان و عەرەبدا، نەک هەر لە ئاستی پێویستدا نەبووە، بگرە پڕی کەمایێسی و کەلێن بووە.

سیاسەتی کوردی لە کەرکووکدا، دەبایە نموونەیەکی سەرکەوتووی لە هاوسەنگیی بەشداریکردنی پێکهاتە نەتەوەییە جیاکانی لە بەڕیوەبردنی کەرکووکدا دابین کردبا و هەلومەرجێکی ئابووری و کۆمەڵایێتیی وەها خولقاندبا، کە نەتەوە ناکوردەکانی کەرکووک لە پراکتیکدا، جیاوازیی دەسەڵاتی کوردی و دەسەڵاتی ئێراقیان درک کردبا و پەرۆشی گەڕانەوە بۆ ژێر سیستەمی سیاسیی و ئیداریی کوردستان بان.

کەرکووک، وەکو شارێکی دەوڵەمەند و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووریی کوردستان و ئێراقیش، ئێستا لە ڕووی ژیان و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانەوە، لە شارە دواکەوتووەکانی کوردستانە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەو بوارەدا



133

ئێجگار خەمسارد و کەمتەرخەمە. ئەو دەسەڵاتە، نموونەیەکی ناشیرینی پێشکەش بە خەڵکی کەرکووک کردووە.

**- 22 ی تەموزی ئەمساڵ چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- شکستی سیاسەتی کوردییە لە سەر مێزی گەمەیەکی سیاسی کە جارێ رۆژگارێکی پێ دەوێت تا ئەقڵی سیاسیی کورد، لە رەگەز و رێساکانی تێبگات. ئەمە ئەڵقەیەکی دیکەی زنجیرەی هەرەسی سیاسەتی کوردییە، دروێنەکردنی بەرهەمی تۆوی خەیاڵێکی سیاسییە کە سەرکردایەتی کورد لە بەردەڵانی ئێراقی نوێدا چاندوویەتی!

**- ئەم گەمە سیاسییەی عەربی سوننە و شیعە بە کوردی دەکەن تاوانی کێی تێدایە، وا هەست ناکەیت کورد خۆی تاوانباری سەرەکییە تێیدا؟**

- سەرکردایەتیی کورد، مەستی ئەفیونی فیدراڵیزمی ئێراقییە و هیچ یاسا و رێسایەکیش لەم فەنتازیای فیدراڵیزمەدا جارێ دانەرێژراوە کە ماڵی کورد لە ماڵەدراوسێ جیا بکاتەوە. ئەو گەمەیەی لەو گۆڕەی دەگوزەرێ، زەنگی مەترسییەکی گەورەیە کە سەرکردایەتیی کورد بە هەندی ناگرێت.

لە ئێراقدا، گەر کورد نەیتوانیبێت و (*ئێستاش ناتوانێ*)، کێشە گرنگەکان و ئەوانەی بە درۆ ناوی "هێڵی سوور"یان لێ ناون، بە "تەوافوق" یەکلا بکاتەوە، ئەوا لە دیموکراتیترین سیستەمی سیاسیی ئێراقدا، کورد هەر کەمینەیە و ناتوانێت هیچ گەمەیەکی دیموکراتی بباتەوە.

من پێم وایە، لە سایەی سیاسەتی هەڵەی پارتی و یەکێتیدا، هەر لە دەستپێکی کارەوە تا ئەوڕۆکە، کورد ئێستا لە دژوارترین دۆخی سیاسیی خۆیدا دەژی و بەرەو دۆڕاندنی کێشە سەرەکییەکان مل دەنێ.



134

**- پرۆسەیەکی ترسناکی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان هەیە، خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

- بەشێکی زۆری پرۆسە دەرکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە لە سایەی دەسەڵاتێکی ناشیریندا، ترسناکن. کورد ساڵانیکە لە جەنگەڵێکی پڕ دزێویدا دەژی و کەمتر هەستی پێ دەکات. ڕەنگە دزێوترین ڕەگەزی ئەم ئەقڵەی کۆمەڵگەی ئێمەی کۆنترۆڵ کردووە، تیرۆری فیکر و جەستەی هاوڵاتیان بێت. ئێمە لە سایەی دەسەڵاتێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە 17ساڵە کۆمەڵگەی بە درۆکانی ئازادی، دیموکراتی و مەددەنییەت تەنیوە. تیرۆری بەردەوامی ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان و ژنان لە کوردستاندا و لە سایەی دەسەڵاتێکدا کە میدیاکانی لێوانلێون لە مژدەکانی خاپاندن و فریودان، دەبنە پێوەری دەرخستنی ماک و نێوەڕۆکی دەسەڵاتێکی دواکەوتووی لە ئەشکەوتدا لەدایکبوو!

ئێمە کۆمەڵگەیەکی وێران و خەسیومان هەیە کە ترسناکترین پرۆسە نایهەژێنێت! دەسەڵات لە ماوەی هەڤدە ساڵدا، لێزانانە و بە پرۆژە سیستەماتیک و پلانرێژکراوەکان، توانست و توانای هەژان و ڕاچەنینی لە کۆمەڵگە بڕیوە!

ڕۆژنامەنووسێک یاخود ڕۆشنبیرێکی وەکو دکتۆر عەبدولستار تیرۆر دەکرێت و بۆ چەندڕۆژێک دەبێتە خۆراکی میدیاکان، پاشتر بێدەنگیی لێ دەکرێت. ئەو ڕووداوانە، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی تەندرووستدا ڕوو بدەن، تەواوی ڕەمزەکانی دەسەڵات ژێراوژوور دەکەن.

لە کوردستاندا، درۆیەک بە ناوی ئازادیی تاک، ئازادیی دەربڕین و نووسین و ئاخاوتن هەیە، پەتی ئەم درۆیە تا ئەو جێگایە بڕ دەکات کە تۆ خوێندنەوەی جیددیت، بۆ مێژووی هاوچەرخی سیاسیی هەبێت، ئیدی پاش ئەوە، هەم پەتی درۆکە دەپسێت و هەمیش فیکر و جەستەکان لە خاچ دەدرێن!



135

دەبێت ئەوەش بڵێم کە هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و فیکرکوژ، لە مێژووی خۆیدا، قەرزارباری کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر ی خۆبەکەڵەگەت و بەرزەفڕزانە کە لە چاوی تەلەڤزیۆنەکانەوە و لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان، لە هەوڵی جوانکردنی ڕووخساری دزێوی دەسەڵاتدان، پاساو بۆ کارەکانی دەهێننەوە، یاخود بێدەنگییان لێ دەکەن و خۆیان و خەڵکیش بە باس و بابەتگەلێکەوە خەریک دەکەن کە لەگەڵ دۆخ و واقیعی کوردستاندا، خزمایەتییەکیان نییە.

**- تا چەند بە گرنگی دەزانی پارتێک وەکو بەدیلی پارتی و یەکێتی درووست بێت، داخۆ زەمینەی درووست بوونی ئەو بەدیلە لە ئێستادا دەبینی؟**

- نەک درووستبوونی ئەڵتەرناتیڤ، بگرە پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و ئاکتیڤیش پێویستییەکی زێدەگرنگە. هەموو گەمەیەکی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا و لە کایە جیاوازەکاندا، بە بێ ئۆپۆزیسیۆن، دەبێتە گاڵتەجاڕی! بەڵام درووستبوونی بەدیل و دەرکەوتنی گرووپ یاخود پارتی ئۆپۆزیسیۆن، زەوینەی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی گەرەکە. بە داخەوە، جارێ لە کوردستاندا ئەو سەرمایە پێویستە بوونی نییە، یاخود من نایبینم!

**- یەکێتی بوویە ئەندامی سۆسیال دیموکرات، ئەمە تا چەند گرنگە؟ ئایا پێت وایە، یەکێتی مەرجەکانی سۆسیال دیموکراتی تێدایە؟**

- ئەمە ڕەنگە بۆ خودی یەکێتی گرنگ بێت و لە مەودای دووریشدا، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی سۆسیال دیموکراتانی دنیا، لەگەڵ بەرژەوەندی کورد یەک بکەون، ئەوا گرنگیی دەبێت. داخۆ یەکێتی هەموو مەرجەکانی پارتێکی سۆسیال دیموکراتی تێدایە، بێگومان نەخێر!



136

لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی خۆراوادا، مەودایەکی بەرین هەیە و بە ئاسانی پڕ نابێتەوە.

سۆسیال دیموکراتی جیهان، لە من و تۆ باشتر ئەم ڕاستییە دەزانن و درکی پێ دەکەن، بەڵام سۆسیال دیموکراتیش لە دنیادا و لە خۆرهەڵاتیشدا، بەرژەوەندیی هەیە و لە دوی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ویڵە!

**- پێشتریش قسەمان لەسەر کردووە، ئایا چی وا دەکات بەستنی کۆنگرەی یەکێتی نەیەتە دی؟ ئایابەستنی کۆنگرە بۆ یەکێتی گرنگە؟**

- نەبەستنی کۆنگرەی یەکێتی، سەروکاری لەگەڵ دۆخی وێرانی نێوخۆ و کێشە و ململانێکانی نێو دەروونی حیزبدا هەیە. بەرژەوەندیی فراکسیۆنەکان، بەریەککەوتنی ئۆرگان و جەمسەرە ناکۆکەکانی نێو تەلاری حیزب و ئەو بەشە حکومەتەی یەکێتی بەڕێوەی دەبات، دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە لوتکەدا، کێشەی سەرۆک و جێنیشین، ڕیفۆرم و "کۆمپانیای وشە" و جێگە و پێگە و ڕۆڵی ئەوان لە ئەگەری بەشداریکردنیان لە کۆنگرەدا، کۆمەڵێک گرفت و لەمپەری جیددیی بەردەم بەستنی کۆنگرەن. بەستنی کۆنگرە، گرنگیی خۆی هەیە و ئەگەر نەبێتە هەتوانی سارێژکردنی ئازارەکانی دەروونی ئەم حیزبەش، ئەوا دەشێت بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت، سڕ و بەنگیان بکات.

**- ئەم پرسیارەم لە دیداری پێشتریشدا کرد، وەلێ وەڵامی نەبوو. وەک شارەزایەک، پێت وایە کێ لە دوای تاڵەبانی بەکەڵکی سکرتێری گشتیی یەکێتی بێت؟**

- بۆ من کە 23 ساڵە ڕێکخستنەکانی یەکێتیم جێ هێشتوون و بە کردەوە لە ناکۆکی و ململانێکانی دەروونی ئەم حیزبە بەدوورم، وەها داوەریکردنێک ئاسان



137

نییه. له ماوه‌ی ئه‌م ساڵانه‌دا، سرووشت و خه‌سڵه‌ته‌کانی یه‌کێتی گۆڕدراون و به‌ من نامۆن. کێشه‌ی سه‌رۆک و جێگرتنه‌وه‌ی سه‌رۆک بۆ یه‌کێتی، مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگ و چاره‌نووسسازه‌ و ئه‌قڵ و حیکمه‌ت و ژیربینییه‌کی زۆری گه‌ره‌که‌. ئه‌گه‌ر له‌ ڕووی مێژووییه‌وه‌ بۆ چاره‌سه‌ری ئه‌م گرفته‌ بگه‌ڕێین و له‌ ڕۆڵ و کارکردی که‌س و سه‌رکرده‌کانی یه‌کێتی، له‌ قۆناغ و سه‌رده‌مه‌کانی پێشوودا بڕوانین، ڕه‌نگه‌ نه‌وشیروان مسته‌فا شانسێکی زیاتری له‌ سه‌رکرده‌کانی دیکه‌ هه‌بێت. به‌ڵام نه‌وشیروان ئێستا له‌ یه‌کێتی دوور که‌وتووه‌، کێشه‌ی جیددیی له‌گه‌ڵ مه‌کته‌بی سیاسی و جه‌مسه‌ره‌کانی دیکه‌ی نێو یه‌کێتیدا هه‌یه‌... با داوه‌ریی پێشوه‌خت نه‌که‌ین و لێگه‌ڕێین تا زه‌مه‌ن به‌رسڤێکمان پێ ده‌دات.

**- ئه‌ڵێن تاڵه‌بانی تا ئێستا باڵانسی ناکۆکییه‌کانی نێو یه‌کێتیی ڕاگرتووه‌، ژیریی ئه‌و، یه‌کێتیی به‌م شیوه‌یه‌ هێشتووه‌ته‌وه‌... تۆ چی ده‌ڵێی؟**

- تاڵه‌بانی، چه‌ند له‌ خولقاندنی ناکۆکی و ململانێدا ژیر و شاره‌زایه‌، سه‌د هێنده‌ش له‌ هونه‌ری ئیداره‌کردنی ناکۆکییه‌کاندا به‌ئه‌زموونه‌.

ڕاسته‌، تاڵه‌بانی توانیویّتی باڵانسی ململانێکان رابگرێت، به‌ڵام به‌رده‌وامبوونی ئه‌م ململانێ ناسرووشتییه‌ی نێو ده‌روونی یه‌کێتی، ئه‌م حیزبه‌یان داغان و که‌مبڕست کردووه‌. گرنگ ته‌نیا ئیداره‌کردنی ململانێ و ڕاگرتنی به‌ڵانسی ناکۆکییه‌کان نییه‌، به‌ڵکه‌ له‌وه‌ گرنگتر بزوواندنی ململانێکانه‌، به‌ ئاقار و ئاراسته‌یه‌کدا که‌ حیزبه‌که‌، له‌ دۆخێکی بارگاوییه‌وه‌، بۆ دنیایه‌کی هێمنتر بئاژوێت و گوڕ و تینی پێ بدات.

ئه‌زموونکردنی سیاسه‌تی تاڵه‌بانی، به‌ درێژایی مێژووی یه‌کێتی و به‌تایبه‌ت پاش ڕۆژگاری ڕاپه‌ڕین و ده‌سه‌ڵاتپه‌یداکردن، ئاسه‌واری نه‌گێتیڤی له‌ جه‌سته‌ی یه‌کێتیدا جێ هێشتووه‌ و بازنه‌ی کێشه‌کانی فراوانتر کردووه‌. من، که‌ یه‌کێتی نه‌بم، ڕه‌نگه‌ مافی ئه‌وه‌ به‌ خۆم نه‌ده‌م، له‌ وردینه‌ی ئه‌م نه‌گێتیڤکارییه‌ی سیاسه‌ت و بینینی تاڵه‌بانی بتۆژمه‌وه‌ و تاوتوێیان بکه‌م.



138

**- لەناو کارنامەی ئەمەریکادا کورد چ پێگەیەکی هەیە؟**

- ئێمە بۆ ئەوەی لە پێگەی کورد، لە کارنامەی ئەمەریکادا لە ئێراق و ڕۆژهەڵاتدا تێبگەین، دەبێت هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ ئەو دەرئەنجامانە بکەین کە لە سیاسەت و مامەڵەی سەرکردایێتیی سیاسیی کورد لە گەڵ ئاگێندای ئەمەریکا کردوونی، کەوتوونەتەوە.

هەموو ئەو دەرکەوت و ڕووداوە سیاسییانەی پاش ئازادکردنی ئێراق و هاوکاریکردنی کورد لەو پرۆسەی ئازادکردنەدا لەگەڵ ئەمەریکادا کە لە کوردستان و ئێراقدا دەرکەوتوون، تا ئەو جێگایەی کە بە کورد و دۆزەکەیەوە پەیوەستن، ئەوەمان پێ دەڵێن: کورد پێگەیەکی ناوازە و تایبەتی لە کارنامەی ئەمەریکادا نییە. ئەوا پینج ساڵ بەسەر دەسەڵاتداریێتیی ئەمەریکادا لە ئیراق و کوردستاندا تێدەپەڕێت، جاریێ دۆزی سیاسیی کورد، نەک بە هەوارێکی دڵخواز نەگەیشتووە بگرە لەگەڵ زەمەندا کێشە و گرفتەکان گەورەتر دەبن، ئەم فیدرالیزمەی کورد گۆرانی بە باڵایدا هەڵدەڵێت، هێشتا سنووری ئۆتۆنۆمییەکی سەدامی نەبەزاندووە.

هەتا ئێستا ئەمەریکا، کوردستان وەکو بەشێک لە ئێراق و کورد وەکو بەشێک لە گەلەکەی سەیر دەکات. ئێمە دەبینین، لە کێشەکانی دەستوور، کەرکووک، ئابووری و نەوت، سنوور و زۆر مەسەلەی دیکەدا کە بۆ کورد گرنگن، ئەمەریکا هەمیشە پاڵەپەستۆی بۆ سەر سەرکردایێتیی سیاسیی کورد زیاترە بووە، نەک بۆ سەر حکومەتی ناوەند.

سیاسەت، بەرژەوەندیی هەمیشەییە. بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ دەوڵەتێکی ئێراقیی سەنترالی بەهێزدایە، نەک لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی لاواز و گەندەڵدا!

ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا و پێگەی کورد لە کارنامەی ئەودا، تا ئێستا وەها دێتە پێشچاو. لە زەمەنی ئاییندەدا، ئەم سیاسەتە چۆن دەبێت و ستراتیژی ئەمەریکا بۆ دە ساڵی دیکە لە نێوچەکەدا چی دەبێت، بۆ من ناخوێندریتەوە!



139

**– وا هەست دەکەیت کورد لە دۆستایەتیی ئەمەریکا کەڵک وەر دەگرێ یان ئەم دۆستایەتییە کاتییە؟**

– درووستە کورد لە دۆستایتیی ئەمەریکا زەرەری نەکردووە، بەڵام بە پێی قەوارە و سەنگی کورد لە بەشداریکردنی لە ئازادیی ئیراق و هەوڵی فەرهادئاسای بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی داڕووخاوی ئیراق بە قازانجی ئەمەریکا، کورد قازانجێکی شایستەی نەکردووە. کورد، دەیتوانی کەڵک لە هاتنی ئەمەریکا وەربگرێت و خواستەکانی خۆی لە سایەی ئەم داگیرکارییەی ئەمەریکادا جێبەجێ بکات، بەڵام وەک هەمیشە، کورد دۆڕاوی سیاسەت و لایەنەکانی دیکەی ئێراق براوە بوون!

ئەم دۆستایێتییە، ئەگەر لەسەر ئەم هێڵ و ڕێچکەیە بڕوات، دەشێت درێژخایەن بێت. کورد هەموو شتێکی بە ئەمەریکا داوە و ئەمەریکا هیچی ئەوتۆی بۆ کورد نەکردووە. دۆستایێتییەکی ئاوەها بۆ دەبێ کورتمەودا بێت؟

140

## (ئەزموون و یاد) و شتی دیکەش

سازدانی خەبات نەوزاد

**- لە پاش تەواوکردنی "ئەزموون و یاد" و بەر لە خستنەبازاڕی، ڕێگرییەکی زۆری بۆ کرا...**

- هەوڵدان بۆ ڕێگرتن  لە چاپ و بڵاوکردنەوەی "ئەزموون و یاد"، هەوڵێکی نەزۆک بوو. لە دنیای یەکگوندیی ئەمڕۆدا و لە سایەی پێشکەوتنی لەڕادەبەدەر و بەجیهانیبوونی تەکنیکی میدیا و ڕاگەیاندندا، تەنیا ئەقڵە نەخوێندەوارەکانی وڵاتی ئێمە، بیر لە پرۆسەی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی دەربڕین و چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەنەوە. من، لە کورتەوتارێکدا کە ئەوکات لە ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"دا و هەمانکاتیش لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوم کردەوە، باسم لەوە کردووە کە لە کوردستاندا، جارێ یاسایەکی تایبەت بە ئازادیی کاری نووسین و بڵاوکردنەوە نییە، ئەویشی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، ناگاتە قولەپێی یاسای هیچ وڵاتێکی مۆدرن و دیموکرات. لە کوردستاندا، هێشتا دەیان کاری سانسۆر و دژەئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە، لەژێر پاساوی بێتامی "پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتی"دا، دژ بە نووسەران و ڕۆشنبیران ئەنجام دەدەرێن و سووکایەتییان پێ دەکرێن.

خودی "ژمارەی سپاردن" و هەڵسەنگاندن، خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران و ڕۆشنبیران، لەلایەن دەسگای تایبەتەوە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، جگە لە سانسۆرێکی ئاشکرا، هیچی دیکە نییە. ژمارەی سپاردن، لە وڵاتانی دیموکراتدا، تەنیا بە تەلەفوون وەردەگیرێت و هیچکەس و دەسگایەک، پێشوەخت مافی ئەوەیان نییە داوای بینینی بەرهەمی چ نووسەرێک بکەن.

141

**- ئەگەر لە خودی نووسەری ئەزموون و یاد بپرسین، پێناسەی "ئەزموون و یاد" بکات، چۆن دەیکات؟**

__ئەزموون و یاد، بەوشەنەخشاندن و زیندووکردنەوەی ئەو وێنانەی سەردەمێکی ژیانی منن کە لە سەختترین **رۆژ**گاری خەباتی شاخ و تێکۆشانی سیاسیدا، لە هزرمدا نەخشاون و زەمەن تۆزی لەسەر خستوون.

ئەزموون و یاد، لە مەودای دووردا، وێنەگرتنەوەی ژیان و ئازارەکانی تاکی کوردی لە دۆزەخی جەنگ هاوێژراوە و جەخت لەسەر دووبارەخولقاندنەوەی ژان و دڵەڕاوکێکانی کۆمەڵێک مرۆڤ دەکات کە هەلومەرجی نائاسایی و زوڵم و ستەمی بەعس، لە سۆنگەی کوردبوونیاندا، دەیخستنە دەرەوەی زەمەن و لە شوێندا گۆڕەوشاری ڕۆح و جەستەی دەدان.

چاوەدووربینەکانی کامێرای "ئەزموون و یاد"، زیاتر لەسەر ئازار، دڵەڕاوکێ، خەم و پەژارە و چرکە دەروونییە ئازاراوییەکانی ئینسانی کورد "پێشمەرگە، سیڤیل"، هەڵوەستە دەکەن و هەوڵ دەدەن، وردینەی بارە ناهەموارەکانی ناخی ئینسانەکان وێنە بگرن کە جەنگ بەرهەمی هێنابوون. من، بە مەبەست و لە ئاگاییدا، لەسەر تراژیدییاکانی شەڕی نێوخۆ ورد دەبمەوە و زەق و زۆپیان دەکەمەوە. من، کە لە بەشێکی زۆری ئەو شەڕانەدا بەشدارییم کردووە، ئێستاش، پاش بیست و سێ ساڵان، لە ئاگایی و نائاگاییمدا، ئازارم دەدەن و لە ناخەوە دەمسووتێنن! شەڕی نێوخۆ و کەلتووری یەکترکوشتن، فاکتەری کاریگەری خولقاندنی ئەم بارە شێواوەن کە کوردی تێدا دەژی. وێنەگرتنی شەپۆلەکانی رووباری لە خوێن سەررڕێژی شەڕی دەسەڵات، لە نائامادەیی دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی کوردیدا و نیشاندانیان بە نەوەکانی ئێستا و ئاییندە، بە ئەرکێکی گرنگی پرۆسەی "نووسینی سیاسی" دەزانم. "ئەزموون و یاد"، لە زۆر شوێندا و تا ئەو جێگایەی بۆی مەیسەر بوو‌بێت، بە زمانی شیعر و ستاییلی ڕۆمان، بە قەولی ڕێبین هەردی، "پرسەنامەیەکی خەمناکە و بە گیانێکی مرۆییانە"، مێژوویەک دەگیرێتەوە، کە هەموومان خولقێنەری بووین.

142

**- له سەرەتای "ئەزموون و یاد"دا ئەوە باس دەکەیت کە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی تۆ و یەکەم فیشەک کە تەقاندووتە بە ڕووی برا کوردەکەتدا بووە...**

- بەرپرسیارێتیی نووسین و لێتوێژین، وام لێ دەخوازێت، بە ئەقڵ و لۆژیک و ئەندێشەی ئەو سەردەمە بیر بکەمەوە و بەرسف بدەم. ئەوسەردەم، من گەنجێکی خوێنگەرمی بێئەزمونی مێشک بە گیاکەڵەی ئایدۆلۆگی مارکسیزمی سەقەت وەرگیراو، شەتەکدراو بووم. تێگەیشتنەکانی من بۆ شۆڕش و هێزە بنچینەیەیی و بزووێنەرەکانی، شەڕی نێوان چینەکان (*کرێکاران و بورژوا یاخود چەپەکان و هێزە کۆنپارێزەکان*)، کارێکی ئاسایی و سادە بوو کە دەشیا ڕوو بدات. هەستی من، هەستی هەر کەسێکی دەمارگیر بوو کە یەکەمجار لە شەڕ دەکەوێت، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە لایەنی بەرانبەر کوردە یاخود نەتەوەیەکی ناکورد. لەو بارودۆخەدا کە ئایدۆلۆگیای بە مەزهەبکراو، دەبێتە داینەمۆی ڕۆحی و فیزیکیی ئینسانەکان، ئیدی ناسنامەی ئینسانە دژەکانی تۆ، هیچ ڕۆڵێکی نییە. من لە "ئەزموون و یاد"دا، بە چڕی جەختم لەسەر وەگەڕخستنی ماکینەی ئایدۆلۆژیا (*بە بارە سەقەتەکەیدا*)، لە هزری تاکی کورددا کردووە. دیارە زەمەنێکی درێژ و زەریایەیەک خوێنی گەرەک بوو، تا ئێمە لە نادرووستیی بۆچوون و تیورەکانمان بگەین. کوردکوشتن، تەمەنێکی درێژ و دیاری لە مێژووی ئێمەدا هەیە. ئێمە، ئەو منداڵە بێگوناهانە بووین کە باوکە زاڵم و تاوانبارەکان، بۆ مەرام و مەبەستی خۆیان، ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی کوردکوشتنیان دەکردین و بەکوشتیان دەدایین. ئەوان، ئێمەیان ڕەوانەی دۆزەخ دەکرد و هەرکاتیش پێویستیان بایە، پێکی ئاشتییان، لە چاوی خوێنە ڕژاوەکانی ئێمە، نۆش دەکرد!



143

**- ئەگەر بتزانیبا وەهایە، ئایا ئامادە دەبوویت ڕۆژێک شۆڕش بۆ کورد بکەیت؟**

- من ناتوانم بە چەمک و تێگەیشتنی ئێستامەوە بۆ شۆڕش، بیر لە سەرەتاکانی ئەوێ ڕۆژێی شۆڕش یان ئەوەی بە ناهەق پێی دەگوترێ "شۆڕش" بکەمەوە و بڵێم، وەهام دەکرد یاخود نەمدەکرد! مێژوو ئەوە نییە کە بە خواست و حەزی ئێمە دەبێت ڕوو بدات، بەڵکە ئەوەیە کە ڕووی داوە!

**- بەردەوام گەنج بەوە دەمکوت دەکرێت کە......**

- شۆڕش، خەبات و قوربانیدان، شتگەلێک نین کەسێک یان کەسانێک شانازییان پێوە بکەن. کەسانێک کە بە ویست و خواستی خۆیان چوونەتە شاخ و پێشمەرگەیتییان کردووە، کەسێک داوای لە ئەوان نەکردووە و مافی ئەوەشیان نییە لاف لێ بدەن و ناز بە سەر کەسدا بکەن. شۆڕش لە چەمکە گشتییەکەیدا، دەبێت پرۆسەیەک بێت، بۆ گۆڕانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا و مۆدێرنیزەکردنی لە کایە جیاوازەکاندا، ئەمەش بە بێ خولقاندنی زەمینەیەکی کۆمەڵایتی و فەرهەنگیی لەبار بۆ گەنج، دەبێتە شتێکی بێمانا و ورێنەی دەسەڵات، لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییانەی کە شۆرش وەکو موژدەیەکی پێشوەخت بە خەڵکی دابوون، ئەنجامیش لە هەموو نێوەڕۆکێک بەتاڵ کرایەوە. دڵنیام کە ئاسوودەترین و تەندرووسترین نەوەی میللەتی ئێمە، ئەو نەوەیەیە کە جەنگ و بەعس و خەباتی شاخی نەناسیون.

**- ڕەخنەیەک کە لە "ئەزموون و یاد" بگیرێت، ئەوە کە زۆر گرنگیی بە ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و کورد ئەدات.....**

- من لە " ئەزموون و یاد"دا، هەرچییم نووسیون و هەر چییەکم وێنە گرتوون، بە ئاگاییەوە کردوومن و هەوڵم داوە، ئەو کارانە بکەم و ئەو گێڕانەوانە بگێڕمەوە کە کەسانی دیکە لە من باشتری دەزانن و لە بەر هەر هۆیەک بێت، پرکێشیی



144

گێڕانەوەیان ناکەن. هیچ گێڕانەوەیەک، هێندەی " ئەزموون و یاد"، باسی لە فیکری بەعس و زوڵم و ستەمی بەعس، دەرهەق بە ئینسانی کورد و وڵاتەکەی نەکردووە. " ئەزموون و یاد"، بە گشتی، باس لە شەڕ و پێکدادان ناکات و ئەمەش بە ئەرکی خۆی نازانێت، کەسانێک هەن ئەو کارە بکەن. گرنگیدان بە ڕووداوەکانی شەڕی براکانیش، هەوڵدانێکە بۆ بەئەرکیڤکردنی ئەو ئازارانەی ئەقڵی سیاسیی کورد، بۆ تاکی کوردی بەرهەم هێناون. ئەمە، دەرکەکردنەوەیە لەسەر گڕکانی دۆزەخێک کە کورد بۆ کوردی تاو دابوو. شەڕی ناوخۆ، جۆرێک بوو لە ئەنفالی خۆکرد و ناکرێت بە ئاسانی وێنەکانی بپێچینەوە و لە یادەوەریماندا بیانخەوێنین.

**- ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆزەری مۆدیل کۆنی شەقوشڕ...**

- وەک خۆت دەڵێی نوقڵانەکەیان کتومت بە ڕاست گەڕا و بە زیادیشەوە هاتە دی. درووشم و بانگەشەکانی "شۆڕش"، شتێکیان پێ گوتین و ئەنجامیش لە پراکتیکدا شتێکی دیکەی لێ کەوتەوە. سەرکردایەتیی شۆڕشی "نوێی" کورد، نەک هەر بێوەفا، بگرە لەئاست مژدەکانی خۆیدا و لە بەرانبەر ئەو هەمووماڵوێرانییەی دووچاری کورد هات، بە جۆرێک، ناپاکیش دەرچوو.

بڵێی ئەمە خەسڵەتی هەموو شۆڕشێکی چەکداری بێت و ئێمە پێشتر درکمان نەکردبێت؟! من پێم وایە، ئەم بارە ناهەموارەی کۆمەڵگەی کورد، پاش شکستی ڕاپەڕین تێی کەوتووە، سەروکاری لەگەڵ بونیادی ئەقڵی سیاسی و فەرهەنگ و ستراکتۆرکتۆری حیزبی سیاسیی کوردیدا هەیە. ئەم دیاردە زێدەگرنگ و بەرچاوە، دەشێت مایەی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی گەلەک وردتر بێت و لێرەدا بواری ڕیشاژۆکردنی نییە. من، زۆر ئاسوودەم و ڕۆحم هەمیشە ئارام و داساکاوە کە بێ بەرانبەر و پاداشت، ساڵانێک لە تەمەنی گەنجیی خۆمم بە میللەتەکەم بەخشیوە، خاوەنی کۆشک و ڤیللا نیم، لە سەرئێشەی حیزبان و گلە و گازندەی خەڵکیش بەدوورم.



145

**- دەوترێت "ئەزموون و یاد" هەندێک شتی لە بیر کردووە و هەندەک ڕووداوی تۆمار نەکردووە...**

- هەر نووسەرێک، چەند بیرتیژ و لێهاتوو بێت، لە توانایدا نییە بێ هیچ یاداشتێکی پێشوەخت نووسراو و سەرچاوەیەک، وردینەی ئەو ڕووداوانەی لە شاخ ڕوویان دا، بنووسێتەوە و شرۆڤەیان بکات. هەر ڕێژیسیۆرێکی سینەماییش، هەرچەند کارامە و لێزان بێت، ناتوانێت سەرپاکی ئەو وێنانە تۆمار بکاتەوە کە لە ماوەی 25 تا 30 ساڵدا، لە کۆمەڵگە و وڵاتی ئێمەدا، ئێمە و بەعس نەخشاندمانن. منیش مرۆڤێکی ئاساییم و زۆرجاران هزر و بیرکردنەوەم بە هانامەوە نەهاتوون، لە گوازتنەوەی زۆر وێنەدا خیانەتیان لێ کردووم. من دەمەوێت تەنیا جەخت لەسەر یەک شت بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە لە بەر خاتری هیچ کەسێک و هیچ شتێک، خۆم لە گێرانەوەیەی وێنەیەک نەپاراستووە و بە مەبەست هیچم بە ژێر لێوی قەڵەمەوە نەکردووە.
لە پێشەکیی " ئەزموون و یاد"دا نووسییومە و لێرەشدا دووپاتی دەکەمەوە کە ناوی زۆر کەسم لە یاد کردوون، ڕۆڵی زۆر تێکۆشەرم وەکو خۆیان نەنرخاندوون... تکا لەو خۆشەویستانە دەکەم، هاوکاریم بکەن، هەموو ئەو زانیارییانەم بۆ بنێرن کە من لە یادم کردوون، تا وەکو پاشکۆی بەرگی دووەم، بڵاویان بکەمەوە.

**- ئەوی کەوتە بەردەستی خوێنەران بەشی یەکەمی "ئەزموون و یادە" و خودی ئەزموون و یاد چەند بەشە و بەشی دووەمی لە چ قۆناغێکدایە؟**

- بە پێی پلانی من، ئەزموون و یاد، لە دوو بەرگدا تەواو دەبێت. بەرگی دووەم، ئێستا کاری لەسەر دەکەم و ئەگەر سەرقاڵیی ژیان مەودام بدا، لە چەند مانگێکدا تەواو دەبێت.



146

**- لە بەشی یەکەمدا، نەکەوتیتە باسی درووستبونی ئاڵای شۆڕش...**

- زەرورەتی دروستبوونی "ئاڵای شۆڕش"، خودی ئەو ناکۆکیی و ململانێیەی نێو دەروونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە خەسڵەتەکانی خەباتی شاخ و ئەو فەزا سیاسییە بە زەبر لێوانلێوەی ئەوێ ڕۆژێ، بواری بەردەوامبوونی ئاشتییانەی پێ نەدان، مەودای پێکەوەژیانی تەندرووستیان بۆ نەڕەخساندن، ئەنجام بە بنبەستێک گەیشتن کە جیابوونەوەیەکی نەخوازراویان بە سەردا سەپاندین. درووستبوونی ئاڵای شۆڕش، زەروورەت نەبوو، بەڵام شێوازی بەڕێوەبردنی ململانێکان و چۆنییەتی مامەڵەکردنی خاوەنبڕیارەکان لەگەڵ کێشەکاندا، کردیانە ناچاری.

**- ئایا فیکری عێراقچییەتی کوردستانچییەتی...**

- من، دوو زاراوەی عێراقیبوون و کوردستانیبوونم لە عێراقچێتی و کوردستانچێتی پێ باشترن. ئەو کێشە و ملاملانێیەی نێو دەروونی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە لە نێوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا قووڵکرانەوە و بە بنبەست و دووڕێیانی لێکدابڕان گەیەنران، هێندەی پەیوەندییان بە فیکر و تێڕوانینە جیاوازەکانەوە بۆ بینینی شۆڕش و سیاسەت و پەیوەندییە ناوەکییەکانی ڕێکخراوەیی و فەزای دیموکراسی نێو خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبوو، کەمتر سەروکاریان لە گەڵ فیکری عێراقیبوون و کوردستانیبووندا هەبوو. لەو ڕۆژگارەدا، هیچ لایەک لە نێو کۆمەڵەدا، فیکری ئێراقیبوونی نەبوو. ئەمە کێشەیەک بوو، بە ئانقەست خولقێنرابوو و پف درابوو. ئێمە پێمان وابوو، کۆمەڵە تەنیا دەتوانێت پارتی ڕەنجدەرانی کوردستانی ئێراق بێت، باسکردن لە پارتی سەرتاسەریی کوردستان، لە لۆژیک و واقیعی سیاسییەوە دوورە، ئەمە جگە لە موزایەدە و بە لاڕێدابردنی ململانێکان، شتێکی دیکە نەبوو.



147

ئێمە لەو قۆناغەدا، وای بۆ دەچووین کە کێشەی کورد لە کوردستانی ئێراقدا، لە چوارچێوەی ئێراقێکی دیموکراتدا چارەسەر دەکرێت. ئەو زەمانە، ئاسۆیەک بۆ ڕامالّینی دەسەلاّتی بەعس لە کوردستاندا نەبوو، پێمان  وا بوو، کورد بە تەنیا، ناتوانێت بەعس لە کوردستاندا دەر بکات و دەسەلاّتی خۆی دابمەزرێنێت، بەلّکە تەنها ڕێگا، هاوکاریکردنی هێزە چەپ و دیموکراتەکانی ئێراقە، بۆ ڕوخاندنی دەولّەتی بەعس و دامەزراندنی دەولّەتێکی دیموکراتیی شۆڕشگێر کە لە وێدا کورد بە مافی چارەنووسی خۆی بگات، بە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەولّەتی سەربەخۆشەوە. ئەمە ئێراقیبوون نییە. ئەمە شێوازێکە لە بیرکردنەوە و بەرنامەی سیاسیی گرووپێک و مافی ڕەوای خۆشیان بوو وەها بیر بکەنەوە. بەداخەوە، پرۆژەی کوردستانیبون ، نەک لە شاخەوە و لەو هەلومەرجە سەختەی ئەوێ ڕۆژێدا، بگرە پاش بیست سالاّن و لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازتردا، لە ڕوخاندنی دەولّەتی بەعسدا، بە کردەوە شکستی هێنا. ئەو سەرکردە و کادرانەی کۆمەلّە کە ئالاّهەلّگرانی کوردساتنیبوون  و دەولّەتی کوردی بوون، ساتێ زەمینەکە سازا و ڕۆژگاری ڕەخساو هاتە پێشێ، لە بەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان، لە عەرەبان عەرەبتر دەرچوون، کوردستانی دەسالاّن لە ئێراق دابڕاویان بە ئێراقەوە گرێدایەوە.

ئێستا، ئیدی زەمەن شایەتیی ئەوە دەدات کە کێشەکانی شاخ، کێشەی ئێراق و کوردستان نەبوون. کۆمەلّە، وەک هەر ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی،  مێژووەکەی پڕ بوو لە ناکۆکی فیکری و سیاسی و لە هەلومەرجێکدا، لە ئەنجامی باش ئیدارەنەکردنی ململانێکان و نەبینینەوەی ڕێگەچارەی درووست بۆ بەلاداخستنیان، بە ناچاری جیابوونەوە و دووکەرتبوونیان سەپاند. من وەکو کەسێک، هەمیشە لە دوخە تایبەتەکان و واقیعە گۆڕاوەکاندا، دید و بۆچۆنی خۆم درووست دەکەم و پێم وایە، هەر لە پاش ڕاپەڕینەوە، زەمینەیەکی ناوەکی و نێوچەیی و نێودەولّەتی بۆ پراکتیزەکردنی ڕێبازی کوردستانیبوون و کارکردن بۆ دامەزراندنی دەولّەتی کوردی ڕەخسا، بەلاّم سەرانی کورد لە ئاست ئەم ئەرکەدا، خەمسارد و دەستوپێسپی بوون، بێ مسەوگەرکردنی دەستخستنەوەی سەروەرییە لەدەستچووە نەتەوەییەکان،

148

خەڵکیان بۆ سندووقی دەنگدانی بنیاتنانەوەیەی ئێراق ڕاپێچ کرد کە کەس نازانێت پاشەڕۆژەکەی چ دەبێت و بە کوێ دەگات!

ئێستا، ئیدی لەم هەلومەرج و ڕۆژگارەدا، ئێراقیبوون و ئەو ئاگێندا سیاسییەی کورد بۆ ئەو پانتاییە تاریکە دەئاژووێ، زرِدارێکە و بەرهەمێکی خوازراوی، بۆ کورد لێ ناکەوێتەوە.

**- بە بڕوای تۆ ئەگەر ئاڵای شۆڕش بمابایە، چ خزمەتێکی بە کورد دەبەخشی؟**

- ڕەگەز و کەرەسەکانی ئاڵای شۆڕش، لەگەڵ خۆیاندا، هۆکارەکانی نەمانی "ئاڵا"یان هەڵگرتبوو. ئاڵا، بە پێی ئەو خەسڵەتە فیکرییە ناچوونیەک و ئەو دیدە نارِۆشنەی کە بۆ ئایندە و چارەنووسی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەبوو، نەیدەتوانی درێژە بە ژیانی ڕێکخراوەیی خۆی بدات. ڕەنگە ئەمەش بۆچوونێکی ڕەها و گشتبرِ نەبێت. دەشێ کەسانی دیکە بە جۆرێکی دیکە بڵێن: پاشی ڕاپەڕین، زەوینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردن و خورتبوونی بزاڤی چەپ لە کوردستاندا خولقابوو. ئاڵا، دەیتوانی لەو دۆخ و هەلومەجەدا ڕۆڵێکی کاریگەر، لە ژیانی فیکری و سیاسیی بزووتنەوەی چەپی کوردستاندا بگێرێت.

من، هەر پاشی ڕاپەڕین بە ساڵێک، دەستبەرداری ئاڵا و هەموو پێبەستێکی حیزبایەتی بووم و لە شێوازی تەقلیدیی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی کوردی ناهومێد کەوتم، بەڵام ئەو سەرکردانەی کە ئاڵایان بەڕێوە دەبرد، دەیانتوانی شێلگێرتر و بەرچاوڕوونتر بن، پلان و ئاگێندایەکی گونجاو لەگەڵ دۆخی پاش ڕاپەڕین، بۆ ئاڵا دابرِێژن و پراکتیزەیان بکەن. ئاڵا، لە بری تێکڵاوبوونی لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان و پاشان گەڕانەوەی بۆ نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەکرا کار بۆ خورتکردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا بکات. ڕەنگە تەنیا خزمەتێک کە "ئاڵا" بیتوانیبا بە بزووتنەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بگەیەنێت،



149

ئەوە بوو کە هەوڵ بدات بۆ خولقاندنی هێزی سێیەم لە نێوان یەکێتی و پارتیدا، ئەمیش لە فۆرمی کوالیسیۆنێکی بەهێزی نێوان ئەو حیزبانەی کە ئێستا نە دەسەڵاتدارن و نە ئۆپۆزیسیۆن!

**- یەکێتی، پاش درووستبوونی ئاڵا چ هەڵویستێکی نواند؟**

- ئاڵا، لە سەرەتای درووستبوونیدا و هەتا کاتێکێش کە بە ئاشکرا، لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ مامجەلال و مەکتەبی سیاسیی ئەوکاتی یەکێتیدا، بوونی خۆی ڕاگەیاند، جگە لە گرووپێکی فیکری و سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران، شتێکی دیکە نەبوو. ئەم گرووپە نە ناوی "ئاڵای شۆڕش" بوو و نە جارێ هیچ ناوێکی دیکەی هەبوو. بە پێی ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ مامجەلال و ناوەندی کۆمەڵە، بڕیار بوو ئێمە، لە ماوەی مانگێکدا کۆنفرانسێک ببەستین و ناوێک بۆ خۆمان دابنێین، هاوکاری *(کۆمەڵە، بزووتنەوە و خەتی گشتی)*، وەکو باڵی چوارەم لە ناو یەکێتیدا کار بکەین، یەکێتیی ڕیزەکان و چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە بپارێزین. ئاڵای شۆڕش، ناوی گۆڤارەکەی ئێمە بوو کە تەنیا یەک ژمارەی لێ چاپ کراو، ئیدی هێزی یەکێتی پەلاماری داین و دەستی بە سەر گۆڤار و چاپخانەکەدا گرت.

لۆژێکی خەباتی شاخ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئازادیی ڕێکخستن و کاری ڕاگەیاندنی بە ئێمە ڕەوا نەبینی. ئەوان پەیمانی خۆیان شکاند و پەلاماریان داین، ئێمەیان دەستگیر و زیندانی کرد.

ئەگەر کارەکان وەها پێش هاتبان کە ئێمە پلانرێژمان کردبوون، فەزای شەڕی نێوخۆ و کوردکوشتن تەسکتر دەبوویەوە. کاری سەرەکیی ئێمە، دژایەتیکردنی شەڕی نێوخۆ و هەوڵدان بوو، بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو دۆزەخەی هێزە چەکدارەکانی بزووتنەوەی کوردی تێ کەوتبوون. ئەگەر ئێمە بۆ بڵاوکراوە نهێنییەکانی ئەو گرووپەی کە پاشتر بە "ئاڵای شۆڕش" ناسرا، بگەڕێینەوە، درووستیی ئەم بۆچوونەمان پشتڕاست دەکەنەوە.

150

**- سەرکردەکانی "ئاڵا"، بەشی زۆریان گەڕانەوە ناو یەکێتی. خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟ پشکۆ نەجمەدین بۆ نەگەڕایەوە و تا ئێستا دوورە لە کاری حیزبایەتی؟**

- ئەم دیاردەیە، بە ڕەوشی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، لە مێژووی خۆیدا، نامۆ نییە. ئێمە چەندین نموونەی وەهامان، لە میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق و حیزبەکانی دیکەدا هەیە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، دەتوانین نموونەی وەها ببینین. من، بە گەیشتنم بە ئەورووپا، نەک هەر نەگەڕامەوە ناو یەکێتی، بگرە پێش گەڕانەوەی هاوڕێکانیشم، دەستبەرداری "ئاڵا" و هەر جۆرە پێبەستبوونێکی حیزبی و سیاسی بووم. من، پێم وابوو و ئێستاش هەر وای دەبینم کە فەزای ژیانی حیزبایەتی لە کوردستاندا، زۆر لەوە وێرانترە کە جێگای کەسێکی وەکو منی تێدا بێتەوە. چۆنییەتی درووستبوونی تەلاری ڕۆحیی من، ئەندێشە و فەزای ئیحساس و فەنتازیای من، بۆ کاری حیزبایەتیی دەست نادەن. ماڵەکانی نووسین و ئەدەب، بۆ من جوانترین و ئاسوودەترین ئەنوایەکن کە پشوویان تێدا بدەم و لە خۆم و لە دەروبەر ڕابمێنم. بیرکردنەوە و تێفکرین، لە ژیان و کۆمەڵگە و مەسەلەکانی دەروبەریان، لەم فەوزایەی سیاسەت و کۆمەڵگەی کوردیان تێ کەوتووە، لە دەرەوەی شوورەکانی حیزب، فەزایەکی تەندرووستتر و ئاوەڵاتری هەیە. ئێستا خەمی من، خەمی حیزب نییە، بەڵکە خەمی ئینسانەکانی ناوەوە و دەرەوەی حیزبە. ئێمە، هەموو ئینسانە گوناهەکانی نێو دۆزەخی حیزب و سیاسەتی کوردی! تەوەری بیرکردنەوە و خەمەکانی منن.

**- دەڵێن مەلابەختیار ساڵی 1981.....**

- من کێشەم لەگەڵ کەسەکان نییە. خەمی ئێمە، خەمی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنی کەسەکان نییە. پرۆسەی ڕەخنەسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێت خۆی بە بابەت و



151

کێشە لاوکییەکانەوە خەریک بکات. کێشەی ئێمە، لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا، کیشەی ئەقڵ و میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە. سەرکردە و کەسەکان لە مێژوودا، ڕۆڵی گرنگ بە هەردوو ئاراستەی چاک و خراپدا دەگێڕن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆئەقڵی کۆمەڵگایە کە دەتوانێت ڕۆڵی گردبڕ بۆ خولقاندنی هەر کەش و فەزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگێڕێت.

دەبێت ئێمە قسەمان لەسەر ڕۆڵی دووانەی دژبەری "مەعریفە و جەهل" بێت، لە بەرهەمهێنانی فۆڕم و نێوەڕۆکی سیستەمدا.

**- لە پاش پرۆسەی ئازادیی ئێراق، بابەتی فایلدارەکان...**

- ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم، لە ڕووداوگەلێک دەدوێت کە لە نێوانی ساڵانی شەستەکان و نێوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پیشوودا ڕوویان داوە. ئاساییە کە باسی فاییل و فاییلدارانی نەکردبێت. من لە شوێن و جێگای دیکەدا، لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی جددیم هەبووە. لە شاخیش، کەسانیک هەبوون کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەعسدا ئاشکرا دەبوو. ژمارەی سیخوڕانی بەعس لە ڕیزەکانی هێزی یەکێتیدا کەم بوون و ئەوکات هەر کەسێک ئەوەی لەسەر بسەلمێنرابا، ئیعدام دەکرا.

**- سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بە درێژایی تەمەنی خۆی دوو کۆنگرەی بەستووە...**

- ئەمە دیاردەیەکی تەندرووست و ئاسایی نییە. نەبەستنی کۆنگرە، ئاستی کێشە و گرفتەکانی یەکێتی، پتر هەڵدەکشێنێت و ململانێکانیان ئاڵۆزتر دەکات. شێوازی سیکتاریستی و گرووپچییێتیی نێو یەکێتی، لە هیی هیچ حیزبێکی دیکە ناچێت. ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی درووستبوون و ئەو ڕەوتە ئاڵۆزەوە بێت کە یەکێتیی پێدا تێپەڕیوە. من پێم وایە، هەروەک چۆن نەبەستنی کۆنگرە زیانی لە یەکێتیی



152

نیشتمانی داوە، بەستنی کۆنگرەش لە ڕۆژگاری ئێستادا، چارەسەری قەیرانەکانی پێ ناکرێت.

**- کشانەوەی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی، چ خوێندنەوەیەکی لای تۆ درووست کرد...؟**

- نەوشیروان مستەفا، وەکو کەسی دووەمی نێو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەرنامە و دید و تێروانینی تایبەتی خۆی لە هەمبەر بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب و ئەو بەشە حکومەتەی کە یەکێتی بەڕێوەی دەبات هەبووە، کاتێکیش ئاگێندا و کارنامەکانی لە سۆنگەی گۆڕان و لاسەنگیی هێزی گرووپە جیاکانی ناو یەکێتیدا، توشی ئاستەنگ دەبن و جێ ناکەون، واتە ساتێک نەوشیروان بەو قەناعەتە دەگات کە دەبێت ڕێگا و شێوازێکی دیکە، بۆ بردنەپیشەوەی بەرنامەکانی لە حیزب و حکومەتدا، ببینێتەوە، ڕێگەچارەی کشانەوە و دۆزینەوەی ئامراز و شێوازی دیکە، جیا لە شێوازە باوەکان هەڵدەبژێرێت. هەڵویستی نەوشیروان و دامەزراندنی "کۆمپانیای وشە"، وەکو دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن و سەنگەرێک بۆ بەرگری و بەردەوامبوونی ململانیی ناو یەکێتی، لە دەرەوە و ناوەوەی یەکێتیدا، بە گەورەترین و کاربڕترین ڕووداوی نێو مێژووی یەکێتی دەبینم. ئەم دیاردەیە، ڕەوشێکی سیاسی، ڕێکخراوەیی وەهای درووست کردوە، ئەگەر مەکتەبی سیاسی و سەرکردایێتیی یەکێتی، بە ئەقڵ و حیکمەتەوە، مامەڵەی لەتەکدا نەکەن، کارەسات بۆ یەکێتی دەخولقێنێت. ئەوەشمان بیر نەچێت، ئەم ڕووداوانە لە دۆخ و هەلومەرجێکدا دەردەکەون، کە یەکێتی خۆی لە کۆمەڵێک کیشەی سیاسیی نێوخۆ و دەرەوەی خۆیدا گینگڵ دەدات. نەوشیروان، نەک هەر دەستبەرداری یەکێتی نابێت، بگرە لە هەوڵی گێڕانەوەی یەکێتیدایە، بۆ ئەو حاڵەتەی کە خۆی دەیبینیت. کێشەی نەوشیروان، یاخود گرووپی نەوشیروان، خەریکە بازنەی کێشەکانی یەکێتی

153

دەبەزێنێت و لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، لە سۆنگەی ئەو درووشم و خواست و ئامانجانەی هەڵیگرتوون، فراوانتر دەبێت.

**- لە شاخەوە بۆ ئێستا چ خوێندنەوەیەکت بۆ نەوشیروان هەیە؟**

- من، نە پێم خۆشە و نە بە کاری خۆمیشی دەزانم، قسە لەسەر سەرکردە و کەسەکان بکەم. دیسانیش لە "ئەزموون و یاد"دا و لە "دیداری سکرتێرەکان"دا، هەڵەسەنگاندنی خۆمم بۆ کەسایێتیی نەوشیروان نووسیوە. لە نێوان شاخ و شاردا، مەودایەکی دوور هەیە، ئەزموونەکان زۆرتر و قووڵترن، نەوشیروان و هەر کەسی دیکەش، بەرهەم و بەرئەنجامی مومارەسەکردنی ئەزموونە جیاوازەکانی خۆیانن. ناتوانین "نەوشیروان"ی شار و "نەوشیروان"ی شاخ، بە هەمان دید ببینین.

**- بەستنی کۆنگرە و چارەسەی گرفتەکانی نێو یەکێتی...**

- گرفت و کێشەکان و ڕەوشی ململانێکان، سنوور و قەوارەی خۆیانیان بەزاندووە. کێشەکان لە دەورەی ڕێکخستن، فیکر و ئایدۆلۆژیا ناسورێنەوە و واوەتر چوونە. کوتلەکەن، وەکو فراکسیۆنی ئاسایی نین و زیاتر نێوەند و مەکۆی بەهێزی دەسەڵاتن، چ لە نیو حیزب و چ لەنێو حکومەتدا.

کۆنگرە، بێ تەوافق و ڕیککەوتنی پێشوەخت، گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات و پێم وانییە بە چارەسەرێکی یەکێتیخواز بگات.

هونەری ئیدارەکردنی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێو دەروونی حیزب و گرووپی سیاسی، زانستێکە، لە ناو یەکێتیدا کەمتر دەتوانن تێی بگەن و مومارەسەی بکەن. ئەم خراپ ئیدارەکردنەی پرۆسەی ململانێکانی نێو یەکێتی، ڕەوشەکەی بە جێگایەک گەیاندووە، کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.

154

**- هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردی ئێستا بە زۆری بنەماڵە لە پۆستە گرنگەکاندا دادەنێن...**

- حوکمی بنەماڵە و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و سەرمایەی دەوڵەت، لەلایەن بنەماڵە و مورید و مەنسوبانیەوە، نەریتێکی رۆژهەڵاتییانەیە و لە هەندێ وڵاتانی دیکەی دەرەوەی رۆژهەڵاتیشدا بوونی هەیە. لە نائامادەیی دەوڵەتی مۆدرن و حکومەتی دامودەسگایی و ئامادەیی زەوینەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی وێران و دواکەوتوودا، حیزبی خێڵەکان و سەرۆکی ئەو حیزبانەی کە زیاتر ستراکتۆری خێلیان هەیە تا حیزبی هاوچەرخ، جێگیربوونی ئەم شێوازەی حوکم و قۆرخکردنی دەسەڵات، لەلایەن سەرۆکی حیزب و بنەماڵەوە، ئاسانتر جێ دەکەوێت. پارتی و یەکیتی، لە ماوەی 17ساڵدا، گا بە جیا و گا پێکەوە، عاجباتیترین حکومەت لە کوردستاندا بەڕێوە دەبەن.

ئەم جۆرە شێوازەی حوکمکردن، هەر دەرفەتێکی گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی لەبار دەبات و ڕێگا بۆ دەرکەوتنی دکتاتۆرییەتی تاک یاخود جووتحیزبی خۆش دەکات.

**- کورد بە هەمیشەیی باجی دۆستایەتیی بێبنەمای لەگەڵ دەروبەردا داوە...؟**

- من، کۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زۆرم لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، (*بڕوانە کتێبی 'کورد لە دەروازەی هەزارەی سێدا/پشکۆنەجمەدین/ دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/2005 سلیمانی*). ناسینی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بۆ خۆی و بۆ ئەویدی، مەسەلەیەکی زێدەگرنگە بۆ دارشتنی هەر پلان و ئاگێندایەکی سیاسی. نەبوونی ستراتیژی سیاسیی ڕۆشن بۆ هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی، وا دەکات تاکتیک و پلانە سیاسییەکان، بەرهەمێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نەدەن و هەندێکجاریش بە زیان بشکێنەوە.



155

لەسەرەتای ڕووداودا، لە کێشمەکێشی داگیرکردنی ئێراق و ڕوخاندنی بەعسدا، کورد هێزێکی سیاسی و چەکداریی بەسەنگ و کوردستانیش شوێنیکی جیوپۆلیتیکی گرنگی بۆ ئەمەریکا هەبوو. کورد دەیتوانی، پلان و مەرجی ڕۆشن و دیاریکراوی خۆی هەبن.

بە داخەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، لەبەر زۆر هۆ کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، لە ئاست ئەو ئەرکە گرنگ و چارەنووسسازەدا نەبوو. دەرفەتەکان زۆر بوون بۆ ئەوەی کاروانی سیاسیی ئەم نەتەوەیە، هەر نەبێ لە باشووردا، بە هەوارێکی دڵخواز بگات. کورد یان درووستر سەرکردایەتیی کورد، زۆر شتی نەپێکاوە و لە زۆر مەسەلەی سیاسیدا کورتی هێناوە و فاشیل بووە.

**- لە پاش راپەڕین سیستەمی حوکمڕانیی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سیستەمی حوکمڕانیی کورد، پاش ڕاپەڕین و تا ئێستاش کە 17 ساڵان تێدەپەڕیت، سیستەمیکی حیزبۆکراتی بێسەروبەری دوور لە هەر ڕەگەز و خەسڵەتێکی حکومەتی مۆدرن و دامودەسگاییە. حکومەتی کوردستان، لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی کاری دامودەسگاکانی خۆیدا، جارێ هەر بە میزاجی سەرکردە و حیزب کار دەکات و مێژوویەکی پڕ لە ئیشکالاتی سیاسی و ئیداریی لە پشتە، لە گێژەنی ئەو فەوزایە دەربازی نەبووە کە تەمەنێکە تێیدا دەژی. لە کوردستاندا، جاری هەر "حوکم" دەکرێت و پرۆسەی "حکومەتکردن" ڕەنگێکی نییە. ئەزموونێک لە خۆبەڕێوەبردن کە ساڵانێکە بە شانوباڵیدا هەڵدەدەرێت، وەکو ئەزموونێکی دیموکراتیی بێوێنەی ڕۆژهەڵات پێناسە دەکرێت، جارێ خزمایەتی و نزیکییەکی لەگەڵ دەوڵەتی سیکۆلار و دیموکراتی دنیای مۆدرندا نییە.

چەقبەستنی بەندە لە ئەوروپا و نەگەڕانەوەم بۆ وڵاتێک کە هەمیشە لە مندا زیندووە، بەشێکی پەیوەندی بە سیستەم و شێوازی حوکمڕانیی کوردستانەوە هەیە و بەشەکەی دیکەی سەروکاری لەگەڵ فەزای ژیانی مندا هەیە لە ئەوروپا، کارکردنی

156

ئەم جۆرە سیستەم و کۆمەڵگایە لەسەر ناخ و مینتالیتێتی من. من کە ناتوانم بگەڕێمەوە وڵات و لەگەڵ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایێتییانەدا ئاشت ببمەوە کە تەمەنێکە لێیان دوورم، لێرەش هەمیشە لە دۆزەخی نامۆبووندا دەسووتێم.

بە کورتییەکەی، ئێمە، ئەو نەوە گوناحەین کە لەسەر پردی نامۆیی نێوان نیشتمان و تاراوگەدا هەڵواسراوین، هێدی هێدی دەپوکێینەوە! ئێمە، قوربانییەکانی دەسەڵاتی فاشیزمین لە ئێراقدا کە وڵاتی لێ کردین بە دۆزەخ و تاراوگەشی بۆ نەکردینە بەهەشت!

**– لە ئێستای حوکمڕانیی کوردیدا، پارتێک دەبینی پێی بوترێت پارتی ئۆپۆزیسیۆن؟**

– لە زۆر شوێندا و زۆرم لەسەر ئۆپۆزیسیۆن نووسیوە، قسە و باسم لەسەر کردووە. کوردستان، ڕەنگە تەنیا وڵاتێکی خۆ بەدیموکراتزان بێت کە لەوێدا ئۆپۆزیسیۆن بوونی نەبێت.

لە کوردستاندا، وا خەریکە گرووپی فشار درووست دەبێت، بەڵام حیزب و گرووپی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بوونیان نییە.

157

## پەیڤین بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی

ڕۆژنامەی هاوڵاتی 20\8\2008

**– ئەزموونی ئێستای کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن لە کاتێکدا حکومەت دەستی کورتە لە چارەسەری کێشەی گەندەڵی و هەژاری، لە پاڵ ئەمەشدا نارەزاییەکی فراوانی جەماوەریی لە چۆنییەتی ئەدای حکومڕانیدا هەیە، لەگەڵ مەرکەزیشدا نەتوانراوە چارەسەری کێشەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بکرێت؟**

– ئەزموونی حوکمڕانیی ئێستای کوردستان، ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی میللەتێکە لە مێژووی خۆیدا، وەها دەرفەتێکی بۆ ئەزموونکردنی حوکمڕانی دەست نەکەوتووە و ئەگەر زەمەنە کورتخایەنەکانی حوکمدارێتیی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستانی لێ وەدەر نێی، ئەوا سەرپاکی مێژووەکەی، مێژووی شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارانە. دیارە شەڕ و موقاوەمەتیش زەمینەی ئەزموونکردنی زەبر و خوێنڕشتن و داڕووخاندنن، نزیکایەتییەکیان لەگەڵ ئەزموونی بەڕێوەبردن و درووستکردندا نییە. ئەم ئەزموونە، پاش ئەوەی کە ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، لە پرۆسەی خولقاندنی سیستەمێکی تەبا و گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیدا شکستی خوارد، ئیدی ئەزموونی حوکمڕانیی دوو حیزبە لە کوردستاندا، کە ژینگەی درووستبوون و گەشەکردنیان لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی سیاسیی خۆیاندا، ژینگەیەکی ناتەندرووست و لێونلێو لە ئەزموونکردنی سیاسەتگەلێکی خاڵیی لە ئەقلانییەت و لۆژیکی سیاسەتی ستاندارد، ناهاوتا لەگەڵ نێوەڕۆک و ستراتیژی بزووتنەوەیەکی سیاسی، کە مێژوویەکە لە بازنەیەکی داخراودا دەبزوێت و دەریچەیەک بۆ دەربازبوون نابینێتەوە.



158

ئەو ڕەگەز و فاکتەرە فیکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی ئەم ئەزموونە دەبزوێنن، سەروکاریان لەگەڵ ستراکچەری حیزب و مێژووی درووستبوونی ئەقڵی سیاسیی کورد دا هەیە کە زەمەنێکە، لە ئەقڵ و ئاگێندای ئەم دوو حیزبەدا بەرجەستە بووە.

دوو حیزب، لە هەڤدەساڵدا، سەمەرەترین سیستەمی حوکمڕانی بەڕێوە دەبەن، ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حیزبیش نەیتوانیوە و  بە ئاسانیش ناکارێت، فۆرم و نێوەرۆکی نایاسایی و نامۆدرنی خۆی ببەزێنێت و لەسەر ئەو ڕەگەز و داروپردووە وێران و سەقەتەی تێگەیشتنی حیزب، بۆ هونەری حوکمڕانی و ئەزموونکردنی دەسەڵات، فۆرمێکی مۆدرن و گونجاو بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن بینێتەوە.

ئەم ئەزموونە، جاریَ هیچ نزیکایەتی و خزمایەتییەکی لەگەڵ پرۆسەی ئەزموونی دیموکراتی و بەڕێوەبردنی هاوچەرخدا نییە،  ساڵانێکە بە یەک نێوەڕۆک و لە فۆرمی جیاوازدا، لە بازنەیەکی تەسکی پڕ لە ئیشکالیەتەکانی دەروونی خۆیدا دەسووڕێتەوە.

ئەزموونێکی حوکمڕانی کە لەسەر میزاجی کەس و سەرکردەکان، ئاگێندا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی پراکتیزە دەکات و دامودەسگاکانی خوارەوەی حیزب و سەرکرەدی حیزب، دەبنە کوڕیژکە ئاقڵ و دەستەمۆکانی دیوەخانی بنەماڵە، لەوێدا، گەندەڵی و نابەرانبەریی ژیانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە خەسڵەت و سیمای دیاری  دەسەڵات و دەسگاکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی، لە سۆنگەی درکنەکردن و تێنەگەیشتنی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی نێوچەکە و ئاگێندا و پلانە سیاسییەکانی ئەمەریکا و خۆراوا، نەیتوانیوە لانی کەمی خواستە سیاسییەکانی کورد وە دەست بهێنێت، لە کایە جیاوازەکاندا، گەمە سیاسییەکان بباتەوە.



159

**- پەیوەندیی ئەمریکا و کیانەسیاسییەکانی ئێراق پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە و ئێستا باس لە ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئێراق و ئەمریکا دەکریت...؟**

- ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەمەریکا و ئێراق کە بوارەکانی ئاساییش، بەرگری، ئابووری و کەلتووری دەگرێتەوە، دەبێتە تاجی پرۆسەی داگیرکردنی ئێراق و بە دیکۆمێنتکردنی مەبەست و دەرئەنجامەکانی، وەک هەر ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێوان دەوڵەتان، جارێ شەفافییەتی تێدا نییە و وردینەی برگەکانی ئاشکرا نەکراون.

بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییە ئێراقییەکان، دژ بە ڕێککەوتننامەکەن و لە دیدی ئەوانەوە، ئەمە درێژەپێدانی پرۆسەی داگیرکردنەکەیە لە فۆرم و نێوەرۆکێکی نوێی پرۆتۆکۆلیدا.

لە دیدی کوردەوە، مانەوە و جێگیربوونی درێژەخایەنی ئەمەریکا، بە پێی ڕێککەوتننامەیەک کە خودی کوردەکان لە ڕێگای دەسەڵاتی ئێراقییەوە، لە گەڵاڵەکردنیدا بەشدارن، دەبێتە زەمانەتێک بۆ پاراستنی ڕەوشی هەنووکەیی و ئایندەی هەرێمی کوردستان، فەزایەکی سیاسیی و ئابووریی لەبارتر بۆ چارەنووسی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەخولقێنیت.

(درێژەی وەرامی منە.. با وەکو خۆی بمێنێتەوە!) داخۆ ئەوەی کە لە درێژماوەدا، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە قازانجی کورد دەشکێتەوە، لەسەر مامەڵەکردن و تێگەیشتنی هەردوو لایەنی ڕێککەوتنامەکە لەگەڵ شوێن و پێگەی کوردستان و گەلی کورد لە خودی ڕێککەوتنامەکەدا، وەستاوە. داخۆ لەوێدا، کوردستان تەنیا وەکو بەشێک لە ئێراق و گەلی کورد وەکو بەشێک لە گەلی ئێراق سەیر دەکرێن، یاخود جۆرێک لە خەسڵەت و پێگەی تایبەتیان پێ دەدرێن؟

بەخشینی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بە هەرێمی کوردستان و شوێن و پێگەی ئەم هەرێمە لە ڕێککەوتننامەکەدا، بەندن بە وردبینی و لێزانیی ئەو لێپرسراوە کوردانەی کە لە سەرۆکایێتیی ئێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراقدا،



160

ڕۆڵیان لە دارشتنی ڕێککەوتننامەکەدا هەیە. ئەمە و جەختکردنی سەرۆکایێتیی هەرێمی کوردستانیش لەسەر جێگیرکردن و جێکەوتنی ئەو تایبەتمەندییانە، بە بەرژەوەندیی ئایندەی سیاسیی کورد، دەشێت ڕۆڵی گرنگ و چارەنووسساز بگێڕن. من لەم مەسەلەیەدا ڕەشبینم و سیاسەت و کاری دیپلۆماتیکی کوردی، لەو ئاستەدا نابینم.

**- لاوان لە نێو ئەم ئیدارە کوردییەدا جێگایەکی نادیار و تا ڕادەیەک غائیبیان پێ دراوە و پەراوێزکراون. بە ڕای ئێوە لاوان چی بکەن یاخود چۆن دەکرێ دەوری لاوان لە نێو ئەم ئیدارەیەدا چاک بکرێت؟**

- کێشەی پەراوێزخستن و لەکەنارنان لە ئیدارەی کوردیدا، تەنها کێشەی لاوان نییە. کۆمەڵگەی کوردستان لە چوارچێوە گشتییەکەیدا کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراوە و لە تەنگژەیەکدا دەژی کە بەرەو وێرانبوونی دەئاژوێ. کۆمەڵگەیەکی دەیان ساڵ بەعسزەدەی لە جەنگ بەجێماو، لە پاش ڕاپەڕین و 17ساڵ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردی، نەک هەر جومگە لێکترازاوەکانی لێکهەڵنەپێکراونەتەوە و نەتوانراوە بخرێنە سەر ڕەوشی گەشەکردنی ئاسایی خۆیان، بگرە دنگە بنچینەییە کۆمەڵایێتی، فەرهەنگی و ئەخلاقییەکانی هەرەسیان هێناوە و کۆمەڵگەیان دووچاری قەیرانێکی قووڵ کردووە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، جگە لە توێژێکی دەسەڵاتداری مشەخۆر و توێژێکی خۆ بەپاشکۆی دەسەڵاتدا هەڵواسیوی دەوڵەمەندبوو، ئیدی سەرپاکی چین و توێژەکانی دیکە لە پەراوێز خراون و ڕۆڵێکی ئاکتیڤیان لە پرۆسە سیاسی، ئیداری و کۆمەڵایێتییەکاندا نییە.

تا ئەو جێگایەی قسەوباسمان لەسەر ڕۆڵی لاوان و ئاکتیڤکردنەوەی ڕۆڵی ئەم توێژە لەوزەلیوانلێو و داهێنەرە بێت، لە پرۆسەی گۆڕانکارییە فرەئاراستەکانی کۆمەڵگەدا، ئەرک و لێپرسراوێتی لە پلەی یەکەمدا، ڕووبەڕووی دەسەڵات و ئەو



161

دەسگا دەوڵەتییانە دەبێتەوە کە لە دانانی پلان و دارڕژتنی ئاگێندای تایبەت بە لاوان و خستنگەڕی ئەواندا بەرپرسیارن.

ئەمە دەشێت پلانیکی ورددارێژراوی درێژمەوەدای هەمەلایەنە بێت، لە فێرگە و خوێندنگەوە دەستپێ بکات و لە زانستگەکاندا بە ترۆپکی پڕبەرهەمی خۆی بگات. پلانێکی هەمەلایەنە و هەمەئاراستە، لە کۆڵان و گەڕەکەوە ڕەگ دابکوتێت و هەموو بازنە و قوژبنێکی کۆمەڵگە بتەنێت.

ئەمە ئەرکی دەسەڵات و دامەزراوەکانیەتی کە ئەو کەش و هەوا تەندرووست و ئەو بوار و زەمینە مادی و فەرهەنگییانە بۆ گەشەکردن و پێگەیاندن و ئاکتیڤکردنی لاوان لە هەموو کایەکاندا و بە هەموو ئاراستەکاندا برەخسێنن.

ئاشتکردنەوەی لاوان لەگەڵ کۆمەڵگە و گێڕانەوەی ئەوان بۆ چەق و نێوەندی پرۆسەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنها بە دامەزراندنی بنکە و دەزگای ڕۆشنبیری و مەڵبەندی چالاکییە بۆش و بێناوەڕۆکەکانی نێو حەساری حیزب و دەسەڵات بە ئەنجام ناگەن، کێشەکە گەلەک لەوە قووڵترە کە حیزب دەیبینێت و کاری تێدا دەکات.

گەنجی کورد، توێژیکی تا سەرئێسک بێهێوا و داڕووخاوە و ئەمەش هۆکاری زۆرن.

شکڵنەگرتنی دەسەڵات لە فۆرم و نێوەڕۆکی ئاسایی و تەندرووستدا، گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەو ڕووداوانەی لە 17ساڵی ڕابردوودا، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوویان دا، ئینتمای هاوڵاتیبوون و نەتەوەییبوونیان لای گەنجی کورد لاواز کردوون. گەنج کە لە ماف و پێداویستییەکانی ژیان بێبەری دەبێت، ئیدی هەست بە لێپرسراوێتی و جێبەجیکردنی ئەرکەکانی بەرانبەر بە کۆمەڵگە ناکات. دیاردەیەکی ڕێکەوت و لەخۆڕا نییە کە گەنجی کورد بە پۆل وڵات جێ دەهێڵن و لە هەندەران گرانترین کار، لە سەختترتن دۆخدا دەکەن، بەڵام دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی کارە خزمەتگوازرییەکان، ناچارە لە بەنگلادێش، سودان و پاکستانەوە هێزی کار بهێنێت.

162

گەنجی کورد، لە کوردستاندا، پێی کەمایەسییە، کاری پاککردنەوە و خزمەتگوزاری بکات، کەچی لە هەندەران، بە شەهادەی بەرزی کوردستانەوە، هەموو ئەو کارانە دەکات! بۆچی؟ چونکە لێرە، ئەو وەکو مرۆڤ، لەهەموو مافەکانی خۆی بەهرەمەندە و بە کردەوە هەست بە گەنجبوونی خۆی دەکات.

**- زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە، ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتی، لەسەر ئەوەی بەتەوافق حکومەت بکەن و پێکەوە بە لیستێک لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، هێندەی پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە کە هیچ لایەکیان نایانەوێت دۆڕاندن و ئۆپۆزیسیۆنبوون قەبووڵ بکەن، هێندە پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەوان باوەڕیان بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە هەبێت. ئێوە لەوە بارەوە چی دەڵێن؟**

- سرووشت و پێکهاتەی پارتی و یەکێتی، مێژووی ململانی و شەڕ و پێکدادانە خوێناوییەکانیان، تیڕاونیانیان بۆ دەسەڵات و گەمەی هەڵبژاردن و حوکمکردن و ئۆپۆزیسیۆنبوون، ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن کە ئەم دوو حیزبە تەنیا دەتوانن دەسەڵات دابەش بکەن یاخود لەسەر دەسەڵات شەڕ بکەن.

پارتی و یەکێتی، دەشێت بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، وەکو بەڕێوەبردنی کۆمپانیا ببینن و لە دیدی قازانج و بەرژەوەندییەوە لێی بڕوانن. هەژموون و کەڵەگایی حیزب بەسەر حکومەت و کۆمەڵگەدا، لە هەموو کایە و بوارەکاندا، جگە لەم بۆچوونە شتێکی دیکەمان پێ ناڵێت.

لە سایەی دەسەڵاتی نائاسایی و ناتەندرووستدا، قسەکردن لە ئۆپۆزیسیۆن بێمانایە و بەشێک لە ئەرکی گرنگی پارتی و یەکێتی، خەساندنی ئەو هێزانەیە کە لافی ئۆپۆزیسیۆنبوون لێ دەدەن.



163

**- لاتان وانییە کە ئێمە حکومەتێکی بێلیاقەت و ناشەفافمان هەیە و هەر ئەمەش وەهای کردووەوە کە دیاردەی گەندەڵی برەو بستێنی؟**

- کێشەی گەندەڵی، لە بێلیاقەتبوون و ناشەفافبوونی حکومەتدا نییە، بەڵکە لە خودی ئیشکالییەتی "حکومەت" دایە!

خودی بوون و نەبوونی "حکومەت" لەژێر گومان و پرسیاردایە. تۆ لە مانا و مەغزا و وجودی "حکومەت"دا، لە کێشەی گەندەڵی و سەرجەمی کێشەکانی دیکە بڕوانە.

داخۆ ئێمە حکومەتێکی هاووێنەی "حکومەت" لە کوردستاندا دەبینین؟

کێ دەتوانێت مەوداکانی نێوان سەرۆکی حیزب، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، مەکتەبی سیاسی حیزب و "پەرلەمان" ببینێت؟

دەسەڵاتی ئەمانە، لە کوێوە دەستپێ دەکەن و لە کوێدا کۆتاییان دێت؟

سەرمایەی ئەمانە، لە کوێ ڕا دێن و چۆن و بەرەوە کام لا دەچن؟

من پێم وایە، خەڵک دەبێت لە هەوڵی دامەزراندنی "حکەمەت"دا بێت، پاشتر لە دووی چارەسەری ئەو کێشانە بگەڕێت کە لە ئەنجامی بێلیاقەتبوون و ناشەفافبوونی حکومەت، دەکەونەوە.



164

## دیدارێکی تایبەت دەگەڵ پشکۆ نەجمەدین

*- تایبەت بۆ کلاوڕۆژنە*

سازدانی: غازی

### *پشکۆ نەجمەدین: کەسێکە جوانییەکانی تەمەنی لە دڵی بەردو تەلان و بەندەنی وڵاتدا ناشت.*

*دەمێکە دەمەوێت کەسانێک بدوێنم کە دەتوانن بیر بکەنەوەو خودانی بیروڕای تایبەتین ، بەتایبەیش لە **بواری** سایسی و ڕۆشنبیریدا. کاک پشکۆ نەجمەدین یەکێکە لەو کەسانەی خودانی پێگە و بوچوونی تایبەتین.. لەدەربڕیندا دەتوانن ئەو قسەیە بکەن کە پێوستە و کاتی گوتنیان هاتووە. کاک پشکۆ سیاسییەکی دابڕاو لە حیزبایەتی و کەسێکی نزیک لە نیشتیمانە، تێکۆشەرێکی خودان هەڵوێست و شاعیرێکی ناسک و خۆی گوتەنی کاردەکات کە خۆی بێت. ئەو عاشقە، عاشقی جوانییەکانی مرۆڤایەتی..زۆر بەکراوەیی هەندێک پرسیارمان ئاراستە کردو ئەویش لە نێو جەنجاڵی و سەرقاڵیی کار و خەبتینی ڕۆژانەی، هەندێک کاتی تایبەتی خۆی بۆ وەڵامەکانی ئێمە تەرخان کرد.. ئومێد دەکەین لێرە ئەو شتانە وەلامیان لا ڕۆشنتر کردبین کە پرسیارە گەلێکی گشتین.*

- **ئێستا سەروەرییەکانی حیزب لە سەروەرییەکانی نەتەوە گەورەترن .**
- **من کەسێکم، نیشتیمانی دۆڕاند و تاراوگەش وەکو ناپاکێک لێی دەڕوانێت .**
- **ئێمە بەرهەمهێنی وێنەکانی دیکتاتۆرین .**
- **ئێمە سیستەمێکی ئیداریی گەندەڵ و ئابوورییەکی ئیفلیج و داوەشاومان هەیە .**

165

165

**- پشکۆ نەجمەدین کێیە و هەوڵ دەدات کێ بێت؟**

- زۆرجاران ئەم پرسەم بە ڕوودا دراوە و وەرامێکی دڵخوازم شک نەبردووە. هەندەکجاران، خۆم بە کەسێکی هەڵواسراوی سەر پردی نێوان تاراوگە و نیشتمان وێنا دەکەم. کەسێک نە دەتوانێت بە تاراوگە ئاشنا ببێت و نە لەگەڵ نیشتمان ئاشت بێتەوە! کەسێک، نیشتمانی دۆڕاندووە و تاراوگەش، وەکو ناپاکێک لێی دەڕوانێت! کەسێک کە ساتە جوانەکانی تەمەنی خۆی لە دڵی بەرد و تەلان و بەندەنی وڵاتدا ناشتن و سیاسییە دڵبەردەکانی نیشتمانیش، بۆ هەتایە لە مەملەکەتی "پیرۆز"ی خۆیان وەدەریان نا. من کێم؟ نازانم! هەموو کەس دەبێت ئەم پرسیارە لە خۆی بکات و بە دوی شوناسی فرەڕەهەندی خۆیدا بگەڕێت. گەڕان لە دوی بەرسڤی ئەم پرسە سەخت و دژوارە و زۆرم ماندوو دەکات، دیسانیش کەڵەوەکێشێ دەکەم و کۆڵ نادەم. لە پرۆسەی پێچەڵپێچی ئەم گەڕانەدا، دەشێت مانایەک بۆ ژیان و بوونی خۆم ببینمەوە. بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت، هەمیشە لە دوی خۆم و "ئەوی دی" وێڵم، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام هەموو کەسەکان ببینم و من هەر خودی خۆم بم و لە هیچ کەسێکی دیکە نەچم.

من دەمەوێت هەردەم کەسێکی ئاشق بم، ئاشقی جوانییەکانی مرۆڤ، جوانییەکانی سرووشت، جوانییەکانی پەیڤ و نووسین، لە نووسیندا بەرز بفڕم و لە دنیای فەنتازیادا،ماڵێک بۆ لەبیرکردنی واقیعی پۆخڵ چێ بکەم، لەوێوە، دەریچەیەک لەسەر ئاییندەیەکی تیشکین والا بکەم .

**- سیاسەت و شیعر ئەو دوو ناکۆکەن کە گەلێک لە خوێندەوارانی کورد لەگەڵیاندا دەژین و کارلێکیشیان بەسەر یەکەوە هەیە، ئەم دووانە لای تۆ چۆن گەشەیان کردووە و لە کوێوە سەریان هەڵداوە؟**



166

- ئەگەر ڕێگام بدەیت، بازنەی پرسیارەکە کەمێک دەکشێنم و لە شیعر واوەتر دەچم... با بڵێین: سیاسەت و ئەدەب، لە کوێدا پێک دەگەن؟ داخۆ وێستگایەکیان بۆ پێگەیشتن هەیە، یاخود هەمیشە دژکارن و پێچەوانەی یەکدی ڕێ دەکەن؟ چلۆن بوو کە من لە نێوانی سیاسەت و ئەدەبدا، سیاسەتی "مولتەزیم"م پێچایەوە و پەنجەرەیەکم لە ماڵی ئەدەبدا کردەوە؟

سیاسەت، ئەگەرچی وەکو زانستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی پەیوەندییە فرەلایەنییەکانی نێوان تاک /کۆمەڵ/ دەسەڵات و دەسگا دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان پێناسە دەکرێت، وەلێ سەرجەمی کارەسات و تراژیدییە ئینسانییەکان، جەنگ و وێرانکارییەکان، ئیغترابکردن و تێکشکاندنی ئینسانەکان و کوشتنی خەونەکانیان، لە سیاسەت و سیاسەتکاران دەکەوەنەوە! ئەرکی ئەدەبیش، ڕۆنانەوە و خولقاندنی دنیایەکی پڕ جوانییە لە ماڵێک لە فەنتازیادا کە لەسەر دنگەکانی واقیع داڕێژراوە، بە دەستەکی خەیاڵ دارەڕا کراوە. ئیدی دیارە، پەیوەندییەکە؛ ململانێیەکی ئەبەدییە لە نێوانی: دزێو/ جوان، دۆزەخ/ بەهەشت، رووخاندن/بنیاتنان، باڵکردن و دەستەمۆکردن/ هەڵچوون و فڕیندا. ئەدەب، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەحکومە بە سیاسەت و لەگەڵ ئەودا لە کێشمەکێشێکی بێکۆتاییدا، جەسوورانە کەڵەوەکێشی دەکا. ئەدەب دەنگی بڵندی نارەزایی و ڕەتکردنەوەی خولقێنەرەکەیەتی، بۆ دنیایەک کە سیاسەت دەیخولقێنێ. "کاوشینجیەن" گوتەنی:

"نوزەی نێو جیهانێکی پڕ لە هەرای دەنگدڕاوە، ئەگەر ئێمە لەو هەراوهوریایەدا نەخنکێین، لە بێدەنگیدا دەمرین. من پێم وایە، ئەدەب، تەنیا وەستانەوەی تاکەکەس نییە لە ڕووی ئەو دەوروبەرەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، لە ڕووداوەستانەوەی مردنیشە. ئەدەب نە جیهانی پێ دەگۆڕدرێت و نە خودیش، بەڵام هیچ نەبێت بەرەنگاربوونەوە و لەڕووداوەستانەوەیە".



167

سیاسەت چۆن و لە کوێدا لای من سەری هەڵدا، یاخود لە کام سەرڕێگادا منی هەڵگرتەوە و چلۆن بۆ تەمەنێک، منی بە کوڕی خۆی قەبووڵ کرد، چیرۆکێکە لە چیرۆکی کەسانی هاوتەمەن و هاونەوەی خۆم جیا نییە. تۆ سەر بە میللەتێکی بەدبەخت و مەحکوم بە قەدەرێکیت لە سڕینەوە و جینۆساید. میللەتێک سەراپای مێژووەکەی رەنگینە بە هەستان و رۆچوون، سەرهەڵدان و شکست، گلان و دیسانیش موقاوەمەت و خۆ لەژێر کێردی قەساب راپسکاندن، میللەتێک قەدەری "سیاسەت و شۆڕش"ی بە سەردا سەپینراوە و بە هەردووکیان نامۆیە! "شۆڕش و سیاسەت"، بۆ من فەزایەک بوون، بۆ ئاشنابوون لە دنیا و بەڕێوەچوونی سیاسەتێک لەو دنیا داخراوەدا کە هیچ رەگەزێکی ئەقڵانی تێدا نەبوو. شۆڕش، حیزبی تێدایە و حیزبیش (*بە مانا کوردییەکەی*)، هەموو توانست و وزەیەکی یاخیبوونت لێ زەوت دەکات. حیزب، هەموو خەونەکانت لێ دەرفێنێ و تۆ لە ماڵی ئەودا، دەبیتە زیندانیی و ژەنگ هەڵدێنی. لە دواجاردا، شۆڕش، بۆ من فێڵێکی گەورە بوو لە ماڵێکی پڕ کارەساتدا کە بە "سیاسەت" هەڵچنرابوو. ئەو، بۆ من، قوتابخانەی خۆناسین و خۆدۆزینەوە بوو . "شۆڕش" کە لە فەرهەنگی بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا، هاوواتای "سیاسەت"ـە، خەونێک بوو هەرگیز بۆ من نەبوویە واقیع، ئەنجام، بە دەستێکی زبر و خوێناوی، لە رۆژنەیەکی سیحراوییەوە، بۆ دنیایەکی پڕ سیحری فڕێ دام.. دنیای فەنتازیا جوانەکانی نووسین و ئەدەب. لە ماڵی نائومێدییەکانی سیاسەتدا، لە دەرگا جوانەکانی ئەدەبم دا و لە هەوڵی ئەوەدا بووم، هەموو ئەو جوانییە رۆحی و ماددییانەی لە سیاسەستدا لەدەستم دان، لە بەهەشتی نووسیندا بیانبینمەوە. کێشەی پەیوەندیی خۆم لەگەڵ سیاسەت و ئەدەبدا، بە دوو ئاراستەی جیاواز دەبینم و دەیانخوێنمەوە. هەرچی "سیاسەت"ـە، من لێی نەگەڕاوم و لە دوی وێڵ نەبوومە. ئەوە خودی "سیاسەت" بوو، کۆڵانبەکۆڵان و ماڵبەماڵ لێمان دەگەڕا و دەیبینینەوە .سیاسەت، هاتە خوێندنگە و لە پشتی مامۆستاوە سەرەتاتکێی لەگەڵ کردین، خۆی خزاندە نێو جانتاکانمانەوە، لەماڵەوە دەرسەکانی لەگەڵماندا دەور کردنەوە و لە نوێنیشدا لەتەکماندا خەوت. سیاسەت، لە زانکۆدا

بوویە هاوڕێی گیانیبەگیانیی من و لەوێڕا بۆ شاخ پەلی گرتم. لە ماوەی دەساڵان ژیانی سەخت و دژواری شاخ و پێشمەرگایێتیدا، هەمیشە ئەدەبیشم لەگەڵدا بوو. من، کۆڵەپشتەکەم هاوسێی کتێبەکانی مارکس، لینین، مائۆ، جیڤارا و کیم ئاییل سۆنغ، شوێنێکشی بە گۆرگی، فۆکنەر، هەمینگوای، جاک لەندەن، یەشارکەمال، حوسەینی عارف، شێرزادحەسەن، حەمەفەریق حەسەن، نازم حیکمەت، گۆران و زۆر نووسەر و شاعیری دیکەش بەکرێ دابوو. بەشێک لە کتێب و شاکارەکانی ئەوان، دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بەشاخم دەگێڕان. من، پێش سیاسەتکردن و چوونەشاخیش، هەستم دەکرد، شیعر لە ناخمدا دەژیێ. من زۆرجاران بە گیانی رۆمانسییانەی شیعرەوە لە سیاسەتم دەڕوانی و مامەڵەم لەتەکدا دەکرد، هەر بۆیە لە چوارچێوەی حیزبدا، سیاسەتکارێکی فاشیل دەرچووم.

**- حیزبایێتی رێباز بوو... کە دەروێشانە کارمان تێدا کرد، ناکۆکی بوو کە بیرمان تێیدا کرایەوە... هەڵویست بوو کە بووینە خودانی بڕیار؟ ئەم مێژووەی کە تۆ تێیدا گەشەت کرد، چتۆ ئینتمایەکت لادرووست دەکات؟ جەنابتان کە کەسێکی سیاسین و خودانی بیروبۆچوونی تایبەتن لەمەڕ ڕووداوەکان و کێشەکانی کوردستان، پێتان وایە حیزبایێتیی هەنووکەی کوردستان بە کوێمان دەگەیەنێت، بەتایبەتی کە کورد بانگەشەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی دیموکراسی دەکات؟**

- مێژوویەکی پێچەڵپێچ و پڕ لە ناکۆکیمان لە دەروونی حیزبدا تێپەڕاند. لە نێو حیزبدا، حیزب و ئایدۆلۆژیای حیزبمان ناسی و فێری گڕوگاڵی سیاسەت بووین. حیزب فێرگەیەک بوو لێوانلێو لە دەرسەکانی بەرخۆدان و فیداکاری و پرەنسیپ و نۆرمەکانی مۆراڵی شۆڕشگێریی فێر کردین. حیزبی ئەو رۆژگارە (*کە ئێستا داروپەردووەکەشی نەماوە*)، لە پێشەوە رێی دەکرد و ڕێبەر و سەرکردەکانی بە پۆل، دەبوونە قوربانیی... ئێمە لە حیزبدا، بیرمان کردەوە، لەم پرۆسەی تێهزرین و



169

بیرکردنەوەیەشدا، بە ڕووی دیوارە سەختەکانی حیزبدا هەڵشاخاین و پیرۆزیی تێکستەکانی ئایدۆلۆژیای حیزبمان ڕووشاند! سەربزێوی و قسەکردن لە تابووەکانی نێو حیزب، زۆر گران لەسەر من کەوتن! پاش ئەو سزا جستەیی و ڕۆحییانەی من لە حیزبم وەرگرتن، ئیدی ئینتیمای من بۆ حیزب مرد. ئیدی هەستم کرد، گرووپێکی دیکە هەیە لە گرووپی حیزب گەورە تر. هەستم کرد ئینسانەکان لە نێو حیزبدا بن یاخود لە دەرەوەی، لە هەمووشت پیرۆزترن، لای من، مرۆڤ بوویە چەقی تێهزرین و بیرکردنەوە. حیزب و حیزبایەتیی ئێستا، مانا و نۆرم و پرەنسیپەکانی خۆیان ون کردوون. حیزب، ئێستا ئامراز و کەرەستە نییە، ئێستا حیزب و هەوڵدان بۆ بەرزڕاگرتنی پیرۆزییەکانی حیزب، لە هەموو پیرۆزییەکانی تر پیرۆزترن . ئاڵوگۆڕەکانی ئەم پانزە ساڵەی کوردستان پێیان گوتین: حیزبی کوردی یەکسانە بە "نەتەوە" و سەروەرییەکانی حیزب لە سەروەرییەکانی نەتەوە مەزنترن! حیزبی کوردی، یاریزانێکی فاشیلە لە گۆڕەپانێکی وێراندا کە پێی دەگوترێت کۆمەڵگەی کورد. حیزب، پێچەوانەی ڕۆڵی ئاسایی خۆی لە کۆمەڵگەدا، کاراکتەرێکی کارایە لە ئیفلیجکردنی دامودەسگا سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا. تۆ سەرنجی سەنگ و رۆڵی پەرلەمان، حکومەت و دەسگا قەزاییەکانی کوردستان بدە و ببینە "حیزب" چلۆن بچووکی کردوونەتەوە و لەژێر ڕکێفی خۆیی ناون! پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان، بودجەی خۆی لە حیزب وەردەگرێت و وەزیرەکانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانیش، موچەکانیان لە حیزبەکانی خۆیان وردەگرن! تۆ، لە هەموو دنیادا سیستەمێکی سیاسیی وەهات پێ شک دێت؟سیستەمی حیزبایەتیی هەنووکەی کوردستان، بەرەو وێرانییەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیمان دەبات.

**- ئایا کورد پێویستی بە ڕۆشنبیری ئازاد و ئازا پترە یاخود بە سیاسیی حیزبێنراو... کە دوور نییە ئەم سیاسییە پێویستی بە خوێندنەوەش نەبێت؟**

170

- کورد و هەموو کۆمەڵگەکانی دیش، پێویستیان بە سیاسەتزان، سیاسەتتوان و سیاسەتمەداری حیزبی هەیە و لە ترۆپکی دەسەڵاتی سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەکدا، کۆمەڵێک سیاسەتزان ڕۆنیشتوون و لەسەرەوە بۆ خوارەوە، لە چوارچێوەی سیستەمێکی دامودەسگایی بە یاسا و ڕێسا داڕێژراودا، کایە و ڕەهەندە جیاکانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن. کورد هەم پێویستی بە حیزب هەیە و هەم بە سیاسیی حیزبێنراویش، بەڵام کام حیزب و کام سیاسی، ئەمەیە پرسەکە! کورد، پێویستیشی بە نووسەر و رۆشنبیری (*ئازاد و ئازا*) هەیە. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی وێران و لە سیستەمێکی سیاسیی ناسیستەمدا، لە کۆمەڵگەی حیزبدا، لە کۆمەڵگەیەکی نائازاددا، چ لە ئازایی و بەهرە و داهێنانی نووسەر دەکەیت؟ چلۆن ئازادی دابین دەکەیت؟ ئازادی، تەنیا مانای ئەوە نییە کە تۆ مافی دەربڕینی ڕا، دید و بۆچۆنی خۆتت هەبێت و ئەم مافەش بە کۆلکەیاسایەک پارێزراو بێت. ئازادیی بیر و بۆچوون و خۆدەربڕین، ساتێک مانایەکی دەبێت، کە دەربڕینی داهێنانە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان، لە کۆمەڵگەدا جێ بکەون. واتە دەبێت کۆمەڵگە ئامادەیی زەینیی بۆ وەرگرتن هەبێت و ئەم وەرگرتنەش، لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا کارکردی هەبێت، زەمینەیەک بۆ "گۆڕان" ساز بکات. بەداخەوە، من ئەم زەمینەیە نابینم. من وا هەست دەکەم، حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، ڕۆڵێکی پێچەوانە لە کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا وازی بکات، ئەم چەند ساڵەش بەکردەوە وەهای کردووە. ئەم کۆمەڵگە پڕ قەیرانەی حیزب قۆرغی کردووە و شەتەکی داوە، نووسەر و ڕۆشنبیری تا سەرئێسک ڕەشبین کردووە، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە حیزب مەبەستییەتی.

**- ئایا پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن لەکوردستاندا بە کاریکاتێر دەچێت، یانژی بە کردەوە ئێمە خودانی دەسەڵات و بنەمایەکی پتەوین کە بتوانین ئەم وێنە شێواوانە بسڕینەوە کە کتومت سێبەری بەعسن، وەکو تۆ لە شیعرێکتدا، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوت کردووەتەوە؟**



171

- له ڕوواڵەتدا، دەسەڵاتێکی سیاسیمان هەیە کە ڕەوایی خۆی لە بوونی چەند دامەزراوەیەکدا دەبینێ، پرۆسەیەکی خۆبەڕێوەبردنیش لەگەڕدایە کە لێوانڕێژە لە وێنە ناکۆک و ناتەباکان و کۆمەڵگەیەکی نائاسایی بێ هیچ ڕەوابوونێکی یاسایی بەڕێوە دەبا. پرۆسەی بزووتنی سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا، ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا وێنەی نەبێت! ئێمە نەک خاوەنی بنەمایەکی فیکری و سیاسی و کولتوریی ئەوتۆ نین کە توانای سڕینەوەی وێنەکانی "بەعس"یان لە زەینی کۆمەڵگادا هەبێت، بەڵکە خودی ئەو سیستەمە فیکرییە باڵادەستە و میکانیزمی کارکردنی ئەو ئەقڵییەتە سەروەرە، بەرهەمهێنی وێنەکانی" دکتاتۆر"ن لە پانتاییەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. ئەوەی کە15 ساڵ، کۆمەڵگەیەک ناتوانێت قۆناغی حکومکردنی حیزب بۆ "حکومەتکردن"ی حیزب بگوێزێتەوە، گەوەرەیی کارەساتی حیزبی کوردیمان نیشان دەدات.

**- ئەگەر بچینە نێو باسێکی فراوانترەوە، ئایا شوێنی کورد لە ئێراقی ئێستادا چۆن لێک دەدەنەوە، پێتان وایە، کورد دەتوانێت تەرازووی هێزی لە پێناوی ئێراقێکی دیموکراتدا رابگرێت؟ بۆچی کورد دەبێت کار بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتێکی سەرکوتکەر لە ئاییندەدا بکات؟**

- من زۆر پێشتر لە ئێستا، لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستەم کردووە و هەوڵم داوە لە ئەگەرەکانی شوێنی کورد، لە ئێراقی پاش سەدامدا قسە بکەم و گەڕانەوەی کورد بۆ ئێراق پاشی هەلوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێراق و لێکترازانی داروپەردووی ئەو زیندانەی ناوی ئێراقی لێ نرابوو، بە گەڕانەوە بۆ "نادیار"ی نێوزەد بکەم. ئەم پرۆسەی گەڕانەوەیە، ڕیشەی لە تێهزرین و تێڕوانینی ئەقڵی سیاسیی کورددایە بۆ خودی بزووتنەوەی سیاسیی کورد کە من پێم وایە لە دیدی سەرکردایێتیی کوردەوە، هەمیشە بزووتنەوەیەک بووە لە پێناوی "مانەوە"دا نەوەک "ڕزگاربوون"! کە تۆ



172

ئامانج یان ستراتیژێکی ڕوونی سیاسیت نەبێت، ئیدی ئەستەمە بتوانیت کەڵک لە هیچ دەرفەتێک وەرگریت .

نووسینەوەی هەندەک لە بۆچوونەکانی من لەمەڕ پرۆسەی "گەڕانەوە" بۆ ئێراقی "هیوا و ئاشتی" و شوێنکەوتنی ئەو سەرابەی پێی دەڵێن " ئێراقی فیدراڵ"، ڕەنگە بێکەڵک نەبێت ....

ئێراق کۆدی کردنەوەی دەرگاکان بوو. دەرگاکان، دەبوو "سەدام"یان لێوە وەدەرنرێت، کاروانی سیاسەت و ئابووری و گلوبالیسێرەکردنی دەسەڵاتی خۆراوایان، بۆ نێوچەکە لێوە وەژوور کەوێت .

سەدام، دەبوو وەلاکەوێت، سیستەمی مرۆڤخۆری بەعس هەڵوەشێت، دەوڵەت بە "چەمکە فراوانەکەی"، ژێراوژوور بکرێت. وڵاتی "ئێراق" و نەخشە سیاسیی / جوگرافییەکەی، ئەگەری لە نوێڕا داڕژتنەوەیان ئێجگار زۆر بوو !

چ ڕۆژگارێکی زێڕین، لە پلەی یەکەمدا، بۆ کورد وەکو نەتەوە و بۆ کوردستان وەکو نیشتمانێکی چڵوپۆپ هەڵپاچراو، لە پلەی دووەمیشدا، بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیی خەون بە دەسەڵاتەوەبینی بەتاراوگەکراوی لە پەراوێزنراو، هاتەپێشێ !

کۆنگرەی لەندەن (*7تا 14ی دێسامبەری 2003*)، مەکۆی داڕژتنی پلان و نەخشەی سازدانەوەی دەوڵەتی ئێراق بوو، پێش ڕووخاندن و داگیرکردنی ئێراق!

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و هێزە کوردستانییەکان، لە کۆنگرەی لەندەندا، چەند پەرۆشی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعس و هەڵتەکاندنی بنچینەکانی دەوڵەتی ئێراق بوون، سەد هێندە و زێتریش، بە خیتابی سیاسیی شەرمنانەی (فیدرالیزم)ـەوە، خەریک بوون. ڕێک پێچەوانەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشوو و سەردەمی داتاشینی وڵات و دەوڵەتی ئێراق، لە سەر دەستی دەوڵەتی بەریتانیادا، کە کورد حەوت ساڵان موقاوەمەتی چوونە نێو ئەو ئەو چوارچێوە سیاسییەی کرد. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، لەم دۆخ و دەرفەتە نوێیەدا، لە ئاستێکی ئێجگار جیاواز و بەرزتری کێشەی کورددا، هێزی زێدەبزێو و کاربڕی چۆنییەتی داڕژتنەوەی بنەما و خەسڵەتەکانی دەوڵەتی ئێراقی پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی ئێراق بوو !



173

کۆنگرەکانی سەلاحەدین و ناسریە، پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم، دەوڵەتی کاتیی ئێراق و یاسای بەڕێوەبردنە کاتییەکەی، ئەڵقە پراکتیکییەکانی زنجیرەی پرۆسەی درووستکردنەوەی ئێراقن، کە بێ هەوڵ و کۆشانی کورد و هێزە سیاسییەکانی، مەحاڵ بوو بە ئەنجام بگات. ستراتیژ و ئاخاوتەی سیاسیی کورد، لەم قۆناغە گرنگ و هەستناکە مێژووییەدا، لە بوارەکانی مامەڵەکردن لەتەک دەرکەوت و هاوکێشە سیاسییەکاندا، چ لە ئێراق و چ لە نێوچەکە و دنیاشدا، هێند ئێراقی و ئێراقچییانە بوون، وەخت بوو سیما و خەسڵەتە کوردستانییەکانی کێشەی کوردیان کاڵ دەکردنەوە.

هەتا ئێستا، هیچ هێزێکی سیاسیی ئێراقی، لە چەپەوە بۆ راست، لە عەلمانییەوە بۆ مەزهەبی، دید و تێڕوانینەکانی کوردی بۆ فیدرالیزم و ستراکتۆری دەوڵەتی ئێراق، قەبوڵنەکردووە !

هیچ هێزێکی ئێراقی:

- ددان بەوەدا نانێت کە سنوری کوردستان، لە شاخی "حەمرین"ـەوە دەست پێ دەکات و کەرکوک و خانەقین و تەواوی ئەو نێوچانەی زۆرینەیان کوردنشینن، لە رووی مێژوویی و جگرافییەوە، کوردستانن .

- ئامادە نییە بڵێت: ئێراقی یەکگرتوو، لە یەکگرتنی دوو نیشتمان (*کوردستان و ئێراقی عەرەبی*) و دوو نەتەوەی سەرەکی (*بەشێکی نەتەوەی کورد و بەشێکی نەتەوەی عەرەب*)، پێک دێت .

- ناتوانێ لە ئەفسانەی شووناسی شۆڤێنییانەی ئێراق وەکو دەوڵەت و وڵاتێکی عەرەبی ،خۆی رزگار بکات!

ئیشکالاتی سرووشت و ناسنامەی دەوڵەتی ئێراق (*عەلمانی/مەزهەبی*)، سەرچاوەکانی هەڵهێنجانی دەستوور لە نێوان ئیسلام و ئەزموونە پراکتیزەکراوەکانی سەرچاوە جیهانییەکانی دەستوور، لای شێعەی بە رێژە زۆرینە و لە (دەنگدان)دا سەرکەوتوو، کێشە و قەیرانێکی جددی بۆ کورد و لایەنەکانی دیکە، درووست دەکەن .



174

ئەم پرۆسە کاڵوکرچە بێبنەما و بێئەزموونەی دیموکراتی لە ئێراقی نوێی لەسەر گڕ و تیرۆر رۆنیشتوودا، بە نیازە وەگەڕخرێت، کۆسپ و تەگەرەکانی هێند زۆرن، هیچ هیوایەکمان بۆ "ئێراقی نوێ" پێ نابەخشێت!

کورد، ئێستا کاڵە و گۆچانی سەفەرێکی ئەفسووناویی بەرەو ئێراقی نوێ هەڵگرتووە و هەواریش نادیار و لە تەم گیراوە.*

کورد، لە پرۆسەی دەنگدانێکی گشتیدا، دەستووری دەوڵەتی ئێراقی دارِژتەوە و بە خواست و ویستی خۆی، رەوایی بە درووستکردنەوەی زیندانێک دا، کە زیاتر لە 80 ساڵ بوو خەونی بە ڕووخاندنییەوە دەبینی. کورد، نە لە شەڕی دەستووردا و نە پاشتریش لە شەرەکانی دیکەدا، نەیتوانی خەونی فیدراڵ، لە سەر زەوینەی رەق و کرێتی ئێراقدا بکاتە واقیع. کورد، هێزی هەر چەند بیت و هەر چۆن ئەو هێزە بەکار ببات، ناتوانێت تەرازووی هێز لە "ئێراقی دیموکرات"دا ڕا بگرێت، چونکە شتێک بە ناوی "ئێراقی دیموکرات" وجودی نییە.

**- بەر لە ئێستا گوێمان لێ دەبوو، سەرکردەکانی کورد دەیانگوت با عەرەب بێن و لە ئەزموونی کوردستانەوە فێر بن، پێت وایە ئەم بۆچوونە لە کورتبینییەوە هاتووە یانژی لە کردەوەدا بۆچوونێکی دروستە و کاتی وەی هاتووە کە عەرەبی خودانی دەوڵەت، لە کوردی بێدەوڵەتەوە، فێری هونەری حوکمڕانی ببن؟**

- ڕۆژگار پوچیی ئەو بۆچوونەی ئاشکرا کرد. عەرەبی ئیراق لە ماوەی سێ ساڵاندا، پەرلەمان و حکومەت و دەسگاکانی خۆیانیان دامەزراند و وێڕای کەموکورتییەکانیشیان، لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان زۆر ئاکتیف و کاراترن. نازانم کورد دەبێت چ ئەزموونێکی هەبێت تا خەڵکانی دیکە لێوەی فێر ببن و بیکەنە سەرمەشق و نموونەی باڵای خۆیان؟ ئەزموونی تاڵی جەنگی ناوخۆ؟ دیارە شیعە و سوننە، میژوویەکیان لە شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناویدا هەیە و پێویستیان

175

به ئەزموونی شەڕی براکانی کورد نییە. تا ئەو جێیەی ئەم "بۆچوونە"، پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسی و ئابووریی کوردستانیش هەبێت، ئەوا ئێمە هێشتا هەر بە ڕواڵەت سیستەمێکی سیاسیی یەکگرتوومان هەیە، ئێمە هێشتا هەر دوو حکومەتین و لە چوارچێوەی حکومەتێکدا خۆمان نیشانی دەرەوەی خۆمان دەدەین. ئێمە سیستەمێکی ئیداریی گەندەڵ و ئابوورییەکی ئیفلیج و داوەشاومان هەیە کە توانای بەرهەمهێنانی سەلکێ توور و دوو دەسک کەوەری نییە! سیستەمێکی ئابووری کە حیزب و بنەماڵە و خزمەکانیان کۆنترۆڵیان کردووە و هەزاران میلیۆنێری مشەخۆری بەرهەم هێناوە. ئێمە خودانی سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایێتین کە لە ترۆپکی ناعەدەلاتیی خۆیدا دەژی و تا دێت مەودای نێوان چین و توێژە کۆمەلایێتییەکان بەرینتر دەکات! ڕەنگە خاڵی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتی کوردی و ئێراقی، لە پرۆسەی گۆڕینەوەی ئەزموونداْ، دیاردەی گەندەڵی بێت کە تەلاری هەردوو سیستەمەکەی دارزاندووە .

**- پێت وایە ڕووداوەکانی ئێستا و هەڵوێست و سیاسەتەکانی نێوخۆی ئەمەریکا، کورد دەکەنەوە قوربانیی ڕازیکردنی گرووپە جیاکانی ئێراق و هەندێک لەوڵاتانی نێوچەکە؟**

- لە ستراتێژی سیاسیی ئەمەریکادا لەمەڕ ئێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەها دیارنییە کە کورد جێگایەکی لە وێدا هەبێت یانژی هەر لە سەرەتای کارەوە هەیبووبێت. لە هەندێک ئاگێندای سیاسیی ئەمەریکادا و لە دەستپێکی کاردا، کورد کاراکتەرێکی بزێو بوو. هێز و کێشی سیاسی و چەکداریی کورد لە کوردستاندا و پاشتریش گواستنەوەی توانست و کارامەیی کورد بۆ سەنتەری ئێراق، کارئاسانییەکی بەرچاوی بۆ جێکەوتنی بەشێک لە بەرنامەی سیاسیی ئەمەریکا لە ئێراقدا کرد. دامەزراندنەوەی ئێراق وەکو دەوڵەت، ئەنجوومەنی حوکم، حکومەتی کاتیی ئێراق، دەستوور و هەڵبژاردنەکان، بێ بەشداریی چالاکانەی کورد، مەحاڵ بوو



176

جێبەجێ ببن. بەرانبەر ئەو هەموو هەوڵ و کۆشانەی کورد لە ئێراقی پێش و پاش سەدامدا، ئەمەریکا وادە و بەڵێنێکی بە کورد نەداوە. ئەمەریکا وەکو گەلێکی ئێراقی لە کوردی ڕوانیوە، ئەگەر جەختیشی لەسەر هەندەک مافی ئینسانی و نەتەوەیی کورد کردبێت، ئەوا لە چوارچێوەی ئەو ئاگێندا سیاسییەدا کردوویەتی کە بۆ فۆرم و پێکهاتەی دەوڵەتی نوێی ئێراقی دارژتووە. کوردیش هەر لەسەرەتای کارەوە "کوردانە" پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا دارژتووە و هیچ ڕێککەوتنیکی بەدەکۆمێنتکراوی لەگەڵ ئەمەریکادا نییە.

سەرکردایەتیی کورد، لەسەر لمی خەیاڵ، خۆی بە دۆستی ستراتیژیی ئەمەریکا دەزانێ و ئەمەریکاش لەسەر ئەرزی واقیعی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەگەڵ هەمووڵایەکدا مامەڵە دەکات. کورد، دەشیا ئێستا زۆر شتی وەدەست کەوتبا کە وەدەستی نەکەوتوون. شکستی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئێراقدا، قەبارەی دۆڕاندنەکانی کورد لەسەر ئاستی سیاسی گەورەتر دەکات. سیاسەتی شکستخواردووی ئەمەریکا، وا لە ئەمەریکا دەخوازێت هەم داشەکان و هەم پێگە و ڕۆڵی داشەکان بگۆڕێت .

ئەوە ئەمەریکا نییە کە کورد دەکاتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بگرە ئەوە ئەقڵی سیاسیی کوردە کە لەززەت لە قوربانیبوونی خۆی دەبینێت!

**- ئایا هەست ناکەیت ڕاگەیاندنی کوردی لە هەندێک بواردا دابڕاوبێت لە نێوەڕۆکی کارا و کاریگەری ڕووداوەکان؟ واتە لە سەردەمی ئازادیدا هێشتا ناتوانین لە دەستخستن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا ئازاد بین؟**

- پێم وا نییە کورد، جارێ ڕاگەیاندنی ئازادی لە کوردستاندا هەبێت. ئێمە هەندەک هەفتەنامەی ئەهلی و نیمچەئازادمان هەن، بەڵام دەزانین کە ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامە و گۆڤار فراوانترە. دەسگاکانی ڕاگەیاندنی حیزب و دەسەڵات، وەکو هەمووشتەکانی دیکەی حیزب، سەروەر و باڵادەستن، ئەوانیش بە پێی خەسڵەتەکانی خۆیان و ئەو ئەقڵانەی لە پشت میکانیزمی کارکردنیانەوە کار دەکەن، ناتوانن



177

کاریگەریی ڕاگەیاندنی ئازادیان هەبێت. ئەوانیش دەستیان بە سەرچاوە گرنگەکانی هەواڵدا ناگات و دەرکەی داخراوی داڵانەکانی بڕیاریان پێ ناکرێتەوە. لە نائامادەیی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیی شەفافدا، ڕۆژنامەنووس لە ئاست وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا، دەستکورتە و ناتوانێت ئەو هەواڵ و زانیارییانە بگەیەنێت کە پێویستە بگەیەنرێن .

لە کوردستاندا، جگە لە سەدان ڕۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤار و بلاڤۆک، چەند کەناڵی ئاسمانیشمان هەن کە دەبێت سەرچاوەی هەواڵ و گەیاندنی زانیاریی هەمەچەشن بن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەک لەو کەناڵانە نەک هەر لە ئاستی پێویستدا نین، بگرە هیچ بینەرێکی بەئاگا ناتوانێت کاتی خۆی بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانیان، بە فیڕۆ بدات!

*پشکۆنەجمەدین، کورد لە دەروازەی هەزارەی سێدا، سلێمانی، دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی، 2005



178

## بەرپرسیارێتیی نووسین و گەندەڵیی ڕۆشنبیری!

نووسین چییە و بۆ دەنووسین؟ ڕەنگە دوو پرسی ئاسان نەبن و بەرسڤی سەرپێیی لەخۆ نەگرن. وەلێ چی دەنووسین؟ چۆن دەنووسین؟ نۆرم و یاسا و ڕێساکانی پرۆسەی نووسین و بڵاوکردنەوە چین و چۆن پابەندیان دەبین؟

بەرپرسیارێتیی ئەم مەسخەرەی بەلێشاونووسین و بڵاوکردنەوەیە، لە ئەستۆی کێ بنێین و چی بکرێت هەتا ماڵپەڕە کوردییەکان لەم ئایدزی فەوزا و گەڕەلاوژێی "نووسین"ـە ڕیشاژۆ بکرێن، کۆمەڵێک پرسن کە دەشێ شەنوکەو بکرێن و ڕا و بۆچوونیان لەسەر بدرێن.

پێم وا نییە نووسین کەرەستەی دەربڕین و خۆخاڵیکردنەوەی ناخی ئێمە بێت! نووسین کەرەستە نییە! نووسین پرۆسەیە و وەک هەر پرۆسەیەکی دیکە، قۆناغ بە قۆناغ، لەگەڵ پێکەوەگونجان و خەملێنی ڕەگەزە ناوەکییەکاندا، دێتە ئەفراندن و بە ئاستی پێگەیشتن دەگات. لەگەڵ نووسینی هەر وشەیەک و نەخشاندنی هەر پەرەگرافێکدا، دڵی نووسەر، دەشێ وەک ژێی کەمان بلەرزێ! نووسەر کە دەنووسێت، گەرەکە خوێنەرێکی زیرەک لە بەرچاو بگرێت و زرت و زیندوو بەرانبەری خۆی داینیشێنێ و لەگەڵ دارڕژانی هەر ڕستێکدا، هەڵچوون و داچوونی ڕیتمی لێدانی دڵی خوێنەرەکەی بژنەوێت.

ئەگەرچی چینووسین گرنگە، وەلێ نووسین تەنیا نێوەڕۆک نییە! زۆرجاران، نووسینی سادەی نووسەرێکی داهێنەر دەخوێنمەوە و هیچم پێ ناڵێت، کەچی لەبەردەم ڕەنگاڵەی فۆرم و سیحری سەمای وشەکاندا، بەنگ دەبەم و لە دنیای فەنتازیادا باڵ لێ دەدەم.

نووسین، ڕێساگەلی خۆی هەن. نووسین نۆرمی خۆی هەیە. نووسین: زمان، ڕێزمان، ڕێنووس، بیر، فۆڕم و ڕیتم دەخوازێ.

ڕەنگە دوو نووسەر نەبن، لەسەر ئەوە ناکۆک بن کە نووسینی کوردی لەمەرگەساتی خۆیدا دەژی و ئەم شپرزەیی و شپرێویەی پرۆسەی نووسینیش، بەشێکی لە ئەستۆی گۆڤار، ڕۆژنامە، ماڵپەڕ و دەسگاکانی میدیای بینراو و بیستراوی کوردیدایە.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت، گەر بێژین: سەدان کەس، ناوبەناو یاخود بەردەوام لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا دەنووسن و هەر چییەکیان بە هزردا گوزەر بکات، بە نرخی "نووسین"، دەرخواردی چاوی خوێنەری دەدەن!

ئەرێ بەڕاست، ئەوە چییە کە "نووسین" لە "نانووسین" و نووسەر لە "نانووسەر" جیا دەکاتەوە؟

بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی سەرژمێریی میللەتانی دنیا، تۆ بڵێی لەم زەوینە پانوپۆڕەدا، میللەتێک هەبێت ژمارەی نووسەرانی شان لە شانی لەشکری "بنووس"انی میللەتی ئێمە بدات؟

ماڵپەڕەکان بەرهەمی شۆڕشی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنی دنیای تەکنیکن و کوردیش لەم بوارەدا کەچەگاڤێکی هاوێژتووە.

من، هەست بە ئازار و ماندوویەتیی بەرپرسی ماڵپەڕەکان و سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکەم، وەلێ ئەوان چەندە دڵسۆز و خۆبەخش بن، هێندەش بەرپرسیارن و ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆ گرتووە کە ئاوەها بەڕێوەبردنی، دەشێ کارکردی بەرەواژی لێ بکەوێتەوە. ناکرێ ئەوان لە یەکساتدا، هەم پاڵەوانی دابینکردنی "ئازادیی ڕادەربڕین" و هەمیش جەللادی پرۆسەی "نووسین"ی کوردی بن.

ئیدی وەختیەتی و درەنگیشە... درەنگە بۆ داڕژتن و کارپێکردنی کۆمەڵێک پرەنسیپی بڵاوکردنەوە و لەبێژنگدانی خەرمانی "وشەگەلێک" کە لە دەریچەی ماڵپەڕەکانەوە، دەڕژێنرێنە ئەنباری "نووسین"ی کوردی.

ئەرکی بەرپرسی ماڵپەڕە، "***نووسین*** لە ***نانووسین*** و ***نووسەر*** لە ***نانووسەر***" هەڵاوێرێ و باخچەی گوڵانی، لە گیاکەڵە و هەرێز پاکژ بکاتەوە! من کە دانیشتووم و دەنووسم، بیر دەکەمەوە:



180

- داخۆ دەشێ، تۆ زمانی سویدی، ئینگلیزی، فەرەنسی نەزانیت و گرنگترین بیری فەلسەفیت لە یەکێک لەو رۆژنامانەی بەو زمانانە دەنووسرێت، بڵاوبکرێتەوە؟
- ئەرێ ئێوە رۆژنامە یاخودماڵپەڕی چ میللەتێکتان دیتوە، ستونێک بۆ دەمڕێژێ دژوێنی زمانزانترین نووسەر تەرخان بکات؟! چ جای بنووسێکی بێزمان.
- دەشێ ئێوە زۆر زمانان بزانن! ئەرێ ئێوە، ئەم وێرانیی نووسین و پۆخڵیی زمان و بە نووسەر و نانووسەر سووکایێتیکردنەی لە هەندێک ماڵپەڕی کوردیدا دەیانبینن، لە کن چ میللەتێکی دیکەتان بینیون؟

من دژ بە هەر جۆرە سانسۆرێکی فیکر و ڕادەربڕینم، بەڵام جۆرێ لە سانسۆر بۆ نۆرمی نووسین، فۆڕمی نووسین، شێوازی پەیڤین و "ئەدەب"ی رۆژنامەنووسی بە پێویست دەزانم.

بە پێویستی دەزانم، هەم کەسانی خۆلێبوو بە نووسەر، سنوورێک بۆ سێڵاوی "نووسین"ـەکانیان دابنێن و هەم بەرپرسی ماڵپەڕەکانیش، جاروبار "ستۆپ"ێکیان پێ بکەن.

هەندێک لە ماڵپەڕان، نەک هەر رۆژانە خەزانی پاییزی "نووسین"، بەسەر گوڵجاڕی هەستی خوێنەردا دەڕژێنن، بگرە شەرەفی بە "بنووس" ناودێرکردنی نووسەریش، بە "نانووسەر" دەبەخشن. من پێم وایە، نەک رۆژانە وتارێک لە سایتێکی کوردیدا دابەزێنیت، بگرە گەر لە کاتژمێرێکیشدا، دوو وتار بنووسیت، گەر تۆ ئەشقی نووسین نەبیت، گەر لەگەڵ نووسیندا سەمەندەرئاسا، نەسووتێیت و نەژێیتەوە، هەر دەبێ لەو دیوی سنوورەکانی "نووسین"ـەوە، خۆزگە بە دنیای نووسین بخوازیت!

من پێم وایە، هەمووکەس مافی نووسینی هەیە و دەکارێت هەرچییەکی بە هزردا گوزەر دەکات، لە ڕووپەڕێکی سپیدا بینەخشێنێت و تا ئەو جێگایەی ئازار بە کەسانی دی نەگەیەنێنێت، بڵاویشی بکاتەوە. بەڵام چۆن و لە کوێدا بڵاوی دەکاتەوە؟ داخۆ هەموو نووسینێک شیاوی بڵاوکردنەوەیە و لە دەستپێکدا بە مەبەستی جێگاگرتن لە سووچی رۆژنامەیەکدا دەنووسرێت؟



181

له وڵاتانی پێشکەوتوودا، گەورە و بچووک دەفتەرێکیان بۆ یاداشتکردنی بیرۆکە و خەون و فەنتازیاکانی خۆیان هەیە، بەڵام رۆژنامە و گۆڤارێک، بۆ بڵاوکردنەوەیان شک نابەن!

لەوان وڵاتاندا، هەموو بنووسێک شانسی بڵاوکردنەوەی نییە، گۆڤار و ڕۆژنامانیش "ماڵی قەڵپ"، ڕووبەڕووی خاوەنی دەکەنەوە!

له کوردستان، چەند رۆژنامە، هەفتە و مانگنامە، گۆڤار و بڵاڤۆک دێنە چاپ و پەخشکردن؟ چەندیان له نێو خەڵکدا ڕمێنیان هەیە و هێندەیان خوێنەر هەیە که بتوانن تێچووی خۆیان پەیدا بکەنەوە؟ وەزارەتی ڕۆشنبیری و و دەسگا تایبەتە ڕۆشنبیرییەکان، مانگانە چەند هەزاران دۆلار بۆ دەرچوونی بەشێک لەم گۆڤار و ڕۆژنامە بێکەڵک و ناپێویستانە به فیڕۆ دەدەن؟ ئەو هەزاران هەزار لاپەڕەیەی مانگانە بە پارەی دەوڵەت و قەڵەمی نانووسەر ڕەش دەکرێنەوە و دەخرێنە بازارێکی بێکڕیارەوە، پاشتر له ئەنباری کتێبفرۆشییەکاندا، دەبنە خۆراکی مشک و مێروو، دەچنە بازنەی گەندەڵیی ڕۆشنبیرییەوە. ئاخر دنیای ڕۆشنبیریی ئێمەش، بۆ پێرۆکەبوونی مشکەکانی گەندەڵی، مەملەکەتێکی بەپیت و سازگارە!

ئێمە چەند هەزار نووسەر، شاعیر، لێکۆڵەر، رەخنەگر، رۆژنامەنووسمان هەن؟ ئامارەکان باس له چەندین هەزار دەکەن!

دیارە دیوارەکانی پەڕینەوە بۆ دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەری ئێجگار نزمن و سووکەبازێک دەتکاتە سەربازێکی کونلەجەرگدانەبووی لەشکری ئەو دنیا فراوانە.

هەمووماں له ئاست نووسین و له میحرابی خولقاندنی پەیڤەکاندا بەرپرسیارین. وەزارەت، دەسگاکانی پەخش، خانەکانی وەرگێڕان بۆ سەقەتکردنی زمان، سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤار و رۆژنامەکان، بەرپرسانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیاندنی حیزبەکان، له ئاست گەندەڵیی ڕۆشنبیریدا بەرپرسیارن.

دێسامبەری 2003- ئاپریلی 2004

182

# لەمەڕ ڕیفۆرم و
# کێشەی نەوشیروان مستەفا

*وەرامێک بۆ دوو پرسیاری ڕۆژنامەنووس، ئاسۆ عوسمان*

هەروەک دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی حکومڕانی لە کوردستاندا، لە تەواوی کایە و ئاڕاستەکانی کارکردنیاندا، لە تەنگژەیەکی قووڵدا دەژین، ئۆپۆزیسیۆنیش دووچاری هەمان تەنگژەیە.

فەزای سیاسی و کۆمەڵایتیی کوردستان، لە پاش ڕاپەڕینەوە تا نهۆ، زەوینەیەکی لەباری بۆ خولقاندنی ئۆپۆزیسیۆنێکی تەندرووست، ساز نەکردووە!

سرووشتی دەسەڵات و تێگەیشتنی سەقەتی حیزب (*بەتایبەت هەردوو حیزبی باڵادەسەت*)، بۆ چەمکی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆڵی ئەو لە بەڕێوەبردنی گەمەی دیموکراسیی تەندرووستدا، وەهای کردووە کە بەشێکی کاری ئەم دەسەڵاتە، ڕێگرتن بێت لە پرۆسەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن و داماوکردنی هەر نووزەیەک کە پێشبینیی دەنگێکی جیاوازی لێ بکرێت.

بزووتنەوەی ڕیفۆرم، نەوشیروان مستەفا و سەرجەمی ئەو ڕەوتە ڕیفۆرمخوازانەی لە تەلاری ڕێکخراوەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە دەرکە و پەنجەرەکانییەوە، باڵەفڕ دەبن و ئەرکی چاکسازیی حیزب و سیستەمی دەسەڵات لە ئەستۆی خۆیان دەنێن، ڕەنگدانەوەی تەنگژەیەکی قووڵی ڕێکخراوەیی، سیاسی و ئابوورییە کە ئەو حیزبەی تێکەوتووە و بەشێکیشی جەخت لەسەر شەڕ و ململانێی دەسەڵاتی نێوان فراکسیۆنەکان دەکات.



183

بەراوردکردنی ئەوم ڕەوتانە و داهاتووی چارەنووسیان، لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و چارەنووسەکەی، کەمێک لە لۆژیک بەدوورە، زەمان و زەوینە و دۆخەکە بۆ وەها بەراوردکردنێک یارمەتیمان نادەن.

تەنگژەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە قۆناغی ئێستایدا، زۆر لەوە قووڵتر و جیددیترە کە گەمەی نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بێت. داخۆ چارەنووسی ئەم تەنگژەیە بە کوێ دەگات؟ داخۆ نەوشیروان مستەفا و ڕەوتە ڕیفۆرمخوازەکان، دەکارن و ئەوەیان لە باردایە کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی حیزب و دەسەڵاتدا بکەن؟

ڕەنگە مرۆڤ نەکارێت وەرامیکی رەها بە ئەرێ یاخود نەخێر بداتەوە، بەڵام سرووشت و پێکهاتەی ئەم ڕەوتانە، ئەو کایە و فەزایانەی کاری فیکری و سیاسییان تێدا دەکەن، ئەو کەرەسە و ئامرازانەی بەکاریان دەبەن، ئەو بینین و ڕوانگەیەی لێیانەوە دەڕوانن، ناتوانن مژدەبەخشی گۆڕانێکی هەمەلایەنیی مەزن بن.

نەوشیروان و ڕەوتەکان، یەکێتی و دەسەلاتەکەی ڕەت ناکەنەوە و نایانەوێت دەست لەم حیزبە، مێژووەکەی و سەروەرییەکانی هەڵگرن. ئەوان لە هەوڵی گۆڕینی حیزب و دەسەلاتدان بۆ ئەو فۆڕم و نێوەڕۆکەی کە خۆیان دەیبینن. گرتنەبەری ئەم ڕێچکە و ڕێبازە، بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە حیزب و دەسەڵاتدا (*بە جیا لە درووستبوون یاخود نادرووستبوون*)ی، کێشەیەکی دەیانڕەهەندی قووڵی خولقاندووە و چەندین ئەگەری بۆ بەلاداکەوتنی، لە بەردەم خۆیدا داناوە. لە نێوان ئەگەرەکاندا، ئەگەری ڕێککەوتن "تەوافق" و دۆزینەوەی پلاتفۆڕمێکی هاوبەش بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی پڕ ئاژاوەی یەکێتی، دابەشاندنەوەی کار و دەسەڵات لە ئۆرگانەکانی حیزب و دەسگاکانی حکومەتدا، چانسێکی گەورەی هەیە.

لە کوردستاندا و لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا، بێزاری و ناڕەزاییەکی فراوان بەرانبەر سیستەمی حوکمڕانی و ئەو وێرانییەی لەم دەسەلاتە کەوتووەتەوە هەیە. هەموو ئەو سەرکردە و ڕەوت و کەسانەی لە بواری سازدانی هێزی گۆڕان و ڕێبەرایەتیکردنی خەڵکدا هەڵدەسووڕێن، بە جیا لە ئەزموونی سیاسیی ڕابردوویان و ئەوەی کە هێزە

184

چەپەکانی کوردستان، چ ئەزموونێکیان لەگەڵیاندا هەبووە، ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆیە، بەرنامە و ئاگێندایەکی ڕۆشنتر و فراوانتریان گەرەکە، بیر، ئامراز، کەرەسەی کاریگەرتریان پێویستن!

ئەم پرۆسەی ڕیفۆرمە، کارێکی درێژخایەنە و پشووی درێژ و لەخۆبووردن و قوربانیدانی دەوێت. پرۆسەی ڕیفۆرم و چاکسازی، دەبێت لە هەموو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بگەڕێت و هەژانێکی قووڵ، لە ئەقڵ و کەلتووری کەمینەی دەستبژێر و پاشتریش کۆمەڵگەدا درووست بکات. ئەمە تێگەیشتنێکی سەرپێیی و هەڵەیەکی کوشندەیە، ئەگەر هیوای ئەنجامدانی ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیاسی و کۆمەڵایتیی کۆمەڵگەیەکی وێرانی وەک کۆمەڵگەی خۆمان، لە کەس و سەرکردەیەکدا ببینین!

دەکرێت و دەشێت سیاسەتکارێکی بەئەزموونی وەکو نەوشیروان مستەفا، ئەگەر فەزا و زەوینەی لەباری بۆ برەخسێت، شێوەیەک لە گۆڕانکاری و چاکسازی لە حیزبەکەیدا بکات و ئەمەش، کەم و زۆر کارکردێک لەسەر سیستەمی دەسەڵات لە کوردستاندا دابنێت. بەڵام دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان دوو حیزبی گەورەدا و هەبوونی کۆمەڵێک ئیشکالاتی زۆر جددی و کاربڕ لە بینای سیستەمی سیاسیدا، کێشەکەیان گەلێک ئاڵۆز و پێچەڵپێچ کردووە.

* * *

185

## پەیڤێک لەمەڕ ئاکتیڤکردنی پەرلەمان

لە وەرامی خاتوو "دییە فازیل"دا
(ڕۆژنامەی ڕۆژنامە)
13ی یەنیوەریی 2009

پرسیاری ئێوە لەمەڕ پەرلەمان و سرووشت و سترەکتۆری ناتەندرووستی ئەم دەسگا زێدەگرنگە، لە میکانیزمی کارکردنی سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا (*با دەوڵەتێکی سەربەخۆش نەبێت*)، ئەگەرچی پرسیارێکی نوێ نییە و تەمەنی هێندەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام پرسیارێکی گرنگە و ئێستا بەشێکی زۆری کۆڵینەوە و توێژینەوەکان بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی لە تەلار و نیوەڕۆکی سیستەمی سیاسیی ناتەندرووستی کوردیدا، لەمەڕ ئەم پرسە دەسوڕێتەوە.

ئاکتیڤکردنی پەرلەمان و ئەوەی کارێک بۆ خولقاندن و بەگەڕخستنی پرۆسەیەکی چاکسازی لەم بوارەدا بکرێت، ئەگەرچی مەحاڵ نییە، دیسانیش کارێکی سەخت و پێچەڵپێچە. کارێکی سەختە، چونکە ئەم دیاردەی ناتەندرووستییەی پەرلەمان، ناکرێت بە تەنیا و دابڕاو ببینرێت و کاری لەسەر بکرێت، بەڵکە لەگەڵ کۆی سیستەمە سیاسییە ناسرووشتییەکەی کوردستاندا، پەیوەندی هەیە و لێی جیا ناکرێتەوە.

پەرلەمان و ژیانی پەرلەمانی لە کوردستاندا، سەرباری ئەوەی مێژوویەکی لەمێژینەی نییە و بە بەراورد لەگەڵ پەرلەمان و شێوازی حوکمکردن لە وڵاتان و کۆمەڵگەکانی دنیادا، نوێ و تازەکورەیە، بەڵام زەوینەی دامەزراندن و ئەو ئەقڵانەی کە لە پشت تێگەیشتن و بینینی دەسگاکانی "پەرلەمان، جێبەجێکردن و قەزا"وەن،



186

وەکو سێ دەسگا بنچینەییەکەی دەوڵەت و کارکردنیان لە بواری بەڕێوەبردنی تەندرووستانەی کۆمەڵگەدا، ڕۆڵی گرنگیان لە ئیفلیجکردنی پەرلەمان و سەرجەمی سیستەمەکەدا بینیوە.

لە کۆمەڵگەکانی هاوشیوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەواندا کە سیستەمی دیموکراسی تەنیا ڕووکەش و سەرخانییە، کەلتووری دیموکراسی لەرزۆک و لاپرسەنە، کاریک بۆ دیموکراتیزەکردنی ژێرخانی کۆمەڵایێتیی کۆمەڵگە نەکراوە، گەمە دیموکراتییەکان بە شپرێوی و شێواوی، تەنیا لە ئاستێکی سنووردااردا وازی دەکرێن.

لە کوردستان و وڵاتانێکدا کە پێشینەیەکیان لە ژیانی دیموکراتی و دەوڵەتی دامودەسگاییدا نییە، سەرۆک و سەرکردە و حیزبە بەهێزەکان، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی شێوازی حوکمکردندا هەیە و ئەوە ئەوانن کە دەبنە خولقێنەری جۆرە سیستەمێکی سیاسی کە خەسڵەت و کاراکتەری تایبەتی خۆی هەیە و میکانیزمی کارکردنیشی بە پێی میزاجی کەس و سەرکردەکان بەڕێوەدەچێت. ئەم بۆچوونە دەبێتە پێودانگی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی نێوان دەسەڵاتێکی تەندرووست و ساغڵەمی سیاسی و دەسەڵاتێکی دیکەی سیاسی کە هیچجۆرە کارەکتەر و سیمایەکی دەسەڵاتی مۆدرن و هاوچەرخی لەخۆی نەگرتووە، دەسەڵاتی سیاسیی کوردیش، لەم خانەیەدا دەبینرێت و دەخوێندرێتەوە.

کێشە و ئیشکالاتی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، تەنها لە نائەکتیڤی و بەئیفلیجی لەدایکبوونی پەرلەماندا نییە و حیزبی دەسەڵاتداری کوردی بە سرووشت، پێکهاتە، ئەقڵ و دنیابینی و مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆیەوە، سەرچاوەی ئەم تەنگژە و وێرانییەیە کە ئێستا دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردی تێدا دەژین.

خاڵی دیار و بەرجەستە، لە تەوەرەی ئەم کێشەیەدا کە ساڵانێکە جەختی لەسەر دەکرێت و تیشکی لەسەر دەخرێت، دێوەزمەی حیزبە لەسەر جەستە و لە نێو ڕۆحی دەسەڵاتدا، هەڵلووشینی حیزبە بۆ بەشێکی ئێجگار زۆری سامان و ئابووریی حکومەت و کۆمەڵگە. حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، لە مێژووی دەسەڵاتدارێتیی



187

پاش ڕاپەڕیندا، خەسڵەتە ئاساییەکانی "حیزب"ی لەدەست داوە، ئیدی ئەوە فیکر، بەرنامە و دنیابینیی حیزب نییە کە چارەنووسی مەسەلە گرنگەکانی نێو حیزب و دەرەوەی حیزب بەلادا دەخەن، بەڵکە ئەوە هێزی سامان و ئابووری و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی حیزبە کە هەموو کێشە گرنگ و جارەنووسسازەکانی حیزب و کۆمەڵگە دەبڕێنێتەوە (*لەوانیشدا پرۆسەی دیموکراتی، هەڵبژاردن و کێبەرکێکانی نێوان حیزبەکان*). ئابووریی بەهێزی حیزب، وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە، هەموو کایەکانی ژیانی حیزب و کۆمەڵگەی تەنیوە و جەڕاندوونی. ئێستا قسەی پڕمانا و کاربڕ لێرەدایە: چلۆن و بە چ میکانیزمێک دەتوانرێت ئەم دەسەڵاتە ئابوورییە نەفرەتییەی حیزب، بچووک بکرێتەوە یاخود کۆنترۆڵ بکرێت؟! دۆزینەوەی ئەم میکانیزمە و پێش هەرشتێک ملدانی خودی حیزب، بە خستنەگەڕی وەها پرۆژەیەک، ڕەنگە ببێتە هەنگاوی یەکەمی چاکسازی و لەگەڵ زەمەندا دەشێت سەدان هەنگاوی دیکەشی گەرەک بێت، بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە لنگاوقووچ وەستاوە، لەسەر پێ ڕۆبنرێتەوە!

سالآنێکە نووسەر، ڕۆشنبیر و سیاسەتزانی کورد، لەمەڕ پەرلەمان و نەخۆشییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەنووسن و قسان دەکەن! پەرلەمانی کوردستان کە لە سۆنگەی دۆخی نائاسایی خولقاندنیدا، وەکو پەرلەمانێکی بێئۆپۆزیسیۆن، واتە پەرلەمانێک کە تەنیا لە سایەی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکانی هاوشێوەی وڵاتە سۆسیالیستەکانی سەدەی پێشوو، ئێراقی بەعس، سوریای ئێستادا وجودی هەبوو یاخود هەیە، ناکارێت کارا و ئاکتیڤ بێت.

ئێستا ئیدی، ئەمە کاری پلەیەکی هەموو ئەو هێز و ڕەوتە ڕیفۆرمخوازانەیە کە لە هەوڵی ئەوەدا بن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانێک ساز بدەن کە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزی هەبێت، کە ڕێکەوتنی ستراتیژیی (*پارتی و یەکێتی*)، لە بواری قۆرغکردنی دەسەڵاتدا لەق بکەن و لە بوارەکانی دیکەدا کە پەیوەندییان بە ستراتیژی دۆزی کوردەوە هەیە، بەهێز بکەن.

ئێستا، کاتی ئەوەیە کە لە ژێر فشاری هێز و توێژە کۆمەڵایێتییە ناڕازییەکاندا، پارتی و یەکێتی، ئەم تەنگژە ئاڵۆزەی دەسەڵاتی سیاسیی تێکەوتووە، وەک هەیە



188

بیناسن و بزانن کە سەرچاوەی خولقاندنی وەها دەسەڵاتێک، لە پلەی یەکەمدا ئەوانن. ئەوان لە پاش راپەڕینەوە و هەتا ئیستا، لە ئاست میژووی سیاسیی میللەتی ئێمەدا بەرپرسیارن. هەق وایە، سەرۆک و سەرکردەکانی کورد و هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، لە گێژاوی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە کەموینەیەدا، لە کەلی غروور دابەزن، نەک هەر گوێ لە راو بۆچوونی هێز و کەسانی ڕیفۆرمخواز بگرن، بگرە پرۆژە و ئاگێندای هاوبەشی هەمەلایەن، بۆ چاکسازی لە دەروونی حیزب و دەسەڵاتی سیاسیدا، لەگەڵ ئەو کەس و هێزانەدا دابڕێژن و بە جیددی کاریان لەسەر بکەن.

نەزانین ئەگەر وا بزانین، کە پرۆسەی ڕیفۆرم لە سیستەمی سیاسیدا، بە کەس و لایەنێک و لە ماوەی چەندمانگێکدا جێبەجێ دەبێت. پارتی و یەکێتی، هەڤدە ساڵە ئەم سیستەمە سیاسییەیان دامەزراندووە کە وەک پێشتر گوتمان، هیچ خەسڵەتێکی سیستەمی سیاسیی نۆرماڵ و سروشتیی تێدا نییە، دیارە بۆ هەڵشێلانەوە و سەرلەنوێ دارِژتنەوەی جومگە و دەسگاکانی ئەم سیستەمە، بۆ خولقاندنی سیستەمێکی ئەقڵانیی دامودەسگایی یاساڕێژکراو، لانیکەم، زەمەنێکی نیوهێندەی تەمەنی سیستەمی ئێستای گەرەکە.



189

# هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان

ئەگەر و چاوەڕوانییەکان

نووسینێکی تایبەت، لەسەر داخوازیی ماڵپەڕی "یەکگرتوو"
27 فیبریوەریی 2009

بە پێی لێدوانەکانی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەتی کوردستان و هەموارکردنی برێک لە یاساکانی هەڵبژاردن و رەوانەکردنی ئەو پرۆژەی هەموارکردنە بۆ سەرۆکایێتیی هەرێم، وا پێ دەچێت، پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی خۆیدا، واتە لە 19ی مانگی مای ئەمساڵدا بەڕێوە بچێت. ئەنجامدانی ئەم پرۆسە چارەنووسسازە، کە هێشتا دوابڕیاری لێ نەدراوە و هەندەک ئاستەنگ و لەمپەری تەکنیکی و سیاسیی لە بەردەمدایە، شەقامی سیاسیی کوردی و نێوەندەکانی دەسەڵات و ڕاگەیاندنەکانی کوردی سەرقاڵ کردووە، جێگای باس و لێدوانە، جێگای کۆڵینەوە و پێشبینیکردنی ئەگەر و چاوەڕوانییەکانە.

هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، کە دەبێتە سێهەمین هەڵبژاردنی ئەم دەسگا زێدەگرنگە لە مێژووی نوێی وڵاتی ئێمەدا، لە دۆخێکی نوێی ناوخۆیی، ئێراقی و جیهانیدا بڕیارە بەڕێوەبچێت کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتری جیا دەکەنەوە و خەسڵەتی نوێ، توانا و بڕستی کاریگەر و کاربڕی پێ دەبەخشن. ئەم هەڵبژاردنە، ئەگەر لە زەوینەیەکی تەندرووستدا ئەنجام بدرێت و گەمەکەرە سیاسییەکان، بە میتۆد و پرۆژەی نوێوە، بەشداری لە وەها گەمەیەکی دیموکراسیدا بکەن، دەشێت نەخشەی سیاسیی دەسەڵات بگۆڕێت و ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ جێخستنی پرۆسەیەکی دیموکراتیی تەندرووست لە کوردستاندا کە لەگەڵ زەمەندا و بە

190

دابینکردنی فاکتەر و هەلومەرجەکانی دیکە، بتوانیت گۆڕانکارییەک لە سیستەمی سیاسیی سەقەت و چەندساڵان چەقبەستووی کوردستاندا بکات.
ئەگەرەکان:

- **ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردن.**

ئەمە ئەگەرێکە و بە هەر بیانوویەک شانسی خۆسەپاندنی هەبێت، دەتوانێت کارکردی سەلبیی خۆی، لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی دابنێت و ئەوەشمان پێ بڵێت: ئەو سیستەمەی دەسەڵات کە ساڵانێکە بانگەشەی دیموکراسیبوونی خۆی دەکات، چ ڕەواییەکی نامێنێت و چەند شەقاوانیش پاش پرۆسەی دیموکراتی لە ئێراقدا کەوتووە.
ئەم ئەگەرە، دەتوانرێت وەک جۆرێک لە بێریزی، بۆ سەرەتاییترین مافی خەڵک کە مافی هەڵبژاردنە، ببینرێت.

- **ئەگەری لیستەکان و گەمەی ئۆپۆزیسیۆن:**

ئەمە کاربرترین ئەگەرە لە دیاریکردنی سەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ تەندرووستکردنی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا.
ئەم هەڵبژاردنە و چۆنییەتیی بەلاداکەوتنی، ئەگەری ڕێکخستن و میتۆدی بەشداریکردنی ئەو هێزانەی خوازیاری خولقاندنی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەن، دەبێتە تەنیا دەرفەت و یەکەم هەنگاو بۆ تێکشکاندنی سیستەمی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات و ئەکتیڤکردنەوەی دەسگایەک کە شایستەی ناولێنانی "پەرلەمان"ی هەبێت.
ئێستا، نزیکەی هەژدە ساڵ، بەسەر تەمەنی پەرلەمان و حکومەتێکدا تێدەپەڕێت کە پارتی و یەکێتی بڕیاردەر و بەڕیوەبەری هەموو بوار و کایەکانی بەڕیوەبردنی ئەو سیستەمەی حکومڕانین، خەڵک و هێزە سیاسییەکانیش بە کردەوە، ئیفلیجیی ئەو ئەقڵەی حوکمڕانی و ئەدا سیاسییەکەی دەبینین و لە وێرانییەکانیاندا دەژین. ئێستا، ئەو هێزە سیاسییانەی کە لەدەرەوەی ئەو دوو هێزە باڵادەستە هەڵدەسووڕێن و لە ڕابردوودا هەم هاوکار و هەم ڕکبەری ئەم دەسەڵاتە بوونە، هەست بە

سیاسەتی نادرووستی خۆیان دەکەن، ئەگەر بەرژەوەندییەکانیان ڕێگایان پێ بدات، بە نیازن ببنە ئۆپۆزیزیۆنێکی کارا، لە هەڵبژاردنی ئاییندەدا. ئەم ئەگەرە، پێبەستی ئەوەیە کە هێزەکان(ئیسلامی و عەلمانی و سەربەخۆکان)، هەتا کوێ هەست بە لێپرسراویی خۆیان لە ئاست خەڵک و ئەو وادە و بەڵێنانەی بە خەڵکیان داوە، دەکەن. ئەم هێزانە، تا چەند سوور و شێلگیرن، بۆ دابەزین بە لیستی جیا و گۆڕینی نەخشەی دابەشاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا، ئەگەرێکە دەتوانێت زۆر شتمان لەمەڕ چاوەڕوانییەکانمان، بۆ هەڵبژاردن پێ بڵێت.

- **ئەگەری شێوازی لیستەکان (داخراو، کراوە)**

شێوازی لیستی داخراو، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، لە نزمترین پلەی دیموکراتیدا دەبینرێت. ئەم شێوازە داخراوەی ئامادەکردنی لیستەکانی هەڵبژاردن، بەشێک لە مافە سرووشتییەکانی "تاک"، لە پرۆسەی دیموکراتیدا زەوت دەکات و لێیانی دەسێنێتەوە. لەم جۆرەی هەڵبژاردندا، "تاک"ی دەنگدەر، مافی هەڵبژاردنی نوێنەری دڵخوازی خۆی نییە و حیزب لە بری ئەو، ئەو مافە بەکار دەبات. ئەمە جگە لەوەی کەسی دەمامکداری کاندیدکراوی نێو لیستی داخراوی حیزب، پاش ئەوەی متمانەی حیزب وەر دەگرێت و دەبێتە پەرلەمانتار، هێندەی ملکەچی داخوازییەکانی حیزب دەبێت، نیوهێندە بە شوێن خواستەکانی خەڵکەوە نابێت، چونکە ئەوە حیزبە کە کورسیی پەرلەمانی بە وی بەخشیوە، نەک دەنگدەران!

بە داخەوە، لە کوردستاندا، ئەم شێوازەی هەڵبژاردن پەیڕەو دەکرێ و ئەگەری پراکتیزەکردنی میتۆدی لیستی کراوە کە پلەیەکی باڵای دیموکراتی لەخۆ دەگرێ، زۆر لاوازە یاخود هەر نییە.

- **ئەگەری بەلاداکەوتنی کێشەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو هێزێکی باڵادەست لە سیستەمی سیاسیی کوردستاندا، لە سەرەتاوە و تا ئەوڕۆکەش، ڕۆڵی بەرچاوی (چاک یان خراپ)، لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەدا گێڕاوە. ئەم حیزبە، ئێستا، لە



192

قوڵترین قەیرانەکانی ژیانی نێوەکیی خۆیدا دەژی و لەسەر لێواری چارەنووسی خۆی وەستاوە.

ئەم کێشانەی یەکێتی، ئەگەر بە باری کەرتبوون و دابڕاندا بەلادا بکەون، ئەوا کارکردی جیددیی لەسەر چارەنووسی نەخشەی سیاسیی دەسەڵات، لە هەڵبژاردندا دەبێت و نارنجۆکێک لە دیواری ڕیزبەندیی هاوکێشەکاندا دەتەقێنێتەوە.

نەوشیراون مستەفا و کۆمپانیای وشە، ڕەگ و ڕیفۆرم، ڕابوون و پێشکەوتن و کەسانی دیکەش، ئەگەر بە لیستێک یان چەند لیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، کارکردیان لەسەر لەنۆژەن دابەشکردنەوەی دەسەڵات دەبێت و هاوشانی هێزەکانی دیکەی ڕکبەری پارتی و یەکێتی، دەتوانن ئۆپۆزیسیۆنێکی ئاکتیڤ و کارا لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستاندا درووست بکەن.

**چاوەڕوانییەکان:**

سیستەمی سیاسیی کوردستان، سیستەمێکی سەقەت، ناجێگیر، نادامودەسگایی و نامۆدرنە، ماوەی هەژدە ساڵە، نەک هەر نەیتوانیوە قەیران و وێرانییەکانی خۆی جێ بهێڵێت، بەڵکە بە رووکەش نەبێت، لە نێوئاخن و نێوەڕۆکدا وێرانتر بووە. چاوەڕوانییەکانی، ئێمە بۆ گۆڕانی سەراپای ئەم سیستەمە سیاسییە، لە پاش هەڵبژاردن و بە ئامادەبوونی هەموو ئەگەرە پۆزەتیڤەکانیش، ناکرێ زۆر گەورە و گەشبین بن.

گوڕانەکان لێرەوە دەستپێ دەکەن و زەمەنێکی مێژوویيان گەرەکە تا بە تەکامولبوون بگەن. ئەرکی ئەم گۆڕانکارییە فرەڕەهەندە، لە پلەی یەکەمدا، لە ئەستۆی ئەو کەس و هێزانەدایە، کە بانگەشەی دیموکراتی، عەدالەت و کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەکەن و لەم سیستەمەی ئێستا دڕدۆنگ و ناهومێدن.

193

## گەرای گەندەڵی، لە ڕیشەی دەسەڵاتدا گووراوە!

ئیسلام پایک
2006/8/24

**- ئایا حکومەتی کوردی چارەسەری بۆ ئەو هەموو گەندەڵی و فەوزا ئیداری و نەبوونی خزمەتگوزارییەی لە کوردستاندا هەیە، پێیە؟! بە ڕای بەڕێزتان چارەسەرەکان لە چیدا دەبیننەوە؟!**

- قسەکردن لەسەر قەیرانەکانی دەسەڵات و حکومەتی کوردی لە باشووری کوردستاندا، هێندەی سەختی و پێچەڵپێچیی خودی ئەو بنەما و سەرچاوانەی ئەم دەسەڵاتەیان خولقاندووە و ئەم گێژاو و ئاستەنگییەیان بۆ بەرهەم هێناوە، دژوار و ئەستەمە!

گەندەڵی و فەوزای ئیداری، بەرئەنجام و بەرهەمی ئاسایی میکانیزمی بەڕێوەبردن و پراکتیزەکردنی دەسەڵاتێکە کە پرۆسەی دەرکەوتن و وەسەرپێکەوتنی لە کۆمەڵگەدا، لە هەناوی هەلومەرجێکی ناسرووشتی و ناتەندروستدا خولقاوە. ئەو فاکتەر و هێزە ئەقڵانی و مۆدرینانەی بۆ کارکردنی دەسەڵاتێکی ئاسایی پێویستن، لە زەوینەی سیاسی و کولتووریی هێزە سیاسییە بڕیاردەرەکاندا وجودیان نەبووە.

خۆجەڕاندن لە بازنەی کۆڵینەوەی "گەندەڵی"دا، چڕکردنەوەی هەموو تێڕامان و خوێندنەوەکان بۆ لێدوان و شیکردنەوەی دیاردە و دەرکەوتە نابنچینەیی و ڕواڵەتییەکان، لە پرۆسەی کارکردنی دەسەڵاتدا، جۆرێکە لە خۆگێلکردن و هەوڵدانە بۆ پەینەبردن بە ماک و ڕیشەی کێشە و گرفت و ئەو ئیشکالاتانەی کە خودی دەسەڵاتی کوردی، لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتوون.



194

دەسەڵاتی کوردی، پاش تێپەڕاندنی 15ساڵ لە تەمەنی خۆی، وێڕای پێچانەوەی فاییلە خوێناوییەکانی شەڕی نێوخۆ، سڕینەوەی مەرزەکانی دووکەرتبوون، یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە و ئاکتیڤکردنەوەی پەرلەمان، هێشتا لە کردەوە و پراکتیکدا، دەسەڵاتی دوو حیزب و دوو سەرکردەیە، هێشتا سەرچاوەکانی بڕیار و پلانی جێبەجێکردنیان لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەتن. دەسەڵاتی کوردی لە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردن و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی گواستنەوەدا، کیسەڵئاسا دەبزووێت، توند دەستی لە بنەما پرەمەتیڤەکانی ئەو میکانیزمەی بەڕێوەبردن گیرکردووە و ناخوازێت هەنگاوێکی جیددی بەرەو دەسەڵاتێکی دامودەسگایی بهاوێت.

لە کوردستاندا، جارێ مەرزەکانی نێوان دەسەڵاتی دامودەسگاکانی "حیزب" و دامودەسگاکانی "حکومەت" نابینرێن. لەوێدا، هێشتا جیاوازییەکانی نێوان "*حکومەتکردن*" و "*حکومکردن*" ڕۆشن نین. مافی هاوڵاتیبوون و ئەرک و مافەکان، جارێ لە نێو ڕەنگ و تۆڕی حیزب نراون. ئەوی پێی دەڵێن "کۆمەڵگەی مەددەنی" و هێزە بزووێنەرەکانی، لەسەرەتای سەرەتاکاندان و گوڕ و تینێکیان بۆ تەکانپێدانی کۆمەڵگە و دەسەڵات تێدا نییە.

دەسەڵاتی ڕەهای حیزب، لە ماوەیەکی درێژدا، هەموو سامانی کۆمەڵگەی لە قاسەکانی خۆی ناوە، بە بارێکی دیکەشدا، سەرجەمی کایە و پانتاییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆنترۆڵ کردووە.

لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کوردیدا، شتێک بە نێوی "دابەشکردنی سامان و دەسەڵات" وجودی نییە.

خراپ بەکاربردنی دەسەڵات و چڕکردنەوەی، مۆڵکردنی سامانی کۆمەڵگە لە دەستی حیزبدا و ناعەدالەت دابەشکردنی، کۆمەڵگەی بەرەو قەیرانیکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی بردووە، خەندەقەکانی قووڵتر و بەرینتر کردووە.



195

له سایەی دەسەڵاتی نادامودەسگایی و نائەقڵانیی حیزبی کوردیدا، کۆمەڵگەی کوردستان بەسەر دوو کۆمەڵگەدا کە مەودای نێوانیان یەکجار بەرین و بەرچاوە، دابەش بووە:

- کۆمەڵگەی سەرکردە و کادارنی حیزب و ئەو بازرگان و سەرمایەدارانەی کە لە دۆخی نائاسایی کوردستاندا، بە هاوکاری و هاوبەرژەوەندیی گەورەبەرپرسەکان، کۆنترۆڵی زیاتر لە 70%ی ئابووریی کوردستانیان کردووە، "بەهەشتێکی" سەرمایەدارییان لە "بازاڕی ئازاد" و بێلەمەپەر و بێیاسادا، بۆ خۆیان و سەرمایەکەیان بنیات ناوە. کوردستان، لە دید و بەرژەوەندیی ئەم چینەوە، بەرەو "دوبەی" و "هۆنکۆنگ" هەنگاو دەنێ!
لەم "بەهەشت"ـەدا، ئەم چینە، لە هەموو پێداویستییەکانی ژیان بەهرەمەندە و بە زیادەوە لێی دەڕژێ!

- کۆمەڵگەی دەرەوەی حیزب. گرووپی پەراوێزخراو:
ژیانی ئەم گرووپە فراوانە و مەینەتییەکانی رۆژانەی، ئاوێنەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانن. حکومکردنی نادامودەسەگایی و بێپلان و هەڕەمەکیی دەسەڵاتی کوردی، لە مەوادیەکی زەمەنیی 15ساڵیدا، بونیادی کۆمەڵایەتی و رۆحیی ئەم کۆمەڵەی وێران کردووە، کردوویەتیە کۆمەڵێکی بێبەرهەمی بەرخۆر و بێئیرادە کە تاکەکانی، بۆ مەیسەرکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، چاویان لە بەخشندەیی حیزب و دەسەڵات بریوە. ناعەدالەتیی دابەشکردنی سامانی کۆمەڵایتی و هەڵاوێردنی سیاسی و حیزبی، ئەم کۆمەڵەی بۆ قوڵایی قوڵکەکانی ژیان شۆڕکردووەتەوە و لەژێر ئاستی سفرەوە، ژیان بەسەر دەبەن! لە دیدی ئەم گرووپەوە، کە زۆرینەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێک دەهینن، کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو سۆماڵ و ڕواندا مل دەنێ.



196

ڕاپەڕین و پرۆسەی ئازادی، ئەم وێنە و بونیادەی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرهەم هێناوە و ئەم واقیعە ئاڵۆز و پڕ قەیرانەش، فەوزایەکی لە ئیدارە و حوکمەتکردندا خولقاندووە!

دەسەڵاتی کوردی، بەم ئەقڵە، بەم تێڕوانینە، بەم میکانیزمە و بەم بێپلانییە، ئەستەمە چارەسەرێکی دڵخوازی پێ ببینرێتەوە و کەفوکوڵی خەڵکی پێ دامرکێنرێتەوە.

لە تێڕاماندا بۆ خویندنەوەکانی من، لەمەڕ ماک و بنچینەی گرفتەکان، دەکرێت ڕێ و شوێن و ڕێگاچارەکان ببینرێنەوە! بە کورتییەکەی: دەبێت حیزب، لە دەرەوەی دەسەڵاتدا دەست لە ئێخەی کۆمەڵگە بکاتەوە، سامانی کۆمەڵگە بۆ حکومەت بگێڕیتەوە. تەنیا لە ڕێگەی "حکومەت"ەوە و لە چوارچێوەی دامودەسگادا، حوکم بکات. حیزب، کە لەبەردەم هیچ دەسگایەکدا بەرپرسیار نییە، دەبێت پابەندی ئەو یاسایانە بێت کە جارێ دانەڕێژراون! لە کاتێکدا حیزب و دەسەڵات، ناخوازن فاکتەرەکانی گۆڕانی بنچینەیی و نوێکردنەوەی خۆیان بخولقێنن، نێوەڕۆکێکی شارستانییانە بە خۆیان و میکانیزمی کارکردنیان لە کۆمەڵگەدا بدەن، لە کاتێکدا کە "ئۆپۆزیسیۆن" بە چەمک و مەفهومی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا بوونی نییە و ئاخاوتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جیاوازی لە ئاخاوتەی دەسەڵات پێ نییە، ئیدی ئەوە ئەرکی کۆمەڵانی خەڵک و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە تازەدەرکەوتوانەن کە هێزی پاڵەپەستۆ بۆ سەر دەسەڵات و حیزب وەگەڕ بخەن و بە ڕەوتێکی مۆدرن و لەگەڵ سەردەمدا گونجاو، دەسەڵات و حیزب ناچار بە پاشەکشێ و کرانەوە و "شەفافییەت" بکەن، زەمینە بۆ بەدامودەسگاییکردنی دەسەڵات بسازێنن.

گەندەڵی و فەوزای ئیداری، گەرایان لە مێژووی "شاخ"دا گوراوە. دەبێت هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتی فراژی بێت و خەرەندێک لە نێوان مێژووی شاخ و شاردا هەڵبکەنێت!



197

**- بۆچی ئیدارەی کوردی هەمیشە بەو ئەقڵێتە بیر دەکاتەوە کە خەڵک ناڕەزایی دەردەبڕێت یان خۆپیشاندان دەکات، یەکسەر بەرانبەر تاوانبار دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە دەست لە پشت مەسەلەکانەوە هەیە. بۆچی ئیدارەی کوردی خۆی تاوانبار ناکات و ددان بە هەڵەی خۆیدا نانێت، وەک سەرۆک و بەرپرسە ئەوروپییەکان، کە بارودۆخێکی نادرووست پەیدا دەبێت، دەستبەجێ دەست لەکار دەکێشێتەوە و ددان بە هەڵە و کەموکورتیەیکاندا دەنێن. واتە خۆیان باجەکە دەدەن و لە ملی کەسانی تری نانێن؟**

- ئەگەر قسەمان لەسەر جیاوازییەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵات و دابەشکردنی، سیاسەت و مۆراڵ، کۆمەڵگە و دەسەڵات و کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە و ولاتە جیاوازەکاندا بێت، ناچارین خوێندنەوەیەکی وردمان بۆ مێژووی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری، دەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن، لە ئەوروپادا هەبێت، پاشانیش بەراوردێکی بێهودە لە نێوان کوردستان و ئەوروپادا، یان بەرپرسێکی کوردستانی و پەرپرسێکی ئەوروپیدا بکەین!

هەموو ئەو شتانەی لە بونیادی دەسەڵاتی کوردیدا وجودیان نییە، لە ئەوروپادا مێژوویەکیان تێپەڕاندووە، تەلاری جیاوازییەکانیان نەخشاندووە و دوو جیهانی جودایان درووست کردووە.

دەسەڵاتی کوردی پاش 15ساڵ، هێشتا لە خەونی سەروەرییەکانی "شاخ"دایە و وەئاگا نەهاتووە. حیزبی نێو دەسەڵاتی کوردی کە نیوسەدە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی سیاسی/ چەکداریی کوردی کردووە، پێی وایە خولقاندنی ئەم ڕۆژگاری ئازادییە و ئەم کوردستانی بێ دەسەڵاتی بەعسە، بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی ئەوانە، بە بەرخۆدان و خوێنی شەهیدەکانی حیزبی ئەوان "کە لە راستیدا خوێنی خەڵکی کوردستانە"، وەدی هاتوون، ئیدی خەڵک دەبێت هەر لە شاییلۆغانی ئەم ڕزگارییەدا، مەست و بەنگ بێت. ئەوان نایانەوێت و ناتوانن بڕوا بەوە بێنن کە کۆمەڵگەیەک،



198

سالآنێکه موژدەی بنیاتنانی "بەهەشت"ێکی لەوان وەرگرتووە، ئێستا ئەم "بەهەشت"ـە، بە دۆزەخ ببینێت و لە هەوڵی کوژاندنەوەی ئەو ئاگری ناعەدالەتییەدا بێت کە لە ژیانی رۆژانەی بەربووە.

دەسەڵاتی کوردی، رەوایی حوکمڕانیی خۆی لە خەبات و قوربانیدان و سەروەرییەکانی میژووی خۆیەوە دەبینێت، نەک لە کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتیی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا. لە ڕاستیدا هیچ کۆنتراکتێکی وەها لە گۆڕێدا نییە! حیزبی کوردی، ئەگەر سەرزارەکییش ددان بە هەڵەکانیدا بنێت، ئەوا لە قوڵایی ئەقڵی خۆیدا، خۆی بە پاکیزە و بەدەر لە هەر هەڵەیەک دەبینێت.

لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی سەرکردە و حیزبی کوردیدا، هەمیشە رەگەزێک لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی "خێڵ" ئیش دەکات. ئێمە دەزانین، کەمتر وا بووە کە خێڵ قسە لە قسەی سەرۆکخێڵدا بکات و ڕێنوێنیی بکات.

لێرەوە تێدەگەین، کە هەمیشە "خەڵک تاونبار و حیزب و لێپرسراوەکانی بێتاوانن! لێپرسراوی کورد، ناچێتە ژێر چاوی هیچ کامێرایەکی دەرەوەی حیزب.

حیزب، ئەو کامێرا گەورەیەیە کە بە چاوە تایبەتەکانی خۆی، هەم حیزب و هەم کۆمەڵگەش دەبینێت! با کەس بە هیوای ئەوە نەبێت، لێپرسراوێک دەست لە کار بکێشێتەوە و ددان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت! تەنیا ڕێگا، خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکە، بە ئاڕاستەیەکی درووست و بە شێوازێکی شارستانییانەی دوور لە زەبر و خوێنڕشتن، تا لەگەڵ زەمەندا، ئەم دەسەڵاتە لنگەوقووچەی کورد، لەسەر پێی خۆی دابنێتەوە!



199

## کۆمەڵگە، دەسەڵات و ئازادی

ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆژنامەی "هەولێر"دا
سازدانی: هاودەنگ فاروق
سەرەتای مانگی یونیی 2009

**- پێشەکی سوپاسی بەرێزتان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی رەخسانتان بۆ ئەوەی سەبارەت بە وەزعی کوردستان و هەلومەرجی ئێستا و ئەو پرۆسەیەی کە بەرێوە دەچێت سەبارەت بە هەڵبژاردنی کوردستان دیدارێک لە گەڵ رۆژنامەی هەولێر ساز بدەن..**

- منیش سوپاستان دەکەم و بەخێر بێن.

**- لە هەڵبژاردنی دوای راپەرین بۆ یەکەمین جار بوو لە کوردستاندا کە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، شانی دا بەر پرۆسەیەک کە ئەگەرچی پرۆسەیەکی خاوەن کەموکوڕییش بێت، بەڵام دیمۆکراتییە، تۆ دەکرێت لەوەوە دەست پێ بکەیت بزانین لە کوردستاندا چەندە توانراوە سەرەتاکانی دیمۆکراسیی بەرجەستە بکرێت.**

- راستییەکەی بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە و هەر دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی دیکە، مرۆڤ دەبێت باسکردنەکان لە چوارچێوەیەکدا دابرێژێت و بزانیت لە سەر چ قۆناغێک و سەردەمێک قسە دەکات، مەبەستم ئەوەیە قۆناغبەندییەکە وسەردەمەکە، زۆر گرنگن. هەموو ئەو فاکتەرە کۆمەلایەتی وسیاسی و ئابووری و فەرهەنگیانەی لە سەردەمێکدا پێکەوە کار لە بزواندنی پرۆسە



200

جیاوازەکان دەکەن زۆر گرنگن، مەبەستم ئەوەیە، کات گرنگە وشوێنیش گرنگە، شوێن بەمانا تجریدییەکەی واتە (*دابڕاوەکەی*)نا، شوێن ئەو شوێنەیە کە مرۆڤەکان لەوێدا لە هەڵسووڕانێکی بەردەوامدان.

**– سەرکردایەتیی کوردستان، واتە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان چەندە پابەند بووە بە پرانسیپەکانی دیمۆکراسیی و بەتایبەتی لە پرۆسەی بەرێوەبردنی ئیدارەی کوردستاندا**

– قسە کردن لە سەر پرۆسەی دیمۆکراسی، قسەکردنێکی قووڵ و هەمەلایەن لەخۆ دەگرێت، بۆیە لە پرۆسەی سیاسییدا ناتوانین مەسەلەی دیمۆکراسی بە تەنیا و دابڕاو لە کایە کۆمەڵایێتی و سیاسییەکانی دیکە ببینین، پێشتر باسی شوێن و کات وسەردەمم کرد، لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ ساڵی 1992، ئێمە لەوێدا، کۆمەڵگەیەک دەبینین کە لەسەرەتای پرۆسەی رزگاربوون و جێهێشتنی قۆناغێکدایە بۆ ۆناغێکی دیکە ، یەعنی قۆناغی داگیرکراوی، قۆناغی زەبر وزەنگ و ئەنفال، ئەو قۆناغەی کە کورد لە سەر لێواری مەرگدا وەستاوە. لەم قۆناغەدا، بە یەکانگیربونی کۆمەلێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی، تۆ واقیعێکی دیکەت بۆ دەخولڤێ، زەوینەیەکی دیکەت بۆ دەسازێت و هەڵومەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتیی دیکەت بۆ دەرەخسێت. ئەمە قۆناغجێهێشتنە، ئەمە دەرکەکردنەوەیە لە ڕووی قۆناغێکی دیکەدا. کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی پرۆسەیەک تێبپەڕێنێت و دەستپێکی پرۆسەیەکی نوێی کۆمەڵایێتی، سیاسی و فەرهەنگیی دیکە دەستپێبکات، فاکتەر و پێداویستییەکانی ئاڵوگۆڕەکانیش وەک پێویستن ئامادە نەبن، ئیدی لەمپەر و بەربەستەکان فرەن و کەموکوڕییەکانیش بەرچاون. پێکداچوون و کارلێککردنی فاکتەرەکان، لە بازنەی هاوکیشە سیاسی و کۆمەڵایێتییەکاندا، وەک کارلێکردن و لێکدانی فاکتە زانستییەکان نین، واتە ئەمە هاوکێشەیەکی ماتماتیک یاخود شیمی نییە و راست و رەوان ئەنجامی دڵخوازت بە دەستەوە نادات. ئێمە قسە لەسەر



201

گۆڕان و سەرەتاکانی گۆڕان دەکەین، قسە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، ئێمە خەریکین لەسەر سەرەتاکانی دەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتیی لە کۆمەڵگایەکدا قسە دەکەین کە قەدەری داگیرکاری و جینۆساید، لە مێژووی دوور و نزیکدا، هیچ بوارێکی ئاشنابوونی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بۆ نەهێشتووەتەوە. کورد، لە قۆناغی شەڕ و موقاوەمەتەوە، لە قۆناغێکەوە کە لە زەبر و خوێن و توندوتیژی سەرڕێژە، بۆ دۆخێکی دیکە، دۆخی ڕزگاری وسەردەمی دامەزراندنی دەسگاکانی خۆحوکمکردن دەگوێزرێتەوە. قۆناغەکانی گوازتنەوە، ئامیتە و تێکهەڵکێشراون و دیوارەکانی نەفیکردن و جێهێشتن، بە سانایی ڕۆنانرێن. خەسڵەتەکانی کۆن لە جەستەی نوێدا، تا زەمەنێکیش دەژین و کار دەکەن. واتە سەردەمە جیاوازەکان وا بە ئاسانی دەست لە یەکدی ناکەنەوە و ئێخەی یەکدی بەرنادەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، دەکرێت بڵێین، پرۆسەی دیمۆکراسی لە کوردستاندا، لە سەرەتاوە، پرۆسەیەک بوو بە شێواوی لەدایک بوو، زەوینەی بەگەڕخستنی ئەو جۆرە پرۆسە دیمۆکراسییە نەبووە لە کوردستاندا.

هەر بۆیە، کاتێک باسی پرۆسەی دیمۆکراسی دەکەین، باس لە سەرەتاکانی پرۆسەی دیمۆکراسی دەکەین لە کوردستاندا، لە کۆمەڵگەیەکدا، کە لە وێرانییەکانی خۆیدا دەژیا، بە حوکمی ئەو داگیرکاری، توند وتیژی و کاولکاری و خوێنڕشتنەی کە لە کوردستاندا هەبووە، تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا کار دەکەیت کە هەموو جوومگەکانی، لەماوەی 30 تا 35 ساڵی سەردەمی بەعسدا لێکترازاون، بۆ ئەوەی تۆ ئەو جوومگانە بەیەکەوە ببەستیەوە و بتوانێت لە سەر ڕێرەوێکی تەندروست دایانبنێیتەوە، بۆ ئەوەی گەشەکردنی ئاسایی خۆی بکات، پێویستی بە ئەقڵێکی نوێ و مۆدێرن دەبێت، زەوینەیەکی سازێنراویشی گەرەکە، تا بتوانی ئەو ئەقڵە لە پراکتیکدا بخەیتە کار، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەزعەی ئەوێ ڕۆژێی کوردستان، ئێمە دەبینین پرۆسەکە تووشی جۆرێک لە دارووخان هات و کەوتە هەولومەرجێکی نائاسایی و بارگاوی بە توندوتیژی، ئەمە خۆی ڕێگر بووە لە بنیاتنانی پرۆسەیەکی نۆرماڵی تەندرووست و لە هەموو بوار و کەیەکانیشدا. ڕاپەرین،



202

دەروازەیەکی بۆ ئازادی، لە ئێمە کردەوە، ئێمە نەمانتوانی لەو دەرگایە وەکو پیویست وەژوور کەوین. ئێمە ئەو پرۆسەیەمان ئیفلیج کرد!

**- زۆرجار باس لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی وڵات دەکرێت لە لایەن حیزبەوە، بۆچوونی ئێوە بەرانبەر بەم پرسیارە چییە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1970 تا 1974 تەجرووبەیەکی حوکمڕانیی نێوخۆیی کورد هەبووە لەو ساڵەدا، دوای راپەرینیش بە هەمانشێوە، بە چەندین حیزب توانیان پەرلەمان پێک بێنن، تۆ ئەو تەجرووبەیەی ئەو حیزبانە لە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 1974 و دوای راپەرین چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کورد، بە شێوەیەکی گشتی، ئەزموونی حوکمکردن و بەرێوەبردنی زۆر کەمە، کە دەڵێم مێژووی هاوچەرخ، واتە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ساڵانی کۆتایی ئەو سەدەیە، ئێمە لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا، ئەزموونی حومکداریەتی شێخ مەحموودمان هەیە کە ئەزموونێکی زۆر کورتخایەن بوو، پاش ئەوە، لە کوردستانی رۆژهەڵات، ئەزموونی کۆماری مەهابادمان هەیە. ئەو ئەزموونانە کە تەمەنێکیان بۆ نەنووسرا، نەیانتوانی کورد لەسەر ڕێرەوی بەڕێوەبردنی وڵات رابێنن، لە حەفتاکانی سەدەی پێشووشدا، ئێمە بەیانی (11)ی ئازار و حوکمدارییەتی کوردمان هەیە. لەو بەشەی کوردستاندا، ئێمە لەوێدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە راستە جوومگەکانی دەستەڵات توند وتۆکمە نەبوون، بەڵام دیسانیش من پێم وایە، ئەو شێوەبەرێوەبردن و حوکمداریەتییە مرۆڤ دەیتوانی جۆرێک لە خەسڵەتەکانی بەرێوەبردن و حکومداریەتیی نۆرماڵی تیادا ببینێت بەپێی هەلومەرجەکانی ئەو کات، نمونەی زیندووش لە کوردستاندا، لە هەرسێ پارێزگاکەدا، ئێمە ئەوسات، کۆمەڵێک ئۆرگان و دامودەزگای حوکمی و حیزبیمان هەبوون، واتە کە لە شاردا پارێزگار هەبووبێت، ئەوا لە هەمانشوێن رەنگە بارەگای لقیش هەبووبێت و لە قەزایەکدا قایمقایم هەبوو بێت، لە هەمانشوێندا رەنگە

203

بارەگای ناوچەش هەبوو بێت ، من ئەوسات، تەمەنم 18 تا 20 ساڵ بوو، دەمبینی ئەو تێکەڵاوییە لەنێوانیاندا نەبوو، چوونکە پارێزگار دەیزانی کارەکەی چییە و لقیش دەیزانی کارەکەی چییە، بە هەمانشێوە قایمقامیش دەیزانی کارەکەی چییە و ناوچەش هەروەها، بۆیە ئەو مەودا زەمەنییە کورتە لە حکوومداریەتییدا، ئەگەر بهاتبایە و درێژەی کێشابا، رووداوەکان بەوشێوەیە ڕوویان نەدابایە کە ڕوویان دا، من پێم وایە، ئەوە بنچینەیەکی باش دەبوو، تۆ 30 ساڵ یان 50 ساڵی دیکەی لەسەر دانێی، دەشیا ئێستاکە، کورد لە بواری حووکمداریەتی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگەدا، لە شوێنێکی تردا بوایە.

**- لەو سەردەمەوە کە تۆ باسی دەکەی، چەندە توانرا هەوڵی بە دامەزراوەییکردنی وڵات بدرێت، واتە چەندە توانراوە کە ئەرکی حیزب ئەو کاتە، واتە لە ساڵی (1974) دیاری کراوبوو؟**

- من پێموایە، ئەگەرچی شتەکان سەرەتایی بوون، بەڵام دیسانیش توانرابوو شێوەی دارشتن و میکانیزمی کارکردنی ئەو دامودەزگایانە بە جۆرێک بێت، مرۆڤ ئەو جیاوازیانە ببینێت، لە نێوانی دەستەڵاتی حیزب و دەستەڵاتی حکومەتدا، لە کوردستاندا، ئەگەرچی شکڵی حکوومەتکردن و بەڕێوەبردن، یان ستاتووی ئەو حکومەتەی کە کورد بەڕێوەی دەبرد، وەک ئەوەی ئێستا نەبوو، واتە راستەوخۆ بەشێک بوو لە حکوومەتی عێراق و ئەو دەسەڵاتە فراوانەشی نەبوو، بەڵام بە حوکمی هەلومەرجێکی دیفاکتۆ کە لە کوردستاندا خوڵقابوو، بزووتنەوەیەکی جەماوەیی زۆر گەورە، حیزبێکی پانوپۆر کە هەزاران هەزار خەڵکی لە خۆ گرتبوو، خۆشەویستی و ئەو جۆرە هۆگربوونەی خەڵک بە حیزب وسەرکردەیەتیی سیاسی کوردەوە، وایکردبوو جۆرێک لە پێکەوەگونجاندن و ئامانجی سیاسیی هاوبەش، لە نێوان خەڵک و حیزب و ئەو دەستەڵاتە کوردییە لۆکالەی کە دامەزرابوو، بە



204

جۆریک بوو کە ئەو جۆرە ناکۆکی و نارەزایی و ململانێیەی کە لە رۆژگاری ئێستادا دەیانبینین، ئەوکات بەمشێوەیە نەبوون.

**- رۆڵی مستەفابارزانی لەو نێوەدا چۆن بوو وەکوو سەرکردایەتیی لە ناو بزووتنەوەی سیاسیی ئەوسای کوردستاندا؟**

- ئەو سەردەمە، دیاردەی یەکحیزبی و یەکسەرکردەیی لە کوردستاندا هەبوو، راستە هەندەک حیزب و رێکخراوی دیکەش هەبوون، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا نەبوو، بە گشتیی پارتیی دیمۆکراتیی کوردستان، سەرکردایەتیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و لەسەرووی ئەوانیشەوە، خوالێخۆشبوو بارزانی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کایە سیاسییەکانی کوردستاندا هەبوو. یەعنی دەستەڵاتەکە بەو جۆرە چڕ کرابۆوە کە پەیوەندییەکی تۆکمە لە بەینی دەسگاکانی خوارەوە و سەرەوەدا هەبوو، دیارە کەموکوریش هەبوون، بەڵام بە گشتی ئاراستەکردنی حوکمکردن لە کوردستاندا، بە ئاقارێکی باشدا دەرۆیشت.

**- هەندێک بۆچوون پێیانوایە فرەحیزبی دەتوانێت زیاتر رۆڵی هەبێت لە بەرێوەبردنی وڵات و چەسپاندنی بنەماکانی دیمۆکراتی، ئایا بۆچوونی ئێوە چۆنە ؟**

- بەدڵنیاییەوە، لە زەوینەیەکدا و لە هەومەرجێکدا، لە ولاتێکدا و لە کۆمەڵگەیەکدا کە خۆی زەوینەی پلۆرالیزم و فرەحیزبیی لە رووی بیناکولتووری و کۆمەلایەتییەکەوە قبوڵ بکات، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوی پرۆسەیەکی دیمۆکراتی بکەوێتە ریگا، بۆ ئەوەی لەوێدا، لە ململانێیەکی تەندرووست و نۆرماڵدا، بتوانێت هەم دەستەلات دەستاودەست بکات و هەم ململانێکە، ببێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی دیمۆکراسی بەرەو پێشەوە بگەڕێت، بەڵام لە شوێنێکدا کە خودی حیزبەکان ئەقڵییەتی ئەوەیان تێدا نەبێت یان ئەو جۆرە بۆچوون و بینینەیان

205

بۆ مەسەلەی پلۆرالیزم و دەستاودەستکردنی دەستەلات نەبێت، لێرەدا هەندێکجار ئەو ململانێیە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردنی پرۆسەی دیمۆکراسی و دەبێتە ڕێگر لە ڕێی ئەوەی کە تۆ بتوانی ئیدارە و بەڕێوەبردنێکی تەندرووست و مۆدێرن لە وڵاتی خۆتدا دروست بکەی، هەروەکو ئەوەی کە لە قۆناغی پێشوودا بینیمان، واتە لەپاش ساڵانی 1993 و 1994 کە ململانێی دەستەڵات لە نێوان حیزبەکاندا دروست بوو، ئێمەی بۆ قۆناغێک گواستەوە کە قۆناغی شەڕی ناوخۆی پێ دەڵێن.

پلۆرالیزم لە بری ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی بەهێز، بۆ گەشەکردنی دیمۆکراسی، بە پێچەوانەوە، بووە کەمەندێک یا خوود کەلەبچەیەک بۆ ئەوەی دیمۆکراسی زیندانی بکات.

**- بە رای تۆ ئەزموونی ئێستای کوردستان دەبێت بە چ شێوەیەک حوکمڕانی وەرگرێت، ئایا لەگەڵ ئەوەدای بدرێتە تاک حیزبی واتە حیزبێک بتوانێت ئەو موئەسەسەتانە دروست بکات و ئەو حکوومەتە بەڕێوە بیات ؟**

- نەخێر! هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم، نابێت و ناکرێت ئێمە بۆ دواوە بگەڕێینەوە، هەلومەرجی دونیای ئێستا و هەلەومەرجی ئێستای کوردستانیش، دیاردەی تاکحیزبی قەبووڵ ناکەن. ئەگەرچی کەرەستەکانی بەڕێوەبردنی ململانێی فرەحیزبی لە کوردستاندا بە شێوازە سرووشتییەکەی، لە کەلتووری حیزبە کوردییەکاندا، ئامادە نین، دیسانیش ئەمە پرۆسەیەکە و لە کوردستاندا ڕێچکەی گرتووە و درەنگ یان زوو، دەبێت گەشە بکات و لە سەر سکەی ئاسایی خۆی ڕێ بکات. دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوە بن کە سیستەمی فرەحیزبی و پلورالیزم، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەگەڵ دۆخی سەردەمدا بگونجێت. دەشێت دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایێتیی وەها لە کوردستاندا بخولقێنرێت کە دیادەی فرەحیزبی و پلۆرالیزمی سیاسی، ببێتە

206

بنەمایەک، تا حیزبەکان، هەم ئۆپۆزیسیۆن و هەم دەستەڵاتدار، پێکەوە هەڵبکەن و بتوانن ئیدارەی کۆمەڵگە و ئیدارەی حکومەت بکەن.

**- بە بۆچوونی تۆ، حیزب و ژیانی حیزبایەتی لە کوردستاندا، چەندە بە پێی پێویست و زەروورەتی کۆمەڵگەی کوردستانە؟**

- ئێمە 17 - 18 ساڵمان لە ژیانی حیزبایێتیی ئازاد تێپەڕاندووە. لە قۆناغی پاش ڕاپەڕینەوە، حیزب ئەو هێزەیە که بە بێ لەمپەر و هێز و فشارێکی دەرەکی، لە وڵاتێکی ئازاددا کار دەکات. من پێم وایە، ئەو جۆرە ژیانە حیزبایێتییەی 17-18 ساڵە حیزب گوزەراندوویتی، ژیانێکی تەندروست نیە، واتە دۆخێکی ئاسایی نیە، لە ماوە 17-18 ساڵدا، دەبوایە فۆرمی حیزب، ژیانی ناوخۆی حیزب، ئەقڵ و تێفکرینی حیزب، دنیابینی و ڕوانینی حیزب، مامەڵەی حیزب لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵک بگۆڕدرابا، گەشەی کردبا، خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێی کوردستان گونجاندبا. دەبوو حیزب لە هەژدەساڵدا، چەند هەنگاو لە ئیدارە کردنی مۆدێرن و شارستانەتیی کۆمەڵگەی کوردی نزیک کەوتباوە. ئەمەش بەو مانایە نییە ویناکردنەکانی من، بۆ حیزبی کوردی، لە بینینمەوە بۆ حیزبی وڵاتانی ئەوروپاوە بێت، نەخێر! من لەسەر خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی خۆمان قسە دەکەم. من، حیزبی کوردی بە مێژوو و خەسڵەتەکانی خۆیەوە دەبینم. من، مێژووی کوردستان و ئەوروپا، بە هەموو جیاوازییەکانییانەوە دەبینم. کۆمەڵگەکانی ئەوروپا، مێژوویەکی درێژیان لە بواری فرەحیزبی و پلۆرالیزم و دیموکراسیدا هەیە، بەڵام دیسانیش ماوەی 17- 18 ساڵ ماوەیەکی درێژە کە حیزبی کوردی بتوانێت تێبگات کە بە چ شێوەیەک دەتوانێت ئەدای خۆی لە ڕووی سیاسییەوە، لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، لە ڕووی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە، لەگەڵ تاک، لەگەڵ حکومەت، جێبەجێ بکات! من پێم وایە، ئەو وەزعەی ئێستاکە لە ئارادایە، هەلومەرجێکی ناتەندروستە و ئیدی سەروەختی گۆڕانە، گۆڕان لە هەموو کایە و بوارەکاندا.



207

**- بۆچوون هەیە دەڵێن، حزب ئامرازێکە بۆ خزمەتکردن، لە ڕووانگەی تۆوە حیزب چیە ؟**

- حیزب، ئامرازێکە بۆ رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگە و دەستەلاتدا، حیزب، نوێنەری چینێک یان چەند توێژێکی کۆمەڵایەتییە و خەبات دەکات بۆ ئەوەی لە میانەی خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لە کەشێکی دیموکراتیدا، دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستەوە بگرێت و بە پێی بەرنامە و ئاگێندای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، خزمەت بە کۆمەڵگە بکات.

حیزب بە چەمک و مانا کۆنەکەی، ئامرازێکی چینایەتییە و هەر حیزبێک، خواست و ئامانجەکانی چینی خۆی جێبەجێ دەکات. واتە ئامانجی حیزب، گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە، بەڵام داخۆ حیزب دەسەڵاتی بۆچییە و چی لە دەسەڵات دەکات؟ ئایا حیزب دەسەڵات بۆ خۆی دەگرێتە دەست، یاخود نوێنەری خەڵکە و لە ڕێگای دامودەسگاکانی حکومەتەوە و لە بەرژەوەندی خەڵک دەسەلات بەکار دەبات. پرسەکە لێرەدایە.. حیزب کە دەگاتە دەسەلات، بە خەبات و تێکۆشان و پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵک پێی دەگات، چۆن دەتوانێت هاوسەنگییەک دروست بکات و دەسەلات لە حیزبەوە بۆ خەڵک بگێرێتەوە، ئەمە یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە لە هەر کۆمەڵگەیکدا، دەبێت حیزب لە بەرچاوی بگرێت، کاتێک حیزب ئەو ئەرکە گرنگەی خۆی ون دەکات، دەستەڵات بۆ خۆی و ئەندامەکانی خۆی قۆرخ دەکات، ئیدی ئەوە ساتێکە، کە حیزب لە کۆمەڵگە جیا دەبێتەوە، کۆمەڵگەی حیزب و کۆمەڵگەی خەڵک لێک جیادەبنەوە، ئەمەش وا دەکات کە هەموو مافێکی تاک و کۆمەڵگە، لە لایەن حیزب و دەسەڵاتەکەیەوە زەوت بکرێت، ئیدی سیستەمی سیاسی و کۆمەلایێتی، سرووشتی گەشەکردنەکەی دەشێوێت، مەترسیی خولقاندنی سیستەمێکی سیاسیی توتالیتار، لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایێتیدا پەیدا دەبێت. ئەگەرچی لە کوردستاندا، لە ماوەی ئەم هەژدەساڵەدا، ئەدای حیزب

208

له بەڕێوەبردنی سیاسەت و دەسەڵاتدا، بەرەو ئەم قۆرخکردنە کاری کردووە و فەزایەکی ناتەندرووستی خولقاندووە، دیسانێش، لە کوردستاندا زەوینەی لەدایکبوونی دیکتاتۆر و سیستەمی تۆتالیتار، ڕەخساو نییە، ئێمە دەبینین کە حیزب ئەگەر (*کیسەڵئاساش بێت*)، وا خەریکە لەژێر فشاری دەنگی ناڕەزایی خەڵکدا، پاشەکشە دەکات و تارمایی بازنەکانی کرانەوە و گۆڕان دەردەکەوێت. حیزب کە دەسەڵات وەردەگرێت، ئەوە خودی حیزب نیە کە دەبێت کۆنترۆلی دەسەڵات بکات و هەموو کایەکانی قۆرخ بکات، بەڵکە بەشێک لە حیزب یان نوێنەرانی حیزب، بەپێی یاسا و ڕیساکانی ژیانی دیمۆکراسی، جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە حکومەتدا وەر دەگرێت و بە پێی یاسا کاریان تێدا دەکات و لە بەردەم پەرلەماندا یاخود هەر ئەنجوومەنێکی دیکەی یاساییدا، بەرپرسیار دەبێت. هەندێکجار، بە پێی دۆخێکی دیفاکتۆ، بە بێ هەڵبژاردن و دەنگدان، حیزب دەسەڵات دەگرێتە دەست و بۆ ماوەیەک، بێ دەستوور و یاسای داڕێژراو حوکم دەکات، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە حیزب ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی لێ بزر دەبێت و ئیدی ئەگەری ئاژاواندنی کۆمەڵگە بەرەو وێرانییەکان دێتە ئاراوە. لە کوردستاندا. حیزب، ئەم قۆناغەی ئەزموون کرد و ئەنجامەکەیشیمان بینی! حیزبی کوردی کە قۆناغی هەڵبژاردن و دەنگدان و دامەزراندی پەرلەمان و حکومەتیشی ئەزموون کرد، هێشتا نەیتوانیوە قۆناغی یەکەم بە تەواوی جێ بهێڵێت! حیزبی کوردی ئێستا لە قۆناغی گواستنەوەدایە، لە قۆناغی جێهێشتنی حاڵەتی ئامێتەبوونی دەسەڵاتی حیزب و حکومەتدایە.

**- ئەرکی حیزب بەرامبەر بە حکومەت چییە و ئەرکی حکومەتیش بەرامبەر بە حیزبەکان چییە ؟**

- لێرەدا مەسەلەکە باسکردنی ئەرک نییە، بەڵکوو دیاریکردنی جۆرێک لە پەیوەندییە لە نێوان ئۆرگانەکانی حکومەت و ئۆرگانەکانی حیزبدا، ئەوە تەنها



209

ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزبە کە بریاری ئەوە دەدات، چ کەسێک بۆ ناو ئۆرگانەکانی حکومەت بنێرێت، بە چ شێوەیەک ئۆرگانەکانی حکومەت دادەمەزرێنێت، بۆ نموونە، چۆن ئەنجوومەنی وەزیران درووست دەکات، چۆن پاش هەڵبژاردن، لە پەرلەماندا هاوپەیمانییەکان دروست دەکات، واتە ئەرکەکە ئەوەیە کە دەبێت حیزب سنووری دەسەڵاتی ئەرک و کارەکانی خۆی بزانێت کە تا کوێ مافی ئەوەی هەیە، دەست لە کاروبارەکانی حکومەت وەربدات. من پێم وایە ئەوەی کە لە وڵاتانی لای ئێمەدا هەیە، جۆرێک لە تێکڵاوبوونە، یەعنی حیزب نازانێت یانیش نایەوێت بزانێت کە ئەرکەکانی خۆی چین و لە کوێدان، لە کۆمەڵگەی تەندروستدا، واتە لەو کۆمەڵگایانەی کە پرۆسەیەکی سیاسیی و دیمۆکراسی تەندروستیان تێدا بەرێوە دەچێت، دامەزراوەکانی حیزب شاراوە و پەنهانن. واتە ئێمە کەمتر حیزب دەبینین، ئێمە حکومەت دەبینین و ئۆرگانەکانی حکومەت دەبینین، پەرلەمان دەبینین، ئەنجوومەنی وەزیران دەبینین و دامودەزگاکانی میدیای حکومەت دەبینین، بەڵام لای ئێمە قەبارە و بارستاییەکی گەورەی حیزب دەبینین. هەتا ئێستا، ئەمە حاڵ و دۆخەکەیە. من قسەم لەسەر ئەوەیە، لە ئاییندەدا، ئەو دۆخە و ئەو جۆرە پەیوەندییەی نیوان حیزب و حکومەت بەرەو ئاقارێکی تەندروست ببزوێت. دەمەوێت بڵێم، ئێستاکەش حکومەت لەژێر سێبەری حیزبدا، کەمتر دەبینرێت.

**- تیروانینی تۆ سەبارەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، واتە ئەو هەنگاوانەی کە لە کوردستان هاویشتراون لە بارەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر بە ئەوروپا وئەمەریکا، واتە بە بۆچوونی تۆ، ئاراستەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەچێت و ئاسۆیەکەی چۆن دەبینی؟**



210

– من، ئێستاکە ڕەشبین نیم، ڕەنگە پێش 4 تا 5 ساڵ لە ئێستا، دەمبینی کە سیاسەتی هەرێمی کوردستان، لە ئاست دراوسێیەکان، لە ئاست ئەوروپادا پڕ کەلێن و کەلەبەر بوو، بەتایبەتی بزووتنەوەی دیپلۆماسیەتی کوردی، بزووتنەوەیەکی ئێجگار لاواز، دیپلۆماسیەتێکی ئێجگار شەرمن بوو، بزووتنەوەیەک بوو، هێندەی گەورەیی ئەو ئەزموونە نەبوو کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئەوروپادا بەرێوە دەبرا. دیارە پێشریش بەهۆی ئەو هەلومەرجە دژوارە و شەری ناوخۆوە بوو کە وای کردبوو ئێمە دیپلۆماتییەتێکی یەکگرتوو و یەکئاخاوتەمان نەبێت. ئێمە نەماندەتوانی سیمای دیپلۆماسییەک نیشانی ئەوی دیکە بدەین کە ڕەنگدانەوەی دیپلۆماسیی حکومەتی هەرێم بێت، بەڵکوو ئێمە دیپلۆماتیەتێکی حیزبیمان هەبوو. پەیوەندییەکان، حیزب بەڕێوەی دەبردن، هەر بۆیە ئاخاوتە سیاسییەکان ناکۆک و جیاواز بوون.. بەڵام ئێستا لە دوای سالانی 2000 ـەوە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، لەماوەی ئەو 7- 8 ساڵەدا، کە پرۆسەیەکی ئاشتیی لە کوردستاندا هەیە، ترووسکەی گۆڕانەکان وەدەر کەوتوون.

من پێم وایە، بوونی ئاساییش و ئاشتی، پێچانەوەی شەڕ و توندوتیژی، ئەو فاکتەرە گرنگ و زەوینە ساخڵەمەیە، کە دەتوانن پرۆسە چارەنوسسازەکان، بە ئاقارێکی تەندروستدا ببزوێنن. مرۆڤ هەستی پێ دەکات کە لەماوەی ئەو 7- 8 ساڵەدا، دۆخەکە بە شێوەیەک گۆڕدراوە. بۆ نموونە، مرۆڤ دەتوانێت، هەست بکات کە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و تورکیا، پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم وڵاتانی ئەوروپا بە شێوەیەک لە شێوەکان خەریکن هەنگاو بە ئاقارێکی باشتردا دەنێن و هێمای جۆرێک لە گەشبینی، بە ئێمە نیشان دەدات.

**– هەندێک لە ڕۆشنبیران و رۆژنامەوانان، جۆرێک لە ڕەشبینی بە نێو مێشکی خەڵکدا پەرت دەکەن، بەوەی کە حکوومەتی کوردستان هیچی نەکردووە ، ئایە تا چەند لە گەڵ ئەم بۆچونانەدایت؟**

211

- من من خۆم رەخنەگرێکی جددیم و هەمیشەش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەرکی رووناکبیر و رۆشنبیر، بەتایبەتی ئەو توێژەی رۆشنبیر کە پێی وایە ئەرکێکی ئەخلاقییان بەرانبەر کۆمەڵگەکە هەیە و کار لەسەر مەسەلە سیاسییەکان دەکەن، مافی خۆیانە رەخنە بگرن، توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن و بنووسن بەڵام رەخنەگرتن و نووسین ولێکۆڵینەوە، لە چ ئاستێکدا، بە چ ئاقارێکدا و بە چ مەبەستێک، ئەمەیان مەسەلەیەکی گرنکە. دەشێ بزووتنەوەی رەخنەسازی، بزووتنەووەیەک بێت، قووڵ بە ڕیشەی مێژوویی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی ئەو هێزە سیاسییانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵیان لە خولقاندنی بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایتیدا هەیە، ڕۆبچن. ڕەخنە و لێکۆڵینەوە سەرپێی و سادەکان، ناتوانن پەی بە نهێنیی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایتی و فەرهەنگییەکان ببەن. کە تۆ گەندەڵی لە حکومەتدا دەبینی، ناکرێت گەندەڵی بۆ گەندەڵکاریی دەسەڵاتدارێک بگێڕیتەوە. من، لە زۆر دەرفەتدا گوتوومە و نووسیومە کە لە کوردستاندا گەندەڵی هەیە، بەڵام کێشەی ئێمە، کێشە گەندەڵی نییە، بەڵکوو کێشەی سیستەمێکە کە تەندروست نییە و بەردەوام گەندەڵی بەرهەم دەهێنێت. بۆیە دەبێت لیکۆڵینەوەی ئێمە، رەخنەی ئێمە و قسە کردنەکانی ئێمە، لەسەر بنچینەکانی ئەم سیستەمە بێت، دەبێت قسەکردن و نووسین بۆ ئەوە بن کە ئەم سیستەمە، بە شێوەیەک لە شێوەکان و لەگەڵ زەمەندا، بە شێنەیی بگۆردرێت و ببێتە سیستمێکی نۆرماڵ. باست لە ڕۆشنبیر و بۆچوونی ئەوان لەمەڕ ئەدای حکومەت و دەسەڵات کرد.. ئەمەش بۆ خۆی ئشکالاتی خۆی هەیە.. باسی رۆشنبیر دەکەین، چۆن دەتوانین پێناسەیەک بۆ "ڕۆشنبیر" بدۆزینەوە؟ ئەمە ڕا و تێگەیشتنی فرە هەڵدەگرێ...

**- پێناسەی ئێوە بۆ رۆشنبیر چییە ؟**

- رۆشنبیر کەسێکە، بوونەوەرێکە، لە کایەکانی فیکر و مەعریفە و ئەدەبدا کار دەکات، واتە کەسێکە بەردەوام لە خەمی داهێناندایە، لە خەمی ئەوەدایە کە لەسەر

212

هەموو پرۆسە و دیاردەیەک گوومان بخولقێنێ. رۆشنبیر لە کۆمەڵێک کایەی جیاوازدا کار دەکات، واتە کەسێکی بزێو و بەرهەمدارە کە پێش هەموو شتێک لێپرسراوییەتییەکی ئەخلاقی لەسەرشانە، زۆر گرنگە، کە رۆشنبیر هەست بەو لێپرسراوێتییە بکات، ئەو لێپرسراویەتییەش ئۆباڵێکی ئەخلاقییە، بەرانبەر بە کۆمەڵگەی خۆت، بەرانبەر بەو هەموو کێشە و گرفتانەی کە لە کۆمەڵگەدا دێنە پێشەوە و بەشێکیان دەسەڵات دەیانخولقێنێت، کۆمەڵێ کێشەی بنچییەییش هەن کە پەیوەندییان بە فەرهەنگ و دابەونەریت و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی میللەتی ئێمەوە هەیە کە ئەمانە کۆمەڵە شتێکن، رۆشنبیر لێپرسراوێتیەکی ئەخلاقی بەرانبەیان هەیە و دەشێ لەسەر ئەو کێشانە قسەی جددی بکات. لایەنەکی تریش ئەوەیە کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی تێیدایە و هەروەها ناعەدالەتی سیایشی تێدایە. رۆشنبیر، ئەرکی ئەوەیە کە لەسەر ئەو بابەتانە قسە بکات، بنووسێت و لێکۆلێنەوەیان لەسەر بکات، بەڵام بە ئاقارێکدا ئەم کارانە ئەنجام بدات کە شتی زاتی (*خودی* ) خۆیی پێوە نەبێت، ئەمە زۆر گرنکە، ئێمە، زۆرینەی ئەو رۆژنامانەی کە لە کوردستان دەردەچن، ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دەخوێنینەوە و دەیانبینین، کەسانێکی ئێجگار زۆر لە کوردستان دەنووسن. ئەو ژمارە زۆرەی نووسەران کە لە کوردستاندا هەیە، ڕەنگە لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، ئەوەندە نووسەر و رۆژنامەنووس نەبن. ئەو نووسەرە بنووسانەش، هەندێکجار قسە لەسەر کۆمەڵێک مەسائیل دەکەن کە خۆیشیان هیچی لێ تێناگەن. راستییەکەی ئاژاوەیەک و فەوازیەک لە بزووتنەوەی رەخنەسازی لە کوردستاندا هەیە کە تۆ ناتوانی و زۆر بەدەگمەن دەتوانی کارێکی جدی و رەخنەیەکی جدی، لە کارێکی سەرپێی و ناجدی جیا بکەیتەوە.

**- هەندێک بۆچوون پێیان وایە لە بەر رۆشنایی ئەو تێروانیانەی تۆ، خەریکە ڕەوتی ڕاگەیاندن و رۆشنبیری زۆرجار بە لا رێدا و بە ئاقارێکی**

213

**شەڕەنگێزی وسوکایەتیکردن و ڕەشکردنەوە و رووخاندنی بەرانبەردا دەڕوات، نە بیناکردن، ڕای ئێوە چییە ؟**

- من دەیبینم و هەستی پێ دەکەم. ئەم دیاردەیە بوون و حەقیقەتی هەیە. بزووتنەوەی ڕاگەیاندن یا خود بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا، ئەویش وەکو کایە سیاسیەکان، وەکوو کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، لە قەیرانێکی جدیدایە. زۆرجاران مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، جۆرێک لە وێرانیی پێوە دیارە. ئەمە ڕەنگە لە ساڵانی پاش راپەرین و بەراییەکانیدا کارێکی نورمال بووبێت. ئەو ئازادییەی لە پڕ دێتەپیشەوە، کۆمەڵێک فەوزا لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بەڵام لە ماوەی ئەو 15 و 16 ساڵەی دواییدا، دەکرا بە جۆرێک، بە پێی پلان و نەخشەیەک کە دەبێت ئەو جۆرە پلانانە هەبن، بۆ ئەوەی حاڵەتەکە بخرێتەوە سەر سکەی خۆی، یەعنی بە پێی ئەو وەزعەی کە دەسەڵاتی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، بە بڕوای من بەشێک لە گوناهی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەشەکەی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک خەڵک کە لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکەن و هیچیشی لێ تێناگەن.

**- زۆرجار رەخنە دەگیرێت بەڵام رەخنەکان بێ ئامارن و بێ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤن. بە ڕای تۆ، ئەم شێوەدەربڕینانە، تا چەند توانای چارەسەریان دەبێت ؟**

- من پێم وایە، دوو جۆر رەخنەگرتن هەن، هەروەکوو پێشتر باسم کرد، هەندێک رخنەگرتن بە شێواز لێکۆلینەوەی سیاسیی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە، لێرەدا هەندێک لەو لێکۆلینەوانە تیۆرییە و هەندێکی تریش لێکۆڵینەوەی مەیدانییە. تۆ کاتێک بتەوێت لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی بکەیت پێویستت بە (*داتا- فاکتا*) هەیە، بەڵام لە هەندێکی تردا نا. تۆ کاتێک لە رووی تیۆرەوە، بۆ نموونە، قسە لەسەر بنەماکانی سیاسەت و بنەماکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و پرانسیپی دیمۆکراتی دەکەیت، لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی پێویستت بە داتا و فاکتاکان نابێت، بەڵام لە



214

کاتێکدا تۆ دێیت و ڕەخنە لە وەزارەتێکی تایبەت لە کوردستان دەگریت، یان ڕەخنە لە فلان وەزیر یان فلان مەسئول دەگریت کە چەردەیەک پارەی دزیوە یاخود گەندەڵە، یەعنی لێرەدا، تۆ بە بێ داتا و بە بێ بەڵگە، وەکو ڕۆژنامەنووس یاخود نووسەر، مافی ئەوەت نییە ئەو قسەیە بکەیت، یان کاتێک لە شوێنێک باس لە وەزیرێک دەکەن کە گەندەڵی کردووە، پێش هەموو شتێک، دەبێت ئەو ڕۆژنامەنووسە، کۆپیی تەواوی ئەو شتانەی کە ئەو وەزیرە کردوونی بەدەست بهێنێ و دواتر لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکاتەوە، ئەگەر وەها کرا، ئەوا لە سیستەمێکی سیاسیی بنچاوخراودا، ئەو وەزیرە خۆی دەست لە کار دەکێشتێتەوە.

**- ئەو جۆرە حاڵەتانە ئێستاکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئێستاکە ئەمە لە کوردستان زۆر کەمە یان هەر بوونی نییە.

**- بە ڕای تۆ ئەمانەی باس دەکرێن چەندە دەچنە چوارچێوەی گۆترەکارییەوە ..؟**

- هەرچەندە زۆرجار لە ڕووی گۆترەوە باس دەکرێت، بەڵام حەقیقەتەکە هەیە، مەبەستم ئەوە نییە کە فڵان وەزیر ئەو کارەی کردوە یاخود نەیکردووە، بەڵام لە گشتیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، ئەو دیاردەیە هەیە، واتە دیاردەی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، دیاردەی گەندەڵی هەیە، دیاردەی ئەوە هەیە کە تۆ کەڵک لەو دەسەڵاتەت وەربگری بۆ شتە تایبەتییەکانی خۆت، بەڵام لە بەر ئەوەی ئێمە سیستەمێکی دامەزراوەی سیاسیمان نییە، واتە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی وەکو ئەوروپامان نییە، تۆ ناتوانیت دەستت بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بگات. بۆ نموونە لە کوردستان ئەو سیستەمە نییە کە تۆ پارچەیەک زەویت هەیە، خانوونەیەکت هەیە یان 4 ئۆتۆمبیل و چەند ملیۆن دۆلارت هەیە، لێرەدا دەزگایەک نییە، لایەنێک نییە کە بتوانێت وەکو پێویست موڵکایێتی و خاوەندارییەتی کەسەکان بۆ



215

شتەکان، تۆمار بکات. تۆ لە کۆمەڵگەیەکی کۆنترۆڵکراودا ناژیت، مەبەستم کۆنترۆڵی ئابووری و داهات و شتە تایبەتەکانە.

**- بۆ نموونە، زۆرجار لە رۆژنامەکان و سایتەکانی کوردستاندا باسی ئەوە دەکات که گەندەڵییەکی زۆر لە کوردستاندا هەیە ، تا چەند لە گەڵ ئەو بیروڕایەی؟**

- وەک دەزانن شێوەی دەربڕین و دارشتن زۆر گرنگە کە تۆ بە چ شێوازێک شتەکانی خۆت دادەڕێژی، ئەمەش خۆی جۆرێک لە لێپرسراویەتیی ئەخلاقیی نووسەر یاخود ڕۆژنامەنووسە. واتە کە تۆ باس لە گەندەڵی دەکەیت، یەعنی ئەمە هەر رۆژنامەکان نین یان هەر نووسەرەکان نین کە باسی ئەو دیاردەیە دەکەن، واتە کاتێک کە مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە و فلان کەس لە مەکتەبی سیاسی یان سەرۆکی فلان حیزب کۆدەبێتە، خۆیان باسی گەندەڵی دەکەن، واتە گەندەڵی دیاردەیەکە، کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات، بەڵام لێرەدا زاروەکە وای لێهاتووە کە بە هەموو شتێکەوە لکاوە، ئیدی زۆرجاران، ئەو زاروەیە مەفهومی خۆی ون دەکات، یەعنی زۆرجاران دەگەمە ئەو ڕایەی کە زۆر باسکردنی ئەو دیاردەیە، بۆ ئەوەیە کە دیاردەکە بیناوەڕۆک بکرێت، یان بۆ ئەوەیە کە باس لە کێشە و دیاردەکانی تر نەکەین، واتە هەروەکو باسم کرد، کێشەکە کێشەی گەندەڵی نییە، بەڵکوو کێشەی سیستەمی سیاسییە لە کوردستاندا و هەروەها کێشەکە کێشەی پەیوەندی نێوان حکوومەت و حیزب و پیچەوانەکەیەتی.

**- تۆ، کادرێک و پێشمەگەریەکی دێرین بووی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا و لە باری رۆشنبیری دەنوسی و چالاکڤانی، تۆ چەندە هەست بە ئازار دەکەیت کە دەبینی رەوتی رۆشنبیری یان رەوتی تیروانینی دیاردەکان لە کوردستاندا، بە ئاقارێک دەچێت، زۆرجار ئازاری ئازادی**



216

**دەدرێت و ئازاری ڕەوتی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندن  و ڕۆشنبیری دەدرێت، تا چەند لەمبارەیەوە تۆ ئازار دەدرێیت ؟**

- بەدڵنیاییەوە، ئازار دەخۆم.  خەمی ئازادی، خەمی دیمۆکراسی، خەمی سیستەمێکی دادپەروەر و نۆرمال لە کوردستاندا، خەمی ئێمەیە.  قسەکردن لەمەڕ ئەو مەسەلانەش بە ئاقارێکی ناتەندرووستدا، هەمیشە ئازاری ئێمە دەدات. یەعنی من هەندێکجار، ئەوەندەی لە کارێک یان ئۆرگانێکی حیزب یاخود دەستەڵاتدارێک بێتاقەتم و ئازار دەچێژم، ڕەنگە نووسینێکی نامەنتیق  کە  خەسلەتی نووسینی تیادا نیە و شتێکم پێ  نابەخشێت، زیاترم ئازار بدات.

**- ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا چەندە ئەدایەکی تەندروستی هەیە لە بەرانبەر هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەستەلات یاخود لە بەرانبەر بە وانەی کە لە دەستەڵاتدان ؟**

- ڕاستییەکەی  ئێمە دەتوانین باس لە دوو جۆرە ئۆپۆزیسۆن بکەین، یەکێکیان ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکخراوی سیاسییە کە لە مێژووی دروستبوون و هەڵسووڕانی سیاسیی خۆیدا، جۆرێک لە ئیشکالات و کەماێسیی هەڵگرتووە و نەیتوانیوە وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی تەندرووست کار بکات و بەشێک لە خەسلەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بزر کردووە. ئەوی دیکەیان ئۆپۆزیسیۆنی نارێکخراوە، واتە ئۆپۆزیسیۆنێکە کە لە دەرەوەی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنەوە، لە هەوڵی فشارهێناندایە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، ئەمە ئۆپۆزیسیۆنی خەڵکە، ئەوە نارەزایی خەڵکە  لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەئارابووی کوردستان و ئەو ویست و خواستەیە کە هەوڵ دەدات، ڕووبەرووی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و ناعەدەلاتیی کۆمەڵایەتی ببێتەوە، ژیانێکی لەمە شایستەتر، گوونجاوتر و تەندروستتر لە کوردستاندا بخولقێنێت. ئەو ئۆپۆزیسیۆنە  تەقلیدیەی کە چەندین ساڵە لە کوردستاندا، خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن دەناسێنێ، لەگەڵ  بانگەشە و لافلێدانەکانی خۆیدا، ناکۆکە. تۆ ئۆپۆزیسیۆنێکی لە



217

پەرلەمان  و چەند کورسییەکت هەیە، بەشداریشی لە حکوومەت، یەعنی تۆ هاوکاری لە دروستکردنی حکوومەت و بەرێوەبردنی حکوومەتدا، پۆستی سیاسی و ئیداریت هەیە، جا با پۆستەکانیشت بچووک بن، دەسەڵاتت کەم بێت. ئەمە بەو مانایە نییە  کە مافی قسەکردنت نییە یان مافی رەخنە گرتنت نییە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە تۆ هاوکاری لە حکوومەتێکدا، پیشتیوانی لەو حکوومەتە دەکەیت، دەبێت رەخنە و دروشمەکانیشت هاوتاییەک و هاوسەنگییەکی تیایدا بێت. بەڵام تۆ، وەکو "ئۆپۆزیسیۆن" پشتگیریی هەموو سیاسەتە سەرەکییەکانی حکومەت و دەسەڵات دەکەیت و خۆشت بە ئۆپۆزیسیۆن دەناسێنیت! ئۆپۆزیسیۆن  لە وڵاتی ئێمەدا، وەکوو هەموو شتەکانی تر تەندروست نییە، بەو پێیەی  ئەرک  و ئەداکانی خۆی بە باشی نازانێت و درکیان  ناکات. ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، هەمیشە لە پەیوەندییەکدان کە پەیوەندیەکی دووسەرەیە، پەیوەندییەک کە لایەنێکی ئەوەیە، ئۆپۆزیسیۆن، چاودێرە لەسەر دەسەڵات، ڕەخنەگری سیاسەتی نادرووستی دەسەڵاتە لە کایە جیاوازەکاندا، لایەنەکەی تریش، ئەوەیە  کە ئەو چاودێربوونە، بەو مانایە نایەت کە دەسەڵات ریسوا بکەیت، ناشیرینی بکەیت، مەسەلەکە یاخود ئەرکەکە ناشیرینکردن و ڕیسواکردن نییە، بەڵکە هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ناشیرینییەکان، بە پێی بەرنامەیەک کە لە بەرنامەی دەسەڵات جوانتر و درووستترە. ئەمە، بەو مانایە دێت کە ئۆپۆزیسیۆن، ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی کە لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا دەیبینێتەوە، کە دەستەڵات خۆی لە بەر هەر هۆیەک بێت، هەستیان ناکات یانیش نایەوێت هەستیان بکات و بیانبینێ، ئەم بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو، لە هەوڵی پڕکردنەوەیاندا بێت. کاتێک  دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، یەکدی قەبووڵ دەکەن، ئیدی دەبێت ئاگێندا و بەرنامەیان، یەکتر تەواو بکەن.

ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات بۆ سڕینەوە و نەفیکردنەوەی یەکتر ناخولقین و کار ناکەن، بگرە پێکەوە و بە جیا، لە هەوڵی دۆزینەوەی باشترین و گونجاوترین میکانیزمدان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران کە ژیانێکی شایستە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دابین بکات. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، نە



218

دەسەڵات جارێ ئۆپۆزیسیۆن دەناسێت و تێی دەگات، نە ئۆپۆزیسیۆنیش خۆی دەناسێت و لە دەسەڵات دەگات!

**- ئۆپۆزیسۆن چۆن مومارسەی ئۆپۆزیسیۆنییەتی خۆی دەکات؟ بۆ نموونە حیزبی دیکە لە دەرەوەی حکوومەت و لە دەرەوەی پارتیی و یەکێتی و لیستی جیاوازتر و گروپی تر هەن، ئەمانە چۆن مومارسەی ژیانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێستاکەی خۆیان دەکەن ؟**

- من پێم وایە، ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر بوونی لە پەرلەماندا هەبێت، دەبێت لە رێگای یاساییەوە مومارسەی کارەکانی ئیۆزیسیۆنبوونی خۆی بکات، دەبێت لە چوارچێوەیەکدا و لە مەودایەکدا شتەکانی خۆی دابرێژێت و داواکانی کە دەشێت داخوازیی خەڵک بن، بەرەورووی دەسەڵات بکاتەوە، یەعنی لە هەندێکشوێندا شتەکان وایە، دەنگێک یاخود گرووپێک دێت و دەسەڵات بەهەموو شتێکەوە رەفز دەکاتەوە، جاریواش هەیە، هەموو شتەکانی دەسەڵات قبوڵ دەکات. بینینی هاوکێشەی پەیوەندییەکان، بە ڕەش یاخوود سپی، ئەدایەکی نادرووستی ئۆپۆزیسیۆنە. لێرەدا، هەندەکجار، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێ کردبوو، ئۆپۆزیسیۆنێکی زۆر نورماڵ و سروشتی نییە، یەعنی بەدەر نیە لەو جۆرە ململانێ حیزبییەی کە لە کوردستاندا هەیە و بنەمایەکی پتەوی نییە، جارێ ماویەتی ببیتە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە پێویستە ببێت.

**- بە ڕای جەنابتان، پێتان وایە مەسەلەکان خوودین (*زاتین*) و سیاسیین؟**

- بەشێکی دەشێت وەها بێت، بەڵام بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و زیت و وریا، پێویستییەکی زێدەگرنگی ژیانی سیاسییە لە کوردستاندا و بێ خولقاندنی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، دۆخەکە نالەبارتر دەبێت.

219

**- ئێمە دەبینین دروشمی چاکسازی و دروشمی نەهێشتنی گەندەڵی کە ئەوانە هەندێکجار کراونەتە رایەڵی هەوڵدانی قبوڵکردنی بەرانبەر یان رەتکردنەوەی بەرانبەر، بۆ نموونە چوار حیزبی کوردستانی کە لە دەستەڵاتدا بوون، پرۆژەیەکیان دەرکرد، ئایا تێروانینی ئێوە بەرانبەر بەم شێوازە دەربرینە و ئۆپۆزیسیۆنە چۆنە؟**

- من پێم وایە، هەموو حیزبێک کە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنبوون هەڵدەبژێرێت، ڕکبەری دەسەڵاتە و کێبەرکێی لە تەکدا دەکات. ئەو حیزبە دەشێت بەرنامەی هەبێت، دروشمی هەبێت، تێروانینی جیاوازی هەبێت بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی کەپێویستە قسەیان لەسەر بکات و بیانکاتە ئەجێندای خۆی، لە کارنامەی سیاسیی خۆیدا. ئۆپۆزیسیۆن، هەوڵ دەدات، بەرنامە و کارەکانی خۆی، لە ڕێگای نوێنەرانی خۆی لە پەرلەمان و ئەنجوومەنەکانی دیکەی دەسەڵاتدا، بخاتە ڕوو. هەندەکجار، ئۆپۆزیسیۆن کەمێک زیادەڕۆیی لە پرۆژەکانیدا دەکات و دەیەوێت حکومەت تەنگەتاو بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەمان ئۆپۆزیسیۆن خۆی دەسەڵاتدار بێت، ڕەنگە پرۆژەکانی خۆیی وەکو پێویست بۆ جێبەجێ نەکرێت. لە ئەورووپاشدا، هەندەکجار، ئەم حاڵەتە لای ئۆپۆزیسیۆن دەبینیت. نابێت ئەمەشمان لە بیر بچێت کە لە کوردستانی ئێمەدا، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، لە شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمی دەسەڵات لە کوردستاندا، کۆمەڵێک کەلێن و کەلەبەر، کۆمەڵێک ئیشکالات لە بنچینەی سیستەمی سیاسیدا هەن کە ئۆپۆزیسیۆنی تەندرووست، دەتوانێت چەندین پرۆژەیان بۆ دابڕێژێت.

**- دەتوانیت نموونەیەک لەو کەلێن وکەلەبەرمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

- لێرەدا، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆن، واتە هەر ئۆپۆزیسیۆنێک، کاتێ کە دروشمێک بەرز دەکاتەوە، پێش هەموو شتێک دەبێت لە لای خۆیەوە، لێی



220

بکۆڵێتەوە و لای ڕۆشن بێت کە چەندە ئەو داخوازییە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، قابیلی جێبەجێکردنە! ئێمە تەنیا قسە ناکەین بۆ ئەوەی قسان بکەین، یاخود داخوازیمان نییە تەنها لە بەر ئەوەی کە دەبێت داخوازیمان هەبێت، بەڵکوو داخوازییەکانمان دەبێت لە ئاستێکدا بن کە ئیمکانییەتی جێبەجێکردنیان هەبێت.

دیارە کێشە و گرفت لە کوردستاندا زۆرن کە بەشێکیان لە دەرەوەی توانای دەستەڵاتی سیاسیدایە، واتە بەشێکی کە دەستەڵاتی سیاسی دەیەوێت و لە بەرژەوەندییەتی جێبەجێی بکات، بەڵام ناتوانێت بیکات، بۆ ناتوانێت و هەڵەکە لە کوێدایە؟ ئەمەیان باسێکی دیکەیە، بەشەکەی تریشی دەکرێت و دەکارێت جێبەجێی بکات، بەڵام ناخوازێت و جێبەجێی ناکات.

**- زۆرجار، چ لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو یا خوود لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئێستادا، هەندێکجار، بە شێوەیەکی گشتی، لێدوان و جوملە فڕێ دەدرێت کەوا لە کوردستاندا هیچ شتێک نەکراوە و کوردستان لە گەندەڵییدا نغرۆ بووە، یان دەڵێن ئێمە خزمەتگوزاری و چاکسازی لە دامودەزگاکاندا دەکەین، بە رای تۆ، پێتانوایە، ئەو دروشمانە، واتە رەشکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە کرواە، چەندە ئەلتەرناتیڤە بۆ ئەوەی بتوانرێت چارەسەری کەموکورییەکان بکرێت؟**

- رەخنەگرتن لە دەسەڵات، بەتایبەتی لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، کارێکی زۆر سرووشتییە، بەڵام بینینی ووردبینانە یان وردکردنەوەی ئەو رەخنانە، لە ئاستێکدا کە جۆرێک لە مەنتیقی تێدا بێت، کارێکی زۆر گرنگە، واتە تۆ وەکوو ئۆپۆزیسیۆن، دەبێت بەرنامەی تۆ زۆر دیاریکراو و رۆشن بێت، هەرچەندە من خۆم کەسێکم کاری سیاسیی ناکەم و حیزبیشم نییە، بۆیە ناتوانم بە وردی قسە لە سەر وردەکارییەکانی بکەم،

221

بەڵام ئەرکی حیزبێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنە کە بەرنامەیەکی هەبێت، بەرنامەیەکی ڕۆشن بۆ هەڵبژاردن، بەرنامەیەک کە سنوورێک لە نێوان ئەم و ئەویتر دابنێت. لە کوردستاندا، گەندەڵی هەیە، منیش دەزانم لە کوردستان گەندەڵی هەیە، بەڵام چۆنە؟ چییە؟ لە کوێیە؟ تۆ بەرنامەت چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵییە. ئەگەر بڵێی لە کوردستاندا هیچ شتێک نەکراوە، ئەوە جۆرێکە لە کەمویژدانی، لە کوردستاندا، شت کراوە، بەڵام هەمووشت نەکراوە و ناتەواوییەکان زۆرن. لە کوردستان، ژیان گۆڕاوە، بەڵام گۆڕانەکە لە ئاستی پێویستدا نییە.

لە کوردستاندا پرۆسەیەک هەیە کە دەیەوێت ژیانی تاک و ژیانی مرۆڤەکان بەرەو پێشەوە بەرێت، بەڵام هێشتاکە ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایەتی هەیە، ناعەدالەتییەکی سیاسی هەیە، ناعەدالەتیی سیاسی، بەو مانایەی کە ئەوەی بۆ تۆ دەگونجێت و مومکین دەبێت کە لە ژیانی سیاسیدا بەشداری بکەیت، لەبەر زۆر هۆکار، ئەو دەرفەتە، بۆ من نەخوڵقاوە، ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایتی هەیە، ئەوەی کە تۆ پۆستێکت لە حیزب یان لە حکوومەتدا هەیە و دەتوانی خۆت و منداڵ و خێزانت بەهرەمەند بن لەو جۆرە ژیانە، بۆ کەسێکی دیکە ئەوە نییە و ناخوڵقێت، واتە منداڵی کەسێکی دیکە وەکو منداڵی کەسێکی دەسەڵاتدار، بوارەکانی ژیان و پەروەردەی بۆ ناخوڵقێت، لە بواری بەهرەمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانە و نەخۆشخانە، هاتوچۆ، جلوبەرگ و هەموو ئەو ئیمکانیەتانەی کە بۆ ژیانی کەسێک پێویستن، بۆ چینی باڵادەست لە بەردەستدان و بۆ چینی خوارەوە جارێ هەر خەونن. ئەگەر بە ڕۆشنی قسەبکەین، دەڵێین لە کوردستان شتگەلێک کراون، بەڵام زۆرشت هەن کە دەبوو بکرێن، ئاسان بوو بکرێن و نەکراون. هەڵبژاردن و کێبەرکێی هەڵبژاردن گرنگن، بەڵام لەوانیش گرنگتر، فرەلیستییە لە هەڵبژاردندا. ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان، گەورەترین ئەزموونی کوردستانە لە دیموکراسیدا. ئەم هەڵبژاردنە، پێوەرێکە بۆ پێوانی ئاستی تۆلیرانس و لێبوردەیی و پێکەوەهەڵکردنی لیستە جیاوازەکان، لە گەمەیەکی دیموکراسیدا. ئەم هەڵبژاردنە، پێمان دەڵێت، ئێمە



222

له چ خاڵێکی پێوانەی دیموکراسیدا وەستاوین و هەتا کوێ فەرهەنگی دیموکراسیمان قەبووڵ کردووە!

**- بە ڕای تۆ چی گرنگە، وەکو ستراتیژ، پێت وایە کراوە، بەتایەبتی لەو چەند ساڵەی دواییدا کە تۆ دەبینیت یان بە ئەرک و کارێکی گرنگی دەزانی؟**

- من پێم وایە، لەم چەند ساڵەی دواییدا، لە کوردستاندا، وردە وردە، خەریکە هەندێک بواری خزمەتگوزاری کە هەندێکیان زۆر گرنگن، وەک (*کارەبا - ئاو - نەخۆشخانە- سیتەمی پەروەرد*)، هەر کام لەمانە جۆرێک لە گۆرانکاریی بەخۆیەوە بینیوە،

بەڵام هێشتا لە کوردستان خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە پلانرێژکراو نین، هەرچەندە من چوار ساڵە کوردستانم نەبینیوە، بەڵام وەکوو دەزانین، دونیا زۆر بچووک بۆتەوە، ئێمە بە تەلەفزیۆن، رۆژانە تەواوی ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا جێبەجێ دەکرێن، دەیانبینین،

هەست دەکەیت ئەو پڕۆژانە، دەکرێت بە شێوەیەکی دیکە جێبەجێ بکرێن. ڕەوتی گۆڕانەکە، ئەستوونییە، واتە گۆڕانێکی شاقووڵییە، لە هەندێک ناوەند و شوێنی تایبەتدا قوڵ ڕۆچووە و لە هەندەک شوێندا ڕەنگێکی نییە. گۆڕانێکی بە بەرنامە و پلانرێژ، دەبێت ئاسۆیی بێت!

لە هەندێک شوێندا شتەکان زۆر بەرەوپێشەوە رۆیشتوون، ئەگەر بچیتە ناو شارەکان یان هەندێک لەناوچەکانی شارەکان، وادەزانی کە لە شارەکانی ئەوروپادایت، یاخود چویتەتە شاری دوبەی، بە حوکمی ئەو خانوبەرە و تەلار و مارکێتانەی درووست کراون ، بەڵام ئەوە کافیی نییە، تۆ کە شارێکی وەکوو هەولێر یان سلێمانی دەبینی، دەبێت سەرتاپای شارەکە ببینی، دەبێت هەوڵبدەیت ئەو گۆران و گەشەکردنە لە چەقێک ومەرکەزێکدا نەبێت، ئەو خزمەتگوزارییە بۆ چینێکی



223

کۆمەڵایەتیی تایبەت نەبێت، بەڵکوو دەبێت بۆ سەرجەم چینەکان بێت. ئەو شتەی کە من قسەی لەسەر دەکەم، ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا، دەبێت پلانێکی هەبێ بۆ ئەوەی هەوڵ بدات، نێوانی چینەکان لێک نزیک بکاتەوە، جیاوازییەکان کەم بکاتەوە، نەک لێکیان دوور بخاتەوە. ئەم دیاردەیە کە لە کوردستاندا دەیبینین سەرەرای ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە کوردستاندا هەن، دیسانەکە دەبینین کە چینێک بەرو خوارەوە دەروات و چینێک بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ! ئەمە دیاردەیەکی ناتەندروستە لە دونیای ئەمرۆدا. دەسەڵات نابێت لە یەک وڵاتدا، دوو دنیامان بۆ درووست بکات و دوو جیهانمان نیشان بدات، دوو جیهان کە مەودای نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە! حیزبی سیاسی کوردی، لە مێژە موژدەیەکی داوەتە خەڵکی کوردستان، چەندین ساڵە، کۆمەڵە خەونێکی لە بەرنامەی خۆیدا، بۆ خەڵک نەخشاندووە کە نابێت ئەو خەونانە پوچەڵ ببنەوە، ئەمە یەکێک لەو خاڵە گرنگانەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان جەماوەر بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە پەیوەست دەکات، بەڵام من ئێستا، دەبینم کە لە سەرجەمی کوردستاندا، بە بێ ئەوەی ئەوشتانەی لە کوردستاندا کراون لە بەر چاویان نەگرین، هەست دەکەین مەوداکانی نێوان دەسەڵات و خەڵک بەرینتر دەبن، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبن، تەسککردنەوەی ئەو مەودایە تەنیا بەوە دەبێت کە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، سیستەماتیکیانە، هەموو کێشەکان و هەموو توێژ و چینەکان ببینێت، کێشەکان چارەسەر بکات و مافی هەموولا وەکو یەک پارێزراو بێت.

**- زۆرجار، باس لەوە دەکرێت کە رەشکردنەوەی بۆ نموونە پارتیی و یەکیەتی و گومانخستنەسەر ئەو یەکدەنگی و یەکگوتارە سیاسییەی کە هەیانە، چ لەناوخۆ و لە دەرەوەدا، بەتایبەتی زۆرجار ئەو دوو حیزبە، وا پێناسە دەکرێن کە باویان نەماوە و بەسەرچوون، پێوستە بگۆردرێن و دەسەڵات چۆڵ بکەن، بە رای ئێوە ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

224

- له فەرهەنگی سیاسی و له ئەزموونی بزووتنەوەی سیاسیی دونیادا، له راستییدا، ئەو بۆچوونه کەمتر هەیە کە تۆ پێت وابێت  حیزبێک باوی نەماوە،  دەتوانی بڵێی کە حیزبێک پیر بووە و پێویستە خۆی گەنج بکاتەوە کە ئەمەش میکانیزمی خۆی هەیە، عەقڵیەتی خۆی هەیە کە  لە پشت تیروانینەکانییەوە بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو حیزبە  پەرە بە ژیانی خۆی بدات. یەکێک لە کێشە و گرفتەکانی ئێمە، بە تایبەتی تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە سیاسەت و بزووتنەوەی سیاسیی  و ململانێی حیزبایەتییەوە هەیە، ئەوەیە کە هەمیشە ململانێیەکە بۆ ئەوە بووە کە تۆ بەرانبەرەکەت بسریتەوە.

بەرانبەرەکەت تێک بشکێنیت، بەڵام لە ڕاستییدا ململانێی سیاسیی بۆ ئەوەیە کە ڕەنگەکان پێکەوە تێکەڵاو بن و جهودەکان بتوانن هاوکاری یەکتر بکەن، عەقڵەکان یەکتر قبوڵ بکەن. من تەنیا مەبەستم ئەو حیزبانە نییە کە لە دەرەوەی پارتیی و یەکیەتی، ئەو تێروانینانەیان هەیە، بەڵکوو پارتیی و یەکێتیش مێژوویەکیان بۆ  ئەو تیروانینانە هەیە و لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا بەکردەوە جێبەجییان کردووە و کارەساتیان بۆ میللەتی ئێمە لێ کەوتووەتەوە. کەواتە، ئێمە،  زەمینەیەکمان بۆ تێگەیشتن بۆ ئەو چەمکەی کە پێی دەگوترێت لێبوردەیی سیاسی نییە، دیارە لێبووردەیی سیاسی، واتە یەکتر قبوڵ کردن، یەعنی تۆ، من قبووڵ دەکەی بە ناشیرینییەکانمەوە، بە جیاوازییەکانمەوە، منیش تۆ قبوڵ دەکەم بە ناشیرینەکانتەوە، قبوڵکردنی جیاوازییەکانمان و پێکەوەهەڵکردنمان، جوانییەکانمان پێ دەبەخشن. یەکدەنگی و یەکرەنگیی پارتیی و یەکێتی، نابێت جیاوازییەکانییان بسڕێتەوە، ئەگەر وەهایان کرد، ئیدی هیچ پاساوێک بۆ بوونیان وەکو دوو حیزب نامێنێت. پارتی و یەکێتی دەکارن و ڕەنگە ڕەواش بێت لە ئاخاوتە سیاسییە ستراتیژییەکاندا، یەکدەنگ بن، بریا ئەم هەژدەساڵە، لەسەر ئامانجە ناوکۆییە نەتەوەییەکان، یەکدەنگ بووبان، ئەگەر وەهایان کردبا، ئێستا زۆر دۆز و کێشە، لەوانیش (کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان)، بە شوێنێکی دیکە گەیشتبوون. ئەگەر پارتیی و

225

یەکێتی، لە سێبەری یەکبوون و یەکدەنگیدا، ململانێکانیان، جیاوازیی دید و تێڕوانینەکانیان لەمەڕ مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایێتی و فەرهەنگییەکان و گەمە دیموکراتییەکان بزر بکەن، دەشێ مانایەک بۆ پرۆسەی ددیموکراتی نەمینێتەوە، مەگەر بە نیاز بن، لە ئاییندەدا، بچنە چوارچێوەی یەک حیزبەوە!

**- دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، چەندە توانیویەتی شانازی بۆ خۆی وەدی بێنێ؟**
**لە کوردستاندا، کۆمەڵێک پێکهاتەی جیاواز لە ئایین و ئایینزا، مەزهەبی جیاواز و نەتەوەی جیاواز هەن، چەندە ئەو رەنگە جیاوازنە توانراوە بەشێوەیەکی ئاسایی نموونەیەکی زیندوو و باش پێشان بدەن لە دەرەوە و لە سەر ئاستی دوونیادا ئەمە چەندە شانازییە بۆ تۆیەکی کورد کە ئەو جۆرە رەنگە جیاواز و نەتەوە جیاوازانە لە کوردستاندا مومارەسەی ژیانی خۆیان دەکەن؟**

- من لەگەڵ تێرمی "شانازی"دا نیم. دەسەڵات ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات و ناکرێت شانازی بکات. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ئیشکالیاتانەی کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەمانە، لە ئەدای ساسیی و بەرێوەبەرایەتیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا هەمانە، رەنگە خاڵێکی درەوشاوە ئەوە بێت، جۆرە پێکەوەهەڵکردنێک و بەردەوامیی پێکەوەژیانی ئەو موزاییکە ئیتنی و مەزهەبیيانەی کە لە کوردستاندا هەن، دابین بکەین. ئەمە لە دونیای دەرەوەی خۆیدا، چۆن کەوتووەتەوە و چەند دەنگی داوەتەوە، بەندە بەوەی چەندە دامودەسگاکانی حکوومەت، توانیویانە لە ئەوروپا و لە دونیای دەرەوەدا، کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن. ئەو رووداوانەی کە لە باشووری عیراقدا، بەرانبەر بە کریستیانەکان و بنمەزهەبەکان ڕوودەدەن، ئەو توندوتیژیانەی کە بەرانبەریان دەکرێت و ئەو ترس و تۆقاندنەی لەسەر ئەوان هەیە، لە کوردستاندا، ئەو بەشەی کە بە فەرمی لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی



226

کوردستاندایە، ئەو دیاردەیەمان بەو جۆرە زەقە نەبینیوە. ئەوە خاڵێکی جیاکرەوەیە لە بەینی کوردستان و عێراقدا، بەردەوامبوون و گەشەکردنی ئەم حاڵەتە، ئەگەر گەشەکردن و پێشڤەچوون لە کایەکانی دیکەی ژیاندا، ڕەوت بگرن و گۆڕان بە خۆیانەوە ببینن، دەشێت بەرەو خاڵێکی رۆشن و پرشنگدارمان ببات.

**- بە بۆچونی تۆ هەرێمی کوردستان یان حکوومەتی کوردستان چ سەروەرییەکی هەیە بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکات، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا کە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بوو کە کوردستان شانازی پێوە بکات لەم چەند ساڵەی کە هەنگاوی بۆ هەڵێناوە و کردوویەتی، لێرەدا هەندێک شتی جدی و لایەنی گرنگ باس بکە، بۆ نموونە دەرکردنی چەندین یاسا بۆ مافەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و رێکخراو و سەنتەرەکان، تۆ پێت وایە حکوومەتی هەرێم چ شتێکی هەیە شانازی پێوە بکات؟**

- راستیەکەی، من خۆم ئەوەندە لە گەڵ چەمکی "شانازی"دا نیم، واتە حکوومەت یان دەستەڵاتی سیاسیی نابێت شانازی بە دابینکردنی ئامانجێک یاخود دەسکەوتێکەوە بکات، بەڵکو دەبێت پێی وابێت، ئەرکی سرووشتیی خۆیی بەجێ هێناوە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و من زۆرجاران قسەم لەسەر ئەوە کردووە کە سەرجەمی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە کوردستاندا دەکرێن، زۆرجار دەسەڵات لە رێی میدیاوە، وەکو شانازی، بۆ خۆییان تۆمار دەکات، زۆرجار و زیاد لە پێویست، دەرخواردی چاو و زەینی بینەر و خوێنەریان دەدات، من لەگەڵ ئەمەدا نیم، بەو مانایەی، من پێم وایە، ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی، واتە ئەو لایەن و کەسەی دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوەیە، کەس و لایەنێکن کە خۆیان تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی کاری سیاسی بکەن، هەروەکوو ئەوەی کە تۆ کاری مامۆستایی دەکەی، یاخود کاری رۆژنامەنووسی دەکەی، یان من کارێک دەکەم و کەسێکی تریش کارێکی تر دەکات، ئێمە هەموومان، بە سیاسەتکار و دەسەڵاتداریشەوە، کاردەکەین



227

و مووچەی ڕەنج و ماندووبوونمان وەردەگرین، ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ دێنین و هیچ شانازییەکیش لە گۆڕیدا نییە! ئێمە بڵێین دەستەڵاتی سیاسی، بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، بەو مەفهوومەی کە پێی دەڵێن "شانازی" و پێمانی دەفرۆشنەوە، ئەوەیە، لە پاش ساڵی 2000 ـەوە توانراوە جۆرێک لە ئاشتەوایی و بە ئاشتی پێکەوەژیان، لە نێوان ئەو هێز و حیزبە سیاسییانەی کە رۆژگارێک سەرگەرمی بەکارهێنانی توندوتیژی بوون دژ بەیەکتر، ئەم توندوتیژی و خوێنڕشتنە، زەرەر و زیانێکی یەکجار زۆری هەم لە پرۆسەی سیاسی میللەتی ئێمە و هەم لە کۆمەڵگەی ئێمە دا، ئەوجا جێهێشتنی ئەو قۆناغە، جۆرێک نییە لە شانازی، بەڵکو جۆرێکە لە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە کۆمەڵێک گووناه کە حیزبی سیاسیی ئێمە و دەستەڵاتی سیاسیی ئێمە، دەرهەق بە میللەت و دۆزە سیاسییەکەی کردوونی!

**- ئەگەر بێینە سەر هەوڵەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا کە ماوەیەکی دوورودرێژە بە شێوازی جیا، شێوازی توندوتیژی و شێوازی میانرەوی تێدا بینراوە، هەوڵی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، تۆ پێتوایە کۆمەڵگەی کوردستانی یا خوود دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و قانوونی بە چ ئاراستەیەک دەبات، ئەگەر لە حاڵێکدا ئیسلامی سیاسی توانیی دەسەڵات بەدەست بێنێت؟**

- راستییەکەی من کەسیکی عەلمانیم، بەو مانایەی، وەکو پرەنسیپ، بڕوام بەوە هەیە کە دەبێت دین لە دەولەت جیا بکرێتەوە، بڕوام بەوە هەیە کە دەستووری ئێمە، دەبێت دەستوورێکی عەلمانی بێت و ئایین بە هیچ جۆرێک نەبێتە سەرچاوە و نەبێتە رەگەز لە دارشتنی دەستووری ئێمەدا. ئیسلامی سیاسی، لەبەر زۆر فاکتەری ناوچەیی و لە سۆنگەی ئەو هەلومەرجەی کە کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، هەلی ئەوەی بۆ رەخساوە کە ببێتە هێزێکی سیاسی و حیسابی بۆ بکرێ، بەڵام چارەنووسی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و کارکرد و کاریگەریەتی ئەو بزووتنەوەیە لە سەر پاشەرۆژی ئەزموونی حوکم لە کوردستاندا، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە



228

کوردستاندا چ دەستوورێک دادەرێژین. ئەو دەستوورەی دەبێتە کۆنتراکتێکی یاسایی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، چ تەفسیرێک بۆ بینای سیاسی دەوڵەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دەکات و یاسا و بەندەکانی چۆن دادەڕیژرێ، لە کام سەرچاوە و بنەوان جۆگا یاساییەکانی هەڵدەگرێت. دەستوور، هەروەک چۆن کۆنتراکتی نێوان خەڵک و دەسەڵاتە، هەروەها ڕێککەوتنێکیشە لە نێوان حیزب و هێزە سیاسییەکاندا بە ئیسلامی سیاسیشەوە. ئەگەر ئێمە، دەستوورێکی ئەوها دابرێژین کە ئایین یا خوود مەزهەب، ناکرێت هیچ جۆرە کارکردێکی لە سەر بنەماکانی ژیانی تاک هەبێت لە کوردستاندا، یەعنی تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە مافەکانی تاکەوە هەیە و ئەو فۆرمە حوکمرانییەی کە لە کوردستاندا پیادە دەکرێت، شێوازی پەرلەمانییە یان شێوازی سەرۆکایەتییە، ئەمەش بۆ خۆی یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەن، دەبێت هەموو لایەک پابەندی بنچینەکانی دەستوور بن و هیچ لایەنێک لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا، بۆی نەبێت گۆڕانکاریی لە ماددە بنچینەییەکانی دەستووردا بکات و شیواز و ئاراستەی حوکمکردن بگۆڕێت. لە ئەورووپاشدا حیزبی ئایینیی سیاسی دەبینین، حیزبە مەسیحیە دیموکراتەکان دەبینین و لە تێڕوانینی ئایینەوە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، لەم وڵاتانەدا کاری سیاسی دەکەن، لە گەمەی دیموکراسیدا ئاکتیڤن و سەنگیان هەیە. ئەم حیزبانە، مولزیمن بە بنچینەکانی دەستووری وڵاتەوە کە دەستوورێکی عەلمانییە. یەعنی بەو شێوەیە نییە ئەگەر سبەینێ حیزبێکی مەسیحی لە وڵاتێکی وەکو سوید، هۆڵەندا یان هەر وڵاتێکی تر حوکم بکات، بتوانێت بە پێی تێڕوانین و بینینی خۆی، بۆ ئەو دونیایە، دەستووری ئەو وڵاتە بگۆڕێت و دەستوورێکی ئایینی دابنێت. لە دونیای مۆدرندا، ئایین بۆ یەکجارەکیماڵئاوایی لە دەستێوەردانی ژیانی کۆمەڵگە و تاک کردووە. ئەم مەسەلەیە، ئەگەر لە کوردستاندا، دیارینەکرێت، نەبەسترێتەوە و نەخرێتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، ڕەنگە لە ئایندەدا، ئەگەر بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، دەسەڵات بگرێتە دەست، کۆمەڵگەی

229

ئێمە بەرەو قەیرانێک ببات، بەرەو رۆژگارە تاریکەکانی بگێڕێتەوە، قسەمان لەسەر ئەو کایە و بوارانەیە کە پەیوەندییان  بە ژیانی تاک و ئازادییەکانی تاکەوە هەیە.

**- لەو جۆرە حاڵەتەدا ئەو ئەجێندایەی  کە ئێستاکە هەیە بە مەترسیی دەزانی لە سەر دوارۆژی کوردستان ؟**

- ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی، بە پێی ئەو کارەی کە دەیکات و بە پێی ئەو میدیایەی کە بە کاری دێنێت،  ئەو ئامرازانە کە بە ئایدۆلۆژیا سیخناخن، زیاتر لەوەی کار بۆ ریفۆرمی ئابووری و سیاسی بکەن، راستەوخۆ کاردەکەنە سەر زەین و عەقڵیەتیی تاک لە کۆمەڵگەدا،  ئەمە گومانێک لە لای ئێمە دروست دەکات، کە ئیسلامی سیاسی، لە هەوڵی خولقاندنی کۆمەڵگەیەکدا بێت کە لە زەینی خۆیدا وێنای کردووە، کۆمەڵگەیەک بە داوەکانی مەزهەب  تەنرابێت، یەعنی ئەمە زەمینەسازییەکە بۆ ئایندە کە بتوانێت دەسەڵات بەرەو ئەو ئاقارە بەرێت یان شێوازی حکوومکردن بەرەو ئەو ئاقارە بەرێت کە ئەو دەیبینیت. ئیسلامی سیاسی، تا ئەو جێگایەی لە بازنەیەکی دیموکراتیدا هەڵبسوورێت، کار بکات و هەوڵ بدات خۆی لە بارگەکانی زەبر خاڵیی بکاتەوە، مەزهەب و دیدە مەزهەبییەکانی خۆی، لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنێت، جێگای نیگەران و مەترسی نییە.

**- بە درێژایی مێژووی سیاسیی کوردستان، کورد وەکو نەتەوەیەک یان کوردستان وەکوو  وڵاتێک یان وەکو پارچەیەک لەم دوورگەیە، کێشەی ئایین هەیە لە کوردستاندا؟ واتە کورد کێشەی ئایینی هەیە کە کۆمەڵێک حیزب بێن و لە ژێر ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە مومارسەی سیاسەت و حیزبایەتی و نزیک بوونەوە لە دەستەڵات بکەن؟**

-  ئەگەر ئێمە، ئایین یان ئایینزاکان بە شێوازێک تەفسیر بکەین کە پەیوەندییەکی رۆحیی نێوان تاک و  خودای خۆیەتی، ئێمە لەو بوارەدا هیچ گرفتێک نابینین،



230

یەعنی ئێمە کێشەی ئایینیمان لە کوردستاندا نییە. دیارە مێژووی ئیسلام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مێژوویەکی کۆنە. فەرهەنگی ئێمە، شارستانەتی ئێمە، دابونەریتی ئێمە، کارکردی فەرهەنگ و شارستانەتی ئیسلامیان لەسەرە، کۆمەڵگەی ئێمە بە گشتیی کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە، پێش ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیش لە کوردستاندا درووست بێت، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە خودای خۆیان بەجێ هێناوە، واتە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە مرۆڤ یان تاک، پێویستی بەوە نییە کە حیزبێکی ئیسلامی سیاسی بێت و فێری ئایینناسین، خوداناسین و خوداپەرستیی بکات! ئێمە ئەگەر کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پلانێکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی مۆدیرنمان هەبێت، ئیدی ئەمە ئەرکی دەسەڵاتە کە لە ڕێگای دەسگاکانی پەروەردە و فێرکردنەوە، بتوانێت بە شێوەی دیموکراتی، منداڵ لە قوتابخانەوە بە ئاین ئاشنا بکات، بە بێ ئەوەی ئاینی بە سەردا بسەپێنێت، لێرەوەیە منداڵ، وردەوردە، گرۆگاڵ لەگەڵ خوێندندا دەکات و لە پرۆسەی فێربووندا و لەگەڵ هەڵکشانی ئەقڵ و تەمەندا، دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات کە کام ئایین یاخود ئایینزا هەڵدەبژێرێت. دیارە کەسێک کە لە بنەماڵەیەک یان خێزانێکی موسوڵمان بێت، ڕەنگە هەر بەو ئاقارەدا بڕوات کە موسڵمان بێ، بەڵام ئەمە ساتێک دیاردەیەکی تەندرووست دەبێ، کە منداڵەکە خۆی بە ئاوەز و ئیدراکەوە، لە ئایین بگات، عەقڵ و ئیدراکی ئەوەی هەبێت و تێی بگات، موسڵمانبوونی ئەو چییە. لە سیستەمێکی دیموکراتدا، دەشێت بواری یەکسانی بۆ هەموو ئایینەکان بڕەخسێت و ئایینێک بەسەر ئەویدیدا زاڵ نەکرێت. وەکو ئێوە ئاماژەتان پێ دا، لە کوردستاندا جۆرێک لە موزاییکی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی هەیە، کەچی ئێمە، بە درێژایی مێژوو، دەبینین لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئایینی ئیسلام باڵادەست بووە، کۆمەڵگەکەش بە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی ناوزەد کراوە. ئێمە هەمیشە بینیومانە، لایەنەکانی دیکە، بۆ نموونە، مەسیحییەکان، جوولەکەکان، ئێزیدییەکان و کاکەییەکان کە ئەمانە ئایین و ئایینزان لە کوردستاندا، ئەمانە پەراوێز خراون، یەعنی ئەوەی کە تۆ مافی ئەوەت هەبووە ئایینی ئیسلام لە قوتابخانەدا بخوێنی،



231

ئەوی تر ئەو مافەی نەبووە کە ئاینی مەسیحی بخوێنێ و ئەوەی دیکەش مافی ئەوەی نەبووە دەربارەی ئێزیدیبوونی خۆی بخوێنێ، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر قسەمان لەسەر ئەوە بێت کە هەم مەترسی توندرەوی ئیسلامی سیاسیی دوور بخەینەوە و هەمیش جۆرێک لە هاوتایی و عەدالەتی فێربوون و پەروەردەکردن لە کوردستاندا، جێبەجێ بکەین، ئەمە ئەرکی دەستەڵاتی سیاسییە، ئەرکی وەزراەتی پەروەردەیە، کە بە پێی ئەو سیستەمە پەوەردەیەی دایدەنێت، جۆرێک لە یەکسانی و جۆرێک لە عەدالەتی فێربوون لە بواری ئاییندا، لە کوردستاندا جێبەجێ بکات. ئەم سیاسەتی پەروەردە و فێرکردنە، بۆ ئایندەی میللەتی ئێمە، کارکردی زۆر پۆزەتیڤی دەبێت. ئێمە دەتوانین کۆمەڵگایەک دروست بکەین کە پر بێت لە لێبووردەیی و پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەژیانی هەموو ئاینەکان، هەموو ئاینێکیش بە قەدەر سەنگی خۆی، گرنگیی پێ بدرێت.

**- مەسعوود بارزانی کاندیدێکە کە بۆ سەرۆکایەکی هەرێم خۆی پاڵاوتووە و چوارساڵیشە وەکو سەرۆکی هەرێم مومارەسەی دەستەڵاتی خۆی دەکات لە کوردستاندا. من پرسیارەکەم گشتی نییە بەقەدەر ئەوەی کە مەسعود بارزانی وەکو شەخسێک یان وەکو کەسێک چەندە توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە مومارەسە کردنی سیاسەتی یەکگوتاری و یەکدیپلۆماتکاری چ لە دەرەوە و چ وەک ئەو وەفدانەی کە لە ناوەوەن. ئەگەر ئێوە وەکو کەسێک یان وەکو رۆشنبیرێک تێڕاونیتان بەرانبەر بە کەسایەتی مەسعوود بارزانی چۆنە؟**

- داوای لێبوردن دەکەم.. نامەوێت هیچ بۆچوون و خوێندنەوەیەکم بۆ دیاردە و کەسەکان، بچێتە خانەی بانگەشەی هەڵبژاردن و تەفسیری نادرووستی بۆ بکرێت. خوێندنەوەکانم بۆ کەسایێتیی مەسعودبارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم، هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر و هەلێکی ڕەخساوتر.



232

## منداڵی، خوێندنەوە و نووسین، جوانییەکانی شیعر و ژن

سازدانی: خەمگین بۆڵی
4 ی سێپتامبەری 2009

**- سەرەتا لەو پرسیارەوە دەخزێینە گفتوگۆکەمان، دەکرێت باس لە دونیای خوێندنەوە و نووسینت بکەی؟ ئایا چۆنچۆنی بووە؟**

- خوێندنەوە، کردەیەک بوو، زۆر پێشتر لە پرۆسەی نووسین، بوویە بەشێک لە ژیانی من. دۆخ و هەلومەرجی ژیانی خێزان و بنەماڵە و پەیوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ دنیای سیاسەت و ڕۆشنبیری و خوێندنەوەدا، دەشێت پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ پێکهاتەی ئەقڵی و ڕۆحیی منداڵان و مێردمنداڵاندا هەبێت، کارکردێکی کاربڕ لەسەر پرۆسەی گەشەکردن و فراژیبوونی پێکهاتەی دەروونی و زەینی و تەقینەوەی بەهرە متبووەکانی ناخی ئەوان دابنێت و پاشتریش، بە ئامادەبوونی کەرەستە و سەرمایە فیکری و ئەدەبییەکانی دیکە و لە داهاتوودا، ئەگەر زەوینەیەکی ساغڵەم و تەندرووست بڕەخسێت، ئیدی بەهرەکان مشتوماڵ دەبن و سنوورەکانی خواست و ئارەزووە تەقلیدییەکان جێ دەهێڵن و بۆ دنیای فیکر و مەعریفە و داهێنان دەپەڕنەوە.

مێردمنداڵێکی قووتابیی پۆلی یەکەمی ناوەندیی بووم و لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ عەینەدەینی براگەورەم، لە شاری هەڵەبجە و لە یەک ماڵدا دەژیاین. درووستر بڵێم، ئەو، پاش مردنی باوکم "ساڵی 1963"، هەم براگەورە و هەم جێنیشنی باوکم بوو. ئەو سەرپەرست و بەخێوکەرمان بوو. کاکم هەم سیاسەتکار و هەم خوێنەر و ئەدەبدۆستێکی باش بوو. لە ماڵێدا، گۆڤارەکانی (*ڕۆژی نوێ، هەتاو، گەلاوێژی نوێ*) ڕۆژنامەی خەبات و پاشتریش، گۆڤاری ڕزگاری و بڵاکراوەکانی دیکەی ئەوێ

233

ڕۆژێ هەبوون. من، لە کاتی دەستبەتاڵیدا، سەرگەرمی خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و کتێبانە بووم. لە گۆڤارەکاندا، سەرەتا، شیعر و چیرۆک، سەرنجیان بەندکردم، ختووکەیان دام و ئارەزوویەکی سەیریان لە کن هروژاندم.

هەڵەبجە، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی لێ بوو. خوالیخۆشبوو، "فەرەجی عەبۆل"، بەڕێوەبەری کتیبخانەی گشتیی هەڵەبجە بوو. من و حەمەئاواتی خوشکەزام، کە هاوتەمەن بووین، دەچووینە ئەوێ، کتیێانمان قەرز دەکردن و نۆرەمان لەسەر دەگرتن و دەمانخوێندنەوە. سەرەتای کار، بە "*ڕۆستەم و زۆراب، شیرین و فەرهاد و لەیلا و مەجنوون*" دەستمان پێ کرد و پاشتریش بۆ چیرۆکی بە زمانی سادەی عارەبان نووسراو، هەڵکشاین. لە سالانی پاشتردا و ساتێ گەیشتمە پۆلەکانی سێی ناوەندی و چواری ئامادەیی، سوخەتێکی سەیرم لەگەڵ خوێندنەوەی دیوانەکانی پیرەمێرد، بێکەس، ئەحمەد موختار جاف، قانیع و زێوەر، مەولەوی و پاشتریش گۆران و کامەران موکری پەیدا کردن. ئەو سالانە کە تەمەنی خۆناسین و هەست بەخۆکردنن وەکو ڕەگەزی نێر، ئیدی گوڵیلکەی ئەشقێکی مێردمندالانە لە ناخدا دەکرێتەوە، هەوڵم دەدا بۆ ئاسوودەکردنی ناخ و خۆنواندن لە ئاست هاوڕێکانمدا، لاساییەکی سادە و ناشیبانەی ئەو شاعیرانە بکەمەوە.

ساڵی 69 یاخود 70ی سەدەی ڕابردوو، فیلمی سینەمایی "خۆشەویستی لە پاریس"ی ژنەهونەرمەندی ئەوسات زێدەشۆخی عەرەب "سەباح"مان، لە سینەمای هەڵەبجە بینی. ئەم فیلمە، گرتەیەکی چەندچرکەیی سیکسیی ئاگراویی تێدا بوو کە بۆ ئەو ڕۆژگارە و بۆ تەمەنی هەستیاری ئەو دەمەی ئێمەی چەپێنراو، دیاردەیەکی ناوازەی ئارەزووهەژێن بوو. یەکێک لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانمان، بە خەیاڵ، کەڵکەڵەی بۆ پاریس سەفەرکردنی، لە سەری خۆی نابوو، هەر دەیگوت و دەیگوتەوە. من، یەکەمجار و بۆ گاڵتەوگەپ، چەند دێڕێکم نووسین و لە کۆڕی گاڵتە و چەفەنگدا، بۆم خوێندنەوە.. ئێستاش پاشی 39 سالان، ئەو وێنەیە، لە یادەوەریمدا کاڵ نەبووەتەوە..

234

گیانە فەرمووتە دەچیت بۆ پاریس
بۆ دانانیشی نەگبەتی نەگریس
تۆ لەگەڵ پاریس کوجا مەرحەبا
کەی گوتوویانە حوشتر و عەبا!

هەر ئەو ساڵە، ژنەمامۆستای شارلستۆن لەپێی سلێمانەیی، هاتبوونە گوندی عەبابەیلێ و لە قوتابخانەی کچاندا مامۆستا بوون. ئێمە بە خەیاڵی هەرزەکارانەی خۆمان، ئاشقیان بووین و ڕۆژانە، بەدەم دەورکردنەوەی ئەرکی قوتابخانەوە، باسمان دەکردن. من شتێکم بۆ هەرەشەنگترین شارلستۆن لەپێی خەیاڵم نووسیبوو..

دەردت لە گیانم شارلستۆن لەپێ
دڵم دەردێنم بۆ تۆ گەر دەربێ
ڕۆحم بە قوربان خاکی ژێرپێت بێ
لە ڕۆح شیرینتر  لای من مەر تۆ بێ!

دیارە ئەمانە شیعر نەبوون، بگرە جۆرێک لە "نەزم" بوون و لەژێر کارکردی خوێندنەوەی شیعری کلاسیکدا، لای من خولقا بوون.

سالآنی 1970- 1974، زەمەنی ئاشتی و ڕۆژگاری زێڕینی گەشانەوەی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورد بوون. ڕۆژنامە و گۆڤاران، زیاتر وەدەرکەوتن، گەلەک کتێبان چاپ کران، بەهرە و توانستی ئەدەبیی "گرووپی کفری" تەقینەوە و  بزووتنەوەی "ڕوانگە" سەری هەڵدا. من، ساڵی خوێندنی 72- 73، خوێندنی زانکۆم دەست پێ کرد و ئاشنایێتیم لەگەڵ کۆمەڵێک خوێنەری باش، پەیدا کرد. ئێمە گرووپێک بووین، هێندەی کتێبە سیاسی، فیکری و ئەدەبییەکانمان دەرس دەکردن، نیوهێندە گرنگیمان بە کتێبەکانی پرۆگرامی کۆلێجەکانمان نەدەدا.

خوێندنەوەی شیعر و ئەدەب، بەرەو دنیای خەیاڵ و جوانییەکانی ژیانی بردم. خوێندنەوەی سیاسەت و فیکری چەپ، لە دنیای فەنتازیاوە پەلکێشیان دەکردم و بۆ

235

واقیعی ژیانی سیاسیان دەگێڕامەوە. لەم کێشمەکێش و بگرەوبەردەیەی نێوان خوێندنەوەی ئەدەب و سیاسەتدا، سیاسەت سەرکەوت و لەگەڵ خۆی بۆ شاخ و پێشمەرگەیێتی بردم. دەستە زبرەکانی سیاسەت و خوێنەڕژاوەکانی شاخ، نەیانتوانی ئەشقی من بۆ شیعر و ئەدەب، لە ناخمدا خامۆش بکەن.

من. لە شاخ، لە سەنگەر و بنئەشکەوت و ژێر کەلاوەی گوندە ڕووخاوەکاندا، هەمیشە شیعرەکانی گۆران، هێمن، شێرکۆ بێکەس، پەشێو، شاکەلی، رەفیق سابیر، حەمەسەعیدحەسەن و هەڤاڵ کوێستانی و چیرۆکەکانی حەمەفەریق و شێرزادحەسەن و موکریم دەخوێندنەوە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، باری ناجۆر و ناقۆڵای سیاسەتی کوردی، لە زیندانی چیای خستم. دووساڵ و نیوی زیندانی شاخ، بە هەموو کارەسات و نەهامەتییەکانییەوە، بە باشترین نووسەرانی کورد و ناکوردی، ئاشنا کردم. لەوێدا، لەژێر گرمژنی کاتیۆشا و بۆنی ژاربارانداا، باشترین شیعر، چیرۆک و ڕۆمانە جیهانییە بۆ کوردی و عەرەبی وەرگێڕدراوەکانم خوێندنەوە. لە زینداندا، ئەزموونی خوێندنەوەم بۆ ئەزموونکردنی نووسین گواستەوە. ساتەکانی دڵەڕاوکێی نێو زیندان، بەشێک لە شیعرەکانی کۆمەڵەشیعری "ژارک"یان پێ نووسیم.

دەستی ئاگراویی "ئەنفال"، دەرکەی زیندانی شکاند و بە هەموو ڕک و کینەی خۆیەوە، بۆ دۆزەخی مەنفای گواستمەوە!

مەنفا، دنیایەک بوو بۆ ئاسوودەیی جەستە و لەخاچدانی ڕۆح! لە مەنفادا، ڕۆحی یاخی و برنیداری من، فەزای پڕ ئاژاوەی حیزب و سیاسەتی جێ هێشت و لە دنیای نووسیندا، ئۆقرەی گرت.

**- وەک ئاشکرایە سەفەری شاعیری جاویدانی بێوێستگەیە؟وەلێ پرسیارەکەمان ئەوەیە،ئایا دەستپێکی ئەم سەفەرەت چۆن دەستی پێکرد؟هەنووکەلەکام ڕێگای ئەم سەفەرەی؟دەتەوێ لەم سەفەرەدا چی بکەی؟**

236

- سەفەر بە دنیای شیعر و نووسیندا، وێستگەی هەن، وێستگەکانی تێهزرین و لەخۆڕامان و لە ئەفراندن بیرکردنەوە، وەلێ دواوێستگەی نییە!

ئێمە لە جیهانێکدا ژیان دەکەین، پێکهاتە و پەیوەندییە ئاڵۆز و پێچەڵپێچەکانی، دەرکەوتە و ڕووداوە کارەسات و مەینەتهێنەرەکانی، ستەم و ناعەدالەتییەکانی، ناچارمان بە تێفکرین و لەخۆڕامان و لە ئەویدی ڕامانمان دەکەن و ئەم پرۆسەی خوردبوونەوە و لە خود و لە کۆمەڵگە ڕوانینەش، ساتێک ئامێتەی هۆشیارییەکی ئاگایانە دەبێت، مرۆڤ دووچاری لە کۆمەڵگە و لە خودنامۆبوون دەکات، ئیدی سەفەری بێبڕانەوەی نووسینەوەی خود و دەوروبەر دەست پی دەکات.

من، لە سەرەتادا، کەمێکم لە دەستپێکی ئەم سەفەری خۆم باس کرد. سەفەر، بە گۆچانی فەنتازیا و توێشووی زمان و کاڵەی فیکر و ئەندێشەوە، بەرەو چرواگێک لە نووری خودایی کە من هەرچی دەکۆشم و لێی نزیک دەکەوەمەوە، ئەو بۆ بەرزایی هەڵدەکشێ و بەرز و بەرزتر، دورەدەستتر خۆی دەنوێنێ!

من پاشی 20 ساڵان خوێندنەوە و نووسین، هێشتا لە دەستپێکی سەفەردام و لە قوڵکەی بناری نووسینەوە، لە ترۆپکی داهێنان دەڕوانم و عەوداڵی ئاسوودەیی ڕۆحی خۆمم!

لەم سەفەرەدا دەمەوێت چی بکەم و بە کوێ بگەم؟

نازانم! منیش لەدوی بەرسڤی ئەو پرسە جاویدانییە دەگەڕێم.. بۆ کوێ دەچین و دەمانەوێت چی بکەین؟!

**- چەمکی "عەشق"، لە زۆربەی بڵاوکراوەکاندا دەبینرێت، بەتایبەت شیعر (*مەبەستم عەشقی ڕەگەزی بەرامبەرە*)، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی گشتگیر عەشق بۆتە وەسیلەیەک بۆ کۆمەڵێک مەرامی تاکڕەهەندی؟ بە واتایەکی تریش کە هەمیشە شکستی تاکەکان دەبینین بە هۆی عەشقێکی نێرەمووکەوە، ئایا عەشقی تۆ چۆن کەوتۆتەوە؟**



237

- ئەشق، ئامیانی خولقاندنی هەر کارێک و بزووێنەری پرۆسەی کردەی داهێنانە لە بواری نووسیندا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی. چەمکی ئەشق، مانا و دەلالەتی فرەلایەن و فرەرەهەندی هەیە و ناکرێت تەنها لە پەیوەندی ئاشقانەی نێوان ژن و پیاوەوە بخوێنرێتەوە.

لە شیعری مندا، هەر نەبێت لە بەشێکی فراوانی شیعرەکانمدا، ئەشق بە مانا و دەلالەتی جیاوازەوە، بە زمانی ئاشکرا و پەنهانەوە، بە دیوی دیار و نادیاریەوە، وجودی هەیە و هەر تێکستێکی من، وێنەی ئەشقی نووسراو و نەنووسراوی لێ دەر بهاوی، ئیدی دەقێکە، بێگیان و بێمانا.

ئەشقی من، ئەشقی ژنە بە هەموو جوانی و گەورەییەکانی خۆیەوە. من، لە جوانییەکانی ڕۆحی ژندا، نووری ڕژێنراوی ڕۆحی خودا دەبینم. من، لە شەنگییەکانی جەستەی ژندا، تاڤگەی پرشنگداری تیشکی ڕۆحی ئەو دەبینم و لەژێر تافەتافی ئەو تاڤگەی نوورەدا، لە ماناکانی ئەشق و شەیدابوون دەگەم، مەست دەبم و دەتوێمەوە.

ساتەوەختی ئامێتەبوونی جوانیی ژن و جوانیی سرووشت، ئەشقی من باڵا دەکات.. جوانیی جەستەی نێوەڕووتی شۆخێکی پێستپەمەییی لەسەرپشت ڕاکشاوی نێو لمی شێداری کەنار زەریایەکی هێمنی تیشکبار کە مەمکۆڵانی یاریی لەگەڵ زەردەی ئاوابووندا دەکەن..

ئەشقی من لە شیعردا، ئەشقی پەیڤ و ئەشقی ڕیتم و ئەشقی سەماکانی زمانە کە لەژێر پێستی وشەکاندا، مانایەک بە کردەی نووسین دەدەن.

ئەشقی من، ئەشقی سیحرەکانی جوانیی سرووشتە لە هەموو سەروەختەکانی دارڕژانی جوانییەکاندا، سەروەختی ئاوابوونی خۆر لە کەنارە ئەرخەوانییەکانی زەریادا، سەروەختی سەمای دۆلفینێکی ئاشق بەسەر زمانی شەپۆلێکی زیوینەوە، سەروەختی زمانمژینی هەنگێک لە زاری گوڵەبەیبوونێکدا، ساتەوەختی نیشتنەوەی کلووەبەفرە ماندووەکان لەسەر جەستەی ڕووتی دارگێلاسێک. ئەشقی من، لەو چرکەساتانەدا گوڵ دەگرێ کە لە جوانییەکانی ڕەنگگۆڕینی گەڵایەکی پاییزی دەڕوانم..ئەشقی من، ئەشقێکە سەرمەدی و لەودیو زەمەنی مەرگیشەوە، لە جوانییەکانی ژیان دەڕوانێ.

238

**- بە ڕای تۆ، بۆچی پێویست گرینگی بە دەنگە نوێیەکانی ئەمڕۆ نادرێت؟ لەکاتێکدا دەنگە کۆنەکان، ئەوەی هەیانبوو بەخشییان، یاخود بۆچی ئەدەبی کوردی لە بازنەی ناوچەگەرییەوە، هەمیشە بەدرێژایی مێژوو، هەبوونی ئەو دەنگانەی قبوڵ بووە کە بوونیان هەبووە؟**

- کێشەکە لای من، جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، کێشە، کیشەی نێوان دەنگی کۆن و دەنگی نوێ نییە، هێندەی بینینی ئاڵۆزییەکە بۆ هەڵاوێردنی دەنگی شیعری و دەنگی ناشیعری، واتە، سەختیی جیاکردنەوەی تێکستی شیعر لە تێکستێک کە هیچ خەسڵەتێکی شیعری لەخۆ نەگرتووە و بە ناوی شیعرەوە، دەرخواردی زەینی خوێنەر دەدرێت. ئەمڕۆ، لە وێرانیی هەموو کایەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا، کایەی ئەدەب و ڕۆشنبیرییش وێرانە و لە قەیرانەکانی خۆیدا دەژی. ئەم بارە ناهەموارە و ئەم فەوزایەی دەسگاکانی ڕاگەیاندنیان تێ کەوتووە، ئەم گەڕەلاوژەیەی لە پانتایی بزاڤی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، بەمەبەست خولقێنراوە، قبووڵکردنی دەنگەکان یاخود ڕەتکردنەوە و فەرامۆشکردنیان، لەسەر میزاجی کەسانی دەستڕۆیشتووی نێو دەسگاکان، گرووپچێتی و (مەنسووبییەت و مەحسووبییەت) وەستاوە.

زۆرن ئەو دەنگە داهێنەر و پڕبەرهەمانەی (*کۆن یاخود نوێ*) ئاوڕیان لێ نادرێتەوە و بەسەرناکرێنەوە. ئێستا، دەسگا ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانی وڵاتی ئێمە، لە سۆنگەی هەر مەبەستێکەوە بێت و بە ئارەزوو، تێشک لەسەر دەنگێک دەهاون و "نادەنگ"ێک دەکەن بە دەنگ. زۆرن ئەو هەوڵە نائەدەبییانەی کە لە هەوڵی ئەوەدان شاعیری گەورە، نووسەری گەورە و بت و کاریزما لە ماڵی ئەدەبی ئێمەدا درووست بکەن و دابتاشن.

**- لە دیدارێکدا، د.مارف خەزنەدار بۆچوونێکی وەهای هەیە (*زۆربەی بەرهەمی شیعری نوێ لەبیردەچنەوە، چونکە ماک و هەوێنی ئەو داهێنانەیان***

239

*تێدانییە تا ببن بەهۆی مانەوەیان)*.**تۆ وەک دەنگێکی نوێ بۆ ئەم بۆچوونە چ قسەیەکت هەیە؟**

- بۆچوونێکی پراوپڕ درووستە. لە ڕووی چەمک و تێرمۆلۆگییەوە، دەنگی نوێ شتێکە و شیعری نوێ شتێکی دیکەیە. کە دەڵێین دەنگی نوێ لە بزاڤی شیعری نوێی کوردیدا کە تەمەنی نیوسەدەیەکی تێ پەڕاندووە، مەبەستمان دەنگێکی شیعریی بەجیاهەڵکەوتووی خاوەن خەسڵەتگەلیکی شیعرییە کە دەتوانێت "شیعری باڵا" بەرهەم بهێنێت و لە پێشبڕکێی زەمەنی شیعری کوردیدا خوی ناونووس بکات.

لە پانتایی شیعری ئێمە و هیی میللەتانی دیکەشدا، تەنها ئەو دەنگانە بە نەمریی دەمێننەوە، کە خەسڵەتی هەمیشەزیندووبوونیان تێدایە و خۆیان پێویستیی مانەوەی خۆیان دەسەپێنن. ئەم بۆچوونە، دەشێت بۆ شیعری کلاسیکیش، بە جۆرێک درووست بێت. دەبێت چەند شاعیر لە مێژووی هەزار و ئەوەندە ساڵەی شیعری کلاسیکدا، شیعریان نووسیبێت و ئێستە ژمارەی ئەو شاعیرانە و بەرهەمەکانیان کە دەبێت قوڵایی شیعری کلاسیکی ئێمە لە ئەواندا بێت، چەندن؟.. دە، بیست، تۆ بڵێی سی یاخود چل شاعیر و بەرهەمەکانیان.. دیارە بەرهەمی شیعریی سەدان شاعیری کلاسیک، نەیانتوانیوە لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا ڕێ بکەن و بە زیندوویی بمێننەوە، نەماون و لەبیرچوونەتەوە.

**- ئایا گرفتی رەخنەی ئەدەبی کوردی ئەمرۆمان تەنها نەبوونی میتۆد و تیئۆری رەخنەییە؟بەرای تۆگرفتی رەخنەی ئەدەبی کوردی چییە؟**

- میتۆد و تیورەکان بۆ هەڵسەنگاندنی دەق و خولقاندنی ڕەخنەی ئەدەبیی باڵا و هاوشان لەگەڵ دەق و داهێنانی دەقدا فرەن، جا با خۆجێی و خۆماڵییش نەبن.

کێشە و قەیرانەکانی بزاڤی ڕەخنەسازیی ئەدەبیی ئێمە، کێشەی نەبوونی تیور و میتۆد نییە، هێندەی کێشەی کەمیی و دەگمەنیی ڕەخنەگرێکە کە خودانی سەرمایەی فیکری و مەعریفیی قووڵ و فرەڕەهەند بێت.



240

له ساتێکدا، ئێمە جەخت لەسەر قەیرانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی کوردی دەکەینەوە و دەیناسین، ئیدی کێشەکانی ڕەخنەسازیی ئەدەبیش، بەشێکە لەم تەنگژەیە و دەشێت لەوێدا بۆی بگەڕێین.

**- ڕایەک هەیە، گوایە لەدوای نەوەتەکانەوە، شاعیری جاویدانیمان نییە،کەشیعرەکانییان لە ئاسمانی فانتازیای ڕۆحیەتێکی پڕئیستاتیکادا بخولێتەوە، ئایا تۆ پێت وایە شاعیری جاویدانیمان هەبێت؟**

- شاعیری جاویدانی و شیعری شاکار و باڵا، شاعیرێک کە بە درێژایی تەمەنی پرۆسەی داهێنان و بەرهەمی پڕهاتی خۆی، خاوەنی دەنگ و ستایلی خۆی بێت، شیعرێک کە ئێستاتیکا و خەیاڵی لێ بتکێت، لە بازنەکانی دابەشکردنی زەمەندا قەتیس نابن و ئەم جۆرە دابەشاندنەی شاعیری جاویدان و شیعری جاویدانی، وەها نابڕێتەوە و بڕیاری لەسەر نادرێت. جاویدانیی (*نالی، مەحوی، خانی، جزیری، مەولەوی، گۆران و...هتد*)، زەمەنی سەدەکانیان تێ پەڕاند و خۆیان بە دەیەی ساڵەکان و سەدەکانەوە نەبەستەوە.

بێ ئەوەی ناچاربم و ناو بهێنم، بێ هیچ گومانێک دەڵێم: بەڵێ.. ئێمە شاعیری جاویدان و تێکستی شیعریی باڵامان هەن.

**- ئایا شاعیرە گەنجەکان چی بکەن باشە بۆئەوەی زیاتر لەوەی کە هەن، بوونی خۆیان بسەلمێنن؟ ئایا ئامرازەکانی سەرکەوتن چین و سەرەتا دەبێت لە چییەوە دەسپێک ببڕین؟**

- با شاعیرە گەنجەکان، بخوێننەوە و بخوێننەوە، پاشانیش هەر بخوێننەوە!



241

# بەرهەمە چاپکراوەکان

1) ژارک، کۆمەڵەشیعر، 1991 سوید.
2) گۆڤەندی دارستان، ئۆپەرێت و کورتەچیرۆک بۆ مێردمندالآن، چاپی یەکەم 1995 سوید، چاپی دووەم 2000 کوردستان.
3) گەڕان لەدوی سەرابی نیشتمان، کۆمەڵەشیعر، 1996 سوید.
4) لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی سیاسی، 1998 کوردستان.
5) لەتێک غوربەت لە تەمەندا، کۆمەڵەشیعر، چاپی یەکەم 2000 هەولێر، چاپی دووەم 2000 سلێمانی.
6) گێڕانەوەی یادەوەرییەکان (ساتیر، کورتەچیرۆک، پەخشان، ڕەخنە و گفتوگۆی ئەدەبی)، 2002 سلێمانی.
7) بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ دەبم بە گڕ، دیوانەشیعر، 2004 سلێمانی.
8) کورد لە دەروازەی هەزارەی سێدا (ونبوون لە پەرتبووندا)، وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی، دەسگای چاپ و پەخشی حەمدی، 2005 سلێمانی.
9) ئەزموون و یاد (یادەوەری)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، 2008 سلێمانی، چاپی دووەم، 2008 سوید.